ئیدریس سیوەیلی
ڕەوتی ئیسلامی
لە باشووری کوردستان
1946_1991
توێژینەوەیەکی مێژوویی لەکارو چالاکیی
پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکان
ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان
ئیدریس سیوەیلی

ڕەوتی ئیسلامی
لە باشووری کوردستان

ڕۆشەنیری هاوبیر (١)

ڕەوتی ئیسلامی
لە باشووری كوردستان

١٩٤٦- ١٩٩١

تویژینەوەیەكی مێژوویی لەكارو چالاكیی پارت و كۆمەڵە ئیسلامییەكان

نوسینی:

ئیدریس سیوەیلی

ڕەوتی ئیسلامی
لەباشووری کوردستان

کتێبی: ڕەوتی ئیسلامی
نوسینی: ئیدریس سیوەیلی
ئامادەکردنەوەی: ڕەوتی شاخ
نەخشەسازی: سەردەم
ساڵی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفَرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأَشْهَدُ أَنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أَيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأَنتُمْ مُسلِمونَ

يا أَيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إِنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أَيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزَاً عَظيماً

أَمَّا بعدُ: فإِنَّ أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتِها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

نیشانەو هێما کورتکراوە بەکارهێنراوەکانی توێژینەوەکە

ب. ش. = بەبێ شوێنی چاپکردن

ب. م. = بەبێ مێژووی چاپکردن

ل = لاپەڕە

ص = صفحة / لاپەڕە (لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا)

ز = زایینی

کۆ = کۆچی

هـ = هجري/ کۆچی (لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا)

ئا = ئامادەکردنی

ڕێڕەوی یەکەم

چەمك و زاراوەی ڕەوتی ئیسلامیی

دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین لەسەدەی بیستەمدا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت نییە بەکۆمەڵگە ئیسلامییەکان، بەڵکو بەئاست و تینی جیاوازەوە لەدونیای مەسیحی و یەهودیشدا ئامادەیی هەبووەو هەیە. کە دەڵێین گەڕانەوە بۆ ئایین مەبەستمان ئەوە نییە تاکەکانی کۆمەڵگە بێ ئایین بووبن و لەساتەوەختێکی دیکەدا هەستیان کردبێت کە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئایین، بەڵکو ئەم گەڕانەوەیە جیاوازە لە ئایندارێی تەقلیدیی پێشوو. ئەم دیاردەیە شوێنکەوتن و پابەندبوونێکی هۆشیارانەترە بە ئایینەوە[1].

کاتێکیش دەمانەوێت لەدیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین بکۆڵینەوە، هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی گرفتی ناولێنانی دیاردەکە دەبینەوە، چونکە ناولێنانەکە پێویستی بەڕاڤەو شیکردنەوە هەیەو ئەوەش کۆمەڵێك دەلالەت لەخۆ دەگرێت. حاڵەتێکی لەو جۆرەش وادەکات ناولێنانەکە بەدیقەت نەبێت، بەواتایەکی دی هەر ناولێنانێکی ئەو دیاردەیە دەبێتە بەشێك لەو مەبەستەی توێژەری بۆ لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیە هانداوە.

---

[1]- موسڵێح ئیروانی: ئیسلام و ناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ز، ل٦٢.

تا ئێستا زاراوەگەلێك بۆ ئەم دیاردەیە لەناوەندە ئەكادیمیی و رۆشنبیریی و رامیارییەكاندا بەكارهاتووە، ناكۆكیی توندیش لەنێوان لایەنگران و نەیارانی ئەو دیاردە سەبارەت بەبەكارهێنانی ئەو زاراوانە لەئارادایە. لەو ناوانەی كە زۆر بڵاون و بەرگوێ دەكەون: بوژاندنەوەی ئیسلامیی، رابوونی ئیسلامیی، ئیسلامیی سیاسی، ئوسوڵییەتی ئیسلامیی، ریفۆرمی ئیسلامی، رەوتی ئیسلامیی، ئیسلامەوی، رادیكاڵی ئیسلامیی، بزاڤی ئیسلامیی، نوێگەری... هتد[١]، بەمەش ناولێنانەكە بۆتە جێگای مشتومڕی زۆر.

(ئەلیاس یونس) ئەم دیاردەیە بە ئوسوڵییەت ناودەبات و لەپێناسەی ئوسوڵییەتدا دەڵێت: "هەڵوێست و كۆشش و بزاڤێكە كە دەیەوێت یان هەوڵدەدات خۆی بەبنەماكان ببەستێتەوە"[٢]. (راشد ئەلغەنوشی) وەكو بیریارێكی ئیسلامیی لەگەڵ ئەوەی ئەم دیاردەیە بەنوێگەریی ئیسلامیی ناودەبات، خەسڵەتی گەڕانەوە بۆ بنەڕەت و بنچینەكانی ئیسلام دەكاتە بەشێك لەتایبەتمەندیی دیاردەكەو دەڵێت: "هەموو بزووتنەوەیەكی نوێگەری لەناوەرۆكدا بریتییە لەگەڕانەوە بۆ بنەچەو بنەڕەت. ئەمە تایبەت نییە بەئیسلامەوە، تەنانەت نوێگەریی لەئەورووپا بریتیبوو لە گەڕانەوە بۆ بنچینە

١- هەمان سەرچاوە ل٦٢. د. حیدر ابراهیم علي: التیارات الاسلامیة وقضیة الدیمقراطیة، الطبعة الثانیة، بیروت ١٩٩٩، ص٢٤.

٢- موسڵیح ئیروانی: هەمان سەرچاوە، ل٦٣.

یۆنانی و رۆمانیەکان"[١]. لە وتەکەی ئەلغەنوشی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دیاردەی گەڕانەوە بۆ ئایین خەسڵەتی ئوسوڵیەتی تێدایە نەك خودی دیاردەکە ئوسوڵییەت بێت، ئەمەش حاڵەتێکی دینامیکی گۆڕانە.

بەبۆ چوونی (نەجدەت ئاکرەیی) رەوتی سیاسی ئیسلامیی داوای گەڕانەوە بۆ ئەسڵی دین و شەریعەت لەحوکم و ژیانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا دەکات، هەر بۆیە زاراوەی ئوسوڵییەتی ئیسلامیی لەئیسلامیی سیاسی بەدیقەتترە"[٢].

ئوسوڵییەت تەنیا خەسڵەتێکی رەوتی ئیسلامییە، ئەگەر بەتەنها خەسڵەتێك بکەینە ناسنامەی رەوتی ئیسلامیی ئەوا بایەخی ئەکادیمی لێکۆڵینەوەکە کەمدەبێتەوە. گومانی تێدانییە پێشەنگی رەوتی ئیسلامیی هاوچەرخ ئەو بزووتنەوە چاکسازییە ئایینیەیە کە جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩– ١٨٩٦ز)و موحەممەد عەبدە (١٨٤٩- ١٩٠٥ز)و موحەممەد رەشید رەزا (١٨٦٥- ١٩٣٥ز) رێبەرایەتی دەکەن، ئەوان دەیانویست بنچینەو بنەماکانی ئیسلام لەگەڵ کەژاوەی پێشکەوتنی ئەوروپا بگونجێنن تا ناکۆکی لەنێوان کولتوورو هاوچەرخبیوندا دروست نەبێت[٣]، بەمەش رەوتی ئیسلامیی هەمیشە خەسڵەتی

١- د. حیدر ابراهیم علي: هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

٢- کۆمەڵێك نوسەر: دین و سیاسەت، ئا: سەرۆ قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر، (٢٠٠٠ز)، ل٩٩.

٣- د. حیدر ابراهیم علي: هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

ئوسوڵییەت تێیدا ڕەنگیداوەتەوە. هەروەکو چۆن خەسڵەتی گشتگیری (شمولی)و پیرۆزی (تقدیس) تێیدا ڕەنگیداوەتەوە. هەموو ئەمانە خەسڵەتن و ناگونجێت بەتەنیا خەسڵەتێکیان بکرێتە ناسنامەی ئەو ڕەوتە.

بیریاری ئیسلامیی (د. یوسف ئەلقەرەزاوی) ئەم دیاردەیە بە ڕابوون (الصحوة) ناودەبات، بەلای ئەووە ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ بێداربوونەوە، هەستانەوە لەخەوو مەستی. ڕابوون بریتییە لەگەڕانەوەی هۆش و بەئاگاهاتنەوە لەبێهۆشی[١].

(شێرکۆ کرمانج) زاراوەی ئیسلامیی سیاسی و سەرجەم زاراوەکانی دی وەلادەنێت، لەدیدی ئەودا زاراوەی (ئیسلامیزم) بۆ ناولێنانی ئەو دیاردەیە پەسەندو گونجاوە، لەوبارەوە دەڵێت: "مەبەستمان لەئیسلامیزم ئەو تیۆرە یان ئایدۆلۆجییە سیاسییەیە کە لەئاکامی ئەو هەوڵانەی لەلایەن کەسێك یان ڕێکخراوێك یان بزوتنەوەیەك وەبەرهەمدێت، بەخوێندنەوەی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام. بەواتایەکی دیکە دانانی هەرسێ سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام: قورئان و سوننەو فیقهی ئیسلامی بەتاکە سەرچاوەی یاساو سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. جا

[١]- الصحوة الاسلامية وهموم الوطن العربي والاسلامي، ب، ش، ب، م، ص١١.

ئەو هەوڵانە چ لەسەرەتاکانی مێژووی موسڵمانان بووبن چ لەسەردەمی ئەمڕۆکەمان"[١].

بەپێچەوانەی بۆچوونی شێرکۆ کرمانج هەندێك لەتوێژەرانی عەلمانی بەکارهێنانی زاراوەی ئیسلامیی سیاسی بەئەکادیمی دەزانن، پێیانوایە رەوتی ئیسلامیی تەوزیفی ئایین بۆ مەسەلە سیاسییەکان دەکات. لەو روەوە (د. ئەحمەد بەلقاوی) دەڵێت: "مەبەست لەئیسلامیی سیاسی ئەو بزاڤە سیاسیانەیە کە لەئیسلام سەرچاوە دەگرن و پێیانوایە بۆ کارکردنە سەر ئەم واقیعە دەبێت دەسەڵاتی حوکمڕانی بگرنەدەست"[٢].

هەر لەو بارەوە (نیاز سەعید عەلی) بەکارهێنانی زاراوەی ئیسلامیی سیاسیی بەگونجاو دەزانێت و لەپێناسەی ئەو زاراوەدا دەڵێت: "بریتییە لەبەکارهێنانی سیاسیانەی ئایینی ئیسلام. یان بریتییە لەپرۆسەی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام بۆ ئامانج و دەسەڵات و بەرژەوەندییە سیاسیەکان"[٣].

لەهەردوو پێناسەکەدا مەسەلەی مومارەسەکردنی کاری سیاسیی لەلایەن رەوتی ئیسلامییەوە بەهەند گیراوە. بەبڕوای ئێمە زاراوەی ئیسلامیی سیاسی

١- بەسیاسییکردنی ئیسلام دیاردەی ئیسلامیزم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥ز، ل١٥-١٦.

٢- لە: کۆمەڵێك نووسەر: هەمان سەرچاوە، ل٢٩٧.

٣- لێکۆڵینەوە لە ئیسلامی سیاسی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ك)، سلێمانی ٢٠٠٤ز، ل٤.

تەواو بەدیقەت نییە، چونکە رەوتی ئیسلامیی بەتەنها کاری سیاسی ناکات، خەسڵەتێکی ئەو رەوتە گشتگیرییە. ئەمەش بەو مانایەی ئەو رەوتە لەسەر ئەوە پێدادەگرێت کە ئیسلام ئایینێکی گشتگیرەو بەتەنیا پەیوەست نییە بەپەیوەندیی نێوان تاك و خوا، بەڵکو ئەرکێکی تری ئایین رێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتە، رەوتی ئیسلامیی دەخوازێت ئایین رۆڵی زیاتر لەکۆمەڵگەدا بگێڕێت و لەو روەوە سەرەڕای دەیان دەق، کولتووری سەدان ساڵەی دەسەڵاتی ئیسلامیی بەنموونە دەهێننەوە.

(بەرنار لویس) توێژەرانی خۆرئاوا لەبەدحاڵیبوون لەڕەوتی ئیسلامیی ئاگاداردەکاتەوە. بەبڕوای ئەو، دەبێت لەکاتی بەکار هێنانی وشەی ئیسلامییدا ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لەئیسلامیی کلاسیکیدا سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان مزگەوت و دەوڵەتدا نەبووە، ئەو حاڵەتەش بۆتە خەسڵەتێکی دیاری ئیسلام، بەمەش رەخنەگرتن لەسیاسیبوونی ئەو گروپانە کارێکی نابەجێیە[١].

لەلایەکی ترەوە خودی رەوتی ئیسلامیی دابەشدەبێت بەسەر چەند رەوتێکی جیاواز لەشێوازی کارکردن (کۆمەڵەی نوور[٢]) پێڕەوی کاری سیاسی ناکەن، بەڵام

١- لغة السياسة في الاسلام، ترجمة: د. ابراهيم شتا، الطبعة الاولى، دارقرطبة للنشروالتوثيق والابحاث، ١٩٩٣، ص١٠.

٢- کۆمەڵەی نوور: کۆمەڵەیەکی ئیسلامییە سەعید نورسی (١٨٧٣- ١٩٦٠ز) دامەزرێنەرێتی، بڕوایان بەکاری سیاسی نییەو زیاتر گرنکیدەدەن بە پاککردنەوەی دەروون و بابەتە ئیمانی و

بەشێکن لەڕەوتی ئیسلامیی. ئەگەر رەوتی ئیسلامیی بەئیسلامیی سیاسیی ناوزەد بکەین، ئەی کۆمەڵەی نوورو هاوشێوەکانی لەژێر کام خانەدا پۆلێن بکەین؟!.

ئێمە کۆمەڵێك پێناسەی جیاوازمان بەنموونە وەرگرت مەبەستمان ئاماژەکردنێك بوو بەو جیاوازییانەی لەنێوان توێژەراندا دەربارەی ئەو دیاردەیە هەیە، هاوکات ویستمان تا رادەیەك ئاشنایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو چەمکەدا پەیدابکەین. ئەم توێژینەوەیە تایبەت نییە بەلێکۆڵینەوە دەربارەی چەمك و زاراوەی رەوتی ئیسلامیی، بەڵکو تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لەلایەنی مێژوویی ئەو دیاردەیە لەکات و شوێنێکی دیاری مەودای توێژینەوەکەو بەرچاو رۆشنییە لەسەر ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکەین.

ئێمە لەڕووی مێژووییەوە رەوتی ئیسلامیی بەگونجاو دەزانین و لەم توێژینەوەدا بەکاریدێنین، مەبەستیشمان لێی دیاردەی گەڕانەوەیە بۆ ئایینی ئیسلام بەشێوەیەکی نوێ، کەتێیدا هەڵگری ئەم بیرە دیدو تێڕوانینی لەئیسلامەوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر ئەوە پێدادەگرێت کە ئایین بەرنامەیەکی گشتگیرە بۆ ژیان. یەکێکیش لەو ئامانجانەی ئەم رەوتە هەوڵی بۆ دەدات دەسەڵات گرتنەدەستە بەشێوەیەك کە تێیدا بەپێی شەریعەتی ئیسلام پەیڕەوی ئەو دەسەڵاتە دەکات. ئەو زاراوەیەش لەبەرامبەر ئیسلامیی تەقلیدی بەکاردەهێنین

رۆحییەکان، بڕوانە: الموسوعة الميسرة في الاديان والمذاهب والاحزاب المعاصرة، الطبعة الخامسة منقحة وموسعة، رياض ٢٠٠٣، ص٣٢٤.

کەبریتییە لەو جۆرە ئیسلامەتییەی لەچوارچێوەی پەیوەندیی تاك و خوداو هەندێ نەریتی کۆمەڵایەتی دەرناچێت.

کاتێکیش وشەی (ئیسلامیی) دەخەینە پاڵ رەوت، وشەی (ئیسلامیی) دەبێتە ئاوەڵناو بۆ رەوت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو رەوتە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئیسلامە، هەر وەکو چۆن ئەگەر کەسێك هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بێت، پێیدەوترێ (مارکسی).

ڕێڕەوی دووەم

ڕیشەی کاری ئیسلامیی لەباشووری کوردستان

ئەگەر بمانەوێت باس لەسەرهەڵدان و ریشەی مێژوویی رەوتی ئیسلامیی لەباشووری کوردستان بکەین، زەحمەتە بتوانین سەرەتایەکی بۆ دیاری بکەین. دەبێت بۆ شارەزابوون لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی سەرنجی دوو هۆکاری گرنگ و کاریگەر لەسەر رەوتی ئیسلامیی لەتەواوی جیهانی ئیسلامیی و کوردستان بدەین. کاریگەریی یەکەمیان ئەوەیە کە پێشەنگی رەوتی ئیسلامیی هاوچەرخ ئەو بزووتنەوە چاکسازییە ئایینیەیە کە جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩-١٨٩٦ ز) و موحەممەد عەبدە (١٨٤٩-١٩٠٥ ز)و موحەممەد رەشید رەزا (١٨٦٥ -١٩٣٥ ز) رێبەرایەتی دەکەن[١].

کاریگەریی یەکەمیان: کاریگەریی ئەو بیرمەندانە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتۆتە کوردستان، (مەلای گەورەی کۆیە[٢]) کەوتۆتە ژێر کاریگەریی

---

[١]- د. حیدر ابراهیم علي: هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

[٢]- مەلای گەورەی کۆیە: موحممەد کوڕی عەبدوڵلا کوڕی ئەسعەد جەلی کۆیی، ساڵی (١٨٧٦ز) لە کۆیە لەدایکبووە، دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەجێگەی باوکی دەبێتە پێشنوێژو وتارخوێن، ساڵی (١٩١٢ز) دەبێتە موفتیی کۆیە، چاکسازێکی گەورەی ئایینی بووە، ساڵی (١٩١٥ز) ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ و ساڵی (١٩٢٥ز) ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق بووە، نزیکەی (٢٢) بەرهەمی چاپکراوو دەستنووسی هەیە لەبوارەکانی: تەفسیر، زانستی ئوسوڵ فیقهی ئیسلامی، بیروباوەڕ، چیرۆك و هۆنراوە، لە (١١ تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ز) کۆچیدوایی کردووە، بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو کەسایەتییەو توانای زانستی و بەرهەمە بەپێزەکانی بڕوانە: جواد فقي

ئەم بیرە نوێیانەو بانگەشەی چاکسازیی ئایینی دەکرد، تەنانەت ئاواتی خواستووە کە خوا لەگەڵ جەمالەدینی ئەفغانی و موحەممەد عەبدەو موحەممەد رەشید رەزادا کۆیانبکاتەوە، تا رێنماییەکانی ئیسلام بۆ خەڵکی بنووسنەوە[1]. مەلای گەورەی کۆیە لەگەڵ ئەو بیرمەندانە لەچەند مەسەلەیەکدا هاوڕابووە.

١-بانگەشەی گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت و تێگەیشتن لەئایین بەهەمان تێگەیشتنی پێشین.

٢-هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی رەوشی دواکەوتوویی و پاشکۆیەتیی جیهانی ئیسلامیی.

٣-بانگەشەی یەکڕیزیی موسوڵمانان و دوورکەوتنەوە لەمەزهەبگەرایی و شوێنکەوتنی کوێرانە.

٤-پێویستیی ئاڕاستەکردنی هەوڵەکان بۆ پارێزگاریی لەئیسلام و موسوڵمانان و بەرەنگاربوونەوەی ئیستعمار[2].

علي الچوم حيدري: محمد بن عبدالله الجلي وجهوده العلمية، رسالة ماجستير، كلية الشريعة، جامعة بغداد، سنة ١٩٩٠.

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

بەهەمان شێوە (شێخ موحەممەدی خاڵ[١]) کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو بیرمەندانەو سەرەڕای ئەوەی چەندین وتاری دەربارەی جەمالەدینی ئەفغانی و موحەممەد رەشید رەزا نوسیوە، بەگوتەی خۆی لەنوسینی تەفسیرەکەیدا بەپلەی یەکەم سوودی لەبۆچوونەکانی ئەو بیرمەندانە وەرگرتووە[٢].

کاریگەریی دووەمیان: هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامییە لە (١٩٢٤ز)دا، هەرچەندە لەسەر شەرعییەتی خیلافەتی عوسمانی بۆچوونی جودا هەبووە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی بەگورزێکی کاریگەر ئەژماردەکرێ، چونکە خیلافەت رەمزێکی رۆحیی موسوڵمانان بوو[٣].

هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت هەلێکی نموونەیی بوو بۆ بانگەشەکارانی "هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت بنچینەی مەترسیی سەر ئیسلامە لەلایەن بێ

---

[١]- شێخ موحەممەدی خاڵ؛ موحەممەد کوڕی عەلیی کوڕی ئەمین خاڵ کوڕی مەلا موحەممەد خاڵ کوڕی ئیسماعیل کوڕی مەلا مستەفا، ساڵی (١٩٠٤ز) لەگەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایکبووە، لای باوکی و کۆمەڵێك زانای ئەو سەردەمە خوێندویەتی و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، پاشان دەستیداوەتە وانەوتنەوەو نوسین، موفەسیرو ئەدیب بووە، ماوەی بیستو هەشت ساڵ قازیی بووە، سەرەڕای یانزە بەرهەمی چاپکراو کەهەندێکیان لەچەند بەرگێك پێکهاتوون و چەندجارێك چاپکراونەتەوە، دەیان وتاری لەگۆڤارەکانی (گەلاوێژو کۆڕی زانیاریی کورد)دا بڵاوکردۆتەوە، لە (١٩٨٩/٧/١٥ز) کۆچیدوایی کردووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عمر علي محمد بهاءالدين: الشيخ محمد الخال مفسرا، رسالة ماجستير، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، جامعة صلاح الدين، سنة ٢٠٠٣م.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

[٣]- د. حيدر ابراهيم علي: هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

باوەڕەییەوە"، لەپاڵ ئەمەشدا بیری ئەو نوێگەرانە برەوی بەم بۆچوونە دەدا، ئەمەش ئەو بیرەیە کە بووە سەرچاوەی ئیلهامی حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩ز) لەدامەزراندنی ئیخوان موسلمین لە (١٩٢٨ز)[١].

ئەوەی مایەی گرنگیپێدانە هەر لەو سەروبەندەدا ساڵی (١٩٣٤ز) لە هەڵەبجە (عەبدوڵڵا بەگی ئەحمەد بەگی تاپۆو شاهۆی شاعیر[٢]و موحەممەد سەعید بەگی سەلیم بەگی یارئەحمەد بەگی جاف (١٩٠٤-٢٠٠٢ز) پارتێکی ئیسلامییان بەناوی (حزبی ئیسلامیی کورد) دامەزراند[٣].

ماوەیەك دوای دامەزاندنی ئەو پارتە عەبدوڵڵا بەگ دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و موحەممەد سەعید بەگیش دەگوێزرێتەوە سلێمانی و هەر دووکیان لەوێ دەکەونە چالاکی و خەڵکی دی دەبنە ئەندامی ئەم پارتە، لەوانە: نەجمەدینی حاجی مەلا رەسوڵ و مەحمودی فەقێ موحەممەدی هەمەوەند، هەروەها

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[٢]- شاهۆی شاعیر: مەلا حەسەن قازیی کوڕی مەلا عەبدولقادر کوڕی مەلا ئەوڕەحمانە، ساڵی (١٨٨٢ز) لەبیارە لەدایکبووە، دوای خوێندنی زانستە شەرعییەکان و زمانی فارسی و عەرەبی، چەند ساڵێك دەبێتە قازی، شیعری بەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی هەیە، کەسێکی زیرەك و بلیمەت و قسەخۆش بووە، لە (٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧١ز) کۆچیدوایی کردووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دیوانی شاهۆ، کۆکردنەوە رێکخستنی محمد امین کاردۆخی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٦ز، ل٣-٦.

[٣]- چاوپێکەوتنی (سدیق ساڵح) لەگەڵ (موحەممەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف) سلێمانی، ٢٠٠٠/٥/٧ز.

لەهەولێر (گیوی موکریانی) و لەکەرکوك (خەلیفە عەلی بەسێ "مەنمی")و لەکرماشان (ئەسکەندەر بەگی ئێناخی) دەبنە ئەندام، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو پارتە لەهەڵەبجەو پێنجوێن و تەوێڵەو بیارەو کەلاریش ئەندامی هەبوو[١].

سەبارەت بەئامانجی ئەو پارتە موحەممەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف دەڵێت: "وشەی ئیسلامی خرابووە ناوی حزبەکە، چونکە ئەو وەختە دینداریی زۆر بڵاوو زاڵ بوو، جا ویستمان لەڕێگەی ئیسلامەتییەوە هانی خەڵك بدەین لێمان کۆببنەوەو بێنە ناومان تا ڕێکیان بخەین و ئاگاداریان بکەین لەکێشەی کوردو فێری کوردایەتییان بکەین، چونکە ئامانجمان بەدیهێنانی داواو مافەکانی کورد بوو"[٢].

پارتی ناوبراو تەنها ماوەی دوو ساڵ و نیوێك لەکار بەردەوام بوو[٣]، لەدوای ئەو مێژووەوە چارەنووسی نادیارە، وتەکانی موحەممەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف تاکە سەرچاوەی زانیارییە دەربارەی ئەو پارتەو لەوە بترازێت هیچمان دەربارەی ئەو پارتە لەبەردەستدا نییە. پێدەچێت لەئەرشیفی ئەو کاتەی حکومەتی ئینگلیزدا زانیاری دەربارەی ئەو پارتە هەبێت.

١- سەرچاوەی پێشوو.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

٣- سەرچاوەی پێشوو.

دامەزراندنی حزبی ئیسلامیی کورد لەو کاتەدا کومەڵێک پرسیار دەوروژێنێت، لەو بڕوایەدام دروستکردنی ئەو پارتە بەدەر لەهەر کاریگەرییەکی دەرەکی، دەرەنجامی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو دەمەی باشووری کوردستانە. دامەزرێنەرانی ئەو پارتە خوازیاری ئەوەبوون بەکەڵك وەرگرتن لەئیسلام خزمەت بەنەتەوەکەیان بکەن و نەهامەتییەکانی لەسەر لابەرن.

دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، چەند کۆمەڵەی ئیسلامیی لەعێراق دامەزرێنران زۆرێك لەوانە لەشارەکانی کوردستان لقیان کردۆتەوەو چالاکیان نواندووە، ئەوان زیاتر لەبواری بانگەوازی ئیسلامیی و خێرخوازیی و پەروەردەو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ئیسلامیی کاریان دەکرد، کۆمەڵەی لاوانی موسوڵمان (جمعية الشبان المسلمين)[1] یەکەم کۆمەڵەی ئیسلامییە لەزۆربەی شارەکانی عێراق لقی کردەوەو کەوتە چالاکی، لەو چوارچێوەدا لەدهۆك لقی کۆمەڵە کراوەتەوە[2].

---

[1]- کۆمەڵەی لاوانی موسوڵمان (جمعية الشبان المسلمين) ساڵی (١٩٢٨ز) لەبەغداد لەلایەن (موحەممەد بەهجەت ئەلئەسەری، حاجی کەمالەدین، رەشید روشدی، موسا ئالوسی، سەید عەبدورەئوف، کەمال موحسین)ەوە دامەزرێنرا، بڕوانە: الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦، ص٨٣٧.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣٨.

ساڵی (١٩٢٩ز) کۆمەڵەی ڕێنمایی ئیسلامیی (جمعية الهداية الاسلامية)[١] لەبەغداد دامەزرێنرا[٢] (مەلا موحەممەد قزڵجی[٣]) یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە[٤]، هەروەها (شێخ ئەمجەد زەهاوی[٥]) بووە ئەندامی ئەم

---

[١]- دامەزرێنەرانی بریتیبوون لە: (ئیبراهیم ئەلڕاوی- سەرۆك، بەهائەدین شێخ سەعید- جێگری سەرۆك، حەمدی ئەعزەمی، حاجی موحەممەد ڕەشید، کەمالەدین تائی، موحەممەد نافع، عەبدولحەمید شێخ عەلی، نوعمان ئەلئەعزەمی، خەلیل ئەلڕاوی، نەجمەدین مودەڕیس، ... هتد). بڕوانە: دليل المملكة العراقية، تأريخي، اداري، تجاري، صناعي، زراعي، مصور، لسنة ١٩٢٥-١٩٣٦، مطبعة الأمين، بغداد ١٩٣٥، ص٨٨٢.

[٢]- الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦، ص٨٨٠.

[٣]- مەلا موحەممەد قزڵجی: شێخ موحەممەد کوڕی شێخ حسێن کوڕی موحەممەد کوڕی عەلی قزڵجی، ساڵی (١٨٩٧ز) لەقزڵجی لەدایکبووە، لای زانایانی ئەو سەردەمە خوێندویەتی و پاشان خوێندنی لەئەزهەر تەواوکردووە، دوای گەڕانەوەی لەکۆلێجی شەریعەی بەغداد بۆتە مامۆستا، لەبواری ئەدەب و فیقهـ و زمان و مێژوو زۆر شارەزا بووە، لەچەند کۆمەڵەی ئیسلامیدا بۆتە ئەندام و دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕێنمایی موحەممەد (جمعية الهدي المحمدي) بووە، جگە لەکتێبی (التعريف بمساجد السليمانية) پەراوێزو لێکدانەوەی بۆ چەندین دەستنووس داناوە، ساڵی (١٩٥٩ز) کۆچیدوایی کردووە، بڕوانە: محمد زكي حسن احمد: اسهام علماء كوردستان العراق في الثقافة الاسلامية، الطبعة الاولى، دارئاراس للطباعة والنشر، اربيل ١٩٩٩، ص٢١٩.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.

[٥]- شێخ ئەمجەد زەهاوی؛ ئەمجەد موحەممەد سەعید موحەممەد فەیزی زەهاوی، ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر بابانییەکان، ساڵی (١٨٨٣ز) لەبەغداد لەدایکبووە، باوك و باپیری موفتی بەغداد بوون، سەرەتا لای باوکی خوێندویەتی، پاشان چۆتە ئەستەمبوڵ و خوێندنی تەواوکردووە، دوای گەڕانەوەی چەندین پۆستی جۆراجۆری وەرگرتووەو لەکۆلێجی شەریعەو حقوق و چەندین قوتابخانە وانەی وتۆتەوە، لەدامەزراندنی زۆربەی کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی سەردەمی پاشایەتی بەشداریکردووەو پۆستی سەرۆکی (٦) لەو کۆمەڵانەی وەرگرتووە، لە (١٩٦٧/١١/١٦ز)

کۆمەڵەیە[١]، پێدەچێت بەشداریی ئەم زانایانە رێخۆشکاربووبێت بۆ زێتربوونی چالاکیی کۆمەڵەی رێنمایی ئیسلامیی لەکوردستان.

ئەم کۆمەڵەیە لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان چالاکی هەبووە، لەو چوارچێوەدا ساڵی (١٩٣٣ز) لقی کەرکووکی کۆمەڵە کرایەوە[٢]، هەفتانامەی (الهداية) زمانحاڵی کۆمەڵە؛ بەگرنگی و بایەخی زۆرەوە هەواڵی کردنەوەی لقی ناوبراوی بڵاوکردۆتەوە[٣].

سەبارەت بەچالاکی و ناوی دەستەی گشتی لقی کەرکووکی کۆمەڵە، هەفتەنامەی (لسان الهداية) نوسیویەتی: دەستەی گشتی لقی کەرکووکی کۆمەڵەی رێنمایی ئیسلامیی کۆبویەوەو ئەم کەسانە بۆ دەستەی کارگێڕیی هەڵبژێرران: موحەممەد رەزا واعیز – سەرۆك، حاجی حەسەن ئومی زادە- جێگری سەرۆك، سابر حافز- نهێنگر، شێخ مودەڕیس- ئەمین سندوق[٤].

کۆچیدوایی کردووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: كاظم احمد ناصر المشايخي: الامام امجد بن محمد سعيد الزهاوي، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، فيرجينيا، ١٩٩٦م.

[١]- الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦م، ص٨٤٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣٣.

[٣]- العدد (١٣١) السنة الرابعة، ٢٧ محرم ١٣٥٢ هـ، ص٧.

[٤]- العدد (١٩٢)، السنة السادسة، ٩ جماد الاخرة ١٤٥٤هـ، ص٢١.

بەهەمان شێوەی کەرکوك لە (٩ی تەمموزی ١٩٣٤ز) لەدهۆك[١] و (٢٠ی ئابی ١٩٣٤ز) لەسلێمانی لقی کۆمەڵە کراونەتەوە[٢] ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەهەولێرو ئامێدی و خانەقین لقی کۆمەڵە کراوەتەوە[٣].

کۆمەڵەی ڕێنمایی ئیسلامی لەڕێگەی وتاردان لەبۆنەو ئاهەنگە ئیسلامییەکان و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤارو ئەنجامدانی گەشت و جەختکردنەوە لەسەر مەسەلە ڕەوشتییەکان و بواری خێرخوازی، توانیبووی ژمارەیەکی زۆر ئەندام لەخۆی کۆبکاتەوە[٤]، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵە چەند لیژنەیەك دروستکرابوون و کارەکانیان رادەپەڕاند[٥].

---

[١]- الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦م، ص٨٣٢.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣٣.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤٧.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو ل٨٤٧، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەدا جەخت لەسەر (٦) ئامانجی سەرەکی کراوەتەوە کە بریتین لە:

ا- بڵاوکردنەوەی راستییەکانی ئیسلام بەشێوەیەك لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت.

ب- کارکردن بۆ لێك نزیککردنەوەی گەلانی موسوڵمان و بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا.

ج- بەرەنگاربوونەوەی ئیلحادو پڕوپاگەندەی ناحەزانی ئیسلام.

د- بڵاوکردنەوەی زانستە ئیسلامییەکان و چاکسازی لەپرۆگرامی خوێندن.

هـ- بنبڕکردنی فەسادو ڕەوشت نزمی.

و- هاندانی دەوڵەمەندان بۆ بەخشین و ئەنجامدانی پرۆژەی خێرخوازی.

بڕوانە: لسان الهداية، العدد (٢٠٠) السنة السادسة، ٢١ شعبان ١٣٥٤هـ، ص١.

[٥]- ئەو لیژنانە بریتیبوون لە لیژنەی وتاربێژی و ئامۆژگاری، لیژنەی زانستی، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە. بڕوانە: الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦م، ص٨٤٨.

گۆڤاری (الصراط المستقیم) باس لەچالاکییەکی کۆمەڵە دەکات لەسلێمانی و لەو بارەوە نوسیویەتی: بەمەبەستی هاوکاریکردنی لێقەوماوان کە بەهۆی باران بارین و لافاوەوە زیانیان لێکەوتبوو، وەفدێك بەلێپرسراوێتیی حاجی نوعمان ئەفەندی ئەعزەمی؛ ئەندامی ئەنجومەنی کۆمەڵەی رێنمایی ئیسلامیی، سەردانی سلێمانی کردو بڕی (٢٥٠) دینار بەمەبەستی هاوکاریکردنی لێقەوماوان تەرخانکرا، ناوبراو لەسلێمانی وتاریداو ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەدەوری کۆبویەوەو پەرۆشیی خۆی و عێراقییەکانی بۆ خەڵکی سلێمانی دەربڕی[١].

چالاکییەکانی کۆمەڵەی رێنمایی ئیسلامیی مایەی رەزامەندیی حکومەتی پاشایەتی نەبوو، هەر ئەمەش وای لەحکومەت کردووە چەند جار هەفتەنامەکەیان پێدابخات و چالاکییەکانی کۆمەڵە سنووردار بکات[٢]، هەر چۆنێك بێت چالاکیی جۆراوجۆری ئەو کۆمەڵانە بوونە سەرەتایەك بۆ چەندین کۆمەڵەی تر. بەتایبەتییش لەدوای جەنگی دووەمی جیهان و بڵاوبوونەوەی بیری

---

[١]- العدد ١١٥، السنة الثالثة، ١٠ شعبان ١٣٥١ هـ، ص١٤.

[٢]- هەفتەنامەی لسان الهدایە لەوتارێکیدا لەژێر ناونیشانی: (للتأریخ). گلەیی کۆمەڵە بەرامبەر حکومەت دەردەبڕێت لەوەی چەندین جار هەفتەنامەکەی پێداخستون، ئەمەش وای لەکۆمەڵە کردووە هەر جارەو لەژێر ناوێکی نوێدا درێژە بەهەفتەنامەکە بدات، لەو رووەوە گۆڕانی ناوی هەفتەنامەکە لە (الهدایة) بۆ (صدى الاسلام، تنویر الأفکار، الصراط المستقیم، لسان الهدایة،...الخ) بەڵگەی ئەو راستییەیە. بڕوانە: لسان الهدایة، العدد ١٨٨، السنة السادسة، ٣ جماد الأولى، ١٣٥٤ هـ، ص٢-٣.

ئیخوان موسلیمین، ئیخوان لە ئەزموونی ئەو کۆمەڵانە سوودمەند بوون و شوێن پێیان هەڵگرتن.

بەشی یەکەم

ڕەوتی ئیسلامی لەنێوان ساڵانی

(١٩٤٦-١٩٧١)

بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لەعێراق

دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لەمیسر ساڵی (١٩٢٨ز) لەسەر دەستی حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩ز) کارو چالاکیی ئەو ڕێکخراوە فراوان بوو. بیری ئیخوان لەڕێگەی نێررراوە تایبەتییەکانی ئیخوان و ئەو خوێندکارانەی دەچوونە میسر بۆ خوێندن، بەزۆربەی جیهانی ئیسلامییدا بڵاوبۆوە. بڵاوکراوەکانی ئیخوان بەتیراژێکی زۆر چاپدەکران و دەگەیەنرانە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی، ئەمەش بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوانی فراوانترکرد.

سەرەتای گەیشتنی بیری ئیخوان بەعێراق، لەڕێگەی چەند مامۆستایەکی میسرییەوە بوو، کەبەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوان هاتبوونە عێراق. سەرەتای ساڵی (١٩٤٠ز) کۆمەڵێك مامۆستای میسری هاتنە عێراق، لەناویاندا: شێخ ئەلئەحمەر لەناوچەی بەسرەو زوبێر کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە[١]، بەهەمان شێوە ساڵی (١٩٤٢ز) لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتیی ئیخوان (حسێن کەمالەدین و موحەممەد عەبدولحەمید ئەحمەد) هاتنە عێراق تا

١- الدكتور عثمان علي، مقابلة ولقاء هام بين (ئاڵای ئیسلام) والدكتور طه جابر العلواني، مجلة (ئاڵای ئیسلام)، العدد ٣، السنة السابعة، ١٩٩٣م، ص١٢.

بیروڕاکانی ئیخوان بڵاوبکەنەوە[١]، حسێن کەمالەدین لەکۆلێجی ئەندازیاری و موحەممەد عەبدولحەمید ئەحمەد لەپیشەسازیی بەغداد بوونە مامۆستا[٢]، ئەحمەد کامیل مەنوفی یەکێکی دی بوو لەمامۆستا میسرییەکان و لەموسڵ نیشتەجێ بوو، ناوبراو بیری ئیخوانی بڵاودەکردەوەو هانی گەنجەکانی دەدا بۆ خوێندنەوەیان[٣].

هەر لەسەرەتای چلەکانەوە گۆڤاری (الاخوان المسلمون) و بڵاوکراوەکانی تری ئیخوان دەگەیشتنە عێراق و تەنانەت لەشاری موسڵ بەئاشکرا دەفرۆشران[٤].

هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کەناڵێکی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان ئەو خوێندکارانە بوون کە بۆ خوێندن دەچوونە میسر، ساڵی (١٩٣٩ز) کۆمەڵێك قوتابیی عێراق نێردران بۆ ئەزهەر بۆ خوێندن، موحەممەد مەحمود سەواف (١٩١٤-١٩٩٢ز) یەکێك بوو لەو کۆمەڵە قوتابییەو لەوێ بەبیری ئیخوان

١- د. عبد الفتاح علي البوتاني، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦– ١٩٥٦م، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٣م، ص٢٧١.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٧.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٨.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

ئاشنابوو، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی سەواف گەڕایەوە عێراق[١].

دوای گەڕانەوەی سەواف بۆ موسڵ ویستی بەهاوکاریی (عەبدوڕەحمان سەید مەحمود، عەبدوڕەحمان مەحمود ئەلڕەحیم) کە دوو بازرگانی شارەکە بوون، لقێکی ئیخوان بکاتەوە، بەڵام حکومەت داواکەی ڕەتکردەوە[٢].

ساڵی (١٩٤٣ز) جارێکی تر سەواف لەسەر خەرجیی (مستەفا سابونچی) کە دەوڵەمەندێکی موسڵ بوو نێردرایەوە میسر بۆ خوێندن. سەواف ئاشنایەتی لەگەڵ حەسەن بەننا پەیداکرد، ئەویش وەکو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئیخوان لەمیسر ناساندی[٣]، لەو ماوەدا کە سەواف لەئەزهەر دەیخوێند، مامۆستا میسرییەکان لەعێراق چالاکانە هەڵدەسوڕان و بیری ئیخوانیان بڵاودەکردەوە. لەو ڕووەوە لە (٢٤ی مایسی ١٩٤٥ز) حسێن کەمالەدین و موحەممەد عەبدولحەمید ئەحمەد سەردانی موسڵ دەکەن و بەهۆی عەبدوڕەحمان سەید مەحمود ئاشنایەتی لەگەڵ ژمارەیەك زانای شارەکەی پەیدادەکەن و چەندین دیدار و کۆبوونەوە ئەنجامدەدەن، بەمەش ژمارەیەك گەنج لەدەوری بیری ئیخوان کۆدەبنەوە، لەپاڵ ئەمەشدا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (الاخوان المسلمون) لەموسڵ زەمینەیەکی زیاتری بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوانی

---

[١]- کۆمەڵێك نووسەر، هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

[٢]- د. عبدالفتاح علي البوتاني، هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

سازدا، بەم شێوە بیری ئیخوان لەچەندین شارو شارۆچکەی تری عێراق لایەنگرو هەواداری پەیداکردو تەنها لەهۆنینەوەو رێکخستنێکی فەرمیی کەم بوو[١]، بێگومان بیری ئیخوان لەموسڵ لەچاو شارەکانی دیکەی عێراق زیاتر برەوی هەبوو لایەنگری پەیداکرد[٢].

سەواف لەمیسر خوێندنی تەواوکردو ساڵی (١٩٤٦) گەڕایەوە عێراق و دەستی کردە بانگەشەکردن بۆ بیری ئیخوان[٣]، ئەمەش بەکردەییکردنی ئەو بەڵێنەبوو، کە دابووی بەحەسەن بەننا بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوان لەعێراق[٤]، هاوکات

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

٢- دوو خاڵ لەبڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لەموسڵ رۆڵیان بینی: یەکەم/ لەکۆتایی سەدەی نۆزدە بزووتنەوەیەکی سەلەفی لەشاری موسڵ سەریهەڵدا (شێخ عەبدوڵلا ئەلنیعمە) زانایەکی شارەکە بوو، رێبەرایەتیی ئەم بزووتنەوەی دەکرد، بەمەش زەمینەی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لەباربوو.. دووەم/ تایبەتمەندیی پێکهاتەو پێگەی جۆگرافیی موسڵ و بوونی چالاکیی موژدەدەرەکان لەو شارەدا، وای کرد بیری ئیخوان وەکو پەرچەکردارێك زیاتر خۆی بنوێنێت. (د. عبدالفتاح علي البوتاني) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، ٢٠٠٤/١٢/١٩ز.

٣- کۆمەڵێك نووسەر، هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

٤- سەواف لەبیرەوەرییەکانیدا باس لەدوا دیداری خۆی لەگەڵ بەننا دەکات و دەڵێت: "موحەممەد عەبدولحەمید ئەحمەد ئامادەی دانیشتنەکە بوو، موحەممەد دەربارەی ئەزمونی خۆی لەعێراق دەدواو ئەوەی دەربڕی کە عێراق کەڵکی بانگەوازی نییەو گونجاو نییە". سەواف بەمە نیگەران دەبێت و دەکەوێتە سەرزەنشتکردنی موحەممەد، پاشان بەڵێن بەحەسەن بەننا دەدات بگەڕێتەوە عێراق و لقی ئیخوان بکاتەوەو ببێتە جێگری بەننا لەعێراق. (د. عبدالفتاح علي البوتاني) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣. دکتۆر تەها جابر ئەلعەلوانی دەربارەی دیداری سەواف لەگەڵ حەسەن بەننا

سەواف لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمەڵێك داوایەکیان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد بۆ دروستکردنی کۆمەڵەیەك بەناوی ئیخوان موسلیمین، بەڵام حکومەت داواکەیانی ڕەتکردەوە[1].

هەر لەو ساڵەدا سەواف لەکۆلێجی شەریعەی بەغداد بووە مامۆستا، ناوبراو لەوێ کەوتە چالاکی و بەهاوکاری (ئەمجەد زەهاوی، کەمالەدین تائی، مەلا مەعتوق، پارێزەر عەبدوڕەحمان خزر، ناجی مەعروف، عەبدولوەهاب سامەڕائی) داوایەکیان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد، بەمەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامي (جمعية الاداب الاسلامية)و لە (٢٢ی ئابی ١٩٤٦ز) وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر داواکەیان نواندو کۆمەڵە بەفەرمی دامەزرێنرا[2].

دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، مەسەلەی رزگار کردنی فەلەستین لەتەواوی جیهانی ئیسلامی دەنگۆی هەبوو، هەر ئەمەش وایکرد لەعێراق

دەڵێت: "سەواف لەمیسر چاوی بەحەسەن بەننا کەوت و پێشنیازی کرد چالاکی ئیخوان بۆ عێراق بگوێزرێتەوەو لقێکی ئیخوان بۆ عێراق بکرێتەوە، حەسەن بەننا بەگومانەوە لەم پێشنیازەی روانی و وتی: وای دەبینم عێراق دوا وڵات بێت بانگەوازی ئیخوانی تێدا بڵاوبێتەوە، بەڵام ئەی شێخ کە تۆ دەبینیت زەوییەکە بەپیتە لەسەر بەرەکەتی خوا دەستپێبکە". بڕوانە: الدکتور عوسمان علي، مقابلة ولقاء هام بين مجلة (ئاڵای ئیسلام) والدکتور طه جابر العلواني، ص١٢.

[1]- عبدالجبار الجبوري، الاحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي ١٩٠٨– ١٩٥٨، بغداد، ١٩٧٧م، ص١٩٩.

[2]- کاظم احمد ناصر المشايخي، هەمان سەرچاوە، ل١٨٩.

كۆمەڵەی رزگاریی فەلەستین (جمعية انقاذ فلسطين) لە (١٩٤٨ز) دامەزرێنرا[١]، بەناوی ئەم كۆمەڵەوە كۆمەك و یارمەتی كۆدەكرایەوەو خۆبەخشەكان دەنێرران بۆ فەلەستین، بەڵام هەر زوو بارەگای كۆمەڵە بووە شوێنی چاوپێكەوتن و كۆبوونەوەو دیداری ئەندامانی ئیخوان[٢].

سەواف لەناو هەر دوو كۆمەڵەدا چالاكانە هەڵدەسورا، بەڵام هەر زوو لەگەڵ ژمارەیەك ئەندامی كۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی ناكۆكی بۆ دروستبوو، ئەمەش وای لەسەواف كرد دەستبەرداری كۆمەڵە بێت و لەگەڵ ئەمجەد زەهاوی لە (١٣ی ئەیلولی ١٩٤٩ز) كۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی (جمعية الاخوة الاسلامية)ی دامەزراند[٣].

كومەڵەی برایەتی، چالاكترین كۆمەڵەی ئیسلامیی ئەو سەردەمە بوو، ببوە روكارێك بۆ كاری ئیخوان لەعێراق، لەچەندین شارو شارۆچكە لقی كردەوە،

---

[١]- دوای رەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆ، كۆمەڵە بەفەرمی دامەزرێنراو دەستەی كارگێڕی هەڵبژێرراو پێكهاتبوو لە: ئەمجەد زەهاوی– سەرۆك، حسێن فەوزی– جێگری سەرۆك، پارێزەر عەبدورڕەحمان خزر– ژمێریار، مەحمود سەواف– ئەمینداری گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

[٢]- د. طه جابر العلواني، اضواء على تاريخ الحركة الاسلامية في العراق، مجلة (ئاڵای ئیسلام) العدد ١، السنة التاسعة، ابريل ١٩٩٥، ص١٢.

[٣]- دامەزرێنەرانی بریتیبوون لە: (ئەمجەد زەهاوی– سەرۆك، موحەممەد عاسم ئەلنەقیب– جێگری سەرۆك، موحەممەد مەحمود سەواف– سكرتێر، ئیبراهیم مستەفا ئەلئەیوبی– ئەمین سندوق، دكتۆر تەقییەدین هیلالی، پارێزەر عەبدورڕەحمان خزر، تەها فەیاز). بڕوانە: عبدالجبار حسن الجبوري، هەمان سەرچاوە، ل١٩٩-٢٠٠.

لەناو زانكۆو پەیمانگەكان ئەندام و لایەنگری پەیداكرد، گۆڤاری (الاخوة الاسلامیة)ی زمانحاڵی كۆمەڵە: بەتیراژێكی زۆر بیرو بۆچوون و چالاكیی كۆمەڵەو وتاری بڵاودەكردەوە[١].

هەر لەو ماوەیەیشدا ئیخوان گرنگیی بەچالاكیی ئافرەتان داو كۆمەڵەی خوشكی موسوڵمان (جمعیة الاخت المسلمة) دامەزرێنرا[٢].

تا ساڵی (١٩٥٤ز)و هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەسەردەمی زێڕینی كاری ئیخوان دادەنرێ[٣]، بەڵام لەو مێژووەوە تا شۆڕشی (١٩٥٨ز) جارێكی تر ئیخوان بەشێوەیەكی نهێنی و لەچەند كەناڵی جۆراوجۆرەوە كاری دەكرد، دەكرێ ئەم ماوە بەقۆناغی خاوبوونەوەو روكردنە پەروەردەو پەرتبوونی ریزەكانی ئیخوان ناوزەدبكەین[٤].

كاتێك شۆڕشی (١٩٥٨ز) رویدا لەزۆربەی رۆژنامەو بڵاوكراوەكانەوە بانگەشەی ئەوە دەكرا پارتەكان چالاكییان راگرن تا دەرفەت بۆ حكومەتی شۆڕش بڕەخسێت كار بۆ هێنانەكایەی دۆخێكی باشتر بكات، جگە لەئیخوان

---

[١]- كاظم احمد ناصر المشایخي، هەمان سەرچاوە، ل١٩٨-١٩٩.

[٢]- دامەزرێنەرانی بریتیبوون لە: (نەهال ئەمجەد زەهاوی– سەرۆك ، فاتمە پاچەچی، بەهیرە فوجە، نەزیرە فوجە، خەیرییە زەهاوی، ...تاد.). د. عبدالفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٢.

[٤]- الدكتور عوسمان علي، مقابلة ولقاء هام بین مجلة (ئاڵای ئیسلام) والدكتور طه جابر العلواني، ص١٣.

هیچ پارت و ڕێکخستنێکی دیکە بەدەم ئەم بانگەشەوە نەچوو، ئیخوانەکان پاش ماوەیەك زانییان تاکە گروپن چالاکییان وەستاندووە، جارێکی دی وەکو ڕێکخراوێکی نهێنی دەستیان دایەوە کار، بەڵام هیچ شتێکی فەرمیان ڕانەگەیاند. لەو ماوەدا بڵاوکراوەکانی ئیخوان بەناوی بەرەی ئیسلامی دەردەچوون، وەلێ زۆرێك لەخەڵکی دەیانزانی ئیخوان لەپشت ئەو کارەوەیە[١].

دوای شۆڕشی (١٩٥٨ز) بیری چەپ بەتەواوی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق پەرەیگرت، وەك پەرچەکردار بۆ بیری چەپ و شیوعییەت، ئیخوان لەگۆڕەپانەکەدا دەبینرا، ئیخوان و شیوعییەت بەتەواوی لەیەکتر دڕدۆنگ بوون، وەکو دوو نەیاری یەکتری کاریان دەکردو بەمەرگی یەك تینوبوون. کاتێکیش لەئازاری (١٩٥٩ز) جوڵانەوەی سەواف[٢] لەموسڵ سەریهەڵدا، دوای شکستهێنانی جوڵانەوەکە ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی ئیخوان کوژران. ئەمەش نەك لەبەر بەشداریکردنیان لەجوڵانەوەی سەواف، بەڵکو کاتێك جوڵانەوەکە

---

[١]- د. طه جابر العلواني، هەمان سەرچاوە، ل١٣.

[٢]- ئەو جوڵانەوەیە لەمانگی ئازاری (١٩٥٩ز) لەسەردەستی سەرهەنگ عەبدولوەهاب شەواف دژی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لەموسڵ بەرپابوو، بۆ هۆکارو ڕەوتی جوڵانەوەکەو ئاکامەکانی، بڕوانە: عەبدولقادر ساڵح، شۆڕشی (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ز) لەعێراق، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٠٩-٢٣٩.

شکستیهێنا، شیوعییەکان کەوتنە کوشتن و ڕاوەدوونانی نەیارانیان. ئەم بارەش تا کۆتایی (١٩٥٩ز) درێژەیکێشا[١].

کاتێك حکومەتی کۆماری یاسای پارتەکانی دەرکرد، ژمارەیەك لە ئیخوانە دێرینەکان و چەند کەسایەتییەکی بێلایەن، بەمەبەستی مۆڵەتدان بەدامەزراندنی (حزبی ئیسلامیی عێراق) داوایەکیان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد[٢]، وەزارەتی ناوخۆ ڕەزامەندی نەنواند، داواکە ڕەوانەی دادگای تەمیز کرا، دادگای تەمیز بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی هەڵوەشاندنەوەو بەفەرمی مۆڵەتی بەدامەزراندنی (حزبی ئیسلامیی عێراق)دا[٣].

١- د. طه جابر العلواني، هەمان سەرچاوە، ل١٣.

٢- داواکارانی دامەزراندن بریتیبوون لە: نوعمان عەبدوڕڕەزاق سامەڕائی، ئیبراهیم عەبدوڵڵا شەهاب، سەبری مەحمود، وەلید عەبدولکەریم ئەلئەعزەمی، ئیبراهیم منیر، فلەییح حەسەن، فازیل دولان، حەمید حاجی زەهیبە، حاجی موحەممەد لاقی، عەبدولجەلیل ئیبراهیم، یوسف تەها، د. جاسم ئەلعانی...تاد. بڕوانە: محمد كاظم علي: العراق في عهد عبدالكريم قاسم، دراسة في القوى السياسية والصراع الايدولوجي ١٩٥٨–١٩٦٣، مطبعة الخلود، بغداد، ١٩٨٩، ص١٧٨.

٣- وەزارەتی ناوخۆ بەنوسراوی ژمارە (ش/ج/٩١٤) لەمێژووی (١٩٦٠/٣/٢٧ز) داواکەی ڕەتکردەوە، بەڵام دادگای تەمیز بەبڕیاری ژمارە (٢١ حزبی ئیسلامیی ١٩٦٠ز) لەمێژووی (١٩٦٠/٤/٢٦) بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆی هەڵوەشاندەوە، پاشان لە (١٩٦٠/٥/٥)بەفەرمی مۆڵەتی کارکردن درا بەحزبی ئیسلامیی عێراق. بڕوانە: الدكتور عوسمان علي، مقابلة ولقاء هام بين مجلة (ئاڵای ئیسلام) والدكتور طه جابر العلواني، ص١٣.

حزبی ئیسلامیی ماوەی چەند مانگێك جموجۆڵ و چالاكیی بەرچاوی هەبوو، بەڵام زۆری نەبرد لەلایەن حكومەتەوە مۆڵەتی لێسەنرایەوەو چالاكییەكانی قەدەغەكران و سەركردەكانی گیران و حزب هەڵوەشایەوە[1].

بەدرێژایی ساڵانی شەستەكان ئیخوان بەنهێنی كاری دەكرد، هەرچەندە لەكودەتای (١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ز) ئیخوان پۆستی وەزارەتیان وەرگرت، بەڵام ئەمە درێژەی نەكێشاو لەكودەتای (٣٠ی تەمموزی ١٩٦٧ز) بەدواوە بەعس تەنگی بەئیخوان هەڵچنی و كەوتە راوەدونانی ئەندامانی ئیخوان و سەرەنجام لە (١٩٧١/٤/٤) لەسەر زاری عەبدولكەریم زەیدانی رێبەری ئەوسای ئیخوانەكانی عێراق، بەفەرمی كاری ئیخوان راگیرا[2].

---

[1]- رۆژنامەی (الحیاد)؛ زمانحاڵی حزبی ئیسلامیی، رۆژی (١٩٦٠/١٠/١٥ز) بەیاننامەیەكی توندی دژ بەحكومەتی عەبدولكەریم قاسم بڵاوكردەوە، دوابەدوای بەیاننامەكە حكومەت كەوتە راوەدونان و دەستگیركردنی سەركردەكانی حزب و لەڕۆژی (١٩٦٠/١٠/٢٠ز) بارەگای حزب داخرا، بەشێوەیەكی فەرمیش لە (١٩٦١/٣/١٦ز) دادگای سەربازیی گشتی، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامیی عێراقی دەركرد ، محمد كاظم علي: هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.

[2]- د. طە جابر العلواني، هەمان سەرچاوە، ل١٥.

باسی دووەم

ڕەوتی ئیسلامی لەکوردستان لەسەردەمی پاشایەتیدا

هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕەوتی ئیسلامی لەماوەی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا، لەباشووری کورستان بەشێوازی جۆراوجۆر ئامادەیی هەبوو. بەڵام سەبارەت بەئیخوان موسلیمین وەکو بەشێکی سەرەکی ڕەوتی ئیسلامی، دەتوانین کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان بەسەرەتای ئاشنابوونی کورد بەبیری ئیخوان دابنێین. ئەم ئاشنابوونەیش لەشاری موسڵ و دەرەنجامی چالاکیی ئیخوانە لەو شارەدا،ساڵی (١٩٤٦ز) ژمارەیەك حاجیی موسڵ لەگەشتی حەج بەهۆی عەبدوڕەحمان سەید مەحمودەوە چاویان بەحەسەن بەننا دەکەوێت، بەننا لەگەڵیان کۆدەبێتەوەو وتاریان بۆ دەدات و پێکەوە بڕیاردەدەن کاربکەن بۆ کردنەوەی لقێکی ئیخوان لەموسڵ[1].

هیچ زانیارییەك لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت لەناو ئەم کۆمەڵە حاجییەدا کوردی تێدا بووبێت، بەڵام دوای گەڕانەوەی حاجییەکان و چالاکی نواندن لەموسڵ ناوی (مەلا عەبدوڵڵا موحەممەد ئەربیلی[2]، موحەممەد یاسین

---

[1]- د. عبدالفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢.

[2]- مەلا عەبدوڵڵا موحەممەد ئەربیلی، ساڵی (١٩١٤ز) لەهەولێر لەدایکبووە، پاشان چۆتە موسڵ و دەستیداوەتە خوێندنی زانستە شەرعییەکان، دوای تەواکردنی خوێندن بۆتە مامۆستای پەیمانگەی ئیسلامیی لەموسڵ، ساڵی (١٩٨٤ز) کۆچیدوایی کردووە، سالم عبدالرزاق: صفحة من ثورة عام ١٩٥٩م، جريدة (القادسية)، العدد ٣١٩١، ١١ آذار ١٩٩٠م.

عەبدوڵڵا سنجاری، هاشم عەبدولسەلام[١]) دێت کە سێ زانای کوردبوون و لەشاری موسڵ لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بیری ئیخوانیان بڵاودەکردەوەو چالاکانە هەڵدەسوڕان، ڕۆڵی ئەم وتاربێژانە بەشێوەیەك حکومەتی دڕدۆنگ کردبوو، بەڕێوەبەرێتیی ئەوقاف ئاگاداری ئەو وتاربێژانەی کرد کە وتاری هەینی دەبێت تەنها بۆ ئامۆژگاری و قسەکردن لەبابەتە ڕەوشتییەکان بێت، نەك بابەتی سیاسی[٢].

لەساڵی (١٩٤٦ز) بەدواوە، دامەزراندنی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی، بووە کەناڵێکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لەزۆربەی شارەکانی عێراق و باشووری کوردستاندا، لەمەشدا خودی شێخ ئەمجەد زەهاوی؛ سەرۆکی کۆمەڵە ڕۆڵی بەرچاوی بینی، هەر لەچوارچێوەی چالاکیی کۆمەڵەدا لە (١٩٤٧/١/٦ز) شێخ ئەمجەد زەهاوی؛ سەرۆکی کۆمەڵە، لەنامەیەکدا زانای ناسراوی کورد (مەلا حسێن پیسکەندی[٣]) لەسلێمانی ئاگاداردەکاتەوە، کە

---

[١]- هاشم عەبدولسەلام لەبنەماڵەیەکی کوردی باکوری کوردستانەو ساڵی (١٩٣٠ز) لەموسڵ لەدایکبووە، زانستی شەرعی خوێندووەو کەسێکی شارەزاو وتاربێژێکی بەتوانا بووە، لەچەندین مزگەوتی موسڵ وتاربێژ بووە، بەهۆی جوڵانەوەکەی شەواف و هێرشی زۆری بۆ سەرشیوعییەکان، لەوتاری هەینیدا لەئازاری (١٩٥٩ز) کوژرا. د. عبدالفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٣٦٩.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤.

[٣]- مەلا حسین حاجی خەلیفە پیرۆت پیسکەندییە، کەخەلیفەی کاك ئەحمەدی شێخ بووە، ساڵی (١٨٦٥ز) لەپیسکەند لەدایکبووە، دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەمزگەوتی مەلا حسێن

بەمەبەستی کردنەوەی لقی کۆمەڵە سەردانی لایەنی پەیوەندیداری کردووەو بەو پێیەی کۆمەڵەکە ئایینی و ڕەوشتییە موتەسەڕیفەکان ڕوخسەتیان داوە لقی کۆمەڵە لەلیوای سلێمانی بکەنەوە[١].

لەدرێژەی نامەکەدا، زەهاوی داوا لە پیسکەندی دەکات، بەمەبەستی کردنەوەی لقی کۆمەڵە لەگەڵ برایان سەردانی موتەسەڕیف بکەن و لەئەنجامەکەی ئاگاداری بکەنەوە، ئەمەش گەورەترین خزمەتە بەرامبەر ئایینی ئیسلام بەجێیدێنن، لەکاتێکدا خراپە بڵاوبۆتەوەو بەدڕەوشتی پەرەیسەندووە[٢].

دوای تێپەڕبوونی نۆ مانگ بەسەر نامەی پێشوو، بە نوسراوی ژمارە (٤٧) لە (١٩٤٧/٩/٢٨ز) شێخ ئەمجەد زەهاوی، ئاگاداری مەلا حسێن پیسکەندی دەکات، کە وەزارەتی ناوخۆ بەنوسراوی ژمارە (١١٨٤٦) لەمێژووی (١٩٤٧/٨/٢٦ز) ڕەزامەندی نواندووە لەسەر کردنەوەی لقی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی لەلیوای سلێمانی. هەر بەو بۆنەیەوە داوای لێدەکات لەگەڵ برایان دەستەی کارگێڕیی لق هەڵبژێرن و لەئەنجامەکەی ئاگاداری بکەنەوە[٣]. پێدەچێت

لەسەرشاقام دەبێتە پێشنوێژ، زانایاکی ناودارو شارەزاو بلیمەت بووە، چەندین مەلا لەسەردەستی ئەو، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ساڵی (١٩٤٨ز) کۆچیدوایی کردووە. عبدالكريم محمد المدرس: علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٣م، ص١٧٦-١٧٧.

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢).

دوابەدوای نامەی یەکەمی زەهاوی، مەلا حسێن کەوتبێتە چالاکی و پەیداکردنی ئەندام و لایەنگر بۆ کۆمەڵە، بێگومان مەلا حسێن زانایەکی ناودارو قسە رۆیشتوی شار بوو، چالاکییەکانی بەرهەمی هەبوو، دەستەی کارگێڕیی لق لەسلێمانی هەڵبژێرراو، پێکهاتبوو لە (مەلا حسێن پیسکەندی –سەرۆکی لق، شێخ نوری بابە عەلی– جێگری سەرۆك، مەلا موحەممەد سەعید- ئەندام، جەلال ئاغا حاجی سەعید ئاغا– ئەندام، مەلا مارف– ژمێریار، حاجی عەبدولوەفا– ئەندام، عەبدورەحیم بەرزنجی– ئەندام، حاجی کەریم حاجی سالح– ئەندام، مەلا عەبدولقادر کۆکۆیی- باجگر[١]).

دەستەی ناوبراو لەگەڵ ناوی دەستەی کارگێڕیی لق، نوسراوێك ئاڕاستەی موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی دەکەن و تێیدا بەپشتبەستن بەماددەی (٢١) لەپەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵەی ناوبراو، لەسەر داوای کۆمەڵێك زاناو خانەدانی لیوای سلێمانی، دەخوازن موتەسەڕیف رەزامەندی لەسەر کردنەوەی لقی کۆمەڵە بنوێنێت[٢].

هەرچەندە نوسراوەکەی دەستەی کارگێڕیی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی مێژووی لەسەر نییە، بەڵام پێدەچێت دوابەدوای نامەی دووەمی شێخ

---

[١]- **بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣).**

[٢]- **سەرچاوەی پێشوو.**

ئەمجەد بێت، کە ئاماژەدەدات بەڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆ، دەربارەی کردنەوەی لقی کۆمەڵە لەلیوای سلێمانی، ئەمەش پاش جموجۆڵ و چالاکیی مەلا حسێن پیسکەندییە کە بەر لەو مێژووە لەسلێمانی کەوتۆتە چالاکی نواندن.

بەسەرنجدان لەناوی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵە، دەبینین پێکدێت لەزانایان و بازرگان و خانەدان و کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەی لیوای سلێمانی. ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە هەوڵ و کۆششی مەلا حسێن، لەکۆکردنەوەی ئەندام و لایەنگر بۆ کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی، وەك بەشێك لەکاریگەریی ئیخوان ئەژماردەکرێ، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت رەوتی ئیسلامیی لە کوردستان بەتەواوی بەو بیرە کاریگەر بووە، بەڵکو کاریگەریی بیری ئیخوان لە کوردستان کەمتر هەستی پێدەکرێ لەچاو ناوچە عەرەبنشینەکاندا. ئەمەش دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری خودی و بابەتییە، کە دواتر باسی لێوەدەکەین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەر لەبنەڕەتدا کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی، بەشێوەیەکی رێژەیی کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیری ئیخوان. ئەگەر بەراوردبکرێ بەکۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی کە بەتەواوی ببوە روکاری ئیخوان و تەواوی دیدو تێڕوانینەکانی ئیخوان موسلیمینی میسر لەئەدابیاتیدا رەنگیداوەتەوە.

چالاکیی ئیخوان لەسەر دەستی سەواف و هاوکارانی، رۆژ لەدوای رۆژ لەعێراق رووی لەزیادی دەکرد، بوارو سنوری کار فراوانتر دەبوو. کاتێك ساڵی

(١٩٤٩ز) کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی دامەزرێنرا، کۆمەڵەی ناوبراو بووە چالاکترین کۆمەڵەی ئیسلامیی ئەو سەردەمە[١]، سەواف سکرتێری کۆمەڵە: مامۆستای زانکۆو وتارخوێنێکی لێهاتوو بوو، لەناو خوێندکارانی زانکۆ، بەتایبەتیش لەکۆلێجی شەریعە، شانەی ڕێکخستنی بنیادنا، لەناو ئەو خوێندکارانەدا ژمارەیەك کوردی نیشتەجێی کەرکوکی تێدابوو، لەوانە (نیزامەدین عەبدولحەمید، موحسین عەبدولحەمید، ئەحمەد نەجمەدین بەرزنجی، سوبحی داودی، نورەدین واعیز،...تاد)[٢].

بۆچوونی ئەوەش هەیە کاری ئیخوان لەساڵی (١٩٤٧ز) لەکەرکوك دەستپێکردبێت و (حاجی سلێمان) یەکەم کەس بووە پەیوەندیی بەئیخوانە کردوە، شایانی باسە حاجی سلێمان دواتر لەشەقامی ئەتڵەس لەکەرکوك کتێبخانەیەکی بەناوی (الاخوة الاسلامیة) کردەوە[٣]، بەگوتەی سوبحی داودی لەسەرەتای پەنجاکاندا لەکەرکوك ئیخوان نزیکەی (٣٠-٣٥) ئەندامی چالاکی

---

[١]- کاظم احمد ناصر المشایخي، هەمان سەرچاوە، ل١٩٨.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، ٢٠٠٤/١٢/١٩ز.

[٣]- محمد نوري بازیاني: مستقبل الحرکة الاسلامیة في کوردستان العراق، رسالة ماجستیر غیر منشورة تقدم الی جامعة العالمیة للعلوم الاسلامیة في لندن، سنة ٢٠٠٣، ص٤٠.

هەبووە[1] ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئیخوان لەکەرکوك چالاکی زۆرتر بووە لەچاو شارەکانی دیکەی کوردستان[2].

کەناڵێکی دیکەی کاری سەواف بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوان، ئەنجامدانی ئەو گەشتانە بوو کە بۆ ناوچە جیاوازەکان ئەنجامیدەداو سەردانی کەسایەتییە ناسراوەکانی دەکرد، لەو ناوچانەی گەشتی بۆ دەکردن وتاریشی دەدا، لەو چوارچێوەیەدا سەردانی چەندین ناوچەی کوردستانی کردووە، لەهەندێك لەو گەشتانە شێخ ئەمجەد زەهاوی هاوڕێیەتی سەوافی کردووە[3].

حاجی تەها حەسەن سنجاری، یەکێك بووە لەو کوردانەی لەسەرەتای گەڕانەوەی سەواف بۆ عێراق، بۆتە ئەندامی ئیخوان و لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات، ساڵی (١٩٤٩ز) سەواف بە هاوڕێیەتی (مستەفا پێنجوێنی و غانم حمودات) گەشتێکیان بۆ ناوچەی سنجارو دەوروبەری کردووەو پێکەوە

---

[1] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، هەولێر، ٢٠٠٤/١٢/١٩ز.

[2] رای مامۆستا کرێکار: (ئەمە راستە بەڵام حاجی سلێمان تورکمان بوو، من بە خزمەتی گەیشتبووم و زۆر دەچوومە ئەو کتێبخانەیە کە پێش داخستنی لە ساڵی ١٩٧٦دا هیچی وا لە ئاسەواری (کتێبخانەیی) نەمابۆوە. زیاتر بووبوو بە شوێنی دیداری کۆنە ئیخوانەکان کە ریکخستنەکەیان پێنج ساڵبوو هەڵوەشابۆوە بەڵام هێشتا ئیخوانەکانی کرکوک و هەولێر هەروا چالاک مابوون.. لە کرکوک ئەوانەی ئیخوانبوون زیاتر تورکمانەکانبوون، یان ئەو کوردانەی گوێیان بە هەستی کوردێتی و ئینتیمای کوردایەتیی نەدەدا. چونکە کوردەکان هەر لە سەرەتای چلەکانەوە تا هاتنی بەعسییەکان یان کۆمۆنیست بوون یان پارتییەکی توندڕەو).

[3]- کاظم احمد ناصر المشایخي، هەمان سەرچاوە، ل١٩٩.

چونەتە گوندەکانی (قاپوسی، گرێ گوارا، خنێسی، کون روڤی، بلێج، ئەبوسی و حەمێ)و سەواف وتاری خوێندۆتەوە[١].

کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی کە روکاری ئیخوان بوو، ئەندام و لایەنگری لەدهۆك و زاخۆ و ئاکرێ هەبوو، سەواف لەشوبات و تەممووزی (١٩٥٣ز)و مانگەکانی شوبات و نیسان و ئەیلولی (١٩٥٤ز) چەندین سەردانی بۆ کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و دهۆك و زاخۆو سنجار ئەنجامدا[٢]، هەر لەو ماوەدا لەچەند گەشتێکی دیکەدا چۆتە رەواندزو چۆمان و بامەڕنی[٣].

بەهەمان شێوە، سەواف ساڵی (١٩٥٤ز) بەهاوڕێیەتی زەهاوی دەچێتە هەڵەبجەو لەوێ لەمزگەوتی پاشا وتاردەدات و لەگەڵ (شێخ عوسمان عەبدولعەزیز[٤]، مەلا ساڵح عەبدولکەریم <<مەلا ساڵحی گەورە>>) پەیوەندی دروستدەکات[١].

---

[١]- چەردەیەك لەیادەوەرییەکانم، رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١٦)، ساڵی یەکەم، ١٩٩٦/٦/١٥ز.

[٢]- د. عبدالفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٨١.

[٣]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، اربیل، ٢٠٠٢م، ص٤٦.

[٤]- شێخ عوسمان عەبدولعەزیز: عوسمان عەبدو لعەزیز موحەممەدو ساڵی (١٩٢٢ز) لەگوندی پریس لەناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە، لای باوکی و مەلا ساڵی گەورە خوێندویەتی و ئیجازی زانستیی وەرگرتووە، موفەسیرو زانایەکی لێهاتوو خاوەن هەڵوێست و ناسراوی کوردستان و جیهانی ئیسلامییە، چەندین بەرهەمی نوسراوی هەیە، بەناوبانگترینیان تەفسیری قورئانی پیرۆزە کە لەدوتوێی پانزە بەرگ و (٥٤٠٠) لاپەڕەدا چاپیکردووە، دەیان زانا لەسەردەستی، ئیجازەی زانستییان

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان، جگە لەوانەی باسمانکردن لەو ماوەدا چەندین کوردی دیکە بوونەتە ئەندامی ئیخوان، لەوانە: لەهەولێر (موحەممەد سادق موختار[٢]، عەبدولوەهاب حاجی حەسەن، ئەحمەد عەباس، سەید موحەممەد جەباری[٣]، حاجی خەلیل[٤]).

وەرگرتووە، چەند جارێك لەسەر هەڵوێستی بوێرانەی لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دەستبەسەر کراوە. لەساڵی (١٩٨٧ز)ەوە رابەری بزوتنەوەی ئیسلامیی بووە، لە (١٩٩٩/٥/١٢ز) لەشاری دیمەشق کۆچیدوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو کەسایەتییە، بڕوانە: (ابراهيم طاهر معروف/ الشيخ عثمان عبدالعزيز ودوره في الصحوة الاسلامية في كردستان العراق). توێژینەوەی بڵاونەکراوە.

[١] - جۆری ئەم پەیوەندییە ئۆرگانی نەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکی تایبەتی و رۆحی و فیکری بووە، خودی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز دەربارەی پەیوەندیی خۆی بەسەوافەوە دەڵێت: "ئەو وەختە لێرە بوو (عیراق - نوسەر) هەموو پەیوەندییەکی رۆحی و فیکری و شەخسیم لەگەڵی هەبوو". بڕوانە: باوكی پێشەوا، چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ زانای موجاهیدو پێشەوای کۆچکردوو مامۆستا مەلا عوسماندا، رۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی، ژمارە (٤٠)، ١٩٩٩/٥/٢٨، بەهەمان شێوە سوبحی داودی و سدیق عەبدولعەزیز جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکەنەوە کە پەیوەندیی شێخ عوسمان و سەواف ئۆرگانی نەبووە. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، ٢٠٠٤/١٢/١٩ز، چاوپێکەوتنی لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، ٢٠٠٥/١/٨ز.

[٢] - مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٢٨٦. چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، ٢٠٠٤/١٢/١٩ز،

[٣] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، ٢٠٠٤/١٢/١٩ز،

[٤] - حاجی خەلیل: خەلیل عەبدوڵلا عەزیز، ساڵی (١٩٣٢ز) لەهەولێر لەدایکبووە، ساڵی (١٩٥٨ز) لەهەولێر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەشەریعەدا وەرگرتووەو لەنێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٨٢ز) لەهەولێر مامۆستا بووە، یەکێکە لەئەندامە دێرینە چالاکەکانی ئیخوان لەهەولێر، لە

ئیخوانەکانی هەولێر هەوڵیانداوە چالاکیی جەماوەری ئەنجامبدەن، لەساڵی (١٩٤٧ز)دا دوابەدوای دەرچوونی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین، لەهەولێر خۆنیشاندانێکیان ئەنجامداو چەندین دروشمی پشتگیرییان بۆ فەلەستین بەرزکردەوە، لەو خۆنیشاندانانەدا (عەبدولوەهاب حاجی حەسەن، ئەکرەم شاکر، زێوەر خەتاب، موحەممەد سادق موختار، عەبدوڵڵا سەلیم) بەشدارییان کرد[١]، ئەم چالاکییەش بەڵگەی زوو گەیشتنی بیری ئیخوانە بەهەولێر.

لقی موسڵ چالاکترین لقی ئیخوان بوو لەعێراق، کاتێك لە (٤تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ز) رەزامەندیی حکومەتیان بۆ کردنەوەی لقی کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامی لەموسڵ وەرگرت، دەستەی کارگێڕیی هەڵبژێرراو عەبدوڵڵا موحەممەد ئەربیلی بووە سەرۆکی لقی موسڵ[٢]، ئەم لقە بەشێوەیەك چالاك بوو توانی هۆبەیەك لەسنجار بکاتەوەو زانای ئاینی تەها حەسەن سنجاری بووە بەرپرسی و

(١٩٩٩/٥/١٢ز) کۆچیدوایی کردووە. بڕوانە: مامۆستا ئەحمەد، کورتەیەك لەژیانی مامۆستا حاجی خەلیل، رۆژنامەی یەکگرتووە، ژمارە (٢٣٨)، ١٩٩٩/٥/٢١ز.

١- مەهدی موحەممەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥- ١٩٥٨ز) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥ز، ل٢١٨.

٢- د. عبدالفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

بارەگایان دانا، هاوکات ناوبراو کتێبخانەیەکی بەناوی (الاخوة الاسلامية) لەسنجار کردەوە[١].

ئیخوان چالاکیی جۆراوجۆری لەبواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و وەرزشی ئەنجامدا، چەندین گەشتی هاوینەی بۆ ناوچە کوردییەکان سازدەدا، لەهاوینی (١٩٥٤ز) دوو خێوەتگەی پەروەردەیی و وەرزشی کردەوە، خێوەتگەی یەکەم لەسوارەتووکەو ئەوی دی لەنزیك بامەڕنی، ئەندازیار (عەبدولغەنی شەنداله) سەرپەرشتی دەکرد[٢].

هەر چەندە لە (١٩٥٤ز) بەدواوە کاری ئیخوان بەفەرمی قەدەغەکراو کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی هەڵوشایەوە، بەڵام ئیخوان بەنهێنی لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو. ساڵی (١٩٥٦ز) بەهەمان شێوەی ساڵانی پێشوو، خێوەتگەیەکیان لەچۆمان کردەوەو ژمارەیەکی زۆر ئەندامی ئیخوان تێیدا بەشداربوون[٣]. بەو شێوەیە ئیخوان لەدوا ساڵەکانی سەردەمی پاشایەتیدا بەشێوەیەکی نهێنی کارو چالاکیی سنوورداری هەبوو.

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣.

ڕەوتی ئیسلامیی لەکوردستان لەسەردەمی کۆماریدا

دوای شۆڕشی (١٩٥٨ز) لەعێراق، قۆناغێکی نوێ لەکاری ئیسلامیی لەعێراق و کوردستان دەستیپێکرد، ئەم قۆناغە لەخودی خۆیدا، هەندێ جار بەرەو لوتکەو هەندێ جاریش بەرەو نشێوو هەڵدێر ملیناوە، ئەمەش دەرەنجامی بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەی عێراق و ناوچەکەیە.

لەسەروبەندی دوای شۆڕش لەسلێمانی کۆمەڵەیەکی ئایینی بەناوی کۆمەڵەی پیاوانی ئایینیی ئازاد (جمعية رجال الدين الاحرار في السليمانية) دادەمەزرێنرێ، دەربارەی ناوی دامەزرێنەران و کارو چالاکیی ئەم کۆمەڵەیە، هیچ زانیارییەکمان چنگ نەکەوت، تاکە سەرچاوەیەك کە هەبێت ئەو بەیاننامەیە کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپکراون و تێیاندا ئامانجەکانی کۆمەڵە لە (٩) بەنددا دەخاتەڕوو[١].

کۆمەڵی پیاوی ئایینی ئازاد، لەژێر دروشمی ئایەتی: (وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ)فصلت/٣٣. خۆی دەناسێنێت و ئامانجەکانی دەخاتەڕوو، لەبەندی یەکەمدا ناوی تەواوی کۆمەڵە دێنێت، لەبەندی دووەمدا نوسیویەتی: "کۆمەڵەکەمان، کۆمەڵێکی حزبی و سیاسی

---

[١] - بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٤).

نییە، بەڵکو کۆمەڵێکی دینییەو هیچی تر"، لەبەندی پێنجەمی بەیاننامەی ناوبراودا هاتووە کە: "کۆمەڵ تێئەکۆشێت لەڕێگەی پاراستنی جمهورییەتە دیموکراسییەکەمان و چنگ کەوتووەکانی شۆڕش وە هەوڵ ئەدات بۆ جێگیربوونی ئاشتیی جیهان". ئەم بەندە بەڵگەی ئەوەیە کۆمەڵی پیاوانی ئایینی ئازاد لەسەردەمی کۆماریدا دامەزرێنراوە[١].

تەواوی بەندەکانی (٣، ٤، ٦، ٧، ٨، ٩) بۆ رونکردنەوەی ئامانجەکانی کۆمەڵە تەرخانکراون و تێیاندا بەرزکردنەوەی ئاڵای ئایینی پاك و بڵندکردنی وشەی

[١]- سەرچاوەی پێشوو.
رای مامۆستا کرێکار: (وا دەزانم ئەم کۆمەڵە لەو مەلایانەبوون کە نزیکبوون لە شیوعییەکانەوە. بۆیە وەکو لە بەیاننامەکەشیانەوە دەردەکەوێت:
١_ لەگەڵ ئاوازی جوێکردنەوەی دیندان لە دەوڵەت. بۆیە دەڵێن : (کۆمەڵێکی حزبی و سیاسی نییە، بەڵکو کۆمەڵێکی دینییەو هیچی تر).
٢_وەکو رێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمۆنیستەکان جەخت دەکەنەوە لە:
أ-ئازادێتی خۆیان: (کۆمەڵەی پیاوانی ئایینی ئازاد). (کە واشنەبوون).
ب-بە ئاوازی (پاراستنی جمهورییەتە دیموکراسییەکەمان) هەڵدەپەڕن.
ج - ئاشتی جیهانی: (جێگیربوونی ئاشتیی جیهان). کە لەو سەردەمەدا وەکو ئاوازی دیموکراسی و مافی مرۆڤەکەی ئێستا خەڵکی کردبوویانە بەستەی شایی
د- دژی ئیمپریالیزمیشن!! : (پشتگیریکردن و کۆمەکی جوڵانەوەی نیشتیمانیی و تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم). دەشڵێن کۆمەڵەکەمان سیاسی نییە! لەم سەردەمەشدا مەلاکانی سەر بە پارتی و یەکێتی زۆر لەوانە بەدترن.
زۆرجار مامۆستا مەلا عوسمانی رابەرو مامۆستا مەلاعەلی خوا لێیان خۆشبێت باسیان لەم مەلایانە دەکردو دەیانفەرموو مەلا محمدی مەلا بەهاء (باوکی مامۆستا صلاح الدین محمد بهاءالدینی ئەمینداری یەکگرتوو)شیان لەگەڵدا بوو).

ڕاست و دابینکردنی مافەکانی پیاوانی ئایینی و یەکخستن و یەکڕیزیی زانایان و زۆرکردنی ژمارەی پێشەوایانی ئایینی و پشتگیریکردن و کۆمەکیی جوڵانەوەی نیشتیمانیی و تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم، لەدوتوێی ئامانجەکانی کۆمەڵەدان[١].

دامەزراندنی کۆمەڵی پیاوانی ئایینیی ئازاد، تاکە چالاکیی ئەو سەردەمەی ڕەوتی ئیسلامیی نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا ئیخوان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەهەندێ ناوچەی باشووری کوردستان چالاکی دەنوێنێت. دوای شۆڕشی تەمموزی (١٩٥٨ز) شیوعییەکان بەتەواوی لەگۆڕەپانی سیاسیی عێراق و کوردستان دەرکەوتن، لەساڵی (١٩٥٩ز) شیوعییەکان لەهەڵەبجە خۆنیشاندانێکیان سازدا[٢]، وەکو پەرچەکردارێك لەهەمان ڕۆژدا ئیسلامییەکان خۆنیشاندانێکیان سازداو شەڕو پێکدادان لەنێوان هەردوولادا بەرپابوو، چەندین بریندار لێکەوتەوە (حاجی عەبدوڕەحمان موحەممەد) یەکێك بوو لەبریندارەکان[٣].

تاوسەندنی شیوعییەت و توندڕەویی شیوعییەکان بەرامبەر ئیسلام، کارێکی وای کرد زانایان فەتوای کافربوونی شیوعییەکان و حەرامیی مامەڵەکردن و

١- سەرچاوەی پێشوو.

٢- شیوعییەکان لەخۆنیشاندانەکاندا زۆرجار دەیانووت: (مژدەبێ خوشك و برا دەرگای مزگەوت داخرا).

٣- ئەرسەلان تۆفیق محەمەد، هەوڵێك بۆ نوسینەوەی ڕیشەی ڕابوونی ئیسلامیی کوردستان، قۆناغی یەکەم، (١٩٥٢-١٩٨١ز) گۆڤاری بوار، ژمارە (١) ساڵی یەکەم، بەهاری (٢٠٠٠ز)، ل١٤.

ژنخوازی لەگەڵیاندا دەربکەن، لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی (الوطن) لەژمارە (١٥٩)ی (٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ز)دا لەژێر ناونیشانی (دور العلماء الأعلام) فەتوای زانایان (مەلا ساڵح عەبدولکەریم، شێخ جەمیل موفتی[١]، مەلا عومەر عەبدولعەزیز، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز)ی بڵاوکردۆتەوە، ناوبراوان لەدەقی فەتواکەدا دەڵێن: "پرسیارمان لێکراوە دەربارەی شیوعی و شیوعییەت، سەرەتا دەبێت دەربارەی ئیستیعمار پاشان شیوعییەت بدوێین، چونکە هەرکەس دژی شیوعییەت بدوێت بەهاوکارو نۆکەری ئیستیعمار تۆمەتبار دەکرێ، بەو شێوەیە سێ پرسیار بەرەو رومان دەبێتەوە:

پرسیاری یەکەم/ حوکمی ئەو کەسە چییە کە هاوکاریی ئیستیعمار دەکات؟ لەوەڵامدا دەڵێین: ئیستیعمار دوژمنمان و دوژمنی یەکەمی ئیسلامە، لەژێر سایەیدا تەواوی ڕێبازە هاوردەکان دروستبوون، هەرکەس هاوکاریی ئیستیعمار بکات، لەموسوڵمانان ئەژمارناکرێ، بەڵکو دوژمنیانە. خوای گەورە فەرمویەتی: (وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ).

---

[١]- شێخ جەمیل موفتی: جەمیل کوڕی شێخ مستەفا موفتی کوڕی مەحمود، ناسراوە بەقازیی کوڕی شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی، ساڵی (١٩٠٦ز) لەهەڵەبجە لەدایك بووە، خوێندنی فەقێیەتی لەهەڵەبجەو دەوروبەری تەواوکردووەو ئیجازەی زانستی وەرگرتووە، کەسایەتییەکی ناسراوو خاوەن هەڵوێست بووە، لەبەرامبەر شیوعییەکان توندبووەو ئەمەش زۆرجار کێشەی بۆ ناوەتەوە، دوای دوو ساڵ نەخۆشی لە (١٩٦٩/٩/١٤ز) کۆچیدوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دەروازەیەك لەژیان و یادگارییەکان و کەسایەتیی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی، ئا: موحەممەد ئومێد نجم الدین شێخ جەمیل، گۆڤاری پێشەنگ، ژمارە (٢٣) ساڵی چوارەم، (٢٠٠١ز)، ل٤٧-٦٣.

پرسیاری دووەم/ حوکمی ئەو کەسە چییە کە پەیوەندارێتی (ئینتیمای) بۆ شیوعییەت هەیە؟ بێگومان شیوعییەت مادییەتێکی روتەو بڕوای بەخواو بەرۆژی دوایی و غەیب نییە، گومان نییە لەکافرێتیی ئەو کەسەی پەیوەندارێتی بۆ ئەو حزبە هەیەو ئاگاداری رێبازە گڵاوەکەیانە: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلامُ) آل عمران/١٩، (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ) آل عمران/٨٥.

پرسیاری سێیەم/ حوکمی ئەو کەسە چییە کە هاوکاری شیوعی و شیوعیەتە؟ جۆری هاوکارییەکە دەگۆڕێت، بەهەرحاڵ هاوکاریکردنیان خزمەتی کوفرە، موسوڵمان نابێت هاوکاریان بکات. خوای گەورە فەرمویەتی: (لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ...) المجادلة/٢٢"[١].

دەرکردنی ئەو فتوایانە کاریگەریی لەسەر گۆڕەپانەکە هەبوو، تەنانەت حکومەت لەتۆڵەی ئەوەدا بڕیاری دورخستنەوەی شێخ عوسمان و مەلا عومەر عەبدولعەزیزی بۆ ناسریە دەرکرد[٢]، پێدەچێت ئەو بڕیارەی حکومەت بەپلان و هاندانی شیوعییەکان بووبێت.

وێستگەیەکی دیکەی چالاکیی ئیخوان، دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریی کۆمەڵێك زانای ئایینیی کورد لەکۆنگرەی حزبی ئیسلامیی عێراق لە (تەمموزی ١٩٦٠ز)دا،

---

[١]- ابراهيم طاهر معروف: هەمان سەرچاوە، ل١٦-١٧.

[٢]- ئەرسەلان تۆفیق موحەممەد، هەمان سەرچاوە، ل١٥.

ئەو زانایانەی لەهەڵەبجەوە چوبوون، بریتیبوون لە: (مەلا ساڵح عەبدولکەریم، مەلا عومەر عەبدولعەزیز، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، شێخ جەمیل موفتی[١])، لەو کۆنگرەدا شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بەناوی وەفدی لیوای سلێمانی و قەزای هەڵەبجەوە وتاری خوێندەوە، ڕۆژنامەی (الحیاد) زمانحاڵی حزبی ئیسلامیی، دەقی وتەی ناوبراوی بڵاوکردەوە[٢].

شایانی باسە لەکاتی دامەزراندنی حزبی ئیسلامیی عێراقی و بەستنی کۆنگرەی یەکەمی حزب، نوعمان عەبدوڕەزاق سامەڕائی؛ سەرۆکی حزبی ناوبراو، (سوبحی داودی) رادەسپێرێ کە بچێتە هەڵەبجەو ڕێکخستنی ئیخوانی تێدا دامەزرێنێت، لە (هاوینی ١٩٦٠ز) سوبحی داودی بەهاوڕێیەتی (عابدین رەشید) لەکەرکوکەوە گەشتێك بۆ هەڵەبجە دەکەن و یەکەم شانەی ڕێکخستنی ئیخوانی تێدا دادەمەزرێنن، ئەم شانە پێکهاتبوو لە (سدیق عەبدولعەزیز، جەلال مەلا ساڵح)، ئەم شانەیە دەبێتە بەردی بناغەی کاری ڕێکخستن لەهەڵەبجەو شارەزوور[٣].

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١ز)، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

٢- ئیبراهیم تاهیر مەعروف، هەمان سەرچاوە، ل١٨، لەژمارە (٤٢)ی گۆڤاری جەماوەر، دەقی وتارەکەی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز کە لەڕۆژنامەی (الحیاد) وەرگیراوە بۆ جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: گۆڤاری جەماوەر، ژمارە (٤٢)، (٢٢ی ئەیلولی ١٩٩٥ز)، ل٦١-٦٣.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز)، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

هەرچەندە پێشتر لەنێوان چەند زانایەکی هەڵەبجەو بانگخوازانی ئیخواندا ئاشنایەتی دروستبوو، بەڵام ئەو یەکترناسینە رێکخستنی فەرمیی لێنەکەوتەوە، بەمەش هەردوو (سدیق عەبدولعەزیز، جەلال مەلا ساڵح) بەیەکەم کادیری رێکخراوەیی ئیخوان لەدەڤەری ناوبراو ئەژمار دەکرێن.

دواتر ئەم شانەیە فراوان بوو، هەریەکە لە (عومەر رێشاوی[1]، عەبدولعەزیز پارەزانی[2]) تێیدا بوونە ئەندام، لەسەرەتادا سدیق عەبدولعەزیز بەرپرسی

---

[1]- عومەر رێشاوی: عومەر فەتاح یەعقوب، ساڵی (١٩٣٣ز) لەگوندی رێشاو لەدایکبووە، خوێندنی زانستە شەرعییەکانی تەواوکردووە، لەشەستەکاندا لەقوتابخانەکانی هەڵەبجەو دەوروبەری مامۆستا بووە، یەکێکە لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوان، کەسێکی لێبڕاوو هەڵسوڕاوی رەوتی ئیسلامییە، یەکێکە لەدامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەساڵی (١٩٩٤ز)، لە (٢٠٠١/١٠/١٨ز) کۆچیدوایی کردووە، بڕوانە: رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (٣٦٠)، (٢٠٠١/١٠/١٩).

[2]- عەبدولعەزیز پارەزانی: عەبدولعەزیز کوڕی شێخ ئەمین شێخ ئەحمەد لەبنەماڵەی شێخ ئیلیاسە، ساڵی (١٩٢٨ز) لەگوندی پارەزانی شارباژێڕ لەدایکبووە، لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی داوەتە خوێندن و لای مەلا ساڵح ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، نووسەرێکی کارامەو بەسەلیقە بوو، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: (ژیانی پێغەمبەری مەزن (صلى الله عليه وسلم)، نموونەیەك لەئیسلام، پێنج پایەکانی ئیسلام، لەدەروازەی ئیسلامەوە، پاشکۆی ژیان، خێزانی بەختیارو کۆمەڵی کامەران، کوڕێکی لاسارو باوکێکی هەژار، ئیسلام و بەرنامەی ژیان، ئیسلام کارە نەك تەمەڵی، دو خەربزە بەدەستێك هەڵناگیرێت)، ئەمە وێڕای ئەوەی چەندین وتاری لەگۆڤاری (التربية الاسلامية)دا بڵاوکردۆتەوە، شەوی (٢٢/٢٣-١٢-١٩٧٦ز) کۆچیدوایی کردووە. بڕوانە: حەسەن مەحمود حەمەکەریم، مامۆستا پارەزانی لەبیرەوەری قوتابییەکانیدا، رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (٢٢) ١٩٩٤/١٢/٢٣ز.

ڕێکخستنەکانی هەڵەبجە بوو، ئەویش پەیوەندیی هەبوو بەعابدین ڕەشیدەوە لەکەرکوك[١]، دواتر چالاکیی ئیخوان لەناوچەکەدا پەرەیگرت و عومەر ڕێشاوی بووە بەرپرسی ڕێکخستنی هەڵەبجە[٢].

لەسەرەتای شەستەکاندا چالاکیی ئیخوان لەدەڤەری شارەزورو هەڵەبجە بەرفراوان بوو، بیری ئیخوان بەشێوەیەك بڵاوبویەوە مەلاکان بەئاشکرا باسی ئەو بیرەیان دەکرد. تەنانەت لەهەندێ شوێن وێنەی حەسەن بەننا بەرزدەکرایەوە، (مەلا حسێن کوڕی مەلای گەورە) بەئاشکرا لەمزگەوت باسی بیری ئیخوانی دەکرد[٣]، هەر لەو سەروبەندەدا چالاکیی ئیخوان لەهەولێرو سلێمانی و کەرکوك لەبرەودا بوو[٤].

قۆناغی کاری ئاشکرای ئیخوان لەعێراق، زۆر درێژەی نەکێشاو حزبی ئیسلامیی قەدەغەکراو هەڵوەشێنرایەوە. روداوێکی لەو شێوە کاری کردە سەر بەرتەسکبوونەوەی چالاکیی ئیخوان لەکوردستان و بەدرێژایی ساڵانی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

[٣]- موحەممەد نوری بازیانی، هەمان سەرچاوە، ل٢٥. بەهەمان شێوە لەڕاپۆرتی دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس لەساڵی (١٩٨٦ز) جەخت لەسەر پاشخانی چالاکیی ئیخوان لەناوچەکە دەکاتەوە، بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٥).

[٤]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ جەعفەرمستەفا، هەڵەبجە، (٢٠٠٤/١٢/١٥ز).

شەستەکان تا (١٩٧١/٤/٤) بەفەرمی کاری ئیخوان لەعێراق راگیرا[١]، کاری ئەو رێکخراوە لەکوردستان بەشێوەیەکی نهێنی بەردەوام بوو، شێوازی کارکردنیش بریتیبوو لە:

١-شانەکان هەفتانە کۆبوونەوەیان دەکردو دوای لێپرسینەوە لەکاری هەفتەی رابردوو، کاری هەفتەی ئاییندە دیاریدەکرا.

٢-دروستکردنی تیپی شەوانە (کتائب الليلية) بەتایبەت لەمانگی رەمەزاندا.

٣-ئاهەنگگێڕان لە بۆنەکاندا بەتایبەتیش لەمزگەوتەکاندا. ئەو بۆنانەش وەکو یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، شەوانی قەدر، غەزای بەدر، غەزای ئوحود، ئیسراو میعراج و .... هتد. لەو ئاهەنگانەدا وتارو پەخشان و هۆنراوە پێشکەشدەکران.

٤-شەونوێژی بەکۆمەڵ.

٥-گرنگیدان بەتوێژی خوێندکارو مامۆستاو رۆشنبیران و گەیاندنی بانگەواز پێیان.

٦-هەفتانە چەند ئایەت و فەرمودە لەبەردەکراو لەلایەن ئەندامانەوە راڤەو رونکردنەوەیان بۆ دەکرا.

---

[١] - طه جابر العلواني، هەمان سەرچاوە، ل١٥.

٧-سەردانی مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە ناسراوەکان، بەمەبەستی گەیاندنی بانگەوازی برایان پێیان.

٨-سوودوەرگرتن لە خوێندنەوەی هەندێ بڵاوکراوەو کتێب و گۆڤارەکانی وەکو (المجتمع، التربية الاسلامية، المسلمون، الدعوة، لواء الاسلام،...). لەگەڵ بڵاو کراوە تایبەتییە نهێنییەکانی ئیخوان[١].

٩-وانەی گشتیی مزگەوت.

لەپاڵ ئەمانەشدا بەرهەمی نوسەرانی وەکو: حەسەن بەننا، سەید قوتب، مستەفا سیباعی، ئەبو حەسەنی نەدوی، ئەبو ئەعلای مەودودی، سەرچاوەی سەرەکیی ئەدەبیاتی ئیخوان بوون، ئەندامان دەیانخوێندنەوەو لەوتنەوەی وانەکاندا سوودیان لێوەردەگرتن[٢].

دیدو هەڵوێستی ئیخوان لەئاست روداوو گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەدا گەلێك جاران گۆڕانی بەخۆوە دیوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی نەیتوانیوە لەئاست هەندێ مەسەلەی چارەنوسسازدا هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی هەبێت. بەتایبەتیش مەسەلەی کورد کە ئیخوان هەڵوێستی لەبەرامبەریدا سلبی بوو[٣]... بەڵام کەسایەتی و زاناکانی ناو رەوتی ئیسلامیی باشوری کوردستان لەزۆر مەسەلەی چارەنوسسازدا هەڵوێستیان دەربڕیوەو پەتی بێدەنگییان پساندووە،

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ جەعفەرمستەفا، هەڵەبجە، (٢٠٠٤/١٢/١٥ز).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- لەباسی چوارەمدا، بەدرێژیی باس لەهەڵوێست و تێڕوانینی ئیخوان لەو مەسەلانە دەکەین.

لەمەشدا شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بەڕوونی جێدەستی دیارە، کاتێك حزبی ئیسلامیی هەڵوەشێنرایەوەو بارەگاکانی داخران، شێخ عوسمان بەسەرۆکایەتیی وەفدێك چووە سەردانی عەبدولکەریم قاسم، شێخ عوسمان نەیتوانی عەبدولکەریم قاسم ببینێت، بۆیە لەجیاتیی دیدار بیرخەرەوەیەکی توندی لە (٢٥ی شوباتی ١٩٦١ز) ئاڕاستەی ناوبراو کرد[١].

دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١ز) لەباشووری کوردستان و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی حکومەتی عێراق و کورد، حکومەتی عێراق و خودی عەبدولکەریم قاسم، هەوڵی زۆریاندا بۆ ناشیرینکردنی کوردو جوڵانەوەکەی. کاتێك عەبدولکەریم قاسم لەوتارێکدا باس لەوە دەکات کورد لەعێراق میوانن و دەبێت بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، شێخ عوسمان بەناوی زانایانی کوردستان و هەڵەبجەوە، بیرخەرەوەیەك ئاڕاستەی قاسم دەکات و گوتەکانی ناوبراو رەتدەکاتەوەو داوادەکات لەچوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا دەستووری قورئان چارەسەری کێشەی کورد بکات[٢].

دوای هاتنەسەرکاری بەعسییەکان لە (١٩٦٨ز) شێخ عوسمان عەبدولعەزیز سەردانی مەلا مستەفا بارزانی کردو پێشنیازی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی

---

[١]- الدکتور عوسمان علي، مقابلة ولقاء هام بین مجلة (ئاڵای ئیسلام) والدکتور طه جابر العلواني، ص١٥.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٦).

ئایینی بۆ بارزانی کرد، بارزانی بەحوکمی پێگەی ئایینی بەو پێشنیازە خۆشحاڵ بوو، هاوکاریی زانایانی کرد بۆ دامەزراندنی ئەو یەکێتییە[1]، هۆکاری دامەزراندنی ئەو یەکێتییە بریتیبوو لە:

١-بەشداریکردن و بەدەمەوەچوونی شۆڕشی کوردو هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر ئایین و نەتەوە.

٢-شیوعییەکان هێندە توندڕەوبوون تەنگیان بەزانایان هەڵچنیبوو، بێڕێزییان بەپیرۆزییەکانی ئیسلام دەکرد، بەرەی حکومەتی بەعسیان گرتبوو[2].

ئەم هەڵوێستانە زیاتر هەوڵ و تێکۆشانی تاکەکەسی، یاخود چەند زاناو کەسایەتییەکە، هەرچەندە زۆربەی ئەو زانایانە هەڵگری بیری ئیخوان بوون، بەڵام هەڵوێستەکان ناچنە خانەی هەڵوێستی فەرمیی ئیخوان، دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە خودی هەڵوێستەکان بوێرانەن و بەشێکن لەمێژوی ڕەوتی ئیسلامیی باشوری کوردستان، چونکە خاوەن هەڵوێستەکە کەسێکی هەڵسوڕاوو دیاری ناو ئەو ڕەوتەیەو ناکرێ هەڵوێستەکانی لەمێژووی ئەو ڕەوتە دابڕین.

---

[1] - **چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ م. عەلی عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/١٠ز).**

[2] - **ابراهیم طاهر معروف: هەمان سەرچاوە، ل٢٠-٢١. ئەرسەلان تۆفیق محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل١٩.**

هەر چەندە ئیخوان چالاکترین باڵی رەوتی ئیسلامیی بوو لەدەیەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی سەدەی بیستدا، بەدرێژایی ئەو مێژووە لە باشووری کوردستان کاریکرد، بەڵام سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەستنەهێناو رێکخستنێکی بەرتەسکی هەبوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١-شێوازی کارکردنی ئیخوان کە نەیانتوانیوە رێکخستنەکانیان بۆ ناو سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە شۆڕبکەنەوە، کارەکەیان زیاتر لەتوێژی زانای ئاینی و خوێندەواری زانکۆ گیردابوو[1]، توێژی یەکەم پێکهاتبوو لەکۆمەڵێك بنەماڵەی ناودارو خاوەن توێژی دووەمیش پێکهاتبوو لەکۆمەڵێك لاوی تازە پێگەیشتوی خوێندەواری ناو زانکۆو پەیمانگەکان[2].

ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کارکردنی خودی سەواف، ئەو لەهەنگاوی یەکەمی کارکردنیدا گرنگیی زۆری بەو دوو توێژە دەدا، لەو کاتەشدا ئەو دوو توێژە کەمینەی کۆمەڵگە بوون، ئەمەش وای کرد کاری ئیخوان سنوورداربێت.

---

[1]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٢٨٦.

[2]- ئەرسەلان تۆفیق محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل١٣.

٢-پشتگیری نەکردنی دۆزی کوردو گرنگی پێنەدانی[١]، جێگەی سەرنجە هەرچەندە ئیخوان بەرامبەر کێشەی کورد بێهەڵوێست بوو، بەڵام ڕەوتی ئیسلامیی کوردستان، لەئاست ڕوداوو گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئیسلامیی زۆرجار بەدەنگ هاتووەو هەڵوێستی دەربڕیوە، کاتێك حکومەتی میسر بڕیاری لەسێدارەدانی سەید قوتب و هاوڕێکانی دەرکرد، مەلا ساڵح عەبدولکەریم و شێخ عوسمان عەبدولعەزیز نامەیەك بۆ جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر دەنێرن و داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لە سێدارەدانی سەید قوتب دەکەن. هەروەها کاتێك ئیخوانەکانی عێراق بڕیاری لەسێدارەدانی سەید قوتب دەبیستن، لەکەرکوکەوە وەفدێك کە پێکهاتبوو لە (شێخ نازم ئەلعوبێدی، نیزامەدین عەبدولحەمید، سلێمان موحەممەد ئەمین ئەلقابلی، یوسف سدقی) دەنێرنە لای مەلا مستەفا بارزانی تا پشتیوانیی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی سەید قوتب دەربڕێت، مەلا مستەفا بارزانی کاغەزێکی سپییان بۆ واژۆدەکات و پێیان دەڵێت: "بڕۆن بەناوی منەوە چی بەباش دەزانن بینووسن[٢]!".

---

[١]- لەباسی چوارەمدا بەدرێژیی باسی هەڵوێستی ئیخوان لەمەڕکێشەی کورد دەکەین.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

ڕای مامۆستا کرێکار: (وا دەزانم خاڵێکی تری جەوهەری هەیە بۆ ئەمەی توێژەر باسی کرد، کە ئیخوان لە باشووری کوردستان (سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەستنەهێناو ڕێکخستنێکی بەرتەسکی هەبوو)ئەویش: نەبوونی پەیڕەوو پڕۆگرامە. نەبوونی دیدو ڕێیەکی ڕۆشنە. نەبوونی پرۆژەی ئیسلامییە:

سەرنجێکی گشتیی سێ دەیەی کاری ئیخوان لەعێراق و کوردستان

کاری ئیخوان لەعێراق لەدەیەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی سەدەی بیست، گەلێك قۆناغی جۆراوجۆری بەخۆوە دیوە. لەو سێ دەیەدا ئیخوان بەگەلێك شێواز کاریکردووە، بەنهێنی و ئاشکراو لەچوارچێوەی کۆمەڵەو پارتی سیاسیدا، کاری جەماوەری و ڕێکخراوەیی، ڕووبەڕووبوونەوەو هاوپەیمانێتی، تێکڕای ئەو شێوازانە لای ئەو ڕەوتە پەیڕەوی لێکراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەچەندین کەناڵی جۆراوجۆرەوە بیری ئیخوان ئاراستەو پەخشدەکرا.

بێگومان، شەنوکەوکردنی کارو هەڵوێست و دیدو تێڕوانینی ئیخوان، لەماوەی سێ دەیەدا کارێکی سانا نییە، بەتایبەتیش کە ژێدەری پێویست بەردەست نەبێت

---

١. بۆ پەروەردەو ئاڕاستەکردنی سیاسیانەی تاکوکۆی کۆمەڵکاریەکە، کە دەبێت لە ڕوانگەی عەقیدەو ئەحکامەکانی فیقهی دەستوورییەوە بێت کە پێشەوایان و شەرعناسانی کۆن پێیان دەفەرموو: الأحكام السلطانية و لەم سەردەمەدا پییدەڵێن: الفقه الدستوري..

٢. بزاوتی کۆمەڵکارانە بە (ئیمان) و (هیجرەت) و (جیهاد) و (ئیواء) و نوصرەت) کە لە بزاوتێکی ململانێدا بۆ لادان و ڕادانی خەسمەکانی ئیسلام دەبێت بگیرێنە بەر.

نەبوونی ئەم دیدوڕێیە یان ئەم مەنهەج و پرۆژەیە لە هەردوو باڵی زانایان و کۆمەڵکارییەکانی ئەو سەردەمەدا هەست پێدەکرێت. ئەمە جگە لەوەی هەردوولایان سەر بە براگەورەی بەغداو موسڵ بوون و کوردستانیانە نەبوون. والله اعلم.

تا تویژەر پشتی پێببەستێت. بەڵام گرنگی و هەستیاریی بابەتەکە، ئەوە دەخوازێت دەستبەرداری نەبین و بەدواداچونی زیاتری لەبارەوە بکەین.

دیارە هەر دیاردەیەکی مێژوویی بەدەرنییە لەخاڵی بەهێزو لاواز، دەستنیشانکردن و قسەکردن لەسەر ئەو دوولایەنە جەوهەری توێژینەوەی مێژوویی پێکدێنێت، هەر لەو روانگەوە سێ دەیەی کاری ئیخوان لەعێراق و باشووری کوردستان، وەکو دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئایینی گەلێك لایەنی بەهێزو لاوازی تێدایەو دەگونجێت وەکو ئەزمونێکی مێژوویی ناوزەدیان بکەین.

ئێمە لێرەدا گوزەرێکی خێرا دەکەین بەسێ دەیەی کاری ئیخوان، لەچەند وێستگە دەوەستین و خاڵە لاوازەکانی ئەو رەوتە دەستنیشان دەکەین، مەگەر بەدەگمەن، ئەگەر نا خۆ لەقەرەی خاڵە پۆزەتیڤەکان نادەین، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو رەوتە هیچ خاڵی بەهێزی نەبووە، بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەیە، ئەمەش وامان لێدەکات کەمتر بەلای دیاریکردنی خاڵە بەهێزەکاندا بچین[1].

---

[1] رای مامۆستا کرێکار: لە راستییدا ئەمە لاسەنگییە. هەق وایە موسوڵمان لە سیفەتی ئاوێنەیی دینەکەی خۆیەوە بڕوانێتە خاڵە ئیجابییەکان کە بێگومان زۆرترن، پاشان خاڵە لاوازەکانیش باس بکات. یان ئەمیان پێش ئەویان بخات .. ئەمەش دیدو رێسای زانایانی زانستی جەرح و تەعدیلی پیاوناسیی فەرموودەوانییە کە حەق و دادپەروەرانەیە.

کاری ئیخوان لەعێراق، لەچاو وڵاتانی دیکەدا تارادەیەك درەنگتر دەرکەوت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی تایفی و نەتەوایەتیی عێراق کە لەکوردو عەرەب و سوننەو شیعە پێکدێت[١]، ئەمە وێڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا، هەڵگرانی بیری چەپ، زۆرینەی چینی رۆشنبیرانی عێراقی دەگرتەوەو لەپاڵ ئەوەشدا هەڵگرانی بیری نەتەوایەتیی و عەرەبچێتی لەبرەودابوون[٢].

لەلایەکی دیکەوە سەرکردایەتیی ئیخوان موسلیمین لەمیسر بەخودی حەسەن بەنناشەوە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی، عێراق دوا وڵاتە بانگەوازی ئیخوانی تێدا بڵاودەبێتەوە[٣]، ئەم حاڵەتە کاریگەریی لەسەر رێگوزەری کاری ئیخوان لەعێراق جێهێشت.

کاری ئیخوان لەعێراق لەسەر دەستی سەواف پەرەیسەند و شێوازی فەرمی و رێکخراوەیی وەرگرت، سەواف کەسێکی تاکڕەو بوو، دەیویست هەموو کارەکان لەژێردەستی خۆیدابێت، خوازیاربوو جوڵانەوەی ئیخوان لەعێراق بەو ئاڕاستەدا بڕوات، کە خودی خۆی بڕوای پێیەتی، بواری ئەوەی نەدەدا کەسانی دیکە

---

[١]- طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٢.

[٢]- الدكتور عوسمان علي، مقابلة ولقاء هام بين مجلة (ئالای ئیسلام) والدكتور طه جابر العلواني، ص١٢.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

نەشونمابکەن و ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن، تاکڕەویی سەواف کارێکی وای کرد هەرزوو ناکۆکی بکەوێتە ریزەکانی ئیخوان و ژمارەیەك ئەندامی چالاك ریزەکانی ئەو رێکخراوە جێبهێڵن[١]، لەو ڕووەوە (موحەممەد ئالوسی) یەکەم کەس بووە ساڵی (١٩٥٠ز) رێزەکانی ئیخوانی جێهێشت.

ناکۆکیی سەواف و ژمارەیەك ئەندامی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی، گەیشتە رادەیەك سەواف ناچاربوو واز لەکۆمەڵە بێنێت و بیر لەدروستکردنی کۆمەڵەیەکی دیکە بکاتەوە[٢]، ئەم ناکۆکییە لەناو ریزەکانی کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی درێژەی هەبوو، بێزاریی ژمارەیەك ئەندام گەیشتە رادەیەك بەرپرسی لقەکانی کەرخ و ئەعزەمییەی کۆمەڵە، نامەیان نارد بۆ میسرو گازندەیان لەکارەکانی سەواف کردبوو، بەبازرگانیکردن بەبانگەوازەوە تۆمەتباریان کرد، لەبەرامبەر ئەوەدا، سەواف بەرپرسی لقەکانی لابردو کەسی دیکەی خستە شوێنیان[٣].

بەگوتەی (هیشام تالب) کە ئەو سەردەمە ئەندامی ئیخوان بووە، سەواف لەئاست گرفتەکاندا کەسێکی گوفتاری بوو نەك کرداری، هەمیشە ئەوەی دوپاتدەکردەوە کە پێویستە پارێزگاری یەکڕیزیی بکرێ، بەمەش هیچ گرفتێك

---

[١]- د. طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٢.

[٢]- كاظم احمد ناصر المشايخي: هەمان سەرچاوە، ل١٩٧.

[٣]- د. عبد الفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤.

چارەسەرنەدەکراو گوتەکانی زیاتر ئاواتخواستن بووە نەك چارەسەر[١]، لەلایەکی دیکەوە، جۆری پەیوەندییەکانی سەواف مایەی ڕەزامەندیی سەرکردەکانی ئیخوان نەبوو، بەتایبەتی گەنجەکان خوازیاری هەڵوێستی توندبوون بەرامبەر کاربەدەستانی حکومەت[٢]، حاڵەتێکی لەو شێوە ساڵی (١٩٥٩ز) سەرکردەکانی ئیخوانی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی، کە باشتروایە سەواف دەستبەرداری سەرکردایەتیکردنی کاری ئیخوان بێت و دەرفەت بۆ کەسانی دی بڕەخسێنێت، تا ئەو کارە بگرنەدەست، سەرەنجامی ئەو ناڕەزاییانە، ئەوەبوو ئەنجومەنی شوورای ئیخوان لەعێراق ساڵی (١٩٥٩ز) نامەیەکیان ئاڕاستەی سەواف کردو لەسەرکردایەتیی ئیخوان لایانبرد[٣]، ناوبراو هەر لەو ساڵەدا ڕۆیشتە دەرەوەی عێراق.

زۆر جار مەسەلەی کەسی یەکەم لای ئیخوان کێشەی لێکەوتۆتەوە، بەڕۆیشتنی سەواف بۆ دەرەوەی عێراق، ناکۆکی لەنێوان سەرانی ئیخوان لەسەر ڕێبەرایەتیکردنی ئەو کارە دروستبوو، دانانی (عەبدولکەریم زەیدان) لەبەر زۆریی تەمەن، هەرچەندە ڕەزامەندیی هەندێ سەرکردەی ئیخوانی

---

[١]- طارق الاعظمي: نشوء حركة الاحياء الاسلامي المعاصر في العراق، مجلة (ئالای ئيسلام)، العدد ١، السنة ١٣، (آذار ١٩٩٩م)، ص٣٨.

[٢]- د. عبد الفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤.

[٣]- طارق الاعظمي: هەمان سەرچاوە، ل٣٨.

لەسەرنەبوو، تاڕادەیەك ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە کە بەڕۆیشتنی سەواف دروستبوو، هاوکات دانانی ناوبراو جۆرێك بوو لەیەکلاکردنەوەی ململانێ نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ئیخوان[1]. زەیدان، بەهەمان شێوازی سەواف دەیویست کاری ئیخوان بەو ئاراستەدا گوزەر بکات، کە خۆی بڕوای پێیەتی[2].

---

[1] - د. طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٤.

[2] رای مامۆستا کرێکار: (ئێستا رەنگە خوێنەر ئاسان درک بە ململانێیەکی شاراوەی ناو سەرکردایەتی ئیخوانی ئەو کاتە بکات کە ئاسەواری تا ئێستاش ماوە، ئەویش ئەوەیە کە تێبینی دەکەیت: هەرچی ئەو لقانەی کۆمەڵەی الهدایەی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی و ئەو کەسایەتییانەی شێخ صەوواف رحمەالله خستوونییەتە کۆمەڵکاری ئیخوانانەوە و هەموو ئەو چالاکیانەی ئەو زەمانە هەبوون، پەردەیان بەسەردا دراوەو تەنانەت کەسێکی وەکو ئێمەمانایش مامۆستا حسەینی پیسکەندیی رحمەالله ناناسین! کە بەرپرسی لقی سلێمانی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی بووە، چجای کەسایەتییە ئیسلامییەکانی تری ناوچەکان کە خۆم "بەزۆر" بە خزمەتیان گەیشتووم! وەکو مامۆستا حاجی خەلیلی هەولێرو مامۆستا عابدین رەشیدی کەرکوک.. هۆی ئەمە: ئەوەیە کە ئەوانەی ئیخوان کە دواتر حزبی ئیسلامییان بە سەرۆکایەتی نوعمان سامەرائی (بە خزمەت ئەمیش گەیشتووم) دروستکرد، کاری پێش خۆیان _وەکو محمد ئەحمەد راشدو شێخ عبدالله یوسف الحەسەن رحمە الله (بە خزمەتیان گەیشتووم) دەیانفەرموو_ دەروێشایەتیی (واتە ساویلکەیی دیدو هەڵوێست) بوو! ئائەم جۆرە سپڵەیی و بێوەفاییە زۆر نادادپەروەرانەیە کە لە دەمارگیرێتی ئیخوانەکانەوە دێت، کە چالاکی کەسانی پێش خۆیان بە دەروێشایەتی دەزانن! لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵکاریانەی پێش ئەمان بەردی بناغەی هۆشیاریی و کۆمەڵکارییە ئیخوانییەکەبووە.. هەر لەم روانگەشەوە دەبینی ئیخوانەکان هەمیشە باسی مامۆستایان: مامۆستا عومەرو مامۆستا عوسمان و مامۆستا عەلی و مامۆستا صددیق کوڕانی مامۆستا عبدالعەزیزیی هەڵەبجەیان بە چاکە دەکرد، کەچی کە ئەوان بزوتنەوەیان بۆ پرسی "براگەورەی بەغدا" دروست کرد، ناویان لە مێژوویاندا سڕییەوە!! نوسەریش _هەرچەندە لێرەدا ووردەکارانە بەدوای شتەکاندا چۆتەوە_ بەڵام زانیاریی زیاتری لەو کاتەوەی کە ئیخوان لە ١٩٦١دا دروست بووە، دەست نەکەوتووە! دەبوو نوسەری بەڕێز بینوسیایە کە شێخ صەوواف رحمەالله ئاوا بە کەیف و ئارەزووی خۆی عێراق جێنەهێشت. بەڵکو لە یەکی ئایاری ١٩٥٩ دا کۆمۆنیستەکان لێشاوی

ئەمەش هەمان هەڵەی سەواف بوو زەیدان دوبارەیکردەوە. هەڵبەتە زەیدان حەزی بەکاری ئاشکراو ڕوبەڕوبونەوە نەدەکردو زیاتر خوازیاری کاری نهێنی و هاوکاری و پێکەوە ژیان بوو[١].

لەکاتێدا ئیخوان لەعێراق درەنگ کەوتە چالاکی نواندن و کاری ڕێکخراوەیی، بەڵام سەرکردەکانی ئیخوان لەعێراق بەتایبەتی خودی سەواف دەیانویست بەخێرایی بگەن بەو ئامانجانەی ئیخوانی میسر بەدەستیانهێناوە، هەر بۆیە بەزویی بەرلەوەی بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوان دروستبکەن، تێکەڵ بەڕوداوە سیاسییەکان بوون، لەناڕەزایی و خۆنیشاندانەکانی ساڵی (١٩٤٨ز)

ڕێپێوانەکانی خۆیانیان رووکردە بارەگای گشتی ئیخوا کە شێخ شەووافی لێبوو، گەمارۆیانداو شێخ لە سەربانەوە دەرچوو، کۆمۆنیستەکان دەرگایان شکاندو چوونە ژوورەوەو کردیانە شەڕ لەگەڵ ئەوانەی لەوێدابوون. کە زانیان شێخ دەرباز بووە کەلوپەلی بارەگاکەیان هەموو شکاندو چوونەوە دەرەوە.. دوای ئەوە شێخ چووە سعوودییە و پاش ئەوەی مەلیک فەیسەڵ هاتە سەر حوکم شێخی کردە راوێژکاری خۆی.. سەرکردە بەغدادییەکانی ئیخوان سووربوون لەسەر ئەوەی دکتۆر عبدالکەریم زێدان بکەنە ڕێبەری ئیخوانی عێراق و زۆرێکی تری ناوچەکانی تر ناڕازیی بوون، دواتر هەندێک لە دژایەتیی شێخ زێدانیشدا وازیان لە ئیخوان هێنا. سەیر ئەوەیە کە دوای ئەوەی مامۆستا محمد ئەحمەد راشیدیش پێگەیشت و ڕێکخراوی ئیخوانی نێودەوڵەتی لە ١٩٨٣دا دامەزرا، ئیخوانەکانی عێراق داوای لادانی دکتۆر زێدانیان لە ئیخوانی نێودەوڵەتی کرد! بەڵآم ئەوان رازینەبوون و ووتیان تا عبدلاکەریم زێدان لە ژیاندا مابێت، قبووڵمان نییە کەسی تر بێتە شوێنی، ئیتر راشیدیان کرد بە بەرپرسی نوسینگەی پەروەردە لە ڕێکخستنە نێودەڵەتییەکەی ئیخوان.

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

ئیخوان بەشدارییەکی بەرفراوانی کردو بەمەش خۆی بەجەماوەر ناساند[١]، بەو پێیەی ئیخوانی میسر ساڵی (١٩٤٨ز) دژی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوکاریی بەریتانیا خۆنیشاندانیان سازدا، سەواف هەمان چالاکیی ئیخوانی لەعێراق دووبارەکردەوە، دیارە سەواف رەچاوی ئەوەی نەکردبوو، کە ئیخوانی میسر، دوای بیست ساڵ کارکردن گەیشتونەتە ئەو قۆناغەی خەبات، لەکاتێکدا کاری رێکخراوەیی فەرمیی ئیخوان لەعێراق تەمەنی لەدوو ساڵ تێنەدەپەڕی، ئەنجامی ئەو کارەی ئیخوانی عێراق بەوە گەیشت، دوای ئەوەی حکومەت جارێکی تر بەهێزبۆوەو دەسەڵاتی چەسپا، سەواف و ژمارەیەکی زۆر ئەندامی ئیخوانی لەموسڵ دەستگیرکرد[٢]، بەمەش چالاکیی ئیخوان بەرتەسکبۆوە،

پەلەکردنی ئیخوانەکانی عێراق، لەتێکەڵبوون بەکاری سیاسی، بەبێ بوونی ئەزمونێکی پێشینە، ئەو رەوتەی بەرەو ئیزدواجییەت و هەڵدێر برد، هەر بۆیە بەردەوام ئیخوانەکانی عێراق لەململانێکاندا سیاسییەکی دۆڕاوو پاشکۆی رووداوەکان بوون.

سەرانی ئیخوان تێگەیشتنێکی واقیعییان لەڕەوشی عێراق نەبوو، هۆشیاریی سیاسییان لاواز بوو، هەڵوێستەکانیان زۆرتر پەرچەکرداربوون، لەسەر بنەمای

---

[١]- د. عبد الفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٧٤.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

هەست و سۆزو هەڵچوون و کەفوکوڵی کاتی دەردەبڕان، نەك لەسەر بنەمایەکی واقیعی و بابەتی. لەخۆنیشاندانەکانی ساڵی (١٩٥٢ز)دا لەعێراق سەرکردایەتیی ئیخوان بێدەنگی هەڵبژارد، بەڵام ئەندامە گەنجەکانی ئیخوان بەشداری خۆنیشاندانەکانیان کرد، بەهەمان شێوە، سەرکردایەتیی ئیخوان بەشۆڕشی (١٩٥٨ز) خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام گەنجەکانی ئیخوان بەشداریی خۆنیشاندانەکانی پشتگیریی شۆڕشیان دەکرد[١].

دوای شۆڕشی (١٩٥٢ز)ی میسرو گرژبوونی پەیوەندیی جەمال عەبدولناسرو ئیخوانەکانی میسر، ژمارەیەك لەئیخوانەکانی میسر بەرەو عێراق هەڵاتن، (نوری سەعید) سەرەك وەزیرانی عێراق، دۆستی نزیکی ئینگلیزو دژی شۆڕشی میسربوو، سودی لەپەنادانی ئیخوانە میسرییەکان بینی و هانیدان لەبڵاوکراوەکانیاندا هێرشبکەنە سەر شۆڕشی میسر. هاوکات ئیخوانەکانی عێراق، لەستەم و کەموکورتیی حکومەتی پاشایەتی عێراق بێدەنگ بوون، بەڵام هەڵبژاردنی بێدەنگی جۆرێك لەڕازیبوون بەو واقیعەی تێدا دەخوێنرایەوە. ئەمەش دەنگی ناڕەزایی جەماوەری دژ بەئیخوان زیادکردو سەرەنجام ژمارەیەك ئەندامی ئەو ڕێکخراوە دەستییان لەکارکێشایەوە، کاتێکیش ئیخوان بەشداری ئەو خۆنیشاندانەیان نەکرد، کەدژی هێرشی سێقۆڵی سەر میسر ڕێکخرا، هێندەی تر ئیخوان لای جەماوەر دزێوبوو، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

کزبوونی چالاکیی ئیخوان، لەبەرامبەردا چالاکیی بەعسی و نەتەوەیی و شیوعییەکان پەرەیسەند[١].

بوونی ئیزدواجییەت لەهەڵوێستەکاندا، ئیخوانی بەرەو هەڵدێر برد، ناکۆکیی ناوخۆو جێهێشتنی ریزەکانی لێدەکەوتەوە، ساڵی (١٩٥٧ز) ژمارەیەك هێزی نەیاری حکومەت بەرەی یەکێتیی نیشتیمانییان دروستکرد، ئیخوان بەبەهانەی بوونی شیوعییەکان لەبەرەدا بەشداریکردنی رەتکردەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئیخوان نەیدەویست بەرەنگاری دەسەڵات بێتەوە، هەر بۆیە کاتێك سەرجەم پارت و کۆمەڵەو هێزە نیشتیمانییەکان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی (٥ی مایسی ١٩٥٧ز)یان کرد، سەواف لەناوچەی دووی موسڵ خۆی پاڵاوت، سەواف دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، وتی: "بەتەزویرکردن نەیانهێشت دەرچم[٢]".

سەیر لەوەدابوو، کاتێك سەواف خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان پاڵاوتبوو، رۆژانە لەڕادیۆی حکومییەوە بەرنامەی (لەسەر خوانی قورئان[٣])ی پێشکەشدەکرد، هەرچەندە وانەکانی سەواف سیاسی نەبوون، بەڵام خەڵکی جۆرێك لەهاوکاریی حکومەتیان تیا دەخوێندەوە، ئەمەش سیاسەتی حکومەت بوو، توانیبووی

---

[١]- د. طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٤.

[٢]- د. عبد الفتاح علي البوتاني: هەمان سەرچاوە، ل٢٨٥.

[٣]- شیوعییەکان ئیخوانیان بەپیاوی ئینگلیزو ئەمریکا تۆمەتبار دەکردو بەرنامەی (لەسەر خوانی قورئان)یان ناونابوو: لەسەر خوانی ئەمریکا. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

کەڵك لەسەواف وەرگرێت بۆ دژایەتیی نەتەوەیی و شیوعییەکان، لەبەرامبەریشدا نەتەوەیی و شیوعییەکان چالاکیی خۆیان دژی ئیخوان چڕکردەوەو سەرنجام بەزیان و کەنارگیربوونی ئیخوان تەواوبوو[١].

بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی، ئیخوان لەعێراق خۆی لەڕووبەڕووبونەوەی حکومەت پاراست، بەڵام دوای شۆڕشی (١٩٥٨ز)و دەرکەوتنی حزبی شیوعی وەکو هێزێکی چالاك لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، ئیخوان وەکو پەرچەکردارێك بەڕووی شیوعییەتدا دەرکەوتن، ئەمەش جۆرێك لەدوو هەڵوێستی و ئیزدواجییەتی بۆ دروستکردن، بەردەوام جەماوەر لێی دەپرسین: بۆچی لەسەردەمی نوری سەعید بێدەنگ بوون، وەکو نەیاری حکومەت دەرنەکەوتن و جوڵەیان نەبوو؟. بۆچی تا دەسەڵات رۆژئاواگەرا بوو، ئیخوان دژایەتی نەکرد؟، ئێستا کە دەسەڵات دژی رۆژئاوایە، ئیخوان دژایەتی حکومەت دەکات؟، شیوعییەکان ئەو پرسیارانەیان دەوروژاندو برەویان پێدەدا، ئەمەش ئیخوانی ئیحراجکردبوو[٢].

سەرکردەکانی ئیخوان سیاسییەکی کرچوکاڵ بوون، نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی بابەتی و واقیعییان بۆ رووداوو پێشهاتەکان هەبێت و

---

[١]- د. طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٣.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣. مامۆستا کرێکار: (بۆیە لەو زەمانەوە دەیانووت: ئیخوان بەکرێگیراوی ئەمریکان.. واشنەبوون..).

پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی عێراق دامەزرێنن[١]، هەرچۆن سەواف لەگیانەڵای حکومەتی پاشایەتی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان پاڵاوت، کاتێك دەنگی نارەزایی دژی حکومەتی قاسم پەرەیسەند، هەموو ئەگەرەکان ئەوەیان تێدا دەخوێنرایەوە حکومەتی قاسم دەڕوخێت، کەچی ئیخوان بەهۆی (حاجی ئەمین حسەینی) دەیانویست جارێکی دیکە پەیوەندی لەگەڵ قاسم دامەزرێنن و لێی نزیکببنەوە[٢].

هەرچەندە دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامیی عێراق، قاسم هەوڵیدا قەناعەت بەسەرکردەکانی حزبی ناوبراو بکات، ناوی حزبەکەیان بگۆڕن بۆ کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی، لەو رووەوە بەڵێنی هاوکاری و کۆمەکی پێدان، سەرکردەکانی ئیخوان گۆڕینی ناوی حزبیان رەتکردەوەو سودیان لەو دەرفەتە وەرنەگرت[٣]، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی مەرگی قاسم بەنیازن سەرکێشییەکی گەورە بکەن و گرەو لەسەر یارییەکی دۆڕاو بکەن.

هەر لەو کاتەوە زەیدان بووە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان لەعێراق، نەیاریی کاری ئاشکرای دەکرد، بەڵام لەژێر فشاری هەندێ سەرکردەی ئیخواندا، ملی بۆ دامەزراندنی حزبی سیاسیی ئاشکرا دا، بەهاوکاریی چەند کەسایەتییەکی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

[٢]- الدكتور عثمان علي، الحلقة الثانية، من لقاء المجلة الهام بالاستاذ الدكتور طه جابر العلواني (ئاڵای ئیسلام)، العدد ٢، السنة الثامنة، (ايلول ١٩٩٤م)، ل١١.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

بێلایەن حزبی ئیسلامیی عێراقییان دامەزراند، هەرچەندە حزبی ناوبراو روکاری ئیخوان بوو، بەڵام ئیخوان لەپشتەوە رێکخستنی هەبوو، کە دەکرێت ئەوە بەرێکخستنی راستەقینەی ئیخوان دابنێین، نەك حزبی ئیسلامیی، ئەوەی زیاتر ئەم راستییە دەسەلمێنێت، رێگەنەدانی ئیخوانە بەسەرجەم ئەندامەکانی تا لە ریزی حزبی ناوبراودا کاربکەن، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە گرفتی بۆ حزبەکە دروستکرد[1].

حکومەتی عێراق رێگەی نەدا حزبی ئیسلامیی کۆبوونەوەی گشتی ئەنجامدا، حزب توشی گرفتی دارایی هاتبوو، کارەکانی لەبەر نەدەرۆیشت، بەپلەی یەکەم پشتی بەستبوو بەئابوونەی ئەندامان، ئەمەش حزبی ئیسلامیی خستبووە قەیرانەوە. سەرکردایەتیی ئیخوان هەڵوەشاندنەوەی حزبی بەتاکە چارەسەر دەزانی، بۆ هێنانەدیی ئەو مەبەستەش، دەبوو بەشێوازێك ئەو کارە بکەن، خۆیان لەبەرپرسیارێتی هەڵوەشاندنەوەی حزب قوتاربکەن، سەرەنجام ئیخوان دەرکردنی بەیاننامەیەکی دژی حکومەتی قاسم بەباشترین شێواز زانی، رۆژنامەی (الحیاد)ی زمانحاڵی حزب بەیاننامەیەکی دوورودرێژی بڵاوکردەوە، تێیدا رەخنەی توندی ئاڕاستەی سیاسەتی ئابوریی و پیشەسازیی حکومەت کردبوو، ئۆباڵی نەهامەتییەکانی خستبووە ملی حکومەت، لەبەرامبەردا حکومەت کەوتە

---

[1]- د. طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٤، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

گرتن و راوەدونانی سەرکردەکانی حزب و داخستنی بارەگاو هەڵوەشاندنەوەی حزب[١].

بەوردبوونەوە لەڕەوتی ڕوداوەکان، دەبینین سێ لایەن ڕۆڵیان بینی لەهەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامیی: سەرکردایەتیی ئیخوان کە بڕیاری دابوو حزب هەڵوەشێنێتەوە، سەرکردەکانی حزبی ئیسلامیی کە وەڵامی داواکەی سەرانی ئیخوانیان دایەوەو بەیاننامەکەیان دەرکرد، حکومەتی عێراقی کەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی دەرکرد، بەڵام ئەوەی پشکی شێری ئەو بەرپرسیارێتییەی بەردەکەوێت سەرکردەکانی ئیخوانن[٢]، ئەمەش راستییەکی تاڵی مێژووەو زۆر لەسەرکردەکانی ئیخوان بەوتنی ئەو راستییە تەنگاودەبن.

هەرچەندە لەبنەڕەتدا سەرکردایەتیی حزبی ئیسلامیی زۆرتر لەوانە پێکهاتبوو کە پێشتر لەگەڵ سەرانی ئیخوان ناکۆك بوون و لەکار لابرابوون، بەڵام ئیخوان بۆ رازیکردنی دڵی جەماوەرەکەی رایگەیاند: ڕێپێوان دژی بڕیاری داخستی حزب ڕێکدەخات، ژمارەیەك خەڵك لەشوێنی دیاریکراو کۆبونەوە، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، ئەو کەسەی بەرپرس بوو لەڕێکخستنی ڕێپێوانەکە ئامادەنەبوو، سەرەنجام جەماوەر بڵاوەیان کردو ڕێپێوان نەکرا، بەهەمان

١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

شێوە، کاتی لەسێدارەدانی سەید قوتب خەڵك بۆ ڕێپێوان کۆبونەوە، بەڵام بەهەمان شێواز بڵاوەی لێکرا[١].

کاتێك حکومەت لەوە دڵنیابوو کە ئازادکردنی سەرکردەکانی حزبی ئیسلامیی هیچ مەترسیەکی نییە، ئازادیکردن، بەئازادبونیشیان ئیخوان بەتەواوی هەموویانی لەکارخست، هۆکاری ئەمەش ئەو ناکۆکییە بوو کە پێشتر لەگەڵ سەرکردەکانی ئیخوان هەیانبوو، سەرکردەکانی ئیخوان لەدەرفەتێك دەگەڕان تا خۆیانیان لێ رزگاربکەن، ئەمەش باشترین دەرفەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی سەرکردەکانی ئیخوان بوو[٢].

گرفتێکی ئیخوان، نەبوونی تێگەیشتنی بابەتی بوو لەڕەوشی سیاسیی عێراق، تاکڕەویی کەسی یەکەمیش وای کردبوو کە زۆربەی ئەندامان بیر لەئایندەی کارەکەیان نەکەنەوە، ئەگەر جارجارەش پێشنیازی گونجاو بکرایە، هێندە بەس بوو کەبەدڵی سەرانی ئیخوان نەبێت تا رەتبکرێتەوە. ئەم حاڵەتە بەجۆرێك کاریگەریی کردۆتە سەر کاری ئیخوان، چەندین دەرفەتی مێژوویيان لەدەستداوە، دەکرا ئەو دەرفەتانە بەبارێکی گونجاودا ئاراستەبکرایە. ساڵی (١٩٦٧ز) بەبەشداری (٤٠) کەس لەسەرکردەو کادیرە پێشکەوتوەکان، ئیخوان

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

کۆنگرەیەکی لەمزگەوتی (حسیبە) لەبەغداد بەست، تێیدا باس لەبارودۆخی سیاسیی عێراق کراو ڕەوتێك بەڕێبەرایەتیی (موحەممەد فەرەج سامەڕائی) پێشنیازی کودەتاو هەوڵدان بۆ روخاندنی حکومەتی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی بەڕێبەرایەتیی ئیخوان کرد، بەڵام ئەم بۆ چوونە لەلایەن زەیدانەوە رەتکرایەوە[١]، سوبحی داودی باس لەوە دەکات کە لە (١٤ی تەمموزی ١٩٦٧ز) لەیەکێك لەباخەکانی یوسفییە، سەرکردەکانی ئیخوان کۆبوونەوەیەکیان کرد، نزیکەی (١٣-١٤) کەس بەشداربوون لەوانە: (سوبحی داودی، سەید ئەحمەد، شامل سەڵاح، موحەممەد ئەحمەد راشد، عەبدولکەریم زەیدان، عادل ئەلهاشمی، سەلمان حسێن، ئەبو عومەر،...تاد.) لەو کۆبوونەوەدا بڕیاریاندا دەستبەرداری کاری سیاسیی بن و تەنها سەرقاڵی کاری پەروەردەو بانگەواز بن[٢].

لەمانگی تەمموزی (١٩٦٨ز) حکومەتی عەبدوڕەحمان عارف تەواو لاوازبوو، بەرپرسی دیوانی سەرۆکایەتی هەواڵی زانیبوو کە بەعسییەکان نیازی کودەتایان هەیە، داوای لەسەرکردەکانی ئیخوان کرد، دەستپێشخەری بکەن و کودەتا بکەن و دەسەڵات بگرنەدەست، سەرکردەکانی ئیخوان دەربارەی کودەتا ناکۆکبوون، وێڕای رازیبوونی هەندێکیان، سەرەنجام بۆچوونی رەتکردنەوەی

---

[١]- صلاح الخرسان: حزب الدعوة الاسلامية حقائق ووثائق، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دمشق، ١٩٩٩م، ص٤٠.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

کودەتا چەسپا، بەمەش ئەو دەرفەتەیان لەدەستداو بەعسییەکان کودەتایان کردو دەسەڵاتیان گرتەدەست[١].

لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٨ز) چەندین کودەتا لەعێراق رویانداو زۆربەیان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، لەو بارەشدا سەرکردەکانی ئیخوان، هێشتا رێگەیان بەئەندامانیان نەدەدا بیر لەکاریکی وەها بکەنەوە، بەڵام هەندێ لەکادیرانی ئیخوان بەنهێنی سەرقاڵی ئامادەسازیی کودەتا بوون. بەگوتەی سدیق عەبدولعەزیز رەوتێك لەناو ئیخوان سەریهەڵدابوو، شۆڕشگێڕ (ثوری)یان پێدەوتن، ئەو رەوتە دوای دەسەڵات گرتنەدەستی بەعسییەکان بەنیازی کودەتابوون[٢].

عەبدولغەنی شەنداله، یەکێك بوو لەسەرکردەکانی ئەو رەوتە، ناوبراو سەردانی هەڵەبجەی کردو داوای لەسدیق عەبدولعەزیز کردووە هاوکاری بکات، بەڵام سدیق عەبدولعەزیز هاوکاریکردنی شەندالەی رەتکردۆتەوە[٣].

---

[١]- هەڵسەنگاندنی ئیسلامییەکان بەرامبەر روداوەکانی ساڵی (١٩٦٨ز) لەعێراقدا، گۆڤاری هەڵوێست، ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، ل١٨.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

[٣]- سەرچاوەی پێشوو.

دکتۆر تەها جابر ئەلعەلوانی، ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات، دوای کودەتای دووەمی بەعس لە (٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ز) ئیخوان چووە قۆناغی سرِیوون، پەیامێکی ناوخۆیی دەرکرا بەناونیشانی (پەروەردەو ڕێکخستن و دەستبەرداربوونی هەرچییەکی دیکە[١]) ئەمەش بەشێوەیەکی بەرفراوان پەیڕەوی لێکرا، لەو ماوەدا ژمارەیەك لەئەندامە لەکارخراوەکانی ئیخوان لەهەوڵی دروستکردنی ڕێکخستنێکی نوێدابوون (موحەممەد فەرەج) یەکێ بوو لەو کەسانەو بەکردەوەش لەناو سوپادا سەرپەرشتیی ڕێکخستنێکی سەربازیی دەکرد[٢].

---

[١]- دەقە عەرەبییەکەی بریتیبوو لە: (تربية وتنظيم وترك ماسوى ذالك) ئەم پەیامە لەناو ئەندامانی ئیخواندا بەپەیامی سێ تائەکە ناسراوە.

[٢]- د. طه جابر العلواني: هەمان سەرچاوە، ل١٥، ڕای مامۆستا کرێکار: شێخ عبدالله یوسف الحەسەن (عادل الشويخ) رحمەالله و شێخ محمد ئەحمەد راشد بۆیان گێڕاینەوە، هەروەها شێخ فلەییح سامەڕائی و محممەد ئالووسی رحمهماالله ئەمەیان لە پیشاوری پاکستان بۆ خۆم گێڕایەوە کە: محمد فەرەج رحمەالله سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکردا ئاوەڵزاوابوون، لە سەرکردایەتی ئیخوانیش بوو. چووبوو بۆ لای زێدان و پێی ووتبوو کە عبدالرحمان الداوود کە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی عبدالرحمان عارفی سەرۆک کۆماربوو، پێی وتووە کە بەریتانیا خەریکی ئینقیلابێکەو هەر دەیکەن. وەرن ئێوە (ئیخوان) ئینقیلابەکە بکەن و منیش سەرۆکایەتیتان تەسلیم دەکەم. با بەعسیەکان نەیەنەوە سەر حوکم.. محمد فەرەج ئەم هەواڵەی خێرا گەیاندبوو بە شێخ عبدالکريم زێدان و کۆبوونەوە کرابوو بۆی. شێخ محمد ئەحمەد الراشد بۆی گێڕاینەوە: دکتۆر عبدالکريم زێدان رحمەالله زۆر دژی ئەو رەئیە وەستایەوەو ووتی: ووڵاتەکە بووە بە مەیدانی ئینقیلابات، ئێمەش بیگرین لێمان دەستێننەوە. پاشان ئێمە ناتوانین حوکمی ووڵات بگرینە دەست: ئەوە کێشەی شیمال و ئەوە شیعە لە جنوب و ئەوە بزاوتی بەعسیەکان و کێشەی شیوعییەکان و قەومییەکان کەلەگەڵ جەمال عبدالناصردان.. ئیتر دوای سێ ڕۆژ لەوە ئینقیلابی بەعسیەکان

ساڵی (١٩٦٩ز) ژمارەیەك ئەندامی ئیخوان بەهاوکاریی کەسانی دیکە، هەوڵیاندا کودەتای سەربازیی دژی بەعسییەکان ئەنجامدەن، دیدارو کۆبوونەوەکان لەئێران لەژێر چاودێریی (موحەممەد رەزا شا)دا بەرێوەدەچوون، چەند پلانێك بۆ کودەتا دارێژرا، بەڵام کتوپڕ لە (١٩٧٠/١٠/١٩ز) سەرنەگرتنی کودەتا لەلایەن حکومەتی بەعسەوە راگەیەنرا[١].

روویداو محمد فەرەجیان کرد بە ئەفسەری سەفەرو جنسیە لە ناصریەو دواتر ئیعدامیان کردو بۆ ماوەی ١٣ رۆژیش عبدالکریم زێدانیان کرد بە وەزیری ئەوقاف و دوایی لە ١٩٦٨/٧/٣٠دا وا لایاندا. ئینجا لە ١٩٧١دا بەعسیەکان شێخ عبدالکەریم زێدانیان بانگ کردو لیستی ناوو ناونیشانی هەموو قیاداتی ئیخوانیان نیشانداو پێیان ووت: دەبێ ئیخوان هەڵوەشێنیتەوە، یان ئەمانە دەدەینە دادگاو ئیعدام دەکرێن.. ناچار حزبەکەی هەڵوەشاندەوە! لەگەڵ ئەوەشدا بەعسیەکان بە زۆڵێتی هەندێک ئیخوانیان لەگەڵ کەسانێکی تری سوپادا بە تۆمەتی هەوڵی ئینقیلابکردن ئیعدام کردو هەندێکیانیان سر کرد وەکو وەلید ئەعزەمی شاعیرو رێیان بە هەندێکی تریاندا ولات بەجێ بهێڵن وەکو دکتۆر ئوسامە تکریتی و محمد ئەحمەد الراشد. والله اعلم.

[١]- کەسە ناسراوەکانی کودەتا بریتیبوون لە: (عەبدولغەنی راوی، سەعد ساڵح جەبر، عەبدەرڕەحمان نایف، موحەممەد عەلی سەعید) تا ئێستا زۆر لایەنی کودەتاو شێوازی ئاشکرابوونی نادیارە، پێدەچێت لەداهاتوودا زۆر نهێنیی ئەو رووداوانە ئاشکرابن. لەئەنجامی ئاشکرابوونی پلانی کودەتا، حزبی بەعس نزیکەی (١٥٠) کەسی لەسێدارە دا، ئەوانە زۆربەیان ناو لەسوپا بوون کە ژمارەیەکی زۆر ئەندامی ئیخوانیان تێدابوو، خودی سەددام حسێن سەرپەرشتی لەسێدارەدانەکانی دەکرد، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: اسرار المحاولة الانقلابية ضد البعثيين، عام ١٩٧٠م، مجلة النفير، العدد ٩، (اذار١٩٩٢م)، ص٢٧.

کۆتایی ئەم باسە تەرخان دەکەین بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی ئیخوان موسلیمینی عێراق دەربارەی کێشەی کورد، ئەمەش یەکێکە لەو مەسەلانەی دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین و بەوردی سەرنجی لێبدەین، هەرچەندە لەسەرەتای کاری ئیخوانەوە لە عێراق ئەم بیرە باشووری کوردستانی گرتەوە، بەدرێژایی سەدەی بیست کورد لەعێراق بەرەو رووی چەوساندنەوەو ستەم بۆتەوە، بەڵام ئیخوان هەڵوێستێکی پۆزەتیڤی لەئاستی ئەو کێشەدا نەبووە، لەماوەی سەردەمی پاشایەتیدا ئیخوان چەندین چالاکی سیاسیی نواندووە، دەربارەی کێشەی فەلەستین و جەزائیر و ... هتد، خۆنیشاندان و کۆڕو کۆبونەوەی جەماوەری سازداوەو کۆمەك و یارمەتی کۆکردۆتەوە. بەڵام بەرامبەر کێشەی کورد، نەك کارێکی وای نەکردووە، بەڵکو نەشبیستراوە تەنانەت لەبەیاننامەیەکیشدا داکۆکی لەکێشەی کورد بکات و داوای لابردنی ستەمی سەری بکات! ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە لەکاری ئیخوان لەعێراق.

فەلەستین و جەزائیر هەزاران کیلۆمەتر لەعێراقەوە دوورن، ئیخوان رێکخراوی تایبەتی بۆ هاوکاری و کۆمەك کردنیان دامەزراندو کەسانی خۆبەخشی رەوانەی فەلەستین دەکرد. بەڵام لەعێراق بەبەرچاوی ئەوانەوە کورد لەئازارو مەینەتیدا بوو، نەك نکوڵییان نەکرد، بەڵکو ئیخوان ئەوەشیان

بەکورد رەوانەدیوە زەکاتی کۆکراوەی کوردستان بەسەر هەژارانی کورددا دابەشبکرێ[١].

ئیخوان موسلیمین لەمیسر دامەزرا بەبیری عەرەبچێتی بارگاوی بوو، ئەمەش دەرەنجامی واقیعی میسر بوو، داکۆکیکردن لەعەرەبییەتی میسر بەرامبەر بانگەشەی فیرعەونییەت و رۆژئاواگەراکان کە لەگەڵ ئیخوان موسلیمین لەکێبرکێدا بوون، لەگەڵ گواستنەوەی بیری ئیخوان بۆ عێراق هەمان

---

[١]- حاجی تەها حەسەن سنجاری، باس لەوە دەکات ساڵی (١٩٥٠ز) ئیخوانەکانی سنجار زەکاتی جوتیارانی دێهاتەکانی سنجاریان کۆکردەوە، ئەو گەنمەی کۆیانکردەوە بردویانەتە موسڵ و لەوێ فرۆشتویانە بایی (٥٠٠) دینار بووە، ئیخوانەکانی موسڵ هاتوون و داوای پارەکەیان لێکردوون، حاجی تەها داواکەی رەتکردونەتەوەو پێی وتوون بەسەرهەژارانی ناوچەکەدا دابەشیدەکات، لەسەر ئەوە ناکۆکییان بۆ دروستبووە، حاجی تەها نامە بۆ شێخ ئەمجەد زەهاوی و عەبدوڵلا ئەربیلی؛ بەرپرسی لقی موسڵی کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی دەنێرێ، ئەوانیش حاجی تەها ئاگاداردەکەنەوە کە خاوەن حەقە، بەڵام ئیخوانە عەرەبەکان لەسەر داواکەیان سووردەبن، ئەمەش وا لەحاجی تەها دەکات دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی ئیخوان بکات. بڕوانە: چەردەیەك لەبیرەوەرییەکانم، رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١٦)، ساڵی یەکەم، (١٩٩٨/٦/١٥ز). پێدەچێت حاجی تەها لەدەستنیشانکردنی ساڵەکەدا وردنەبێت، چونکە ناوبراو ساڵی (١٩٥٣ز) بۆتە بەرپرسی هۆبەی سنجاری کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلامیی، بۆیە دەبێت دەستلەکارکێشانەوەکەی دوای ئەو مێژووە بێت.

خەسڵەتی عەرەبچێتی پێوەگواسترایەوە، ئەمەش کاریکردە سەر هەڵوێستی ئیخوان بەرامبەر کورد[١].

دوای شۆڕشی (١٩٥٨ز) بەهەمان شێوەی سەردەمی پاشایەتی ئیخوان لەبەرامبەر کێشەی کورد بێدەنگ بوو، کاتێك حزبی ئیسلامیی عێراقی بەفەرمی دامەزرا، پەیڕەوو پرۆگرامی حزب دانرا، ئەویش جگە لەبەرنامەیەکی تیۆریی و خستنەڕووی چەندین دروشمی زەق چیتر نەبوو.

پەیڕەوو پرۆگرامی حزبی ئیسلامیی، هیچ چارەسەرێکی ریشەیی بۆ کێشە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان پێنەبوو، لەبڕگەیەکی پەیڕەودا هاتووە (حزب دژایەتی هەر هەوڵێکی جوداخوازیی لەسەر بنەمای تائیفی و رەگەزی دەکات[٢])، لەبڕگەیەکی دیکەدا هاتووە (حزب بڕوای بەیەکێتیی عێراق هەیە لەسەر بنەمای عێراقیبوون، عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب[٣]).

وێڕای ئەوەی حزبی ئیسلامیی لەپەیڕەوو پرۆگرامەکەیدا بەهیچ شێوەیەك باسی کێشەی کورد ناکات، بەسەرنجدان لەدوو بڕگەی سەرەوەی پەیڕەوو

١- الدكتور عثمان علي، مقابلة ولقاء هام بين مجلة (ئالای ئیسلام) والدكتور طه جابر العلواني، ص١٢-١٣.

٢- ليث عبد الحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨م في العراق، منشورات مكتبة اليقظة العربية، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨١م، ص٢٤٠.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

پرۆگرامی حزبی ئیسلامیی، هەستی عەرەبچێتی بەئاشکرا لەبیری حزبدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئیخوان، هێندە دەربارەی کێشەی کورد خەمساردبوون، چەند ساڵ درێژەکێشانی شۆڕشی ئەیلول ڕاینەچڵەکاندن هەڵوێست لەمەڕ کێشەی کورد وەرگرن، دکتۆر تەها جابر، یەکێکە لەدامەزرێنەرانی حزبی ئیسلامیی عێراقی؛ دەربارەی ئەو خەمساردییەی ئیخوان دەڵێت: (ئیخوان بڕیاریدابوو خۆی لەکاری سیاسیی بەدوور بگرێ، جارجار لەژێر فشاری ڕوداوەکاندا بەیانێکی سنورداری دەردەکرد، ئەمەش زیاتر لەبۆچونێکی فیقهی دەچوو، هەر بۆیە زۆر جار گلەییان دەهاتەسەر، تەنانەت لەلایەن سەرکردەکانی کورد گلەیی ئەوە دەکرا، ئیسلامییەکان هیچ شتێکیان ڕانەگەیاندووە، خواستی کوردی تێدابێت، یاخود سەرزەنشتی ئەو ستەمە بکات کە لەسەر کوردە[1]).[2]

---

[1]- الدکتور عثمان علي، الحلقة الثانية، من لقاء المجلة الهام بالاستاذ الدکتور طه جابر العلواني، ص١١.

[2] ڕای مامۆستا کرێکار: (بۆتێگەیشتنی قووڵتر لە دیدو ڕێ و هەڵوێستی ئیخوان پێویستە برایانمان بەشی (موقف الإخوان من القضیه الکردیة) لە کتێبی (في دروب الدعوة)ی مامۆستا صبحي داوودی بخوێننەوە، کە یەکێک بوو لە سەرکردایەتیە هەرە کۆنەکانی ئیخوان لە عێراقدا. ئەو لە هەموان شارەزاتری ئەو خوزلانەیە کە ئیخوان بەسەر کوردیان بە گشتی و ئیخوانە کوردەکان بە تایبەتیدا هێنا). لە ڕاستییدا دەبوو ئەو بەشە بکەینە کوردیی و بیکەینە مادەیەکی سەرەکی خوێندنەوەی هەڵوێستی کۆن و نوێی ئیخوان و یەکگرتوو لەسەر کێشەی کورد.

بەشی دووەم

لەکاری تاکەکەسییەوە بۆ کاری ڕێکخراوەیی

کاری ئیسلامیی لەحەفتاکان و نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا

دوای ئەوەی کاری ئیخوان بەفەرمی لە (١٩٧١/٤/٤) وەستێنراو ڕێکخستن هەڵوەشایەوە، ئەم حاڵەتە کوردستانیشی گرتەوە[١]. هەرچەندە زۆرێك لەکادیرانی ئیخوان کاری ڕێکخستنیان بەحەرام دەزانی و لای ئەوان بڕیارەکەی سەرکردایەتیی ئیخوان جۆرێك لەپیرۆزی هەبوو، بەڵام کۆمەڵێك کەسایەتیی لەساڵانی حەفتاکاندا لەناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان جموجۆڵیان هەبوو. ئەو قۆناغەی کاری ڕەوتی ئیسلامیی _کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە، دوای وەستانی کاری ئیخوان بەفەرمی لەعێراق و کوردستان_ دەستپێدەکات، ناتوانرێ کۆتاییەکەی بەتەواوی دەستنیشان بکرێ، چونکە کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە شێوازێکی ڕیزبەندی وەرگرت و ماوەیەکی درێژی خایاند. دەتوانین نێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٩١) بەکۆتایی ئەم قۆناغە دابنێین، بەواتایەکی دیکە، دروستببوونی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی لە (١٩٧٨ز) لەلایەك و دەستبەکاربوونەوەی سدیق عەبدولعەزیز لەساڵی (١٩٧٩ز) لەلایەکی ترەوە، بوونە گورزی کاریگەر بۆ شکاندنی تەوقی حەرامیی ڕێکخستن ، کە ئیخوانە دێرینەکان برەویان پێدەدا.

---

[١] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

پاشانیش، لەسەرەتای هەشتاکانەوە کارو چالاکیی کادیرانی رەوتی ئیسلامیی بەرفراوان بوو، هێڵی سەلاحەددین موحەممەد، هاتە مەیدان و دواتریش لە (١٩٨٥ز) مۆڵەتی رەسمیی کارکردنی لەسەرکردایەتیی ئیخوان وەرگرت[١]، هەر لەو ساڵەشدا ئیخوانەکانی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق یەکیانگرتەوە[٢]. لەلایەکی ترەوە، لەساڵانی هەشتاکاندا بزووتنەوەی پەیوەندی، چووە قۆناغی ئاشکراو کاری چەکداری، ئەمەش راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لێکەوتەوە.

رەوتی روداوەکان بەو ئاراستەدا گوزەریکرد. تا ساڵی (١٩٩١ز) راپەڕینی گەلی کورد دژی بەعس بەرپابوو، ئەمەش بەتەواوی کۆتایهێنا بەو قۆناغەو رەوتی ئیسلامیی لەباشووری کوردستان بەشێوازێکی بەرفراوانتر لەجاران هاتە مەیدان.

کاری ئیسلامیی لەسەرەتای ئەو قۆناغەدا، بەکاری تاکەکەسی دەستیپێکرد. دواتریش شێوازی فرە میحوەریی و ناوچەیی وەرگرت. بەراوەستاندنی کاری ئیخوان و پچڕاندنی پەیوەندییە ئۆرگانییەکان، هەندێ لەمامۆستاکان بەشێوەی سەربەخۆ وانەیان بەقوتابیەکانیان دەوت. هەندێ جار لەشارێکدا

---

[١]- هیوا: هاڵەکۆك، ب. ش، ب. م، ل١٩؛ باوکی ئوسامە: بزووتنەوەی ئیسلامی واجبێکی شەرعی و زەرورەتێکی واقیعیە، بەشی پێنجەم، گۆڤاری جەماوەر، ژمارە ٤٤، (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ز)، ل٧.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

یان لەشارۆچکەیەکدا چەند مامۆستا هەبوون و هەریەکەیان بەسەربەخۆ لەوی دیکە کاری دەکرد. لە هەڵەبجە عەبدولعەزیز پارەزانی _مامۆستای پەیمانگای ئیسلامیی هەڵەبجە بوو_ لەناو خوێندکارانی پەیمانگە دەجولا، ژمارەیەك گەنجی لەشێوەی رێکخستنێکدا لەدەوری خۆی کۆکردبویەوە. سالانە لەمانگی رەمەزان و مەولوددا سەرپەشتی سازدانی بۆنەو ئاهەنگی لەناوچەکەدا دەکرد[١].

هەر لەهەڵەبجە (ئیبراهیم رێشاوی[٢]، عومەر رێشاوی، موحەمەد فەرەج، هادی عەلی، حەسەن شەمێرانی، موحەممەد عەبدورەحیم) چالاکییان هەبوو، هەروەها (سدیق عەبدولعەزیز، موحەممەد رەئوف، مەولود باوەموراد، مەلا ئەحمەد شافیعی) بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەوانی دیکە جموجۆڵیان هەبوو[٣].

١- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

٢- ئیبراهیم رێشاوی یەکێکە لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوان لەدەڤەری هەڵەبجەو شارەزوور، رۆڵی بەرچاوی بینی لەپەروەردەکردنی کادیرانی ئیخوان لەو دەڤەرەدا، لە (١٩٩٢/١٢/٣١ز) کۆچیدوایی کردووە. بڕوانە: لەیادی دوو ساڵەی وەفاتی تێکۆشەری ئیسلام؛ ابراهیم رێشاوی، ئا: حسن محمود حمە کریم، رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە ٢٣، (١٩٩٤/١٢/٣٠ز).

٣- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ هیوا میرزا سابیر، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

لەشارۆچکەی سیروان (حەبیب موحەممەد سەعیدو ئەحمەد کاکە مەحمود) سەرقاڵی وانەوتنەوە بوون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەهەشتاکاندا نووسینەکانیان لەئاستێکی بەرفراواندا پێشوازییان لێدەکرا[١].

لەسەیدسادق (محێدین گەلاڵی، حەمە سەعید، هیوا میرزا سابیر) رۆڵیان بینی[٢]، لەپاڵ ئەمانیشدا کۆمەڵێك وتاربێژ لەو دەڤەرە رۆڵیان بینی لەوانە: (شێخ موحەممەد بەرزنجی) لەشانەدەری (مەلا عەلی بیارە[٣]و مەلا موحەممەد شارەزووری[٤]) لەسەیدسادق[١].

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو، کاروانی رێ، ب. ش، ١٩٩٧ز، ل٣٠. بەگوتەی ئەحمەد کاکە مەحمود ئەو بەرهەمانەی لەهەشتاکاندا بەچاپی دەگەیاندن بەشێوەیەك پێشوازییان لێدەکرا کەپاش ماوەیەکی کەم بەرهەمەکانی لەکتێبخانەکاندا نەدەمان، ئەمەش وای کرد بەرهەمەکان چەندین جار چاپ بکرێنەوە، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، هەڵەبجە، (٢٠٠٤/١٢/٨ز).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ هیوا میرزا سابیر، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

[٣]- مەلا عەلیی بیارە: عەلی حسێن میرزا، ساڵی (١٩٤١ز) لەگوندی بناوەسووتەی پێنجوێن لەدایکبووە، هەر لەمناڵییەوە دەخرێتە بەر خوێندن و دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی دەبێتە وتاربێژو مامۆستا لەخانەقای بیارە، پاشان لەبەغداد تاقیکردنەوە دەکات و لەوێش ئیجازەی زانستی وەردەگرێت، چەند ساڵێك وتاربێژی مزگەوتی سەیدسادق بووە، لەگەڵ راگەیاندنی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی لە (١٩٨٤ز) دەچێتە شاخ و پۆستی جێگری رابەری گشتی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری وەردەگرێت، بەهەمان شێوە لەبزووتنەوەی ئیسلامیی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، رۆژی (١٩٨٨/٣/٩ز) لەئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەی عێراقی لەبەرەی جەنگی سیمان کوژرا.

[٤]- مەلا موحەممەد شارەزووی: موحەممەد ساڵح، ساڵی (١٩٤٦ز) لەگوندی (کەچەڵی)ی ناوچەی شارەزوور لەدایکبووە، سەرەتا لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووەو پاشان چۆتە هەڵەبجەو

ڕەوتی ئیسلامیی لەدەڤەری بیتوێن و پشدەر، لەسەرەتای هەشتاکانەوە بەزەقی دەرکەوت، کۆمەڵێك کەسایەتی ڕۆڵی بەرچاویان لەو بێدارییەدا بینی، لەوانە: (عەلی باپیر، عەبدولقادر هەڵۆنەیی، مەغدید حسێن[٢]، مەلا عومەر تیماری[٣]*)[١]

درێژەی بەخوێندن داوە، ساڵی (١٩٧١ز) لەتاقیکردنەوەکانی پەیمانگەی ئیسلامیی پلەی زۆرباشی بەدەستهێناوە، لەچەندین گوندو شارۆچکە مەلایەتی کردووەو ڕۆڵی لەهۆشیارکردنەوەی گەنجاندا بینیوە، چەند جارێك لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوەو ئازار ئەشکەنجە دراوە، وتاربێژو نووسەرێکی بەتوانا بووە، چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە: (ڕێکەوت لەتەرازووی ژیریدا، سرووشت لەتەرازووی ژیریدا، داروین لەتەرازووی ژیریدا، فرۆید لەتەرازووی ژیریدا... تاد.)، لە (١٩٨٧/٧/٢٥ز) کۆچیدوایی کردووە. چمکێگ لەژیاننامەی مامۆستا مەلا موحەممەد شارەزووی، ئا: ئارام عەلی سەعید، ڕۆژنامەی ڕێگای یەکبوون، ژمارە (٧٤)، ساڵی یەکەم، (٢٠٠٠/٨/٦ز).

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ئەحمەد کاکە مەحمود، هەڵەبجە، (٢٠٠٤/١٢/٨ز).

[٢]- مەغدید حسێن: ساڵی (١٩٥٣ز) لەگوندی ڕێزینەی ناوچەی ڕانیە لەدایکبووە، لەتەمەنی شەش ساڵی دەخرێتە بەر خویندن و ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و لەمزگەوتی ناجیەخان لەرانیە دەبێتە وتاربێژ، لەسەرەتای هەشتاکاندا لەچوارچێوەی کاری ئیخوان لەڕانیە چالاکانە هەلدەسوڕاو جێدەستی لەو ناوچەدا دیارە، ساڵی (١٩٨٨ز) دەچێتە شاخ و پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە دەکات و دەبێتە فەرماندەی هێزی ئازادی، لەکۆنگرەی پێنجەمی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەئەندامی سەرکردایەتی و لەکۆنگرەی شەشەم بەئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵدەبژێررێ، لە (١٩٩٣/١٢/٢٦ز) لەشەڕی نێوان یەکێتی نیشتیمانی و بزووتنەوەی ئیسلامییدا کوژرا. ڕێبوار کوێستانی: چەردەیەك لەژیانی پڕ سەروەریی مامۆستای سەرکردە: مامۆستا مەلا مەغدید، ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە ٢٥، (٢٠٠٢/٥/٢ز).

[٣]*- مەلا عومەر تیماری: عومەر مستەفا پەلکۆیی، ساڵی (١٩٥٢ز) لەگوندی مەلا ئۆمەر سەر بەناحیەی چنارانی ئەوکاتە لەدایکبووە، سەرەتا لای باوکی خوێندویەتی، ساڵی (١٩٧٤ز) بڕوانامەی زانستیی لەشەریعەتدا وەرگرتووە، لەدەشتی کۆیە سەرقاڵی وانەوتنەوە بووە، چەندین کەس لەسەر دەستی ئەو ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە، دواتر دەچێتە گوندی تیمارو قوتابخانەیەکی زانستی

سەرەڕای ئەوانەی ناومان بردن، بورهان موحەممەد ئەمین باس لەوە دەکات ساڵی (١٩٨٤ز) گەشتێکی ئەو ناوچەی کردووەو پەیوەندی بە (عەلی میربەگی، مەزهەر، ڕەسوڵ، عەزیز) ناوێکەوە کردووە[٢].

لەسلێمانی (حەسەن پێنجوێنی، ئەبوبەکر موحەممەد عەزیز، بورهان موحەممەد ئەمین) ڕۆڵیان هەبوو[٣]، هەروەها (تەها حەمە ساڵح و جەزا حەمە ساڵح) سەربەخۆ لەخەڵکانی تر کاریان دەکرد، (فاتح کرێکار)یش لەهەولێرو سلێمانی کاریگەری هەبوو[٤].

شەرعی دەکاتەوە، لە (١٩٨٤/٦/٢١ز) کوژرا. بڕوانە: گیانبازانی ڕێگەی خودا، ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە ٣١، (٢٠٠٢/٧/٤ز).

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن بابەکر، هەولێر، (٢٠٠٥/١/٥ز).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/٢/٦ز).

[٣]- سەرچاوەی پێشوو.

[٤]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٣١. رای مامۆستا کرێکار: (من لە ١٩٧٥-١٩٧٨ فەرمانبەربووم لە هەولێرو مانگانە دەهاتمەوە سلێمانی.. ئێمە لەو کاتەدا ریکخستنێکی سەرەتایی برایانی خۆمانمان لە سلێمانی و هەولێر هەبوو، گۆڤارێکی دەستییمان بە ناوی بانگەوازەوە دەردەکرد، کە هەمووی بە سێ نوسخە بۆ ئەو سێ شارە کاک عبدالباسط لە هەولێر بە دەست دەینوسیەوە. چالاکوانی ئێمە لە هەولێر کاک موحسین صاڵح بوو. لە سلێمانی دکتۆر دڵشاد قەرەداغی بوو. کە لە ١٩٧٨-١٩٨٢ شدا هاتمەوە سلێمانی چالاکیمان زیاتربوو. پەیوەندیشم لەگەڵ مامۆستا صلاح الدين محمد بهاءالدين و مامۆستا حەسەن پێنجوێنی هەبوو.. کەسانی تری چالاک لە گەڕەکەکاندا هەبوون وەک: کاک هێمنی هەندەسە لە هەواره بەرزەو کاک بەختیاری پزیشکیی (بوو بە پزیشک ئێستا لە دانمارکە) و کاک ئاراسی کیمیا لە ئیسکان بوو بە پسپۆڕی تاقیگەو ئێستا لە کەنەدایە). نازانم بۆچی نووسەر باسی ئەمانی نەکردووە.

ڕەوتی ئیسلامیی، جگە لەهەڵەبجە، لەهەولێر، لەچاو شارەکانی دیکە لەهەشتاکاندا چالاکی زیاتر بوو، بوونی زانکۆو گەورەیی شارەکە ڕێگەیان بۆ چالاکبوونی ڕەوتی ئیسلامیی خۆشکرد، بەڵام ئەو چالاکبوونە شپرزەو پەرتەوازە بوو، لەحەفتاکانەوە (موخلیس یونس، سەید عیزەدین، ئەبوڕائید[1]، حاجی فوئاد، موحسین جوامێر) جوڵەو چالاکییان هەبوو، هەر لە هەولێر (دکتور عیسام ئەلڕاوی) بەناوی ئیخوانەوەو بەهێڵێکی سەربەخۆ کاری دەکرد، (بورهان شێروانی و زوهێر خۆشناو)و چەند کەسی دیکە سەر بەو هێڵە بوون[2].

جگە لەوانەی پێشتر ناومان بردن (مەلا ئەمین) کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە وازی لەئیخوان هێنابوو لەگەڵ (مەلا جەمیل، مەلا جەمال، مەلا یەحیا)

---

[1] ڕای مامۆستا کرێکار: (سەید عیززەدین و ئەبورائید هەر یەک کەسن، کەماڵیان لە کوران بوو، لە برایانی ئێمە بوو. دواتر چووە ئێران و پاشان پاکستان و لە پیشاوەر لە بواری کاتی ئیداری دائیرەکانی دکتۆر عبداللە عەززامدا کاری دەکرد. برایەکی سالارو سەنگین بوو).

[2]- **سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.** ڕای مامۆستا کرێکار: (هیتر کە لە هەولێر کاریگەریان هەبوو حاجی خەلیل (باوکی سەید قوطب) کە تا کۆتایی وەستاندنی ئیخوان هەر سەرپەرشتیاربوو، مامۆستا ئەسعەدی بەڕێوەبەری سانەوی صلاح الدین و مامۆستا عادلی سەرپەرشتیاری بەشی کەشافە لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، کە لە ئیخوانی کۆنی شەستەکان بوون. لە گەنجەکانیش ئەحمەد ئیسماعیل و مەحمود فەقێ و عبدالقادری برایەتی و دکتۆر صەلاح و موحسین صاڵح و هیتر).

رووپانکردە قورئان و فەرموودە لەبەرکردن، مەلا ئەمین رەخنەی توندی لەئیخوان دەگرت و بەرامبەریان توندوتیژ بوو[١].

لەکەرکووك، جگە لەکاری ژمارەیەك ئەندامی ئیخوان، شێخ نازم[٢] جموجۆڵێکی بەرفراوانی هەبوو، هەروەها لەکەلار (مەلا موحەممەد هۆرێنی) رۆڵی هەبوو[٣].

کارو چالاکیی رەوتی ئیسلامیی لەدەڤەری بادینان لەکۆتایی حەفتاکانەوە دەستی پێکردبوەوە، حاجی تەها سنجاری ئەندامێکی دێرینی ئیخوان بوو، کۆمەڵێك لاوی کۆکردبویەوەو وانەی پێدەوتن لەوانە: (ئەبو شڤان، وەلید یونس

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[٢]- شێخ نازم: پیاوێکی ئایندارو شێخی عەشیرەتی عوبەیدی بوو لەحەویجە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، هەر لەشەستەکانەوە جموجۆڵێکی بەرفراوانی جەماوەری هەبوو، دەسەڵاتە یەك لەداوی یەکەکانی عێراق لەنفوزو دەسەڵاتی دەترسان، هەوڵیاندەدا بەپێدانی پارەو پلەوپایە لەخۆیانی نزیك بکەنەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، لەسەرەتای هەشتاکاندا لەناو زانکۆو سوپادا لایەنگری هەبوو، لایەنگرانی سوپای لەرێگەی مەلا رامی و موقەدەم ئەحمەدو ئەندازیارێکەوە بوو، جوڵانەوەو هەڵچوونێکی نارێکخراوی دروستکرد، (موحەممەد عوبەید ئەلبەیاتی) پێشنیازی کودەتای بۆ کرد، هەرچەندە سەرەتا بەکودەتا رازی نەبوو، بەڵام دواجار رەزامەندی نواند، موقەددەم ئەحمەد یەکێك بوو لەمتمانە پێکراوەکانی شێخ نازم، بیرۆکەی کودەتاکەی لای نەقیبی خانەنشین زوهێر عەزاوی باسکرد، ناوبراویش بەرزان تکریتی لەو بیرۆکەیە ئاگادارکردەوە، بەمەش پلانەکە بۆ حکومەتی بەعس ئاشکرابوو، حکومەتی بەعس نزیکەی (١٤٣) کەسی گرت و لەسێدارەیدان و کۆتایی بەجموجۆڵی شێخ نازم هات.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

ئەحمەد، جەمال ئەحمەد، موحەممەد تاهیر، زوهێر حەجی، زەکی نورەدین) ئەمانە لەناو خۆیاندا شێوە رێکخستنێکیان هەبوو، لەناو مزگەوتەکاندا وانەیان دەوتەوەو چالاکییان هەبوو[1].

هەر لەو قۆناغەدا، هەندێ لەو کەسانەی پێشتر ئیخوان بوون، دەستیاندایە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نوور، بەو پێیەی بانگەوازی نوور زیاتر گرنگیدان بوو بەبابەتە ئیمانییەکان و بواری پەروەردە. ئەمەش جێداری کاری ئیخوان بوو[2]، دیارە حکومەتی بەعس بانگەوازی نووری بەمەترسی نەدەزانی، چونکە خۆی لەمەسەلە سیاسییەکان دەبوارد، هەر ئەمەش وای کرد بەعس تاڕادەیەك چاوپۆشی لەبانگەوازی نوور بکات.

بانگەوازی نوور لەسەر دەستی (ئیحسان قاسم ئەلسالحی) کەیەکێك بوو لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوانی نیشتەجێی کەرکوك هاتە ناوچەکە، ناوبراو ساڵی (١٩٦٩-١٩٧٠ز) ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان کەرکوك و هەڵەبجەی ئیخوان

---

[1] - **نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٣٢-٣٣.** رای مامۆستا کرێکار: (وا دەزانم نوسەرێکی نەزانراوەکە مامۆستا بورهانی ئەمینییە. خودی زانیارییەکانن کە ئەمەیان لام پەسەندتر کردووە. واللە اعلم). ئەو وەلید یونس ئەحمەدەش کە لەسەرەوە ناوی هاتووە هەر کاک ئەبوخوبەیبی ئێمەیە کە لە ١٩٩٩ و ە لە زیندانی پارتییدایە. دیارە نوسەری بەڕیز زانیارییەکانی زیاتر دەربارەی دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە هەبووە.

[2] - **چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز ،سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز)، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد رەئوف، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦ز).**

بوو[١]، بەو هۆیەوە لەگەڵ ئەندامانی ئیخوان لەناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور ناسیاوی پەیداکرد. ئەلسالحی پەیامەکانی سەعید نوورسی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. لەگەڵ ئاشنابوونی ژمارەیەك لەئەندامانی ئیخوان بەبیری نوورسی، پەیامەکانیان کردە سەرچاوەی پەروەردەیی و کارکردنیان، دواتریش لەسالانی هەشتادا، زۆرێك لەبەرهەمەکانی نوور بۆسەر زمانی کوردی وەرگێڕران[٢] و لەناو ئەندامانی ڕەوتی ئیسلامیی برەویان پەیداکرد.

١- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

٢- زۆربەی پەیامەکانی نوورلەلایەن فاروق ڕەسول یەحیاوە وەرگێڕرانە سەرزمانی کوردی.

خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەو قۆناغەی کاری ئیسلامیی

وەستاندنی کاری ئیخوان بەفەرمی لە (١٩٧١/٤/٤ز) کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رەوتی ئیسلامیی باشووری کوردستان هەبوو، هەرچەندە ئەم بڕیارە لەو قۆناغەدا توانی گیانی ئەندامانی ئیخوان لەمەرگ و مەترسی دەسەڵاتی بەعس بپارێزێت، بەڵام کاریگەریی مەترسیداری کردە سەر رێگوزەری رەوتی ئیسلامیی، بڕیارێکی لەو شێوە پەرتبوونی ریزەکانی ئەو رەوتەی لێکەوتەوە.

بڕیاری راگرتنی کار لای ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئیخوان، جۆرێك لەپیرۆزی هەبوو، سەرپێچیکردنی ئەو بڕیارەیان بەگوناهی گەورە دەزانی، ئەو جۆرە بیرکردنەوە تا راپەڕینی (ئازاری ١٩٩١ز) لەبیری هەندێ ئەندامی دێرینی ئیخوان شەپۆلی دەداو پیرۆزیی خۆی لەدەست نەدا، لەپاڵ ئەمەشدا هەروەکو لەباسەکانی پێشوو ئاماژەمان پێدا، چەند کەس توانیبویان کۆتوبەندی پیرۆزیی بڕیاری سەرکردایەتیی ئیخوان بپسێنن، بەشێوەیەکی سەربەخۆ کەوتنە کارکردن، ئەو کەسانەش هەر یەکەیان بەدیدو تێڕوانینی خۆی جۆرێك لەکاری ئەنجامدەدا.

لێرەوە کاری تاکەکەس و پەرتەوازەیی بووە خەسڵەتێکی بەرچاوی ئەو قۆناغەی کاری ئیسلامیی، هەر مامۆستایەك ژمارەیەك قوتابی بەدەورەوە بوو وانەی

پێدەوتن، بەبۆچۆنی خۆی ئالییەتی کارکردنی بۆ دەستنیشان دەکردن، زۆرێك لەوانەش خۆیان بەئیخوان دەزانی و هەر بەو ناوەوە کاریان دەکرد، تەنانەت هەندێکیان پێیان وابوو جۆری کارو بیرکردنەوەی ئەوان کتومت کاری ئیخوانەو ئەوانی دیکە لەڕێبازی ئیخوان لایانداوە. بۆ نموونە: چەند کەسێك رویانکردبووە پەیامەکانی نوورو پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە گرنگیدان بەبابەتە ئیمانییەکان و پاککردنەوەی دەروون، ناوەرۆکی کاری ئیخوانەو برەویان بەو بیرە دەدا.

هەندێك دیکە، رویانکردبووە خۆ رۆشنبیرکردن و پێیانوابوو ئەوە کاری ئیخوانە لەو قۆناغەدا، ئەوەی جێی تێڕامانە، هەندێ جار ئەو گروپانە یەکترییان بەلادان لەڕێبازی ئیخوان تۆمەتباردەکرد، دەرەنجامی ئەو کارەش کەوتنەوەی شپرزەیی و پەرتەوازەیی بوو لەڕیزەکانی رەوتی ئیسلامییدا.

لەسەرەتادا مامۆستایەك چەند قوتابی هەبوو وانەی پێدەوتن و جۆرێك لەبیرکردنەوەی بۆ دروستدەکردن، ئەمانە پێکەوە بەشێوەی گروپێکی بچووك دەکەوتنە کارکردن، دەرەنجامی تێکەڵبوونیان بەیەکترو خۆ دروورگرتنیان لەگروپەکانی دیکە، جۆرێك لەکارو بیرکردنەوە بەسەریاندا زاڵدەبوو، بەمەش ئەو گروپە دەبووە میحوەرێك و سەربەخۆ کاری دەکرد، زۆرجاریش لەشارو شارۆچکەکاندا زیاتر لەمیحوەرێك جموجۆڵ و چالاکی هەبوو، بۆ نموونە: لەهەڵەبجە چەند میحوەرێك دروستبوو، هەر یەکەیان بەشێوەی سەربەخۆ کاری دەکرد.

دوای گۆڕانی کاری ئەو گروپانە بۆ میحوەر، جۆری پەیوەندیی میحوەرەکان بەیەکترەوە ناکۆکی بەخۆوە دەبینی، زۆرجار هۆکاری ناوچەیی و بنەماڵەیی و دەروونیی تێکەڵ بەناکۆکییەکان دەبوون. لەهەولێر ململانێی نێوان ئەو میحوەرانە بەشێوەیەك توندبوو، چەند میحوەرێك لەگەڵ یەك دەستەویەخە بوون. بەڵام لەکۆبوونەوەیەکی سەرانی رەوتی ئیسلامیی ئەو گرژییە خاوبوویەوە[١]، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو میحوەرانە خۆیان بەئیخوانی راستەقینە دەزانی، تێکڕای میحوەرەکان دەکەوتنە بەردەم رەخنەی توندی ئەندامە دێرینەکانی ئیخوان.

فرە میحوەری دەرگای بۆ چەندین شێوازی بیرکردنەوەو هاتنە ناوەوەی بیری نوێ والاکرد. لەو قۆناغەدا بیری جیهادی و چەکداری لەناو رەوتی ئیسلامیی بەتەواوی چەکەرەی کرد، سەرهەڵدانی ئەو بیرە لەدوو ئاراستەوە بوو، یەکەمیان کۆمەڵێك کەسایەتیی و وتاربێژی ناو رەوتی ئیسلامیی لەناوچە جۆربەجۆرەکان باسیان لەپێویستیی خەباتی چەکداریی دژی رژێمی بەعس دەکردو برەویان بەو بیرە دەدا. ئاراستەی دووەمیان گەیشتنی ئەدەبیات و بڵاوکراوەی کۆمەڵی جیهادیی میسری و گروپەکانی ترو وتارەکانی (عەبدولحەمید کوشك و عەبدوڵلا عەززام)، ئەوانە بەرێژەیەکی کەم و بەشێوەیەکی نهێنی

[١]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

دەگەیشتنە هەولێرو لەناو هەندێ گەنجی ئەو شارەدا بڵاودەبوونەوە[١]، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر پەرەگرتن و دروستبوونی سەرتوێژێك لەبیری بەرەنگاربوونەوەی بەعس و دەستدانە کاری جیهادیی و چەکداریی[٢].

خەسڵەتێکی دیکەی رەوتی ئیسلامیی لەو قۆناغەدا، هاتنە مەیدانی کتێب و بڵاوکراوەی ئیسلامیی بوو بەزمانی کوردی، ئەوەش لەهەشتاکاندا لەچاو چەند دەیەی پێشوو، گڕوتینێکی زیاتری تێکەوت، هەرچەندە پێشتر چەند نووسەرێك بەزمانی کوردی بەرهەمیان بڵاوکردبویەوە، بەڵام بڵاوکراوەی ئیسلامیی بەزمانی کوردی لەهەشتاکان بەرێژەیەکی بەرچاو پەرەیسەندو خوێنەری پەیداکرد، لەو کاتەشدا زیاتر گرنگی بەبابەتی رۆحیی و ئیمانی دەدرا.

لەناو تەوژمی کتێب و بڵاوکراوەی ئیسلامیی، شێوازێکی نوێ لەنووسین سەریهەڵدا، بۆ یەکەمجار چەند نووسەرێك لەدەرگای بابەتە فیکریەکانیان دا، دەربارەی بیری فرۆیدو مارکسییەت و داریونیزم بابەتیان دەنووسی، موحەممەد مەلا ساڵح شارەزووری لەم بوارەدا رچەشکێن بوو، دواتریش عەلی باپیر لەسەر هەمان بوار، بابەتی دەنووسی و چەند نووسەرێکی دیکەش بابەتیان

---

[١]- لەو بڕوایەدام گەیشتنی ئەدەبیاتی کۆمەڵە ئیسلامییە جیهادییەکان بەتایبەتییش کۆمەڵی جیهادیی میسری، کاریگەری هەبوو لەسەر دروستبوونی بیری پەڕگیرو توندڕەو لەناو هەندێ گەنجی شاری هەولێرو شارەکانی تری باشووری کوردستاندا.

[٢]- فاتح كريكار: الحركة الاسلامية في كردستان العراق واقع وأمل، الجزء الاول، الطبعة الاولى، من اصدارات مكتب الاعلام الخارجي، ب. ش. (١٩٩٥م)، ص٣٨.

بڵاوکردەوە، لەو بڕوایەدام ئەوە سەرەتایەکی سادەیە بۆ بەزاندنی سنووری گوتاری ئامۆژگاری کە بەدرێژایی سەدەی بیست بۆتە ناسنامەی ڕەوتی ئیسلامیی باشووری کوردستان، دیارە هەر لەو سەروبەندەدا ڕەوتی ئیخوان لەناو ئەندامەکانی خۆیدا توانیبووی ئەو بیرانە نابووت بکات، بەڵام ئەو کارە سنووری ڕێکخستنەکانی ئیخوانی نەبەزاندبوو.

خەسڵەتێکی ئەو قۆناغەی ڕەوتی ئیسلامیی، شکاندنی ئەو بیرکردنەوە تەقلیدییە بوو، کە ئیخوان بەدرێژایی کاری چەند ساڵەی لەملی کاری ئیسلامیی ئاڵاندبوو، ئیخوان ئەو کارەی بەموڵکی خۆی دەزانی و کاری ئیسلامیی لەژێر هەر ناوێکی دیکەدا بەناجۆرو سەرکێشی دەزانی.

لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، چەند کەسایەتی لەناوچە جۆربەجۆرەکان، لەدەرەوەی کاری ئیخوان جموجۆڵیان دەستپێکرد، ساڵی (١٩٧٨ز) بزوتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی دامەزرێنرا، هاوکات کۆمەڵێك وتارخوێن و نووسەری ئیسلامیی دەرکەوتن، ئەو وتارخوێنانە لەدوانگەی مزگەوتەکانەوە هۆشیارییەکی گشتییان دەدایە جەماوەرو بەوتاری هەستبزوێن کاریگەرییان کردە سەر گۆڕەپانەکە. هەرچەندە ئەو شێوازی کارکردنە مایەی ڕەزامەندیی کادیرەکانی ئیخوان نەبوو، هەندێ جار بەبیانووی جۆراوجۆر ئاستەنگیان بۆ وتاربێژەکانیش دروستدەکردو تەنانەت تۆمەتی نابەجێیان دەدایە پاڵیان.

خەسڵەتێکی دیکەی کاری ئەو قۆناغە ئەوەبوو، کە ئەو کارە نوێیە لەناو چینی گەنج و خوێندکاراندا دەستیپێکرد. ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردە سەر ئایندەی ڕەوتی ئیسلامیی. لەو کاتەشدا کاری ئیسلامیی لەقۆناغی نهێنیدا بوو. ئەوەش وایکرد کارەکە لەسنورێکی بەرتەسکدا قەتیس بکرێ. ژمارەی قوتابییەکان کەمبوون، پەروەردەیەکی ئیمانی و فکریی باش دەکران، وێڕای پێدانی ڕۆشنبیرییەکی گشتی، لەسەر خۆڕاگری و بەرخۆدان رادەهێنران. بەمەش توانرا نەوەیەك پێبگەیەنرێ، کە بتوانێت لەقۆناغەکانی دواتر سەرکردایەتیی کارەکە بگرێتە دەست، بەکردەوەش ئەو نەوەیە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، ڕۆڵی بەرچاویان بینی لەو گەشەکردنە خێرایەی کە ڕەوتی ئیسلامیی لەباشووری کوردستان بەخۆیەوە بینی. لەو پەروەردە تۆکمەدا کادیرانی ئیخوان پشکی شێریان بەرکەوت، بەواتایەکی تر ئیخوان لەو بوارەدا بەئەزمون بوون و گرنگیی تەواویان بەو بوارە دەدا.

هەر لەو قۆناغەدا، ئەندامانی ڕەوتی ئیسلامیی لەسەر دژایەتیی بەعس و ملنەدان بۆ خواستەکانی ئەو رژێمە گۆشدەکران. ئەندامانی ئەو ڕەوتە ئامادەنەبوون سەربازیی بۆ رژێم بکەن، یاخود بەشداریی سوپای میللی بکەن، بەڵکو کارێکی لەو شێوەیان بەنەشیاوو حەرام دەزانی، لەئەنجامی ئەو هەڵوێستەدا ژمارەیەك لەئەندامانی ڕەوتی ئیسلامیی، خوێندنیان تەواونەکردو بەرەو دەرەوەی عێراق بەتایبەتیش ئێران هەڵاتن، لەوێ لەئۆردوگاکان کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی نواندن.

هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی ڕەوتی ئیسلامی

هەر دیاردەیەکی مێژوویی دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکارە، ئەو هۆکارانەش بریتین لەهۆکاری: ئابووریی و رامیاریی و ئایینیی و کۆمەڵایەتیی ودەروونیی و... تاد. هەندێك لەو هۆکارانە، یاخود پێکەوە بزوێنەری ڕەوتی مێژوون. زۆر جار ئەو هۆکارانە گڕوتین دەدەنە ئەو ڕوداوە مێژووییەو دەبنە پاڵپشتی پەرەسەندن و گەورەبوونی دیاردەکە. ئەمەش لەکاتێکدا کە دیاردەکە سەریهەڵداوەو لەبرەودایە، یاخود قۆناغێك یان چەند قۆناغێکی بڕیوەو بەشێوەیەکی بەربڵاوتر خۆی دەنوێنێت.

ڕەوتی ئیسلامیی لەماوەی چارەکی کۆتایی سەدەی بیستدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان نەك بەتەنیا لەکوردستان، بەڵکو لەتەواوی جیهاندا چالاکی و ئامادەیی هەبوو، تاوسەندنی دیاردەکە لەو هەلومەرجەدا جێگەی تێڕامان و توێژینەوەیە، بێگومان سەرهەڵدان و فراوانبوونی کاری ئەو ڕەوتە، دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیی، یاخود خودی و بابەتییە. هەریەك لەو هۆکارانە کاریگەرییەکی ڕێژەییان لەسەر ئەو دیاردەیە هەیە. ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە ڕەوتی ئیسلامیی ڕەگێکی قوڵی هەیەو دەیان ساڵە سەریهەڵداوە. هەرچەندە ئەو دیاردەیە لەسەرەتای حەفتاکاندا متبوو، بەڵام لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر

لەسەردەمی پێش خۆی دەردەکەوێت، ئەمەش دەخوازێت پرسیاری ئەوە بکرێ: بۆچی لەو کاتەدا ئەو رەوتە بەشێوەیەکی بەهێزتر لەجاران هاتە مەیەدان؟ هەلومەرج و هۆکاری سەرهەڵدانەوەی ئەو رەوتە لەو قۆناغەدا چی بوون؟ بێگومان ئەمەش دەرنجامی هۆکارگەلێکەو لێرەدا دەخوازین لێی بدوێین. هەندێك لەو هۆکارانەش کە ئێمە لێی دەدوێین دەگونجێت لەبنەڕەتدا هۆکاری سەرهەڵدانەوەی رەوتی ئیسلامیی نەبێت، بەڵام بۆتە هۆکاری بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی چالاکیی رەوتی ئیسلامیی، لەمەوە ئێمە دەخوازین باس لەهۆکاری سەرهەڵدانەوەی رەوتی ئیسلامیی لەباشووری کوردستان بکەین:

یەکەم/ هۆکارە ناوخۆییەکان

١-دەقە شەرعییەکان: رەوتی ئیسلامیی بەر لەهەر شتێك شەرعییەتی خۆی لەدەقە شەرعییەکانی قورئان و سوننەتەوە وەردەگرێت. بوونی کۆمەڵێك دەق لەقورئان و سوننەتدا، کە باس لەدەستەڵاتی ئیسلامیی و چەسپاندنی شەریعەت و خیلافەتی ئیسلامیی دەکات، لەسەر موسوڵمانانی پێویست کردووە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك بکەن کە تێیدا یاساکانی شەریعەت پیادەبکەن. لەلایەکی دیکەوە بوونی چەندین دەقی تر کە باس لەبەرەنگاربوونەوەی ستەم و چەسپاندنی دادپەروەری دەکەن. تێکڕای ئەو دەقانە لەسەردەمێکدا کە ستەمی بەعس گەیشتوەتە لوتکەو بەرەنگاربوونەوەی بەواجب دەزانرا. دەبوو بخرێنە چوارچێوەی کارپێکردنەوە. ئەمەش واتای بەرەنگاربوونەوەی بەعس

دەگەیەنێت. بێگومان ئەم کارەش، واتە: بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی بەعس، بەتاکەکەس ناکرێ و پێویستی بەکاری کۆمەڵی و دەستەجەمعی هەیە. ئەمەش دروستکردنی پارت و رێکخراوی دەسەڵماندو بووە هاندەرێکی سەرەکیی کاری چەکداری دژی رژێمی بەعس[١].

٢-بوونی ریشەو پاشخانی بیری ئیخوان لەباشووری کوردستاندا. ئەمەش لەکۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا هاتە باشووری کوردستان. ئەم بیرە هەر لەسەرەتاوە لەوەدا سەرکەوتو بوو، توانیبووی لەناو دوو توێژدا جێی خۆی بکاتەوە، توێژی یەکەمیان لەناو کۆمەڵێك بنەماڵەی ناودارو خاوەن پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەهەولێرو هەڵەبجە. توێژی دووەمیان کۆمەڵێك لاوی تازە پێگەیشتووی خوێندەواری ناو پەیمانگەو زانکوکان[٢]. ئەم توێژەش بەزۆری لەناو کەرکوکدا بوو. دواى ئەمانیش ژمارەیەکی دیکە لەزۆربەی شارو شارۆچکەکان لەدەوری کاری ئیخوان کۆبوونەوە.

---

[١] رای مامۆستا کرێکار: (پێم وایە نووسەر دەبوو ئاماژەی بەوە بدایە کە ئەم خاڵەیان سەرەکیترینەو منیش زیاتر لەو کتێبەی: (الحركة الاسلامية)دا لەسەری دوواوم کە نوسەر لێوەی وەرگرتووەو ئاماژەی پێنەداوە. والله اعلم).

[٢]- ئەرسەلان تۆفیق محەمەد: هەمان سەرچاوە، ل١٣.

بەدرێژایی ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو، ئەو کەسانە لەسەر کاری پەروەردەیی و رێکخراوەیی گۆشکرابوون _تا ساڵی (١٩٧١ز) کاری ئیخوان بەفەرمی وەستێنرا_ ئەوان لەبواری کاری رێکخراوەییدا خاوەن ئەزموون بوون. ئەمەش کاریگەرییەکی وای لەسەر ئەو کەسایەتییانە جێهێشتبوو، کە لەبارودۆخی گونجاودا بگەڕێنەوە سەر کاری رێکخراوەیی. هەر بۆیە لەسەرەتای هەشتاکاندا، ژمارەیەك لەو ئەندامە دێرینانەی ئیخوان بارودۆخەکە بەگونجاو دەزانن و دەکەونەوە کار.

لەساڵی (١٩٨٥ز) و دواتریش، زۆربەی ئەو ئەندامانەی تا ئەو کاتە کاری رێکخراوەییان بەیاساغ دەزانی، کاتێك لەوە ئاگاداردەکرێن، کە سەرکردایەتیی ئیخوان بڕیاری دەستپێکردنەوەی کاری داوە، پەیوەندی بەڕێکخستنی نوێی ئیخوانەوە دەکەن.

٣-لەکۆتایی حەفتاکان و سەرتای هەشتاکاندا، کۆمەڵێك وتارخوێن و نووسەری ئیسلامیی[١] لەسلێمانی و هەولێرو شارەزورو رانیە، رۆڵیان لەبرەودان بەڕەوتی ئیسلامیی بینی، بەوتارو نووسراوی هەست بزوێن،

---

[١]- کە گرنگترین ئەو وتارخوێن و نووسەرانە بریتیبوون لە: شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، مەلا موحەممەد شارەزوری، شێخ موحەممەد بەرزنجی، مەلا ئەحمەدی خانەقا، مەلا عەلیی بیارە، ئەحمەد کاکە مەحمود، حەسەن پێنجوێنی، عەلی باپیر، موحسین جوامێر... تاد.

کاریگەریان لەسەر گۆڕەپانەکە هەبوو، لەو ڕێگەوە توانییان جەماوەر لەدەوری ڕەوتی ئیسلامیی گردبکەنەوە[١].

٤-توندڕەویی پارتە عەلمانی و چەپەکانی کوردستان بەرامبەر پیرۆزییە ئایینی و کەسایەتییە ئیسلامییەکان[٢]، هەر لەدەیەی چلەکانی سەدەی رابردووەوە، بیری چەپ کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان هەبوو، لەدەیەی حەوتەم و هەشتەمی سەدەی بیست ئەو کاریگەرییە بەشێوەیەك زیادیکرد، هەرکەس هەڵگری ئەو بیرە نەبوایە، بەکۆنەپەرست لەقەڵەم دەدرا. لەناو هەڵگرانی بیری چەپ، ڕەوتێکی توندڕەو هەبوو، بڕوای وابوو ئیسلام پشکی گەورەی لەنەهامەتییەکانی کورد بەردەکەوێت، هەر بۆیە داوایان دەکرد قورئانەکان بەرەو

---

[١]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٤٨.

[٢]- ساڵی (١٩٨٢ز) کۆمەڵێك پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەچنە یەکێك لەگوندەکانی شارباژێڕ، کاتی نیوەڕۆ دەبێت و دەچنە مزگەوتی گوندەکەو دەخەون، گوندنشینێك دێتە مزگەوت و سەلام دەکات، کەسێکی دیکە دێت و سەلام دەکات، کەسی سێهەم دێت و بەهەمان شێوە سەلام دەکات، زۆریی سەلامکردن بەرپرسی پێشمەرگەکان توڕەدەکات، بەتوڕەییەوە بەدەم جوێندانەوە هەڵدەسێت و دەمانچەکەی دەردێنێت، دەڵێت: هەر کەس بڵێت سەلامو عەلەیك دەیکوژم، لەو کاتەدا کەسێك لەمزگەوتەکەدا نوێژدەکات و کاتێك بەلای راست و چەپدا سەلام دەداتەوە لەترساندا لەجیاتیی وتنی ئەسەلامو عەلەیکوم، دەڵێت: مەرحەبا، مەرحەبا. فاتح کرێکار، هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

عەرەبستان بنێررێنەوە، دەبوو قورئانەکانیش بەحوشتر بگوێزرێنەوە نەبادا گوێدرێژی کورد ماندووبێت[١].

ساڵی (١٩٨٣ز) لەسلێمانی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی تەقەیان لە (مەلا ئەحمەدی خانەقا) کردو بریندارایان کرد، ناوبراو یەکێك بوو لە رووە دیارەکانی ئەو سەردەمەی رەوتی ئیسلامیی، ئەو کارەش لەتۆڵەی ئەو رەخنەدا بوو، کە مەلا ئەحمەد لەوتاری هەینیدا لەیەکێتی گرتبوو، هەڵبەتە ناوبراو زۆرجار لەوتارەکانیدا رەخنەی لەحزبی بەعس دەگرت.

هەروەها لە (١٩٨٤/٦/٢٠ز) پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی، هەڵسان بەکوشتنی (مەلا عومەر مستەفا تیماری). کوشتنی مەلا عومەر نارەزایی زۆری لای ئیسلامییەکان دروستکرد. بەبۆنەی ئەو روداوەوە لە (١٩٨٤/٦/٢٣ز) لەمزگەوتی گەورەی چوارقورنە کۆڕێکی ماتەمینی رێکخرا، بۆ ئەو کۆڕە دەیان زانا لەناوچە جۆربەجۆرەکانی باشووری کوردستانەوە هاتبوون و وتاریان خوێندەوە. ژمارەیەك لەوتارخوێنەکان خوازیاری کاری جیهادی و چەکداری بوون ئەم حاڵەتە کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر خرۆشاندن و جوڵاندنی هەستی ئامادەبووان بەرەو رێکخراوبوون و کاری چەکداری[٢].

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو: هەمان سەرچاوە، ل١١.

[٢]- فاتح کرێکار، هەمان سەرچاوە، ل٣٠.

٥-دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٧٥ز) حکومەتی بەعس سیاسەتێکی دوژمنکاریی توندوتیژی لەدژی کورد پەیڕەوکرد، گوندەکان راگوێزران و کاولکران، دانیشتوانی شارو شارۆچکەکان سەرکوت دەکران، دوای هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق- ئێران، ئەو سیاسەتە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر پەیڕەو دەکرا، ئەو حاڵەتەش بیری بەرەنگاربوونەوەی جۆشدەداو پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری دژی ئەو رژێمە[١].

درێژەکێشانی شەڕی عێراق- ئێران، وێڕای ئەوەی بۆشایی لەهەندێ ناوچەی کوردستاندا جێهێشت، رێگەشی بۆ سەرهەڵدانی چەندین پارت و گروپ خۆشکرد. ئەوانەش لەدەستی حکومەتی عێراق هەڵدەهاتن، لەتاراوگە خڕەبوونەوەو بیریان لەدروستکردنی پارتی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی رژێم دەکردەوە. ئەوەش دەرەنجامی شەڕی تاقەت پڕوکێنی عێراق- ئێران بوو، رەوتی ئیسلامییش سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت و چەند رێکخراوێکی سیاسیی چەکداری دروستکرد.

---

[١]- **موجزعن الحركة الاسلامية في كردستان العراق، اعداد مكتب دمشق لحركة الاسلامية، ب. ش. (١٩٩٨م) ص٢١.** رای مامۆستا کرێکار: (ئەم پوختەیە، کاری کاک موشیر موستەفایە کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابوردوودا بەرپرسی مەکتەبی دیمەشقی بزوتنەوەی ئیسلامیی بوو، کە بریتییە لە کورتکردنەوەی کتێبە عەرەبییەکەی من (الحركة الاسلامية) کە کەسیان ئاماژەیان پێنەکردووە.. ئەگەرچی کاک موشیر بە شەفەیی بە خۆمی ووت)!

دووەم/ هۆکارە دەرەکییەکان

١-سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە (١٩٧٩ز) کاریگەریی راستەخۆی لەسەر پەرەسەندنی رەوتی ئیسلامیی لەجیهاندا هەبوو، کوردستانیش سنورێکی درێژی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا هەیە، ئەمەش وای کرد ئەو شۆڕشە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەری هەبێت[١]، هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای ئیسلامیی کەوتنە چالاکی نواندن، پێیانوابوو: ئێران دەبێتە نموونەی دەوڵەتێکی ئیسلامیی، تێیدا دادی کۆمەڵایەتی بەرقەرار دەبێت، ئەمەش دەگونجێت چاوی لێبکرێت و هەوڵبدرێت هەمان ئەزموون لەوڵاتانی تری جیهانی ئیسلامیی دووبارە بکرێتەوە.

٢-سەر هەڵدانی جیهادی ئەفغانستان دژ بەهێزەکانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، لەتەواوی جیهانی ئیسلامیی ببووە نموونەی بەرخۆدان و قوربانیدان لەپێناوی ئایین و نیشتیماندا، بەرامبەر زلهێزێکی ئەوسای جیهان[٢]، لەتەواوی جیهانی ئیسلامییەوە، کۆمەك و هاوکاریی ئەفغانستان دەکرا. ئەوانەی لەنزیکەوە، یاخود لەڕێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئاشنای جیهادی ئەو گەلە دەبوون، خوازیاری دووبارەکردنەوەو

---

[١]- هادی عەلی: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ب. ش. (٢٠٠٤ز)، ل٥. مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٤٩.

[٢]- هادی عەلی: هەمان سەرچاوە، ل٥. مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٥٠.

گرتنەبەری هەمان شێوازی چەکداریی گەڵی ئەفغانی بوون بەرامبەر دەوڵەتە ستەمکارەکان، ئیسلامییەکانی کوردستانیش لەم کاریگەرییە بێبەش نەبوون و خوازیاری پیادەکردنی هەمان شێوازی بەرەنگاربوونەوە بوون.

٣-لەحەفتاکانی سەدەی رابردوودا، نووسینی ژمارەیەك بیرمەندی ئیسلامی وەکو سەید قوتب و ئەبو ئەعلای مەودودی، بەزۆربەی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبونەوە، ئەو بیرمەندانە بیری بەرەنگاربوونەوەی حکومەتە دیکتاتۆرەکانی جیهانی ئیسلامییان برەوپێدەدا[١]، ئەو نووسەرانە لەنووسینەکانیاندا جیهادیان کردبووە سیمبولی خەبات و کاری رەوتی ئیسلامیی، بەشێکی گەورەی رەوتی ئیسلامیی ئەو کاتە کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو بیرەو گروپی چەکدارییان دروستکرد، ئەدەبیاتی ئەو نووسەرانەش دەگەیشتنە کوردستان و تا رادەیەك کاریگەرییان لەسەر هەڵسوڕێنەرانی رەوتی ئیسلامیی و کۆمەڵێك گەنج هەبوو[٢].

---

[١]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٤٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

بەشی سێیەم

رەوتی ئیخوان موسلیمین

(١٩٧٩-١٩٩١ز)

هێڵی سدیق عەبدولعەزیز

یەکەم/ دروستبوونی

سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم هێڵە بۆ ساڵی (١٩٧٩ز) دەگەڕێتەوە. بەیەکەم ڕێکخستنی ئیخوان لەباشووری کوردستان دادەنرێ، لەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان لەساڵی (١٩٧١ز)دا بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی دەستی بەکار کردبێت، سدیق عەبدولعەزیز بناغەدانەری ئەم کارەیە[١]، ناوبراو یەکێکە لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوان، بەگوتەی خۆی و سوبحی داودی، ئەندامی یەکەم شانەی ڕێکخستنی ئیخوانە لەهەڵەبجەدا[٢]، بەهۆی ئەوەی ناوبراو عەقڵییەتێکی ڕامیاری و ڕێکخراوەیی هەبوو، لەگەڵ زۆرێك لەسەرکردەکانی ئیخوان ناکۆکی بۆ

---

[١]- حەکیم مەلا ساڵح: هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، (٢٠٠٤ز)، ل٢٤٦، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز). رای مامۆستا کرێکار: (ئەمە ڕاستە. صوبحی داوودی لە کتێبەکەی خۆیدا (في دروب الدعوة _چاپی یەکەم ٢٠١٦ ل/٤٣) ئەمە ساغ دەکاتەوەو بە شێوەیەکی لاوەکی قسەی ئەوانە ڕەت دەکاتەوە کە نایانەوێت ئەو فەزڵە بۆ مامۆستا صدديق بێت. دوای ئەوەی بە تەفصیل باس لە چۆنیەتی کۆبوونەوە دیتنی مامۆستا صدديق دەکات، بەم دەقە دەڵێ: ولذلک أجزم وأؤكد بكل صدق وأمانة وأشهد أمام الله سبحانه وتعالى أن أول أسرة إخوانية تأسست في حلبجة في أوائل آب من عام ١٩٦٠ ومنها انتقل العمل التنظيمي الإخواني الى السليمانية وإلى المناطق الأخرى من المحافظة).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز)، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سوبحی داودی، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٩ز).

دروست ببوو[١]. دەستپێکردنی ئەم کارەش، دوای هەشت ساڵ لەوەستاندنی کاری ئیخوان لەعێراق، مایەی سەرنج و تێڕامانی ئەندامە دێرینەکانی ئیخوان بوو، ئەوان ئەو کارەیان بەیاساغ دەزانی، بۆیە هەر لەگەڵ هەستکردنیان بەجموجۆڵی سدیق عەبدولعەزیز، کەوتنە دژایەتیکردنی و ساردکردنەوەی خەڵك لێی و دروستکردنی تەنگ و چەڵەمە بۆی[٢].

سەرەتای کاری ئەم هێڵە لەهەڵەبجەوە دەستیپێکرد. پێدەچێت وێڕای ئەو هۆکارانەی لەبەشی پێشوودا ئاماژەمان پێیاندا، دوورەدەستی هەڵەبجە لەسەنتەرەوە، ڕێگەخۆشکەر بووبێت بۆ جوڵەیەکی لەو شێوە. لەکاتێکدا بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەچوو ڕێکخستنی ئیخوان وەستێنرا بوو، حکومەتی عێراق زیاتر چاودێریی توندوتۆڵی خستبووە سەر شارە گەورەکان. پێشبینی ئەوەی نەدەکرد لەشارۆچکەیەکی وەك هەڵەبجەوە کاری ئیخوان سەرهەڵبداتەوە. بەڵام بوونی قوتابخانەو پەیمانگەی ئیسلامیی و حوجرەکان لەهەڵەبجەو دەوروبەری، هاوکات بوونی ڕیشەیەکی قوڵی تەریقەتەکان و دەیان مەلاو فەقێ و مورید، لەگەڵ بوونی ڕیشەیەکی ئیخوانی، کارێکی لەو شێوەی ئاسان دەکرد. هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نییە، کە حکومەتی بەعس هیچ چاودێرییەکی نەبووە، یاخود ئەگەر هەستی بەبوونی کاری ڕێکخراوەیی بکردایە بێدەنگ

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد ڕەئوف، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦ز).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

دەبوو[١]، بەڵکو بوونی هەر جوڵەیەکی ڕێکخراوەیی لەژێر هەر ناوێکدا لەسایەی ڕژێمی بەعسدا، هەڵسوڕینەرانی ڕووبەڕووی سزای مەرگ، یان توند دەکردەوە.

یەکەم شانەی ئەم ڕێکخستنە بریتیبوو لە: (مەلا ئەحمەد شافیعی، نازم عەبدوڵلا، مەلا فەرەیدون)، دواتریش (موحەممەد ڕەئوف، ئومێد پارەزانی، مەولود باوەموراد) هاتنە پاڵ یەکەم شانەی ڕێکخستن و لەلایەن خودی سدیق عەبدولعەزیزەوە سەرپەرشتی دەکران[٢].

ئەمانە کۆمەڵێ گەنج بوون، بوونە بەردی بناغەی ئەم باڵە، دیارە دژایەتیی ئیخوانە دێرینەکان هێندە توندبووە، بۆیە کەسیان ئامادەنەبوون بێنە ناو ئەم ڕێکخستنەوە، ئەمەش وای لەسدیق عەبدولعەزیز کردووە، کە ئەم گەنجانە بکاتە جێداری ئەوان، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێک گرفتی بۆ دروستکردوون، لەسەروی هەموویانەوە کەم ئەزموونیی ئەم گەنجانەیە

---

[١]- بەپێی دوو نوسراوی بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی سلێمانی، لە (١٩٧٩/٤/٥ز، ١٩٧٩/٩/٦ز) کە وێنەیەکی بۆ سەرجەم مەعاونییەتەکان نێرراوە، داوادەکات راپۆرتی مانگانە دەربارەی چالاکیی هەر یەك لەو گروپانە ئامادەبکەن کە ناویان هاتووە، هەروەها داوادەکات کەسانی سەر بەپارتە ئایینییەکان ماوەماوە بگرن و ئازادیان بکەن، تا وا گومانبەرن کە چاودێریی چالاکییەکانیان دەکرێ. بڕوانە: بەڵگەنامەکانی ژمارە (٤٠، ٤١).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، بەڵام بەگوتەی موحەممەد ڕەئوف سەرەتا یەکەم شانە پێکهاتبوو لە: (نازم عەبدوڵلا، مەلا ئەحمەد شافیعی، موحەممەد ڕەئوف). پاشانیش مەولود باوەموراد هاتە ناو شانەکەوە. چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦ز).

لەکاری ڕێکخراوەیدا، بەڵام دواتر ئەم گەنجانە بوونەتە بناغەیەکی پتەوی کارەکە.

لێرەوە، ئەم باڵە رووبەڕووی دوو گرفتی گەورە بۆوە، لەلایەکەوە، بەمەبەستی خۆپاراستن لەدەزگا سیخوڕییەکانی بەعس، پێویست بوو ئەوپەڕی نهێنی لەکارەکانیاندا پەیڕەو بکەن، لەلایەکی ترەوە، بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستی رەق و چاودێریی توندی ئیخوانە دێرینەکان، کە کاری ڕێکخراوەییان بەمەترسیدا دەزانی و بەردەوام بەبیانوی نەبوونی رەسمییەت، ئاستەنگیان بۆ هەر کەسێك دروستدەکرد، بەو ناوەوە کاری بکردایە[١].

ئیخوانە دێرینەکان، لەسەرەتادا کاری ئەم باڵەیان بەکەفوکوڵ و هەڵچوونێکی دەروونیی کاتی دەزانی، بەڵام زیادبوونی جموجۆڵی ئەم باڵەو بەرفراوانبوونی کارەکەیان، پێویستیی بەرەنگاربوونەوەی ئەم باڵەی لای ئیخوانە دێرینەکان چەسپاند. کەوتنە ململانێ و دژایەتیکردن و ئاستەنگ دروستکردن بۆ کاری ئەم باڵەو سارکردنەوەی ئەندامانیان لەکارکردن. تەنانەت هەندێ جار لەوەش تێیاندەپەڕاندو دەکەوتنە تانەوتەشەردان لەخودی سدیق عەبدولعەزیزو بەشیاوی ئەو کارەیان نەدەزنی[٢]، ئەم هەڵوێستەی ئیخوانە دێرینەکان چەند دەرەنجامێکی لێکەوتەوە:

---

[١]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل١٥.

[٢]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل١٤.

١-ئەو ململانێیە تا رادەیەك بووە رێگر لەگەورەبوون و پەلهاویشتن و بڵاوبوونەوەی کاری ئەو باڵە لەناوچە جۆراوجۆرەکاندا.

٢-چەند کەسێک لەو ململانێیەدا، نەیانتوانی خۆیان راگرن وازیان لەکاری ئیسلامیی هێنا.

٣-متمانەی هەردوولا بەیەکتر کزبوو، لێکترازان و پەرتبوونی زیاتر کەوتە نێوانیان.

٤-ئەم باڵە بۆ بەرگریکردن لەسەلماندنی بوونی مافی کارکردن و بەرپەرچدانەوەی تۆمەتەکانی بەرامبەر، وزەو توانایەکی زۆری بەفیرۆدا[1].

دووەم/ کارو چالاکیی رێکخراوەیی و پەروەردەیی

ئەم کۆمەڵە هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە لەچەند گەڕەکێکی هەڵەبجە کەوتنە چالاکیی رێکخراوەیی. بەڵام چالاکییەکانیان، تا ماوەی دوو ساڵ لەسنورێکی بەرتەسکدا بەڕێوەدەچوو. لەسەرەتای هەشتاکاندا بەسێ ئاراستە سنوری کارو چالاکییان فراوان بوو. ئەمەش بەگۆڕانێکی گرنگ دادەنرێ لەمێژووی ئەو باڵەدا. ئاراستەی یەکەمیان بریتیبوو لەهەوڵدان بۆ دروستکردنی رێکخستن لەناو شاری سلێمانی، بۆ ئەو مەبەستەش (نازم

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤-١٥.

عەبدوڵڵا) دیاریدەکرێ، ناوبراو بەگەیشتنی بەسلێمانی لەساڵی (١٩٨١ز) چالاکانە دەکەوێتە کار، چەند ئەڵقەیەکی ڕێکخستن دروستدەکات[١]. یەکەم ئەڵقەی ڕێکخستن لە (فەرحان عومەر، ئیسماعیل فەتحوڵڵا، عەبدوللەتیف فەتحوڵڵا، عەبدوڕڕەحمان غەفوور) پێکهات. دواتریش ئەڵقەی دووەم لەپەیمانگەی ئیسلامیی سلێمانی دانرا[٢]، کاری ئەم باڵە لەسلێمانی، بەشێوەیەکی بەرفراوان گەشەیکرد. لەنێوان ساڵانی (١٩٨٣- ١٩٨٥ز) توانییان وانەی گشتی لەزیاتر لە (٣٠) مزگەوت دابنێن[٣].

ساڵی (١٩٨٢ز) هەریەکە لە (موحەممەد رەئوف) لەزانکۆی بەغدادو (مەولود باوەموراد) لەزانکۆی موسڵ بوونە خوێندکار. ئەم دووانەش لەو دوو شارە لەناو خوێندکاراندا دەکەونە کار، چەندین شانەی ڕێکخستن بنیاددەنێن[٤].

لەزانکۆکاندا،خوێندکاری زۆربەی شارەکانی کوردستان بوونیان هەبوو، ئەمەش دەرفەتێکی باشبوو بۆئەوەی کاری ئیخوان لەسەر دەستی ئەوان بگاتە ئەو شارانە[٥]. خوێندکاران توێژێکی ڕۆشنبیرو چالاك بوون، ئەمەش وای کرد

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد رەئوف، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦ز).

[٢]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل١٦.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[٤]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد رەئوف، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦).

[٥]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل١٦.

بەزوویی کاری ئەم باڵە فراوان بێت و بگاتە زۆربەی شارەکان، ئەوانەش کە دەبوونە ئەندام بەزۆری لەچینی گەنج و خوێندکار بوون.

تا ساڵی (١٩٨٣ز) کار گەیشتبووە هەولێر، لەساڵی (١٩٨٤ز)دا بەهۆی (خەلیل ئیبراهیم) کە خوێندکاری کۆلێجی شەریعە بوو لەبەغدادو بووە ئەندامی ئەم باڵە، توانرا رێکخستن بگەیەنرێتە دهۆك. ناوبراو ئەندامێکی چالاکی ئەم باڵە بوو[١]، ئەوەی زیاتر رێگەی خۆشکرد بۆ بڵاوبوونەوەی کار لەو دەڤەرەدا، نەبوونی ململانێ نێوان باڵەکانی ئیخوان بوو. بەپێچەوانەی هەڵەبجە کە ئیخوانە دێرینەکان دژایەتی هەرکارێکی نوێیان دەکرد، لەدهۆکدا ململانێی لەو شێوە بوونی نەبوو.

شێوازی رێکخستن لەسەرەتاوە وێرای جەختکردنەوەی زۆر لەسەر نهێنی پارێزی، شانەکان لەیەك ئەندام پێکدەهاتن و شێوازی پەیوەندی تاکی پەیڕەو دەکرا. واتە ئەندام تەنها دوو کەسی دەناسی، کەسێك لەسەرو خۆی و ئەوی دیکە لەخوار خۆی، ئەمەش زیاتر لەبەر خۆپاراستن بوو لەسیخوڕەکانی بەعس، بەڵام دواتر لەگەڵ گەورەبوونی کارەکەدا، شانەی رێکخستن لە (٣-٥) کەس پێکدەهات کە بەخێزان (اسرة) ناودەبرا، پلەکانی رێکخستنیش بریتیبوون لە: (المصاحب، النصير، العامل، النقيب، المجاهد، النائب) کاتێك ئەندام

---

[١] - نووسەرێکی نەزانراوە: هەمان سەرچاوە، ل١٦.

دەگەیشتە پلەی (العامل) پەیمان و وەعدی لێوەردەگیرا[١]. واتە: ئەندامێك بۆئەوەی متمانەی پێبکرێ، دەبوو دوو پلەی ڕێکخستن ببڕێت و پاشان پەیمانی کارکردنی لێوەربگیرێ. ئەمەش ئاماژەیە بۆ نهێنی پارێزی ڕێکخستن، تا پارێزگاری لەخۆی و کارەکانی بکات. ئەمەش هەمان شێوازە کە ئیخوان لەپەروەردەکردنی ئەندامەکانیدا پەیڕەوی لێدەکات. کاری ئیخوان لەقۆناغی یەکەمدا، کۆمەڵێك ئەندام پەروەردە دەکات و پێیاندەگەیەنێت و بۆ قۆناغەکانی دواتری کار ئامادەیان دەکات.

ڕێکخستن لەم قۆناغەدا لەسەر بنەمای هەڵبژاردن (انتقاء) بوو. کەسێك دیاریدەکراو چاودێریی ورددەکراو هەڵدەسەنگێنرا، پاشان پەیوەندی پێوەدەکراو لەسەر ئەدەبیاتی ئیخوان پەروەردەدەکرا[٢]. باشترین جێگەش بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسە، قوتابخانەو حوجرەو زانکۆ و پەیمانگەکان بوو. ئەو کەسە دەبوو تەواوی ئەو قۆناغە پەروەردەییانە ببڕێت، کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا.

پەروەردەکردنی تاك، پێگەیەکی گرنگی لەئەدەبیاتی ئەم باڵەو سەرجەم کاری ئیخواندا هەبوو. دەبوو پەروەردەیەکی توندوتۆڵ بکرایە، بۆ ئەو مەبەستەش، بەپلەی یەکەم سوود لەوانەی تایبەتی وەردەگیرا، لەپاڵ ئەمەشدا، بۆنە

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩-٢٠.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد ڕەئوف، سلێمانی، (٦/١٢/٢٠٠٤ز).

ئاینییەکانی وەکو ڕەمەزان و یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەقۆسترانەوەو وتاریان تیادەدرا، وانە گشتییەکانی مزگەوتیش بوونە کەناڵێکی دیکەی کار[١].

ساڵی (١٩٨٣ز) بەئومێدی گەشەپێدانی کار، چەندین لیژنەی تایبەتی و جۆراوجۆر دامەزرێنران. لەوانە: لیژنەی قوتابیان، لەناو قوتابخانەو زانکۆکان. ئەم لیژنەیە لەبەغدادو موسڵ و سلێمانی و هەڵەبجە چالاکی دەنواند. دوای ئەوەی کاری لیژنەی قوتابیان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لیژنەی مامۆستایانیش لەچەند ناوچەیەك پێکهێنراو پاشان لیژنەی گەڕەکەکان دامەزرێنرا. هەرچەندە لیژنەکان هەڕەمێکی ڕێکخستنی تێروتەسەلیان نەبوو، بەڵام ڕۆڵی بەرچاویان لەگەشەسەندنی کاری ئەم باڵەدا بینی[٢].

ساڵی (١٩٨٢ز) سەرەتای چالاکیی ڕۆشنبیری ئەم باڵەیە، لەو ساڵەدا یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی (ڕۆشنبیریی ئیسلامی[٣]) یان بڵاوکردوە، دوای دەرکردنی پێنج

---

[١]- **هیوا: هەمان سەرچاوە، ل١٧.**

[٢]- **نووسەرێکی نەزانراو: هەمان سەرچاوە، ل٢١.**

[٣]- **بۆچونی ئەوەش هەیە ئەم بڵاوکراوەیە ناوی (ڕۆشنبیری) بووبێت، بڕوانە: هەژار حاتەم: ڕۆژنامەنووسیی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق (١٩٨٢ – ١٩٩١ز) لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، (٢٠٠٥ز)، ل١٢٥.**

ژمارە، ناوەکەی گۆڕرا بۆ (نیگا[١]) ئەم گۆڤارە گرنگیدەدا بەبواری پەروەردەیی و ڕۆحی و پێگەیاندنی کادرو ئەندامانی نوێ لەسەر کاری بانگەواز و قوربانیدان، هەروەها لایەنی بیر لەو بوارانە بوو، کە بڵاوکراوەکە گرنگی پێدەدا[٢].

بڵاوکراوەکە چەند نوسخەیەکی لەبەردا دەنوسرایەوەو زۆر بەنهێنی بەناو ڕێکخستندا بڵاودەکرایەوە، هەرچەندە ئەم بڵاوکراوەیە سادەو ساکار بوو، بەڵام وەکو سەلماندنی بوونی ئەم باڵە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، دەکرێ بەجۆرێك لەڕاگەیاندن و پەیامی پەروەردەیی ناوخۆی ئەو باڵە ناوزەدبکرێ[٣].

ساڵی (١٩٨٣ز) لیژنەی ڕۆشنبیری دروستکرا، سەرەتا لیژنەکە پێکهاتبوو لە: (ئیکرام کەریم، ئارام قادر، تۆفیق کەریم، عەبدوڕڕەزاق حامید، وەرزێر حەمە سەلیم[٤])، دواتر (کامیل عەبدوڵڵا، حەمەعەلی ڕەحیم) بەشداربوون[٥]، لیژنەی ڕۆشنبیری، کەوتنە چالاکی نواندن و چەندین کتێب و نامیلکەیان نووسی و وەریانگێڕایە سەر زمانی کوردی، پاش ئەوەی چەندین نوسخەیان لەبەر دەنووسرایەوە، بەنهێنی بەناو ڕێکخستندا بڵاودەکرانەوە[٦].

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو: هەمان سەرچاوە، ل٢١-٢٢.

[٢]- هەژار حاتەم: هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

[٣]- سەبارەت بەگرنگی و ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکە، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٢٤-١٣٠.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

[٥]- نووسەرێکی نەزانراو: هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

[٦]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

لیژنەی ناوبراو، هەر سێ زنجیرەی (ناودارانی ئیسلام، هەڵکەوتووانی ئیسلام، دوژمنانی ئیسلام)ی بەنهێنی بڵاوکردەوە[١]، هەموو ئەمانە دەچوونە پاڵ سەرچاوە پەروەردەییەکانی تری ئەم باڵەو ئەندامەکانی خۆی لەسەر پەروەردەدەکرد.

سێیەم/ دیدو تێڕوانین و سەرچاوەی پەروەردەیی

کاتێك بمانەوێت قسە لەسەر دیدو تێڕوانینی ئەم باڵەی ئیخوان بکەین، تووشی گرفت دەبین و بەڵگەی ئەوتۆمان بەردەست ناکەوێت. هۆکاری سەرەکیی ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کاری نهێنیی ئەم باڵە، چونکە ئێمە باس لەقۆناغێك دەکەین، کە ئەم باڵە وەکو گروپێکی نهێنی کاری کردووەو ئاشکرا

---

[١]- ئەم زنجیرانە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٧ز) بڵاوکراونەتەوەو زنجیرەی ناودارانی ئیسلام، ژیان و بەسەرهاتی چەندین کەسایەتیی لەخۆگرتوە، لەوانە (ئیمام شافیعی، ئەحمەد کوڕی حەنبەل، سەعید نوورسی، موحەممەد عەبدە... تاد.)، هەروەها زنجیرەی هەڵکەوتووانی ئیسلام، تەرخانکرابوو بۆ خستنەڕووی ژیان و تێکۆشانی هەڵکەوتووانی رابوونی ئیسلامیی و کەسایەتییە ئیسلامییە هاوچەرخەکان، لەوانە: (ئەحمەد کوڕی عیرفان، ئەبو ئەعلای مەودودی، حەسەن بەننا، سەید قوتب... تاد.)، هەروەها زنجیرەی دوژمنانی ئیسلام، تایبەت بووە بەباس و لێدوان دەربارەی هەر فیکرو ئایدیاو جوڵانەوەیەك، کە دژی ئیسلام و موسوڵمانان بووبن و پلان و نەخشەیان بۆ داگیرکردنی جیهانی ئیسلامیی دارشتبێت، لەوانە: دەربارەی (جولەکە، موژدەدەران، رۆژهەڵاتناسان... تاد.)، هەندێ نامیلکەو کتێبیش وەرگێڕرانە سەر زمانی کوردی لەوانە: شەوانی تورکستان، بۆ گەنجەکان... تاد.)، بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو بڵاوکراوانە، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٣٠-١٣٦.

نەبووە، ئەوکاتە، لەقۆناغێکدا بوون زیاتر سەرقاڵی پەروەردەکردن و دروستکردنی ڕێکخستنێکی تۆکمە بوون، نەك کاری سیاسی، بۆیە بەدرێژایی تەمەنی ئەم باڵە، تا ساڵی (١٩٨٥ز) تەنها یەك بەیاننامەی دەرکردووە کە تا ڕادەیەك مەدلولێکی سیاسیی تێدا دەخوێنرێتەوە، ئەم بەیاننامە، لەساڵی (١٩٨٣ز)دا دەرچووەو تێیدا هاتووە: "ڕێکخستنی نوێ درێژەپێدانی برایانە، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا دەیەوێت دەستی گەلی کوردی تینو بگرێت بۆ سەر کانیی زوڵاڵی ئیسلام، تا دەست بەکاروبوونەوەی ڕێکخستنی گشتی، لەو کاتەدا ڕێکخستنی نوێ، سەربازێکی گوێڕایەڵ دەبێت"[١]، ئەم بەیاننامە، جگە لەئەندامانی ڕێکخستن، نیشانی ئەندامە دێرینەکانی ئیخوانیش درا[٢].

لەم بەیاننامەدا، ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ئەم باڵە وێڕای ئەوەی خۆیان وەکو درێژەپێدەری ئیخوان ناساندووە، خۆیان بەبەشێك لەئیخوانی عێراق زانیوە، هەر بۆیە لەکاتی دەستبەکاربوونەوەی ئیخوان لەعێراق، ئەم گروپە دەبێتە سەربازێکی گوێڕایەڵی ئەو ڕەوتە، پێدەچێت مەسەلەی نەبوونی ڕەسمییەتی کارکردن لەو کاتەدا، کە هەمیشە لەلایەن ئیخوانە دێرینەکانەوە جەختی لەسەر دەکرایەوەو ببووە چەکێك بۆ دژایەتیکردنی ئەم باڵە، هێندە کاریگەر بووبێت کە ئەم باڵەیان ناچارکردبێت بەیانێکی لەو شێوە دەربکەن، هەر بۆ

١- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٢١، نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل١٨.

٢- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل١٨.

هێورکردنەوەشیان ناچاربوون بەیاننامەکەیان نیشانبدەن، چونکە ئیخوانە دێرینەکان پێیانوابوو دەبێت چاوەڕێبن، تا لەبەغدادەوە بڕیاری کارکردن دەدرێ، خۆ ئەگەر بڕیارێکی ناوەند (مرکز)ی لەو شێوە نەبێت، ئەوە نەك کارکردن، بەڵکو هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بیر لەو مەسەلانە بکاتەوە[١].

سەبارەت بەسەرچاوەی پەروەردەیی ئەم باڵە، وەکو هەر ڕێکخستنێکی دیکەی ئیخوان، بەرهەم و نووسراوی بیریارانی ئیخوان پلەی یەکەم داگیردەکات، نووسینەکانی: (سەعید حەوا، فەتحی یەکن، سەید قوتب، مەودودی، حەسەن بەننا) برەوی باشیان هەبوو، کتێبی (ماذا يعني انتمائي للاسلام) لەنوسینی فەتحی یەکن، بەشێوەیەکی مەنهەجی نووسراوەو لەپێگەیاندنی عەقڵییەتی مەنهەجی ڕۆڵی بەرچاوی دەبینی و لەوانەکاندا دەوترایەوە[٢]، لەسەرەتای کاردا گرنگیی زۆر دەدرا بەو بابەتانەی کە باس لەپاککردنەوەی دەروون و گەردنگیریی بەئیسلامەوە دەکەن و بەشێوەیەکی مەنهەجی نووسراون، لەو ڕووەوە بەرهەمەکانی گەیلانی و غەزالی و نوورسی دەخوێنران[٣].

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد ڕەئوف، سلێمانی، (٦/١٢/٢٠٠٤ز).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ مەولود باوەموراد، هەولێر، (١٨/١٢/٢٠٠٤ز).

جارجارەش چەند دانەیەك لەگۆڤارەکانی (الدعوة، المجتمع، النذير، المسلمون) بەنهێنی دەگەیشتنە دەست ئەندامانی ڕێکخستن و دەستاودەستیان پێدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤاری (التربية الاسلامية) تاکە نوسراوی عێراقی بوو، ئەندامانی ڕەوتی ئیسلامیی لەباسەکانی سوودمەند دەبوون[١]، هەموو ئەمانە لەپاڵ ڕۆشنبیرییەکی گشتی، لەماوەی چەند ساڵێکدا ئەندامان وەریاندەگرت و لەسەری پەروەردە دەبوون.

[١] - نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

هێڵی سەلاحەددین موحەممەد بەهائەدین

یەکەم/ دروستکردنی کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامی

یەکەم هەوڵی ئەم باڵە بۆ دەستپێکردنی کار، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٠ز) لەسەروبەندی دەستپێکردنی جەنگی عێراق- ئێراندا لەکۆبوونەوەیەکدا لەهەڵەبجە کە (سەلاحەددین موحەممەد، حەسەن شەمێرانی، ئیبراهیم رێشاوی، عەلی موحەممەد... تاد.) تێیدا بەشداربوون، بیرۆکەی دەستپێکردنەوەی کار گەڵاڵەکرا، بۆ ئەو مەبەستە، وەفدێك پێکهێنرا لە (سەلاحەددین موحەممەد، ئیبراهیم رێشاوی، عەلی موحەممەد، حەسەن شەمێرانی)و سەردانی شارەکانی کەرکوك و موسڵ و هەولێرو سلێمانی کرد[١]، لەو سەردانانەدا، ژمارەیەك لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوان بەسەرکرانەوەو بیروڕایان ئاڵوگۆڕکرد، بەڵام هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە[٢]، بیرۆکەی ئەم کۆبوونەوەیەش لەلایەن خودی سەلاحەددین موحەممەدەوە پێشنیازکرابوو[٣]،

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٦/١/٢٠٠٥ز).

[٢]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، ل٦.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٦/١/٢٠٠٥ز).

ناوبراو یەکێکە لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوان و لەساڵی (١٩٦٧ز) بۆتە ئەندامی ئیخوان[١].

دەستپێکردنی جەنگی عێراق- ئێران، ژمارەیەکی زۆر گەنجی راپێچی بەرەکانی شەڕ کرد، زۆرێکیش هەڵاتن (فیرار بوون) بەرەو گوندەکان، یاخود ئێران، سەلاحەددین موحەممەد، یەکێك بوو لەوانەی بەرەو ئێران هەڵات، لەماوەی دوو ساڵی یەکەمی شەڕدا، ژمارەیەك لەئەندامانی ئیخوان ئاوارەی ئێران ببوون، ژمارەیەکیان لەشارەکان و هەندێکیان لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێبوون، لەوێ بەمەستی دەستپێکردنی کاری رێکخراوەیی جۆرێك لەپەیوەندیکردنیان بەیەکەوە دروستکرد[٢].

سەرەنجامی ئەم پەیوەندییانە بەوە گەییشت، کە مانگی (مایسی ١٩٨٢ز) نزیکەی (١٥-٢٠)[٣] کەس لەئوتێلی (ئەلوەندرود) لەتاران کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، لەناویاندا (سەلاحەددین موحەممەد، شێخ عەبدوڕڕەحمان ئازادی- بەرزنجی، فاتح کرێکار، عەلی موحەممەد، حەسەن شەمێرانی، بورهان موحەممەد ئەمین، موحەممەد حەسەن، دارا، ئەبو حەمید -عەرەب بوو-،

---

[١]- باوکی ئوسامە: هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٥، لەیادی سێزدەهەمین ساڵڕۆژی وەفاتی خواناسی موجاهید؛ مامۆستا علی محمد بهاالدین دا، رۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە: ٨٢، (١٩٩٥/١٢/٢٢ز).

[٢]- باوکی ئوسامە: هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٦.

[٣] رای مامۆستا کرێکار: کەسەکان بە پێی ئەو سەرچاوانەی خودی نووسەریش ناگەنە ١٢ کەس.

ئەبو داود -عەرەب بوو-، رازی)[١]... سەبارەت بەهەمان کۆبوونەوە حەسەن شەمێرانی بەم شێوەیە ناوی بەشداربووان دێنێت: (سەلاحەددین موحەممەد، شێخ عەبدوڕڕەحمان ئازادی، عەلی موحەممەد، حەسەن شەمێرانی، بورهان موحەممەد ئەمین، فاتح کرێکار، ئەبو یاسر، موحەممەد حەسەن، ئەبو حەمید[٢])... هەروەها فاتح کرێکار بەم شێوەیە ریزبەندیی ناوی بەشداربووان دەکات: (سەلاحەددین موحەممەد، شێخ عەبدوڕڕەحمان بەرزنجی، بورهان موحەممەد ئەمین، حەسەن شەمێرانی، موحەممەد حەسەن، ئەبو یاسر ئەلبەیاتی –تورکمان-، ا. ج. ئەلباوی –عەرەب-، فاتح کرێکار [٣])... دوای وتووێژو راگۆڕینەوە، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە:

١-پارتێك دروستبکرێ، بەکۆی دەنگ ناوی کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامیی (جماعة الانصار الاسلامية) بۆ پارتەکە دیاری کرا.

٢-وەفدێك پێکبێت و سەردانی ئێرانییەکان بکات و پێیان رابگەیەنێت کە:

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ بورهان موحەممەد ئەمین، سلێمانی، (٢٠٠٥/٢/٦ز).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

[٣]- الحركة الاسلامية في كردستان العراق واقع وأمل، ص٤٦.

أ-ئێمە کاری ڕێکخراوەیی و پەروەردەیی دەکەین، دەبێت ئێران ڕێگەمان بدات پەیوەندی بەو کەسانەوە بکەین کە لەژێر دەستی بەعس هەڵدێن، یاخود لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێن.

ب- ڕێگەمان بدات دوو بارەگا لەپاوەو مەریوان بکەینەوە.

ج- ئێمە کۆمەڵێك ئەندامی ئیخوان موسلیمینین و ئێستا بەو شێوە دژی بەعس کاردەکەین[١].

بەگوتەی فاتح کرێکار، داواکارییەکانی کۆمەڵی ئەنسار لەحکومەتی ئێران بریتیبوون لە:

١-پێدانی چەکی پێویست.

٢-پشتیوانیکردنی سیاسی و سەربازی و راگەیاندن.

٣-دیاریکردنی بودجەی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی تا لەسەر پێی خۆی بوەستێت.

٤-کردنەوەی بارەگا لەتاران و شارە سنوورییەکان.

٥-دروستکردنی سەربازگەی مەشقکردن و سەرپەرشتیکردنی لەلایەن لیژنەی سەربازیی کۆمەڵی ئەنسار.

٦-ڕێگەبدرێ بەهێنانە دەرەوەی هەر پەنابەرێك لەئۆردوگاکانی پەنابەران کاتێك پەیوەندی بکات بەڕیزەکانی تیپە چەکدارییەکانەوە[١].

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

هەر لەوێدا، شێخ عەبدوڕڕەحمان ئازادی بەکەسی یەکەم و سەلاحەددین موحەممەد بەجێگری دەستنیشانکرا، بەڵام پاش ماوەیەك سەلاحەددین موحەممەد کرایە بەرپرسی یەکەم[٢]، وەفدەێکیش کە پێکهاتبوو لە (سەلاحەددین موحەممەد، بورهان موحەممەد ئەمین، عەلی موحەممەد سەردانی جێگری سەرۆك وەزیرانی ئێرانی کردو بەئامادەبوونی (جەواد خالسی خواستەکانیان خستەڕوو، ئەویش بەڵێنی پێدان داواکارییەکانیان بگەیەنێتە حکومەتەکەی[٣].

ئەم کۆمەڵە پەیڕەوو پرۆگرامیان بۆ پارتەکەیان داناو لەناو ئاوارەکاندا کەوتنە کارکردن، ژمارەیەك گەنجیان لێکۆبۆوە[٤]، هەر لەو ماوەشدا گۆڤاری (ئەنسار) وەکو زەمانحاڵی پارت دەرچوو[٥].

---

[١]- الحركة الاسلامية في كردستان العراق واقع وأمل، ص٤٦.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ بورهان موحەممەد ئەمین، سلێمانی، (٢٠٠٥/٢/٦ز). رای مامۆستا کرێکار: جەواد خالصی عیراقییەو لە هیچ حکومەتێکی ئێرانییدا نەبووە، ئەوە هەڵەیە بوترێت: (بەڵێنی پێدان داواکارییەکانیان بگەیەنێتە حکومەتەکەی) جەواد خالصی لە کۆنەوە پەیوەندی لەگەڵ زۆرینەماندا هەبووە، دژی رژێمی بەعس بوو، سەر بە ئێران نەبوو، دژ بە ئیحتیلالی ئەمریکاو هەموو پرۆژەکانیشی بوو. ئێستا ئایەتوڵڵایەو لە کازمییەی بەغدایەو حەوزەی عیلمی خۆیان هەیە

[٤]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٦.

[٥]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

هەرچەندە لەخواستەکانی ئەم پارتەدا ئەوە هاتووە کە سەر بەئیخوان موسلیمینن، بەڵام ئەو کارە ڕەزامەندیی بەرپرسانی ئیخوانی لەسەر نەبوو، واتە کارێکی خودی سەری بوو[١]، بەڵام بەگوتەی فاتح کرێکار: مەسەلەی چەکداری لەپێشینەی کاری کۆمەڵی ئەنسار بووە، هەر لەو ڕووەوە نووسەری (هاڵەکۆك) بۆچوونەکەی فاتح کرێکار پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: "بنەماکانی (انصار) لەدوو خاڵی سەرەکیدا خۆی دەبینییەوە: بانگەشەی جیهاد، سەربەخۆیی لەبرایان"[٢]. هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەم پارتە فاتح کرێکار دەستنیشان دەکات تا لەئۆردوگای خوڕەم ئاباد مەشقی سەربازی بەلاوەکان بکات"[٣].

ئەم پارتە ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو، بەڵام ئێران بەبوون و نەبوون وەڵامی نەدانەوە، ئەمەش دامەزرێنەرانی هێنایە سەر ئەو رایەی، کە ئێران خواستەکانیان بەدیناهێنێت، بۆیە باشتروایە دەستبەرداری ئەم پارتە بن، لەم رووەوە سەلاحەددین موحەممەد باس لەکارو چالاکی و چارەنووسی پارتەکە دەکات و دەڵێت: "... ئیتر ئەو هەوڵ و کۆششە لەکۆکردنەوەی گەنجەکان لەخۆمان و بۆ ڕەسمیکردنی کارەکە بەردەوامبوو، بەڵام خاڵی دووەم (واتە: ڕەسمیکردنی کارەکە) سەرینەگرت، چونکە پەیوەندی بەهاوکاریی برا شیعەکان

---

[١]- وەڵامێك بۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی، گوڤاری جەماوەر، ژمارە <٤٧ ١>ی کانونی یەکەمی (١٩٩٥ز)، ل٢٠.

[٢]- هیوا، ل١٨.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

و حکومەتی ئێرانەوە بوو، خاڵی یەکەم بەردەوامبوو، هەر بۆیەش ناوی (انصار) کاڵبووەوەو چووینەوە سەر ناوەرۆکەکەی خۆمان (برایان)"[١]. ئەم دەقە ئەو راستییەی پێشوومان بەتەوای بۆ دەچەسپێنێت کە ئەو پارتە لەبنەڕەتدا سەر بەئیخوان نەبووە.

دووەم/ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی رێکخستنی ئیخوان

بەهەڵوەشاندنەوەی (ئەنسار) زۆربەی دامەزرێنەرانی پەرتەوازەبوون، بەڵام ئەوانەی مابوونەوە لەناو ئاوارەکاندا درێژەیان بەکارداو کەوتنە چالاکی و توانییان ژمارەیەکی زۆر گەنج لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە[٢]، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ فراوانبوونی چالاکیی ئەو باڵە.

دوای دەرچوونی حەسەن شەمێرانی و عەلی موحەممەد لەئۆردوگا، لەپاوە ژوورێك بەکرێدەگرن، هەر لەو سەروبەندەشدا سەلاحەددین موحەممەد لەپاوە دەبێتە پێشنوێژی مزگەوتی بیلال، پاشان بورهان موحەممەدو چەندین کەسی تر روودەکەنە ئەوێ، ئەوان لەپاوە بەدوو ئاراستە کەوتنە کارکردن، ئاراستەی یەکەمیان/ پەیوەندییان کرد بەو کەسانەی لەعێراقەوە دەهاتن، یاخود لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێبوون، ئاراستەی دووەم/ لەناو خەڵکی پاوە

---

[١]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٦.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

کەوتنە جموجۆڵ و وانە بۆ کۆمەڵێك کەس دادەنێن، هەندێك لەوانە خوێندکاری ئامادەیی بوون[١].

دوای ئەوەی تا رادەیەك رێکخستنێکی تۆکمە دروستدەکەن، بیر لەوە دەکەنەوە پەیوەندیی بەئیخوانەکانی باشووری کوردستانەوە بکەن، بەو هیوایەی کاری رێکخستنی تێدا بونیادبنێن، بۆ ئەو مەبەستە (حەسەن شەمێرانی، عەلی موحەممەد) دیاریدەکرێن، ئەم دوو کەسە لەساڵی (١٩٨٣ز) گەڕانەوە باشووری کوردستان[٢].

کاتێك ئەم دوو کەسە گەڕانەوە، جگە لەباڵی سدیق عەبدولعەزیز، چەندین کەسایەتی لەناوچەکانی هەڵەبجەو سەیدسادق و هەولێرو سلێمانی، بەشێوەی سەربەخۆ دەستیان بەکاری پەروەردەیی کردبوو، کاری ئەمانە زیاتر بەشێوەی گروپ گروپ بوو، هەر مامۆستایەك کۆمەڵێك قوتابی لەدەوری خۆی کۆکردبووەوەو وانەی پێدەوتن[٣]، ژمارەیەك لەو مامۆستایانە پێشتر ئەندامی ئیخوان بوون، سەرچاوەی پەروەردەییان هەمان ئەدەبیاتی ئیخوان بوو، لەپاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێك کەسایەتی هەبوون، ئیخوان نەبوون، بەڵام رۆڵی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل١٧-١٨. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەولود باوەموراد، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

بەرچاویان بینی لەبەرەوپێشبردنی رەوتی ئیسلامیی، تەنانەت هەندێك لەو کەسایەتییانەش بەتوندی دژی ئیخوان دەوەستانەوە[١].

کاتێك (حەسەن شەمێرانی و عەلی موحەممەد) گەڕانەوە، پەیوەندییان کرد بەهەندێك لەو مامۆستایانەوەو توانییان ژمارەیەکیان لەچوارچێوەی رێکخستنەکەی خۆیاندا کۆبکەنەوە، لەوانە (حەسەن پێنجوێنی) لەسلێمانی (حەمەڕەشید ماوەتی و محێدین گەڵاڵی) لەسەیدسادق، (ئیبراهیم رێشاوی) لەهەڵەبجە (موحەممەد ئەحمەدو هیوا میرزا سابیر) لەزانکۆی موسڵ[٢]، ئەو هەنگاوە گوڕێکی باشی بەو باڵە داو تا رادەیەك بەرەو پێشچونێکی کارەکانیان بوو، دواتر لەساڵی (١٩٨٤ز) بورهان موحەممەد ئەمین دەگەڕێتەوەو ئەویش لەپاڵ ئەواندا دەکەوێتە چالاکی نواندن[٣].

بەگوتەی بورهان موحەممەد ئەمین، لەو ماوەیەدا سەلاحەددین موحەممەد، توانیبووی چەند ئەڵقەیەك بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان دروستبکات، بەمەش ئاگاداری کاری رێکخستنی باشووری

---

[١]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٢٠، لەبەشی دووەمدا بەدرێژیی باس لەکاری ئەو قۆناغە کراوە.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ بورهان موحەممەد ئەمین، سلێمانی، (٢٠٠٥/٢/٦ز).

کوردستان دەبوون[١]، تەنانەت خودی سەلاحەددین موحەممەد، لەو ماوەدا چەند جارێك بەنهێنی سەردانی باشووری کوردستان دەکات و لەنزیکەوە چاودێریی بەرەو پێشچوونی کارەکان دەکات[٢].

هەرچەندە ئەم باڵە توانییان شانەی ڕێکخستن لەباشووری کوردستان دروستبکەن، بەڵام بەکردەیی (فعلي) ئێران ببوە مەیدانی کارکردنیان، بەتایبەتیش لەناو ئاوارەکاندا کارو چالاکییان هەبوو، لەنێوان ساڵانی (١٩٨٣-١٩٨٤ز) چەند ئامێرێکی چاپ پەیدادەکەن و کتێبی (ماذا يعني انتمائي للاسلام)یان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و دواتریش فارسی و چاپیان کرد[٣].

هەروەها لەساڵی (١٩٨٤ز) گۆڤارێکی وەرزییان بەناوی (نداء الغريب) بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی دەرکرد، ئەم گۆڤارە زیاتر گرنگی بەبابەتی ئایدۆلۆژیاو تەفسیرو پەروەردە دەدا[٤]، دەکرێت ئەم گۆڤارە بەزمانحاڵی ئەو باڵە دابنێین.

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٦/١/٢٠٠٥ز).

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ بورهان موحەممەد ئەمین، سلێمانی، (٦/٢/٢٠٠٥ز).

[٤]- عمر عبدالعزيز، گۆڤاری (نداء الغريب) نۆبەرەی کاری ڕۆژنامەگەریی ئیسلامیی لەکوردستان، ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە <١٨٤>، (٢٤/٤/١٩٩٨ز) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوەڕۆك و ڕۆڵ و کاریگەریی گۆڤارەکە، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٤٩-٥٢.

بەهەمان شێوەی باڵی سدیق عەبدولعەزیز، مەسەلەی نەبوونی رەسمییەتی کارکردن، لەو کاتەدا ببووە گرفتی سەرەکیی ئەو باڵە، بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگە، سەلاحەددین موحەممەد لەبیری پەیوەندیکردن بەسەرکردایەتی ئیخواندا بوو، بۆ ئەو مەبەستە، ساڵی (١٩٨٥ز) دەچێتە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی و لەوێ چاوی بەئیخوانە عێراقییە دێرینەکان دەکەوێت، ئەوان مۆڵەتی رەسمیی کارکردنی پێدەدەن و دەیکەنە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان لەئێران[١]، دەربارەی چۆنێتیی دروستکردنی ئەم پەیوەندییە، سەلاحەددین موحەممەد دەڵێت: "ساڵی (١٩٨٥ز) کە بەرەسمی لەئێران پەیوەندیمان کرد بەتەنزیمی جیهانیی برایانەوە لەرێگەی برا عێراقییەکانی دەرەوەی عێراقەوە"[٢].

ئەم هەنگاوە بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت لەمێژووی ئەو باڵەدا، بەهۆی رەسمییەتی کارکردن، توانی تێکڕای کاری ئیخوان لەئێران بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە[٣]، لەهەمان کاتدا بووە پاڵپشتێکی گەورە بۆ کاری ئەم باڵە لەناو

---

[١]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل١٩، نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٣٠.

[٢]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٧.

[٣]- سەبارەت بەکاری رەوتی ئیسلامیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو، خۆی لەچەند باڵێکدا دەبینییەوە، لەحەفتاکانەوە زانای ناسراوی کورد ئەحمەدی موفتی زادە لەژێر ناوی مەکتەب قورئان دەستبەکار ببوو، هەروەها رەوتی ئیخوان موسلیمین کارو چالاکی هەبوو، ناسری سوبحانی دیارترین کەسایەتیی رەوتی ئیخوان بوو، بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین لەکاتێکدا ئیخوان لەرۆژهەڵاتی کوردستان کارو چالاکی هەبووە، جۆری پەیوەندییان بەباڵی سەلاحەددین

ئەندامە دیرینەکانی ئیخوان لەباشووری کوردستان، تا چیتر بەناوی نەبوونی ڕەسمییەتی کارکردن دژایەتی نەکەن.

لەلایەکی ترەوە بەم هەنگاوە، کاری ئەو گروپە بەکردەیی بووە بەشێك لەکاری ئیخوانی، ئەمەش پاڵپشتێکی ماددیی گەورەی بۆ دروستکردن، چونکە لەو کاتەدا ئیخوان پرۆژەیەکی بەناوی (فەتحی ئێران) دەستپێکردو بۆ ئەو مەبەستە بنکەیەکی لەئەردەن کردەوەو بڕێکی زۆر پارەی بۆ تەرخانکرد، بەشێکی ئەو پارەیەش بەر ئەم باڵەی ئیخوان کەوت و بۆ ئەنجامجانی چالاکییەکانیان لێ سوودمەند بوون[1].

موحەممەدەوە چۆن بووە؟ چونکە ناوبراو لەسنووری جوگرافیی ئەواندا کاری دەکرد، هەڵبەتە بەپێی مادەی (٤٧) لەپرۆگرامی گشتیی ئیخوان موسلیمین، پەسەندکراو لەلایەن شورای گشتی لە (١٩٨٤/٧/٢٩ز) هەر ئەندامێکی ئیخوان لەتاراوگە، دەبوو بەملکەچی بچوایەتە ژێر فەرمان و سەرکردایەتیی ئیخوانەکان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەك بەباڵێکی سەربەخۆ کاربکات، بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە وردەکاریی ئەو مەسەلە ڕونبکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پەیڕەوو پرۆگرامی گشتیی ئیخوان موسلیمین، بڕوانە: مجموعة من الباحثين: الحركة الاسلامية رؤية مستقبلية، اوراق في النقد الذاتي، تحرير وتقديم د. عبدالله النفيسي، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي، القاهرة، (١٩٨٩م)، ص٤٠١- ٤١٦. ڕای مامۆستا کرێکار: ئەمەی نووسەر دەیڵێ جۆرێکە لە لاوازکردنی کاری باڵی مامۆستا صلاح الدين محمد بهاء الدين. ئەگەر وا نییە دەبوو ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئایا ڕیکخستنێکی ڕەسمی لە ئێراندا هەبوو سەر بە ئیخوان بێت؟ ئەگەر هەبوو، دەبوایە نووسەر بەڵگەی لەسەر بهێنێت یان لانی کەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسێکیاندا بکردایە. ئەگەر باڵی ڕەسمی ئیخوان نەبووە ئیتر چۆن ئەمان کە ڕەسمێتییان پێگەیشتووە دەبێت سەر بە شتێکی مەجهوول بن؟!

[1] - لەسەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی ئیسلامیی لەئێران، ڕازگری ڕێکخستنی دەوڵی ئیخوان موسلیمین پەیوەندی بەبەرپرسە ئێرانییەکانەوە کردو دەربارەی چۆنێتیی هاوکاریکردنی یەکتر

وتووێژیان کرد، ئێرانیش لەلای خۆیەوە (کەمال خەرازی)ی بەنوێنەری خۆی دەستنیشان کرد تا پەیوەندی بەئیخوانەوە بکات، لە (١٩٧٩/٥/١٤ز) رازگری رێکخستنی دەولی ئیخوان لەشاری لۆکانۆی سویسرا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداو چەند بڕیارێکی بەپەلەی سەبارەت بەئێران دەرکرد، لەوانە:

١- وەفدێکی پێکهێنا لە (عەبدوڕڕەحمان خەلیفە- ئەردەنی ، جابر رزق– میسری، سەعید حەوا- سووری، غالب هیممەت– سووری، عەبدوڵلا سلێمان عوقەیل- سعودی) ئەم وەفدە لەحوزەیرانی (١٩٧٩ز) سەردانی ئێرانی کردو بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە پیرۆزبایی ئیخوانیان بەسەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران گەیاند.

٢- دەرکردنی چەند کتێبێك دەربارەی شۆڕشی ئێران و برەودان بەباسکردنی لایەنی ئیجابیی شۆڕش و سەرکردەکانی.

٣- دروستکردنی پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ بزاڤی خوێندکارانی موسوڵمان لەئێران لەڕێگەی یەکێتیی جیهانی قوتابیانی موسوڵمان و چالاککردنی بزووتنەوەی وەرگێڕان بۆ فارسی بەتایبەتی وەرگێڕانی کتێب و ئەدەبیاتی ئیخوان.

٤- کۆمەکیکردنی ئێران لەڕووی راگەیاندنەوە، تا ببێتە پاڵپشتی دەزگاکانی راگەیاندنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران.

هەرچەندە ئیخوان هەنگاوی پەلەی نا لەچونە پێشەوە لەئێران، بەڵام سەرکردەکانی ئێران هێندە گەرموگوڕ نەبوون، هەر بۆیە هەردوولا لەنێوان ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٥ز) زانییان نێوانیان ئاسمان و رێسمانە، لێرەوە ئیخوان هەڵوێستی گۆڕی و لیژنەیەکی پێکهێناو پرۆژەی (فەتحی ئێران)ی کردە ئامانج و لەعەممانی پایتەختی ئەردەن بارەگایەکی بۆ کردەوەو بۆدجەی تایبەتی بۆ پرۆژەکە تەرخانکرد، ئامانجی سەرەکیی ئەو پرۆژەیە گۆڕینی شیعەکانی ئێران بوو بۆ سوننە، ئەمەش بەڵگەی کەمیی هۆشیاریی سیاسییە لای سەرانی ئیخوان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مجموعة من الباحثين: الحركة الاسلامية رؤية مستقبلية، اوراق في النقد الذاتي، ص٢٤٨-٢٤٩. خرۆشاو گەرمیانی دەربارەی خەرجکردنی پارەی ئەو پرۆژەیە نووسیویەتی: "ئەو پارەیەی کۆکرایەوە بۆ فەتحی ئێران بەکاردەهێنرا بۆ دژایەتیکردنی خەتەکانی تری ئیخوان لەناو ئێرانداو سەرکوتکردنی جەماعەتی شێخ موفتی زادەو ساردکردنەوەی خەڵکی لەبزوتنەوەی ئیسلامیی و جیهادکردن". سەرباەرت بەو بۆچوونەی خرۆشاو گەرمیانی، زانیاریی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییەو نازانین ئاخۆ لەواقیعدا

وابووە یان نا؟ ئیخوان لەتەرازووی شەرع و واقیعدا، بەشی یەکەم، ب، ش. ب. م، ل٢٦. رای ماموستا کرێکار: نازانم داخو راستە کە پروژەکە ناوی (فەتحی ئێران و بو بەسوننیکردنی شیعەی ئێران) بووە یان نا، چونکە ئەمە دیدێکی ساویلکانەیەو لە ئیخوان ناوەشیتەوە، کە شیحەیەکی شحوودییە یان شیحەیەکی لوبنانیان نەکردە سوونی ئێستا کەی مەعقوولە تەماعیان لە بەسوونیکردنی شیعەی ئێراندا هەبوویێت کە بوونەتە دەولەت؟! بەڵام پروژەکە _ئەوەندەی من ئاگاداریبووم و یەکێک بووم لە لێبراو (موتوفەریغ) کراوان بوی: ماموستا صلاح الدین کە وازی لە کاری ئەنصارەکە هێناو هەڵیوەشاندەوەو بەڵێنیدا کە باسی جیهاد نەکاتەوە، رەسمیەتی ئیخوانی بو باڵەکەی خوی وەرگرت. ئەم دوو شتە: وازهێنان لە بیرکردنەوە لە جیهادو رەسمییەت وەرگرتنەکەی پاڵاوتیان بو بوجەیەکی باش کە ئەندامانی پێ موتەفەیغ بکرێت. خوی نزیکەی چوار سەد دولارو برایانی خوار ئەو سێسەدو خوارووتر دووسەد دولاری مانگانەیان لە ئێران بو برڕایەوە. بو من و هاوشانانم کە لە پاکساتان بووین سێ سەد دولارو دواتر بومان کرا بە چوارسەد دولار.. ئەمە پارەیەکی ئێجگار (بەس) بوو بو ژیانێکی باشی ئەو سەردەمە. محمد ئەحمەد راشد (کە لە ئیمارات دادەنیشت) سەرپەرشتیاری دووەمی کارەکە بوو (دوای دکتور ئوسامە تکریتی کە لە لەندەن دادەنیشت)، بەم رێکخراوە دەوترا (رەدیف) واتە پشتگیر، چونکە ئیخوانی نێو دەولەتی ئیعتیراقی پێنەدەکردن کە ببنە لقێکی ئیخوان لە عێراقدا مادام دکتور عبدالکەریم زێدانی ڕیبەر رەسمێتی لێنەسەندراوەتەوە. لەم کاتەشدا کەسێکی ئەردەنی (کە ئەسڵی کوردبوو) هاتە لای ئێمە لە پاکستان و مووچەی مانگانەو کرێخانووەکەشی لەسەر بوجەی ئەو رێکخستنە رەدیفە بوو. ئەسڵی هەموو پارەکەش ئیمارات دابینی کردبوو، مەبەستیش لێی دروستکردنی باڵیکی چالاکی ئیخوان بێت لە ناو ئێراندا تا هەر کاتێک ئێران تین و فشاری لەسەر ئیمارات یان دەوڵەتانی خلیج یان لەسەر عێراقی داهاتوو دروست کرد، ئیخوانیش بتوانێت ئەم باڵە ئیخوانییە بکاتەوە بە مایەی تین و فشار لەسەر ئێران !! ئەمە هەر وەکو کارەکانی تری ئیخوانی عێراق خەونێکی ئاڵ و واڵا دەرچووا!

کاری هەردوو باڵ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٩١ز

یەکەم/ کاری هەردوو باڵ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٨٧ز

١-یەکگرتن لەگەڵ ئیخوانەکانی عێراق

هەر لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، بیرۆکەی رێکخستن لەزۆربەی شارەکانی عێراق و کوردستان سەریهەڵدا، زۆربەی هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە پێشتر ئەندامی ئیخوان موسلیمین بوون، ئەو بیرانەش لەچوارچێوەی عێراقیبوون دەرنەدەچوون، بەردەوام لەهەوڵی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن و شەرعییەت و پێدانی سەرکردایەتیی کاری عێراقی لەناوەوە دەرەوەدا بوون[١].

بەهێزترین رێکخستن لەباشووری کوردستان، لەباڵی سدیق عەبدولعەزیزدا خۆی دەبینییەوە، بەڵام گەورەترین گرفتی ئەم باڵە نەبوونی رەسمییەت و رەزامەندیی سەرکردایەتیی ئیخوان بوو، لەلایەکی دیکەوە ئەم رێکخستنە لەسەرەتاوە جۆرێك لەخۆجێیەتی بۆ دروستبوو، ئەم حاڵەتە دۆخێکی وای خوڵقاندبوو کە سەرکردەکانی بەدوای چارەسەرو بەدیهێنانی مۆڵەتی کارکردندا

---

[١]- هادی عەلی، هەمان سەرچاوە، ل٦.

بگەڕێن[١]، ئەمەش بەپلەی یەکەم دەرەنجامی دژایەتیی ئەندامە دێرینەکانی ئیخوان بوو.

کاتێك لەسەرەتای هەشتاکاندا، چەند ئەندامێکی ئەم باڵە دەچنە شارەکانی بەغدادو موسڵ، لەڕێگەی (سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب) بەگروپێکی تری ئیخوان ئاشنادەبن، ئەو گروپە لەسەرەتای هەشتاکانەوە، لەژێر ناوی (جماعة الراية) دەستیان بەکارکردبوو، لەشارەکانی ناوەڕاستی عێراق ڕێکخستنیان هەبوو[٢]، گرنگترین کەسایەتییەکانی ئەو ڕێکخستنە بریتیبوون لە (دکتۆر عەبدولمەجید -ئەبو زەر- دکتۆر عیسام ئەلڕاوی، موحەممەد فازیل سامەڕائی، موحەممەد ئیبراهیم، عەلی ئەبو لحەسەن[٣]).

ئەو گروپە زیاتر لەناو زانکۆکاندا دەجوڵان و کارو چالاکییان هەبوو، ژمارەیەك پزیشك و ئەندازیارو ئەفسەرو خاوەن بڕوانامەیان لێکۆبووەوە، دواجاریش توانییان ڕێکخستنی دەوڵی ئیخوان موسلیمین رازیبکەن، کە رەسمییەتی کارکردنیان بداتێ، ئەوەش چەکێکی بەهێزی ئەو گروپە بوو بۆ بێدەنگکردنی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ مەولود باوەموراد، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ هیوا میرزا سابیر، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

ئیخوانە دێرینەکانی ناوخۆ، هەروەها ژمارەیەك لەو ئیخوانانەی بەشێوەیەکی پەرتەوازە جموجۆڵیان هەبوو گەردنگیری ئەو گروپە بوون[١].

سەرجەمی ئەو باڵانەی بەناوی ئیخوانەوە لەباشووری کوردستان کاریان دەکرد، پێویستیی ماددی و مرۆیی تەواویان نەبوو، ئەمەش یەکگرتن و لێك نزیکبوونەوەی ئەو باڵانەی پێویست دەکرد، دوای یەکترناسین و دروستبوونی متمانەو ئاگاداربوون لەکاری یەکتری (دکتۆر عیسام ئەلڕاوی) چەند جارێك دێتە هەڵەبجەو کۆبوونەوە لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز[٢]و سەلاحەددین موحەممەد دەکات، کە لەساڵی (١٩٨٤ز) بەنهێنی هاتبۆوە ناوچەکە[٣]، ئەنجامی ئەم سەردان و چاوپێکەوتنانە، ڕێکەوتنی نێوان باڵی سدیق عەبدولعەزیزو ئیخوانەکانی ناوەڕاستی عێراقی لێکەوتەوە لەساڵی (١٩٨٥ز)دا[٤].

دوای ئەم ڕێکەوتنە، باڵی سەلاحەددین موحەممەد، پەیوەندی بەناوبراوەوە دەکەن، تا هەڵوێستی خۆی دەربارەی بەشداریکردن لەو یەکگرتنە دەربڕێت،

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو: هەمان سەرچاوە، ل٣٧.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

[٤]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

ئەویش ئاگاداریان دەکات، کە باشتروایە کارەکان بکەن بەیەك[١]، ئەم یەکگرتنە، جگە لەچەند کەسێکی کەمی ئیخوان کە پێی ناڕازیبوون و بەشدارییان لەو پرۆسەدا نەکرد، سەرجەم باڵەکانی ئیخوانی کردەوە بەیەك[٢] لەلایەکی ترەوە، کاری ئیخوان لەکوردستان بەشێوەیەکی ئۆرگانی بەئیخوانی عێراقەوە بەسترایەوە، چونکە تا کاتی ئەو یەکگرتنە، ئیخوانەکانی کوردستان تەنها بەفیکر ئیخوان بوون، نەك بەشێوەی ئۆرگانی.

بەپێی ئەم ڕێکەوتنە دەبوو کاری کوردستان بدرێتە دەست کوردەکان و سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناوەڕاستیش بدرێتە دەست ئیخوانە عەرەبەکان، لەکوردستان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، کرایە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان، دانانی ناوبراو وەکو چارەسەرێکی ناوەندی بوو بۆ نەهێشتنی ئەو حاڵەتە دەروونییەی لەئەنجامی ململانێی باڵەکاندا لەکوردستان دروست ببوو، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز مایەی ڕەزامەندیی سەرجەم باڵەکان و جێگەی متمانەی هەمووان بوو، بەڵام بەشێوەیەکی کردەیی سدیق عەبدولعەزیز هەڵوسوڕێنەری کارەکان بوو[٣].

١- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ حەسەن شەمێرانی، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز)، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بورهان موحەممەد ئەمین، سلێمانی، (٢٠٠٥/٢/٦ز).

٢- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢، نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٣٩.

ئەگەر بمانەوێت دەربارەی هۆکاری ئەم یەکگرتنە بدوێین، ئەوا لێکدانەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت (موحەممەد رەئوف) کە ئەو کاتە ئەندامێکی چالاکی باڵی سدیق عەبدولعەزیز بووە، دەربارەی ئەم یەکگرتنە دەڵێت: "رێکخستنەکانی ناوەڕاست، بەر لەئێمە پەیوەندییان بەباڵەکەی ترەوە (سەلاحەددین موحەممەد - توێژەر) کردبوو، بەڵام نەگەیشتبوونە ئەنجام و لێکترازابوون، بۆیە بەدوای جێداردا دەگەڕان کە بۆشایی کوردستانیان بۆ پڕبکاتەوە، هاوکات فشارێکیش بێت لەسەر باڵەکەی تر، ئێمەش بچووك بووین و پێویستیمان بەوە بوو لەگەڵ کەسانێکدا تێکەڵبین، کە پێداویستیی ماددی و مرۆییمان بۆ دابینبکات"[1]، بەڵام (حەسەن شەمێرانی) هۆکاری سەرەکی دەگێڕێتەوە بۆ ویستی سدیق عەبدولعەزیز بۆ یەکگرتن، چونکە ئەو حەزی بەوە دەکرد زوو دەستبداتە کاری سیاسی[2].

نووسەری (کاروانی رێ) دەربارەی هۆکاری ئەم یەکگرتنە نوسیویەتی: "ا- رێکخستن خۆی بەئیخوان دەزانی، لەو تاقە بەیانەشدا کە دەریکردبوو، بەڵێنی دابوو هەر کاتێك ئیخوان دەستبەکار بوو، ئەو پێیانەوە پابەنددەبێت، ئەو رێکخستنەش مۆڵەتی رەسمییان وەرگرتبوو، دەبوو رێکخستن پێوەی پابەندبێت.

---

[1]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦ز).

[2]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٢٦ز).

ب- ئەو یەکگرتنە گرفتی نەبوونی ڕەسمییەتی کارکردنی چارەسەردەکرد، کە ببووە چەکی دەستی ئیخوانە دێرینەکان بۆ دژایەتیکردنی ئەم ڕێکخستنە نوێیە.

ج- ئەم یەکگرتنە دەبووە هۆی پێکەوە بەستنی سەدان کادرو ئەندام، ئەمەش سنوری کارەکەی فراوان دەکردو ڕێکخستن دەبووە هێزێکی گەورە.

د- ئیخوانەکانی دیکەش مەبەستیان بوو ئەم یەکگرتنە بکەن، چونکە کارەکەیان بەرفراوان و گەورە دەبوو، هاوکات دەبووە کارتێکی بەهێز بۆ زیاتر وەڵامدانەوەو هاتن بەدەم خواستەکانیانەوە لەلایەن ئیخوانی دەرەوە"[١].

٢-ئاشکرابوونی ڕێکخستن و ئاوارەبوونیان بۆ ئێران

دوای یەکگرتن، ڕێکخستن تێکەڵکراو بەرنامەی فراوانکردنی کار داڕێژرا، بەڵام مانگی هەنگوینیی ئەم یەکگرتنە درێژەی نەکێشا، دوای ساڵێك و لەکۆتایی (١٩٨٦ز)دا، بەهۆی گیرانی دوو عەرەبەوە سەرەداوی ڕێکخستن ئاشکرابوو[٢]، بەهۆی ئەوانەوە دکتۆر عیسام ئەلڕاوی دەستگیرکرا، ناوبراو لەژێر ئاشکەنجەدا ناوی زۆربەی هەڵسوڕێنەرانی کاری ئیخوانی ئاشکراکرد[٣]، حکومەتی عێراق، لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٧ز)ەوە هەڵمەتی دەستگیرکردنی

١- نووسەرێکی نەزانراو، ل٣٨.

٢- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).

کادیرەکانی ئیخوانی لەسەرتاسەری عێراقدا دەستپێکرد، سەرەنجام نزیکەی (٧٥) کەس دەستگیرکران، لەناویاندا ژمارەیەك کوردی تێدابوو، لەوانە: (حەسەن شەمێرانی، حەسەن پێنجوێنی، دکتۆر فاتح، عومەر ئیسماعیل...[١]) ژمارەیەکیش لەو سەرکردانەی لەهەڵمەتی بەعس رزگاریان بوو، بەرەو ئێران هەڵاتن، کە لەناویاندا سدیق عەبدولعەزیز هەبوو[٢].

ماوەیەکی زۆر بەسەر هەڵمەتی دەستگیرکردنی کادیرانی ئیخوان تێنەپەڕیبوو، لە (١٩٨٧/٥/١٣ز) هەڵەبجە خۆنیشاندانێکی جەماوەری بەخۆوە بینی، ئەم راپەڕینە دژ بەسیاسەتی راگواستنی هاوڵاتییانی کورد لەلایەن بەعسییەکانەوە سازدرابوو، حکومەت بەتوندی کەوتە سەرکوتکردنی خۆنیشاندانەکە، دەرەنجامی بەرەنگاربوونەوەی بەعس کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارەکەی بۆ ئێران لێکەوتەوە، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، کە ساڵی (١٩٨٥ز) کرابووە بەرپرسی ئیخوانەکانی کوردستان، سەرقافڵەی کۆچکردووان بوو[٣].

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ هیوا میرزا سابیر، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

[٢]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

[٣]- حەکیم مەلا ساڵح، هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل٢٤٦. موجز عن الحركة الاسلامية في كردستان العراق، ص٢٤.

بەهۆی هەڵمەتی بەعس و خۆنیشاندانی هەڵەبجەوە، زۆربەی سەرکردە کوردەکانی ئیخوان ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام دەبێت سەرنج لەوە بدەین، کاتێك ئەوان چوونە ئێران، لەوێ ڕێکخستنێکی تری ئیخوان هەبوو، کە سەلاحەددین موحەممەد سەرپەشتی دەکرد، ئەم باڵە لەڕێکەوتنی ساڵی (١٩٨٥ز)دا تەنها ئەو کادیرانەیان هاتنە ناو ڕێکەوتنەکەوە، کە لەباشووری کوردستان بوون، خودی سەلاحەددین موحەممەدو ئەو کادیرانەی لەئێران دەژیان نەهاتبوونە ناو ئەو یەکگرتنەوە، بەو پێیەی کاری سەرەکیی ئەم باڵە لەناو ئاوارەکانی کورد لەئێراندا بوو، لەهەڵمەتی دەستگیرکردنی بەعس ژمارەیەکی کەم ئەندامیان گیرا، ئەمەش وای کرد لەچاو باڵی سدیق عەبدولعەزیزدا، ڕێکخستنەکەیان هێندە مەترسی لەسەرنەبێت و دوای هەڵمەتی بەعس بۆ سەر ڕێکخستنەکانی ئیخوان، ئەوەندە شپرزە نەبێت.

لەلایەکی ترەوە، ئەم باڵە لەساڵی (١٩٨٥ز)ەوە، مۆڵەتی ڕەسمیی کارکردنی لەسەرکردایەتیی ئیخوان وەرگرتبوو، ئەمەش گڕوتینێکی باشی بەکارەکەیان دابوو.

دووەم/ کاری هەردوو باڵ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩١

١-هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانی باڵەکانی ئیخوان

بەگەییشتنی سەرکردەکانی ئیخوان بۆ ئێران، لە (١٩٨٧/٥/٢٤ز) بەناوی کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری (جماعة العلماء المهاجرين)ەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، زانایان لەو بەیاننامەیەدا ئۆباڵی نەهامەتی و ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلانی عێراقدا هاتووە، دەخەنە ملی حکومەتی بەعس و دەڵێن: "ئەی نەوەکانی گەلی موسوڵمان، رژێمی بەعسی عەفلەقی هەر لەکاتی دەستەڵاتگرتنە دەستەوە سەدان تاوانی وەحشیگەرانەی ئەنجامداوە، دیارترین و کاریگەرترینیان راگواستنی گەلی کوردی موسوڵمانە لەشارو گوندەکانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، کە لەڕاستیدا زیندانێکی ترسناکە بۆ ئایین و بیرو گیان و لاشە"[١].

لەبەشێکی تری بەیاننامەکەدا، ئاماژە بەوە دەکات کە رژێمی بەعس لەڕۆژی دەستبەکاربونییەوە جەنگی دژی ئیسلام و زانایان و بانگخوازان راگەیاندووە، بەچەند شێوازێکی جۆراوجۆرو بەرنامە بۆ دارێژراو کەوتۆتە دژایەتیکردنی رەوشتبەرزی و بڵاوکردنەوەی فەسادو بێڕەوشتی و کوشتن و برین و

---

[١] - بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە <٨>.

سەرکوتکردنی ئازادییەکان[١] لەکۆتایی بەیاننامەکەشدا کۆمەڵەی زانایانی کۆچەریی، داوا لەگەلانی عێراق دەکات، بەرەنگاری بەعس ببنەوەو ریزەکانیان یەکخەن و لەپێناو بەگژاچوونەوەی ستەم و زۆرداری و پلانەکانی کوفری جیهانی، جیهاد لەپێناوی خوادا بەرپابکەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوایان لێدەکات شوێن زانایانی کۆچەری بکەون، کە لەپێناو ستەملێکراوان شۆڕشی جیهادییان ڕاگەیاندووە[٢].

ئەم بەیاننامەیە لەلایەن (سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب)ەوە لەسەر ڕەزامەندیی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز نووسرا، بەدوو مەفرەزەی چەکداردا بەیاننامەکە نێررایەوە بۆ کوردستان، لێپرسراوی دوو مەفرەزەکە (موحەممە عومەر) بوو، (غازی موحەممەد ئەمین)یشی لەگەڵدابوو[٣].

لەو ماوەداو دوای چەند کۆبوونەوەیەك، بەبەشداریی زۆرێك لەکادیرە ئاوارەکانی ئیخوان (بزوتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/عێراق) بەڕابەرایەتیی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، وەکو بزووتنەوەیەکی چەکداری ڕاگەیەنرا[٤]، بەو پێیەی ڕابەری بزووتنەوە پێشتر بەرپرسی ئیخوانەکانی کوردستان بوو، چاوەڕێی

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو

[٣]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

[٤]- لەبەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەدا بەدرێژیی باس لەدامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامیی دەکەین.

ئەوە دەکرا، سەرجەم ئیخوانەکان لەدەوری بزووتنەوە کۆببنەوەو بەشداریی کارا لەتۆکمەکردن و راگیرکردنی ئەو پارتەدا بکەن، بەڵام ئەم خەونە نەهاتەدی و هەر لەگەڵ راگەیاندنی بزووتنەوەدا، سەلاحەددین موحەممەد بەرپرسی ئیخوان لەئێران، خۆی گەیاندە ئیماراتی عەرەبی و پەیوەندیکرد بەسەرانی ئیخوانەوەو نامەیەکی دکتۆر نوعمان عەبدورڕەزاق سامەڕائی بۆ ئیخوانەکان هێنا[١].

لەو نامەدا دکتۆر نوعمان داوای لەشێخ عوسمان کردبوو، کە دەستبەرداری کاری جیهادی بێت و لەکاری چەکداری بکشێتەوەو کارەکە تەسلیم بەعەلی عەبدولعەزیزی برای بکات، چونکە مەسەلەی هەڵگرتنی چەك، نابێت بەبێ رەزامەندیی سەرکردایەتیی ئیخوان بکرێ[٢].

بەبڕوای ئێمە ئەم نامەیە گەورەترین کاریگەریی سلبی کردە سەر رەوتی ئیسلامیی باشووری کوردستان، لەو رووەوە سدیق عەبدولعەزیز دەڵێت: "ئەگەر ئەو نامە نەبووایە، ئەو هەموو گەنجەی لەئێراندا بوون دەستبەرداری بزووتنەوە نەدەبوون و واقیعێکی تر دروستدەبوو، بزووتنەوە رەوتی ئاسایی

---

[١]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٣٠، سالح حەکیم: هۆشیارکردنەوەی هۆشیاری، ب. ش. ب. م. ل١٥.
[٢]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

خۆی وەردەگرت"[١]، ئەم نامەیە سەرەتای پەرتەوازەبوونێکی گەورەی ئەو رەوتە بوو، بەگەیشتنی نامەکە، رەوتی ئیخوان بوونە سێ پارچە:

أ-شێخ عوسمان و کۆمەڵێك کەسایەتیی تر، بەرپەرچی بڕیارەکەیان دایەوەو لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی درێژەیان بەکار دا[٢].

---

[١]- **چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).** رای مامۆستا کرێکار: ئەمە لەسەداسەد راستە، نەدەبوو مامۆستا صلاح الدین محمد بهاء الدین ئەو هەڵویستە دووفاقییەی بنواندایە، کە بۆ گردکردنەوی خەڵکی لە دیدە ئیخوانییەکەی خۆی رابەرێتی مامۆستا مەلا عوسمانی رەحمەتی رادەگەیاندو بە پەنهانیش دەگەی لێدەداو نەیدەهێشت نزیکەکانی خۆی و باڵەکەی وەلائی تەواو بدەن بە مامۆستای رێبەر، کە بە رەسمی بووبوو بە رێبەری ئیخوانەکانی کوردستان. هەڵوێستەکەی مامۆستا صلاح الدین و نامەکەی نوعمان سامەرائی و هەڵوێستی لەرزۆکی مامۆستا صددیق عبدالعەزیز هەموو بوونە خەنجەری غەدرو نەیانهێشت بزوتنەوی ئیسلامی کوردستان بە رێبەرێتی مامۆستا رابەری رەحمەتی ببێتە بزوتنەوەیەکی وەکو حەماسی فەلەستین کە هەم ئیسلامەکەو موقەددەساتی موسوڵمانان بپارێزێت و هەم کوردایەتییەکەش لەژێر پێی عەلەمانییە مورتەددەکان دەرهێنێت.. ئەوەی ئێستا دەیبینین _راستە هەموو شتێک بە قەدەری خوای تاکوپاکە، بەڵام ئەمە_ دەرئەنجامی سروشتییانەی وەلکردنی جیهادەکەیە لە کاتێکدا کە فیکرەو زەمینەو خاک و خەڵک و چەک و پشتیوانی تەواوییش هەبووا!

[٢]- **نامەکەی دکتۆر نوعمان بێزارییەکی زۆری لای شێخ عوسمان عەبدولعەزیز دروستکرد، کاتێك نامەکەیان پێدا ناوبراو وتی: "(بسم الله)ی بڕیارەکە لابەرن، با ئەویتری بخەمە ژێر پێمەوە". هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٣٠-٣١.** رای مامۆستا کرێکار: مامۆستا مەلا عوسمانی رەحمەتی زیاد لە یەکجار باسی ئەو نامەی بە دڵێکی ئێجگار شکاوەوە بۆ دەگێڕامەوەو خەفەتی زۆر لێدەخواردا!! سەیر ئەوەی هەر ئەم نوعمان سامەرائییە (کە بە خزمەتی گەیشتووم) دوو مانگ پێش ئیحتیلالی عێراق مەقالەیەکی نوسی _ دوور لە رووی ئێوە_ بە ناوی (ترەکەی حاخام)!! باس لەوە دەکات کە گوایە حاخامێکی ئیسرائیلی بە هەڵە چۆتە شوێنی ئەتۆمەکەی ئیسرائیل و لەوێ بایەکی دەنگداری لێبۆتەوەو جیهازەکانی ئینزار لێیاندواوەو ئیسرائیل کەوتۆتە ئینزاری جەنگی ئەتۆمییەوە!!! ئائەمە لە ساڵی ١٩٤٨ دا ئەو حزبە

ب- باڵی سەلاحەددین موحەممەد، تێکڕا پابەندی بڕیارەکە بوون و وێڕای هاوکارینەکردنی بزووتنەوە، کەوتنە دژایەتیکردنیشی.

ج- باڵی سدیق عەبدولعەزیز، لەنێوان بزووتنەوەو هێڵی سەلاحەددین موحەممەددا، هەڵوێستێکی لەرزۆکیان هەبوو، لەبزووتنەوە کشانەوە، بەڵام تێکەڵ بەباڵی سەلاحەددین موحەممەدیش نەبوون و بەناوی ئیخوانەوە سەربەخۆ کەوتنە کارکردن[١].

ئەگەری ئەوە هەیە دوای ئاوارەبوونی شێخ عوسمان و سەرکردەکانی تری ئیخوان، سەلاحەددین موحەممەد داوای لێکردبن گوێڕایەڵی ئەو بن و بچنە ژێر سەرکردایەتیی ئەوەوە، بەڵام ئەوان ناڕازیبوون بەو کارە، بۆیە ناوبراو هانای بۆ کاغەزی سەرانی ئیخوان بردووە، ئەوەی ئەم بۆ چونەش پشتڕاست دەکاتەوە گوتەی سەلاحەددین موحەممەدە، ناوبراو سەبارەت بەڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی دەڵێت: "شایانی باسە کە بڕیاری کار لەئیخواندا وایە هەر کەس لەبرایان لەعێراقەوە کە دەچووە هەر شوێنێك، دەبێت ئیلتیزام بکات بەکاری برایانی ئەو شوێنەوە، هەر بۆیە داواکرا لەهەموو ئەو بەڕێزانەی لەعێراقدا

ئیسلامییەی دروست کرد کە کۆمەکی بۆ موجاهیدانی فەلەستین کۆدەکردەوەو لە سەردەمی ئیحتیلالی ئەمریکاشدا طارق هاشمی ئەمینداری حزب داوای لە پۆل برێمەری حاکمی مەدەنی ئیحتیلال کرد بە فەرماندەی ئەرکانی سوپای عێراق تەعیینی بکات !!! توخوا حەیف نییە چاوەڕوانی ڕەزامەندی ئەوانە بکەیت تا جوامێری دینداری پاکی کوردیی بدەیتە دەستیان؟! ئاوا هەڕاجیان کردین!

[١]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٣٠. نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٤٩-٥٠.

لەڕیزی برایانی موسوڵماندا کاریان کردبوو پەیوەندی بکەن بەکاری برایانەوە لەئێران، ئەوە بوو گشت برا عەرەب و تورکمان و کوردەکان ئیلتیزامیان کرد بەو بڕیارەوە جگە لەهەندێکیان کە دوایی بەهاوکاریی برایانی رابیتەی زانایانی کورستان، کە تا ئەو کاتە عەلەمداری ئاشکرای ئەو مەیدانە بوو، بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانیان پێکهێنا"[١].

٢- یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی ئیخوان لەئێران

هەر وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد، دوای هەڵوێستی سلبیی سەرکردایەتیی ئیخوان لەدامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی و کاری چەکداری، ئیخوان بوونە سێ پارچە، باڵی سەلاحەددین موحەممەد تۆکمەترین باڵ بوو، چونکە ئەوان بەدرێژایی چەند ساڵی رابردوو لەناو ئاوارەکاندا کاریان دەکردو هاوکات رەسمییەتی کارکردنیان لەسەرکردایەتیی ئیخوان وەرگرتبوو، لەپاڵ ئەوەشدا، لەهەڵمەتی دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ئیخوان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، لەچاو باڵەکەی تر، زیانی کەمتریان بەرکەوتبوو، هەموو ئەم هۆکارانە وای

---

[١]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٧، مادەی (٤٧) لەپەیڕەوو پرۆگرامی گشتیی ئیخوان موسلیمین، پەسەندکراو لەلایەن شورای گشتی لە (١٩٨٤/٧/٢٩ز) بۆتە پاڵپشتێکی یاسایی سەلاحەددین موحەممەد، تا داوا لەو ئەندامانەی ئیخوان بکات کە لەعێراقەوە هاتوون ملکەچی فەرمانی ئەو بن و بچنە ژێر سەرکردایەتییەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پەیڕەوو پرۆگرامی گشتیی ئیخوان موسلیمین، بڕوانە: مجموعة من الباحثين: الحركة الاسلامية رؤية مستقبلية، ص٤٠١-٤١٦.

کردبوو، کە ئەو باڵە بێ گیروگرفت لەسەر هەمان رەوتی پێشووی بەشێوەیەکی چالاك لەکاردا بێت.

بەڵام باڵی سدیق عەبدولعەزیز، لەدوای دامەزراندنی بزووتنەوەو هەڵوێستی سلبیی سەرکردایەتیی ئیخوان لەو هەنگاوە، کەوتنە نێوان بەرداشی بزووتنەوەو هەڵوێستی ئیخوان، ئەم باڵە لەو دەمەدا پەیڕەوی لەسیاسەتی (خورمژ دەخۆم)ی دەکرد، وایان راگەیاند کە ئیخوانن، لەسەرێکی ترەوە پشتگیریی بزووتنەوەیان دەکردو ژمارەیەك کادیریان لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی کاریان دەکردو چالاکییان دەنواند[١]، هاوکات لەبیری ئەوەدا بوون پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەی ئیخواندا بکەن و پەیوەندییەکەیان رێك بخەنەوە[٢]، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، پێویستی بەهەوڵ و ماندوبوونی زۆر هەبوو، حاڵەتێکی لەو شێوەش سەرکردەکانی ئەو باڵەی توشی دڵەڕاوکێ کردبوو[٣].

سەرەنجام ئەم باڵە، دوای وتووێژو دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناوخۆدا، بڕیاریاندا نوێنەر بنێرن بۆ لای ئیخوانی دەرەوە، تا کێشەکەیان بۆ یەکلاکاتەوە، بۆ ئەو

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٥٠-٥١.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ مەولود باوەموراد، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز).

[٣]- سەرچاوەی پێشوو.

مەبەستە راپۆرتێکیان نووسی و بە(مەلا موحەممەد عومەر)[١]دا، لەوەرزی حەجی ئەو ساڵەدا ناردیانە دەرەوە، ناوبراو لەو سەفەرەدا چاوی بەسەرانی ئیخوان کەوت، ئەوانیش پێیان راگەیاندبوو کە مەسەلەی چەکداری هەڵەیەو نزیکی نەکەونەوە، ئەمەش جەختکردنەوەبوو لەسەر هەمان هەڵوێستی پێشوو، کە لەنامەکەی دکتۆر نوعماندا دەریانبڕیبوو[٢].

باڵی سدیق عەبدولعەزیز، دوای گەڕانەوەی موحەممەد عومەرو دڵنیابوون لەهەڵوێستی سەرکردایەتیی ئیخوان، خۆیان یەکلاکردەوەو کەوتنە رێکخستنەوەی ریزەکانیان لەئێران و دەستیانکردەوە بەکارکردن و بەتەواوی لەبزووتنەوەی ئیسلامیی کشانەوە، لەماوەی (تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ز) تا (تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ز) ئەم هەنگاوانەیان نا:

١-رێکخستن خرایەوەگەڕ، ئۆردوگاو ناوچەکان کە کوردی عێراقی تیابوو، بەسەر کادیرانی رێکخستن دابەشکران، دوای کیمیاییبارانەکەی هەڵەبجە، توانرا ئەندامانی خۆیان بەسەر بکەنەوەو ریزەکانیان رێکبخەنەوە.

---

[١] رای مامۆستا کرێکار: مەبەست لەو مامۆستا بەڕێزەیە کە دوایی هاتە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی مامەکانییەوەو دواتر بوو بە وەزیری ئەوقافی بزوتنەوە لە حکومەتی کۆسرەت رەسووڵدا!! دوای مردنی رابەرەکانیشمان بوو بە سەرۆکی بزوتنەوەی ئیسلامی، بەڵام ئامۆزاکانی ئەمیشیان لادا هەر وەکو کە مامۆستا صددیق عەبدولعەزیزی مامیانیان لادا!!

[٢]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٥١.

٢-لەناو کوردەکانی ئێراندا کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی، لای (کەندەسوورە) ی نزیك بانە، مەلا ئەحمەد شافیعی، قوتابخانەیەکی زانستی شەرعی کردەوە، ئارام قادر لە(جۆانرۆ) شانەیەکی لەکوردەکانی ئێران پێکهێناو ئەو ئەندامە نوێیانەش کەوتنە کارکردن.

٣-هەوڵیاندا پەیوەندی لەگەڵ (مەکتەب قورئان)ی ئەحمەدی موفتی زادە دروستبکەن، ئەمەش تا تێکەڵبوونەوەی هەردوو باڵەکەی ئیخوان لەئێران بەردەوام بوو.

٤-گرنگیدان بەبواری راگەیاندن و دەرکردنی ژمارە (١)ی گۆڤاری (پێشەوا)و چەند کتێبی وەکو (دراسات اسلامیة)ی سەید قوتب و (وجود الله، حقیقة التوحید)ی قەرزاوی بەچاپ گەیەنران.

٥-دروستکردن و دامەزراندنی شوورا[١].

دوای خۆڕێکخستنەوە لە(ئەیلولی ١٩٨٨ز) لەئۆردوگای کامیاران لەئێران، کۆبونەوەیەکی سەرکردایەتییان کرد، لەو کۆبونەوەدا بڕیاریاندا، جگە لە(سدیق عەبدولعەزیز، موحەممەد رەئوف، مەولود باوەموراد) سەرجەم ئەندامانیان بگەڕێنەوە عێراق و جارێکی تر دەستبکەنەوە بەڕێکخستنەوەی ریزەکانیان[٢].

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

[٢]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر لەهەفتەیەکی خایاند، بۆ یەکەمجار پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ دانراو بەرنامەی پەروەردەیی ڕێکخرا، لەم کۆبوونەوەدا جگە لەسدیق عەبدولعەزیز، ئەمانەش بەشداربوون (موحەممەد ڕەئوف، موحەممەد عومەر، عەلی عەبدوڵلا، مەلا ئەحمەد شافیعی، مەولود باوەموراد، ئارام قادر ، ئیکرام کەریم، غازی حەمەئەمین، ئومێد پاڕەزانی، ئەبوخوبەیب، تۆفیق کەریم) بەتێکڕای دەنگ (نازم عەبدوڵلا، دانا غەفوور) کە لەکوردستانی عێراق مابوونەوەو سەرپەرشتیی کارەکانیان دەکرد، بەئەندامی شوورا دانران[١]، ئەم بڕیارە جێبەجێکراو لە (٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ز)دا، دوا کاروانی ئەم باڵە گەڕانەوە عێراق[٢].

باڵی سدیق عەبدولعەزیز، تا کاتی بڕیاری گەڕانەوەی ئەندامەکانی، نەیانتوانیبوو پەیوەندی بەسەرکردایەتیی ئیخوانەوە گرێبدەنەوە ، لەکۆتایی مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ز) دکتۆر عەبدولمەجید (ئەبوزەڕ) کە لێپرسراوی ئیخوان بوو لەناوخۆی عێراق و دوای هەڵمەتەکەی بەعس بەرەو دەرەوەی

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٥٣-٥٤.

[٢]- هیوا: هەمان سەرچاوە، ل٣٦، لە(کاروانی ڕێ)دا نووسراوە: ئەم بڕیارە نەتوانرا بەتەواوی جێبەجێبکرێ و زۆرێك لەئەندامانی ڕێکخستن لەگەڕانەوە دواکەوتن، جێبەجێکردنی بڕیارەکەش لەدواییدا شوێنەواری سلبی جێهێشت، هۆکاری سەرنەگرتنی بڕیارەکەش پەیوەست بوو بەهاتنی دکتۆر عەبدولمەجید (ئەبوزەڕ) بۆ ئێران بەمەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی سەلاحەددین موحەممەدو سدیق عەبدولعەزیز. بروانە نوسەرێکی نەزانراو، ل٥٤.

عێراق هەڵاتبوو، بەنوێنەرایەتیی ئیخوان هاتە رۆژهەڵاتی کوردستان و چاوی بەهەریەکە لەسدیق عەبدولعەزیزو سەلاحەددین موحەممەد کەوت[١].

دوای چەند کۆبونەوەیەك لە (١٩٨٨/١١/٩ز)دا، رێکەوتنێك لەنێوان هەر دوو باڵەکەدا واژۆکرا، رێکەوتنەکە لەنێوان (دکتۆر عەبدولمەجید)[٢] بەنوێنەرایەتیی باڵی سدیق عەبدولعەزیزو (عومەر رێشاوی) بەنوێنەرایەتیی باڵی سەلاحەددین موحەممەد کرا، ناوەرۆکی رێکەوتنەکە بەم شێوەیە بوو:

بسم الله الرحمن الرحيم

٣٠ی رەبیعی یەکەمی ١٤٠٩ك - ١٩٨٨/١١/٩ز

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لانبي بعده، وعلى اله وصحبه وجنده. خوای گەورە لەقورئاندا فەرمویەتی: (وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) الانفال/٤٦.

---

[١]- **سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز).**

[٢] رای مامۆستا کرێکار: سەیرە کە مامۆستا صدديق ئەو هەموو پیاوە بەرێزەی لابووە کەچی ئەم دکتۆر عبدالمەجید/ ئەبوذەرەی کردووە بە نوێنەری خۆی بۆ واژۆکردنی رێکەوتنەکە!! چەندین جار بە خزمەت ئەم ئەبوذەڕەش گەیشتووم، کە لە پاکستان ناویان نابوو (ئەبوضەڕ)! کەس خۆشینەدەویست! رێکەوتنەکە دوای کارەساتی هەڵەبجەیە! جا بزانە.

بڕیار

لەبەر سوربوونی برایانی کارکەری ئیخوان موسلیمین لەناوخۆو دەرەوەی عێراق، لەسەر یەکڕیزیی موسوڵمانان و نەهێشتنی هۆکارەکانی ناکۆکی و پەرتەوازەیی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە، بەسەرخستنی ئایینەکەی بەیەکڕیزی و ئولفەتگرتن، نوێنەرانی برایانی کارکەر، لەناوخۆو دەرەوەی عێراق کۆبونەوەو پێکهاتن لەسەر:

یەکەم/ پێویستە سەرجەم برایانی کارکەر لەناوخۆی عێراق، پابەندی سەرکردایەتیی گشتیی کاری ئیخوانی ڕێکخراوی ناو عێراق بن.

دووەم/ پێویستە سەرجەم برایانی کارکەر لەدەرەوەی عێراق پابەندی سەر کردایەتیی کاری ئیخوان بن لەدەرەوەی عێراق، لەماوەی مانەوەیاندا لەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێن.

سێیەم/پەیوەندیی ڕێکخستن لەگەڵ هەر ئەندامێك دەپچڕێت ئەگەر گەردنگیریی ئەم بڕیارە نەبێت.

أ-ئەم بڕیارە لەماوەی سێ مانگ لەمێژووی دەرچونییەوە جێبەجێدەکرێ، لەو ماوەدا دانیشتن و چاوپێکەوتنی برایانە بۆ ڕێکخستنی لەوەودوا دەکرێ.

چوارەم/ ئامۆژگاریی سەرجەم برایانی گەردنگیر دەکەین بە لەخواترسان و پابەندبوون بەفەرمانەکانی کۆمەڵ، کە ڕێکخستنەکانی ناوخۆو دەرەوەی عێراق

لەسەری کۆکن، لەپێناوی ڕەزامەندی خوای گەورەو گوێڕایەڵیی وتەی خوا: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً) النساء/٥٩.

داوا لەخوای گەورە دەکەین هەمووان دامەزراوبکات لەسەر گوێڕایەڵی و لەخواترسان، بمانگێڕێت بەدڵسۆز لەنییەتماندا، کردەوەکانمان چاکبکات، بمانگێڕێت بەسەربازێکی کارکەر بۆ بەرزکردنەوەی قورئانەکەی، دروودو سڵاو لەگەورەمان موحەمەد (صلی اللە علیە وسلم) و کەسوکارو هاوەڵانی.

واللە اکبر وللە الحمد[١].

دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، عومەر ڕێشاوی بووە بەرپرس و کەسی یەکەم، بەڵام لەواقیعدا ناوبراو تەنیا رووکارێك بوو، سەلاحەددین موحەممەد بەکردەوە بڕیاردەرو بەرپرسی یەکەمی کارەکەبوو[٢]، بەمەبەستی تێکەڵکردنی کارو

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٩).

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەولود باوەموراد، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٨ز)، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سدیق عەبدو لعەزیز، سلێمانی، (٢٠٠٥/١/٨ز). ڕای مامۆستا کرێکار: لە دانانی مامۆستا مەلا عوسمانی ڕابەری ڕەحمەتیشدا هەروابوو، کەسێکی دەکرد واجیهەو خۆی بە ۆەنهانی کارەکانی دەگرتە دەست، بۆیە محمد رەئووفیش لای خۆی و ئارام قادریش لای مامۆستا صددیق هەروا دەرچوون!

یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکان، هەڵبژاردنێك بۆ دەستنیشانکردنی شوورای نوێ کرا، لەو هەڵبژاردنەدا لەهێڵی سدیق عەبدولعەزیز تەنیا (سدیق عەبدولعەزیز و موحەممەد ڕەئوف) بۆ شوورا هەڵبژێرران[١]، ئەندامانی هێڵەکەی تریش کە بوونە ئەندامی شوورا بریتیبوون لە: (عومەر ڕێشاوی، سەلاحەددین موحەممەد، ئەمین زەردۆیی، موحەممەد فەرەج، هادی عەلی، ئیبراهیم ڕێشاوی، سەید ئەحمەد، زوهێر خۆشناو).

هەندێك لەو بڕوایەدان، خودی ڕێکەوتنەکەو دەرنەچوونی ئەندامانی هێڵی سدیق عەبدولعەزیز لەهەڵبژاردنی شوورای نوێدا، جۆرێکە لەپلان و کاری نەخشە بۆ کێشراوی هێڵی سەلاحەددین موحەممەد، لەو ڕووەوە نووسەری (هۆشیارکردنەوەی هۆشیاری) نوسیویەتی: "ئامانج لەم ڕێکەوتنە قۆستنەوەو لەباربردنی باڵی سدیق عەبدولعەزیز بوو، ئەو هەڵبژاردنەش کە ئەنجامدرا تەنها ڕووکەش بوو"[٢]. هەر دەربارەی هەڵبژاردنی شورای نوێ، نووسەری (هاڵەکۆك) نوسیویەتی: "دواتر بڕیاردرا هەڵبژاردنێکی عادیلانە بکرێ، بەڵام وادەرنەچوو، (ملابسات)و ژێربەژێرییەکانی ئەو هەڵبژاردنە بۆ خەڵکانی ئەو (کارەساتە)

---

[١] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ موحەممەد ڕەئوف، سلێمانی، (٦/١٢/٢٠٠٤ز). ڕای ماملۆستا کرێکار: دوو بە هەشت!!

[٢] - ساڵح حەکیم، ل١٠.

بەجێدەهێڵم. جا ئەگەر توانیمان تەپوتۆزی سەر ئەو (فیتنە)یە نەتەکێنین چاکترە، شوێنەوارە سەلبییەکانی ئەو ڕێکەوتنە دواتر دەرکەوت"[١].

لەدوای ئەم ڕێکەوتنە تا ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١ز) ئیخوان لەناو ئاوارەکاندا بەگەرمی کەوتە کارکردن، چالاکیی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییان هەبوو، لەلایەن ژمارەیەك کادیری ئیخوان موسلیمینەوە، کە پێشتر هێڵی سدیق عەبدولعەزیز بوون، لەئۆردوگای جوانڕۆ (کۆمەڵەی ئەدەب دۆستانی ئۆردوگای جوانڕۆ)یان پێکهێناو گۆڤارێکیان بەناوی (گزنگ) دەرکرد، ئەم گۆڤارە بەچەند قۆناغێك تا ڕاپەڕینی (١٩٩١ز) بەردەوام بوو[٢].

لەبواری خزمەتگوزاریشدا، لەساڵی (١٩٨٨ز)ەوە (یەکگرتووی ئیسلامیی کورد) وەکو ڕێکخراوێکی خێرخوازی دروستکرا[٣]، ئەمەش گرۆتینێکی باشی دا بەکاری ئیخوان، چونکە ئەو ڕێکخراوە لەلایەن سەرکردایەتیی ئیخوانەوە پشتگیری و کۆمەکی دەکراو هەڵسوڕێنەرەکانیشی کادیرەکانی ئیخوان بوون.

ئەو ئەندامانەی ئیخوان، کە لەدوای هەڵمەتی دەستگیرکردنی بەعس و خۆنیشاندانی هەڵەبجە، لەباشووری کوردستان مابوونەوەو بەرەو ئێران

---

[١]- هیوا: ل٣٨.

[٢]- بۆ زانیاریی دەربارەی کۆمەڵەی ئەدەب دۆستانی ئۆردوگای جوانڕۆ، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٠٨-١١٤.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ موحەممەد ڕەئوف، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٦ز).

نەڕۆیشتبوون، زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی ئیخوان لەئێران نەبوو، بەشێوەیەکی نهێنی لەسەر کاری خۆیان بەردەوامبوون، هێڵی سدیق عەبدولعەزیز، لەو قۆناغەدا لەلایەن (نازم عەبدوڵڵاو دانا غەفور)ەوە سەرپەرشتی دەکرا[1].

هێڵی سدیق عەبدولعەزیز، لەکۆبوونەوەی شوورا لە (ئەیلولی ١٩٨٨ز)، بڕیاریاندابوو جگە لەچەند کەسێکی کەم، تەواوی ئەندامانیان بگەڕێنەوە بۆ عێراق، لەو ماوەیەدا (غازی حەمەئەمین، تۆفیق کەریم، ئارام قادر) گەڕانەوە عێراق و لەپاڵ (نازم عەبدوڵڵاو دانا غەفور)دا کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی[2].

دوای یەکگرتنەوەکەیش، ژمارەیەک ئەندامی هێڵی سەلاحەدین موحەممەد گەڕابوونەوە باشووری کوردستان، بەڵام بەگوتەی نووسەری (هاڵەکۆک) کە ئەو سەردەمە لەهێڵی سدیق عەبدولعەزیز کاریکردووە، ئەو ئەندامانەی هێڵی سەلاحەدین موحەممەد، کە گەڕابوونەوە عێراق سیمای کاری ڕێکخراوەییان پێوە دیارنەبووە، تەنانەت حەزیشیان نەدەکرد باسوخواسێکی لەو جۆرە بەگوێیاندا بدرێ[3]. ناوبراو درێژە بەباسەکەی دەدات و دەنووسێت: "چەند برایەکیشیان رایانگەیاندبوو دەبێت ئێمە لەپەرەپێدانی کاری ئیسلامی

---

[1]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

[3]- هیوا: ل٣٩.

بەدووربین، جا نازانم ئەو قسەیە بەعەمەلی وابوو یان بەمەبەستی چەواشەکردنی برایانی ئێمە بوو وەک تەکتیک"[١].

نووسەری (هاڵەکۆک) لەبڕگەیەکی تردا، بەڵگە بۆ گومانەکەی دێنێتەوەو باس لەوە دەکات لەکاتی لێبوردنەکەی بەعس لە (تەمموزی ١٩٩٠ز)دا، عومەر ڕێشاوی و ئیبراهیم ڕێشاوی گەڕانەوە عێراق، هەرچەندە عومەر ڕێشاوی وەک دەمڕاستی ئیخوان ئەژماردەکرا، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بەیەکگرتنەکەی ئێران نەدا، تەنانەت هەوڵدرا بەرنامەیەکی دوولایەن دابنرێ، بەڵام ئەوان ئامادەییان نەبوو[٢].

سەبەرەت بەچالاکیی هێڵی سەلاحەدین موحەممەد، لەو ماوەداو لەباشووری کوردستان، هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام هێڵی سدیق عەبدولعەزیز هەر لەکارو چالاکی بەردەوامبوون، هەرچەندە چالاکییان سنووردارو کزو لاواز بوو، لیژنەی قوتابیان و ڕۆشنبیری و داراییان پێکهێنا،

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

لیژنەی قوتابیان چەندین لیژنەی بچوکتری لەناو ئامادەییەکاندا دروستکرد[١]، لیژنەی رۆشنبیری بڵاوکراوەی (پەیام)یان دەرکرد[٢].

لەو ماوەیشدا، چەندین ئەندامی ئەم باڵە لەلایەن دەزگاکانی بەعسەوە دەستگیرکران و توشی ئازارو ئەشکەنجە بوون، لەوانە (سەید ئیبراهیم) لەڕانیە، (عەبدولمەجید) لەباریکە، (ئوسامە، نەوزاد، عوسمان، حسێن، ئیبراهیم، مەحمود) لەسلێمانی[٣].

---

[١]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٦١.

[٢]- بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی ستاف و ناوەرۆکی گۆڤارەکە، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٤٣-١٤٧.

[٣]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

بەشی چوارەم

چەند پارت و ڕێکخراوێکی ئیسلامی

بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستانی عێراق

یەکەم/ دروستبوونی

سەبارەت بەسەرەتای دروستبوون و دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بۆچوونی جیاواز هەیە، دەربارەی سەرەتای دامەزراندنی، جگە لە (ئەحمەد عەبدوڵڵا دەلاک-حاجی مەهدی) کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئەم پارتەو سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم پارتە بۆ ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٦ز) دەگێڕێتەوە[١]، سەرجەم سەرچاوەکان ساڵی (١٩٧٨ز) بەسەرەتای دامەزراندنی ئەم پارتە دادەنێن[٢]، ئەگەری ئەوە هەیە (ئەحمەد عەبدوڵڵا دەلاک) ویستی چەند کەسێک بۆ دروستکردنی ڕێکخستنێکی ئیسلامی بەسەرەتای دامەزراندن بزانێت، بەڵام ئەم ویستە هەرگیز بەسەرەتای دامەزراندن دانانرێ و لەم ڕووەوە بۆچوونی دووەم بەبەهێزتر دەزانین و بەمەش ساڵی (١٩٧٨ز) دەبێتە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخستنی ئەم پارتە.

سەبارەت بەناوی دامەزرێنەرانی ئەم پارتە، بەڵگەکان زانیاریی ورد بەدەستەوە نادەن، ئەوانەی لەو پارتەدا کاریانکردووە لەپاڵ خۆیاندا ناوی کۆمەڵێک کەسی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/٢/٢٧ز).

[٢]- بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق، گۆڤاری بانگەوازی ئیسلامی، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، کانونی دووەمی (١٩٩٠ز)، ل٢٧. موجزعن الحركة الاسلامية في كردستان العراق، ص٢٣

تر دێنن، کە ڕۆڵیان لەدامەزراندن و قۆناغی کاری نهێنیی ئەم پارتەدا بینیوە، لەم ڕووەوە (شێخ موحەممەد بەرزنجی) ناوی (موحەممەد خورماڵی، مەلا ئەحمەدی قازی[١]، عەبدوڕڕەحمان نەورەسی، مەلا لەتیف پێنجوێنی[٢]، مەلا عەلیی بیارە، مەلا موحەمەد کونەفلوسی) ڕیزبەنددەکات[٣]، بەڵام (ئەحمەد

---

[١]- مەلا ئەحمەدی قازی: ئەحمەد ڕەسول حەمەد، ساڵی (١٩٣٠ز) لەگوندی سەکتانی ناوچەی خۆشناوەتی لەدایکبووە، زانستی شەرعی خوێندووەو دوو جار مۆڵەتی زانستیی وەرگرتووە، لەشۆڕشی ئەیلولدا دەبێتە قازیی سەنگەسەر، لەسەر هەڵوێستی بوێرانەی چەند جارێک لەلایەن دەستەڵاتدارانی بەعسەوە هەڕەشەی لێکراوە، سەرەنجام لە (١٩٨٦ز) لەوتاربێژی لایدەدەن، لە (٢٠٠١/١٠/١٢ز) کۆچیدوایی کردووە. بڕوانە: شەریف وەرزێر، مامۆستا ئەحمەدی قازی لەئامێزی خزمەتکردنی ئیسلام و موسوڵماناندا، خەبات دژی عەلمانییەتی بەعس و نوچدانەدان لەبەرزڕاگرتنی شەرعی خوادا، کۆمەڵ، ژمارە (١١)، (٢٠٠١/١٠/٢٥ز).

[٢]- مەلا لەتیف پێنجوێنی: لەتیف مەحمود، ساڵی (١٩٤٨ز) لەپێنجوێن لەدایکبووە، ساڵی (١٩٧٣ز) پەیمانگەی ئیسلامیی تەواوکردووەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لەپێنجوێن دەبێتە مەلاو لەمزگەوتی (حاجی ڕەشید) قوتابخانەی (ئیمام غەزالی) بۆ زانسی شەرعی دەکاتەوە، دەیان قوتابی هەبووەو وانەی پێوتوون، لە (١٩٨٥/٧/١٣ز) دەچێتە شاخ، پاش ماوەیەک دەبێتە بەرپرسی ئەنجومەنی زانایان، لە (١٩٨٧/٨/١٨ز) لەگوندی بۆسکان بریندار دەکرێ، لەبەر سەختیی برینەکەی ڕۆژی (١٩٨٧/٨/٢٩ز) کۆچیدوایی کرد، چەندین دەستنووسی لەپاش جێماوەو بەچاپ نەگەیشتوون، لەوانە: (هیدایەت، بنەماڵەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، قورئان لەئاوێنەی تەجویددا...). لەگەڵ شەهیداندا، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە (٢، ٣)، تەمموزو ئابی (١٩٨٨ز)، ل٤٣-٤٤.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٢٣ز).

عەبدوڵڵا دەلاک) باسی ڕۆڵی (مەلا عوسمان مەردۆخی، عەبدوڕڕەحمان نەورەسی، جەلال ئەحمەد ڕەشید، مەلا ئەحمەدی قازی) دەکات[١].

لەلایەکی ترەوە (عەلی باپیر) باس لەوە دەکات وێڕای خۆی (عەبدوڕڕەحمان نەورەسی، مەلا موحەممەد خورماڵی، حەسەن حەمە خالید) و چەند کەسی تر تێیدا بەشداربوون[٢]، ناوبراو باس لەوەش دەکات کۆبوونەوەکان لەهەڵەبجە لەلایەن مەلا موحەممەد خورماڵی بەڕێوەدەبران[٣].

بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە، کە سەرەتای جموجۆڵی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، بزوێنەری ئەم جوڵانەوەیش عەبدوڕڕەحمان نەورەسی بوو، ناوبراو سکرتێری بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی بوو، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر مەلاو کەسایەتیی ئیسلامییدا هەبوو، لەو ڕێگەیەوە توانیبووی کاریگەریان لەسەر دروستبکات و ژمارەیەك لەوانە لەشێوەی کارێکی ڕێکخراوەیی زۆر سادەدا کۆبکاتەوە، لەسەرەتای کارەکەدا ئەندامە کاراکانیان بریتیبوون لە: (عەبدوڕڕەحمان

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٧/٢/٢٠٠٥ز).

[٢]- حوسێن موحەممەد عەزیز: سنووره قەدەغەکان مەشکێنن، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، (٢٠٠٣ز)، ل٤٦.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠. ڕای مامۆستا کرێکار: وا دەزانم هەموو ئەو ناوبراوە بەڕێزانە ئەندامی ئەوکاتەی ڕابیتەبوون، بەڵام سروشتی کاری ئەو قۆناغە وایدەخواست کە زۆر دەرنەکەون، بەڵام بە تەئکیید کاریان بەرفراوانبوو.

نەورەسی، ئەحمەد عەبدوڵلا دەلاك، حەسەن حەمە خالید، ئەسفەندیار، حەمە رەئوف، کەمال دۆڵپەمویی، شێخ عەبدوڕڕەحمان سەرگەڵویی، کامیل حاجی عەلی، عەبدولقادر برایەتی، مەلا سەلمان، موحەممەد هەولێری).

ئەگەر سەرنج لەو ناوانە بدەین زۆربەی کادیرانی ئەم پارتە لەزانایانی ئایینین[1]، ئەمەش تارادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر رەوتی بزووتنەوەکە کردووەو وەکو بزوتنەوەیەکی زانایانی ئایینی دەرکەوتووە، لەلایەکی ترەوە، ئەم رێکخستنە زۆر سەرەتایی بووەو رێکخستنێکی ناوەندی نەبووە بەشێوەیەك کە هەموو ئەندامان لەسەر یەك شێوە بیرکردنەوەو دیدو تێڕوانین و کاری رێکخراوەیی کۆبکاتەوە، بەڵام ئەوەی هەموانی کۆکردبوویەوە پاشخانی هۆشیاریی ئایینی و ستەمی بەعس بوو[2].

ئەم پارتە دوای دامەزراندنی لە (١٩٧٨ز) بەنهێنی مایەوە، تا ژمارەیەك ئەندامیان چوونە شاخ و لە(١٩٨٤/٩/١٤ز) بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستانی عێراق، بەفەرمی راگەیەنراو شێخ مەحەممەد بەرزنجی وەکو رابەر

---

[1] رای مامۆستا کرێکار: سەیرە نووسەر واینوسیووە ، یازدە کەسن بە خزمەت دە کەسیان گەیشتووم، هیچ کام لەو ناوبراوە بەڕیزانە مەلا نەبوون!

[2]- **حوسێن موحەممەد عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل٤٧.** رای مامۆستا کرێکار: ئیخوانی نەبوونیان کۆلکەی هاوبەشە.

دەستنیشانکرا[١]، ئەمە بەسەرەتای قۆناغی کاری ئاشکرا لەمێژووی ئەو پارتەدا دادەنرێ و تا دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە(١٩٨٧ز) بەردەوام بوو.

دووەم/ ڕەوشی ناوخۆو چالاکیی رۆشنبیری و سەربازیی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی

١-رەوشی ناوخۆ

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، زۆربەی سەرکردەکانی ئەم پارتە زانایانی ئایینی بوون، ئەمەش لەقۆناغی ئاشکرادا گرفتی کارگێڕیی و رامیاریی بۆ دروستکردو ئەو پارتەی بەرەو رووی ئاستەنگ کردەوەو لەو رووەوە کەموکورتی هەبوو[٢]، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونیی سەرکردەکانی ئەو پارتە، لەبواری رامیاریی و کارگێڕیدا، چونکە لەو بوارەدا پێشنەیان نەبوو.

لەسەرەتای راگەیاندنی بزووتنەوەی پەیوەندی شوورا پێکهات لە: (عەبدوڕڕەحمان نەورەسی، حاجی عەباس، مەلا لوقمان نەزیری[٣]، عەقید،

---

[١]- موجز عن الحركة الاسلامية في كردستان العراق، ص٢٣. ئەرشیفی رۆژانی بەرگری، رۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (٤٠)، (٢٠٠٢/٩/٧ز).

[٢]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٥٠.

[٣]- مەلا لوقمان نەزیری دواتر وازی لەبزووتنەوەی پەیوەندی هێناو پارتێکی نوێی دروستکرد بەناوی (جوندوڵلا) بەڵام هەر زوو پوکایەوە. رای مامۆستا کرێکار: چونکە نەفامبوو، کارێکی ناپەسەندی ئەخلاقیشی لێدەرکەوت..

عەبدولجەبار، شێخ تاهیر عەبدولکەریم[١]، ئازاد عەزیز[٢])، شوورا ئەم کارانەی ئەنجامدا:

أ-کردنەوەی قوتابخانەیەکی زانستە شەرعییەکان بەسەرپەرشتیی عەبدورڕەحمان نەورەسی.

ب- خۆناساندن بەحزبە کوردییەکان.

ج- خۆناساندن بەحزبی دەعوەو ڕێکخراوی کاری ئیسلامیی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەعێراق[٣] و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی ئێران.

د- خۆناساندن بەجەماوەر.

---

[١]- شێخ تاهیر عەبدولکەریم، ساڵی (١٩٨٥ز) لەبۆردومانی شاری مەریوان لەلایەن فڕۆکەکانی حکومەتی عێراقەوە کوژرا.

[٢]- ئازاد عەزیز بەرزنجی، ساڵی (١٩٥٣ز) لەسلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواوکردووە، کادرێکی هەڵسوڕاوو بەتوانا بوو، لەسەرەتای هەشتاکاندا چووە شاخ و لەبزووتنەوەی پەیوەندیدا بووە بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندن، لەئەنجامی بۆردومانی شاری مەریوان لەلایەن فڕۆکاکانی عێراقەوە، ڕۆژی (١٩٨٥/٣/٩ز) کوژرا. لەگەڵ شەهیداندا، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، کانوونی دووەمی (١٩٨٨ز)، ل٤٥-٤٦.

[٣] ڕای مامۆستا کرێکار: هەر یەک لە مامۆستا شێخ محمدی بەرزنجی و مامۆستا عبدالرحمانی نەورەسی و مەلا ئەبوبەکر صدیقی ببونە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا کە هەر هەموویان شیعەبوون بە سەرپەرشتی محمد باقر الحەکیم بوو. ئەم سێ بەڕیزە ئەووەندی زانیارییم هەیە تا ساڵی ١٩٩٤ یش مووجەیان هەر بەردەوامبوو!!! لە شورای بزوتنەوەی ئیسلامیشمانبوون!!

ئەم پارتە تا ساڵی (١٩٨٧ز) سێ کۆنگرەی بەست، کۆنگرەی یەکەمی لە (١١ی ئابی ١٩٨٥ز) بەست و تێیدا شێخ موحەممەد بەرزنجی بەڕابەری گشتی هەڵبژێررایەوە[١]، ناوبراو تا ساڵی (١٩٨٦ز) لەو پۆستەدا مایەوە، لەو ساڵەدا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی (بەرزنجی[٢]) چووە ئێران و لەکۆنگرەی دووەمدا لە (٢ی ئەیلولی ١٩٨٦ز) بەڕابەری گشتی هەڵبژێررا[٣]، لەو کۆنگرەدا (مەلا مەحمود ئازادی، ئەبوبەکر سدیقی) بەئەندامی شووراو (مەلا عەلیی بیارە) بەئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەڵبژێرران[٤].

---

[١]- ئاوات کوێستانی، ئەرشیفی بیرەوەرییەکانی رۆژانی بەرگری، رۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (٤)، (٢٠٠١/٨/١٦ز).

[٢]- شێخ عەبدوللەتیف واژەیی: شێخ عەبدوللەتیف کوڕی شێخ عەبدوڵلا بەرزنجی، ساڵی (١٩٤٢ز) لەگوندی کوڕەداوێی شاربازێڕ لەدایکبووە، ساڵی (١٩٦٤ز) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو لەسەر خوێندن بەردەوام بووە تا ساڵی (١٩٧٤ز) بڕوانامەی ماستەری لە (اصول الفقه)دا وەرگرتوە، ساڵی (١٩٨٦ز) چووە شاخ و بووە رابەری بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی و تا راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەو پۆستەدا مایەوە، لەکۆنگرەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی بزووتنەوە بەئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێرراوەتەوە، لە (١٩٩٣/٦/٢١ز) لەڕێگەی نێوان مهابات و بۆکان بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی سپارد. بڕوانە: پەیڤێك لەژیان و خەباتی مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف بەرزنجی، ئا: رێگای یەکبوون، رۆژنامەی رێگای یەکبوون، ژمارە (٦٩)، ساڵی یەکەم، (٢٠٠٠/٧/٣).

[٣]- ئەبوبەکری سدیقی، رۆژژمێری (١٩٨٦ز).

[٤]- ئاوات کوێستانی، ئەرشیفی بیرەوەرییەکانی رۆژانی بەرگری، رۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (٤)، (٢٠٠١/٧/١٩ز).

هەر لەو کۆنگرەدا شێخ موحەممەد بەرزنجی و چەند کەسێکی تر بەئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێرران[١].

شورای نوێ لە (١٢) کەس پێکهاتبوو، کە (٩) کەس لەو ئەندامانە مەلا بوون، هەر لەو کۆنگرەدا بڕیاردرا ئەم نووسینگانە دابنرێ:

أ-نووسینگەی کاروباری کۆمەڵایەتی.

ب- نووسینگەی رێکخستن.

ج- نووسینگەی پەیوەندییەکان.

د- نووسینگەی ئیدارەو مالیە.

هـ- نووسینگەی راگەیاندن.

هەر لەو کۆنگرەدا وەفدێك پێکهێنرا لە: (مەلا عەلی بیارە، عەبدوڕڕەحمان نەورەسی، مەلا لوقمان نەزیری، عەقید، بەختیار، نافع، عەبدولکەریم خاکی) و بەمەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەکان نێرران بۆ نەغەدە، وەفدی ناوبراو لەلایەن نوێنەری (مرکز بزرگ اسلامی)و مەکتەبی مونتەزیری و بەرپرسی قەرارگاو ئەحمەد کەریم؛ بەرپرسی میحوەری مەریوان، پێشوازییان لێکراو بیروڕایان گۆڕییەوە.

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ شێخ موحەممەد بەرزنجی، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٢٣ز).

کۆنگرەی سێیەمی بزووتنەوەی پەیوەندی لە(کانوونی دووەمی ١٩٨٧ز) بەستراو تێیدا وێڕای پەسەندکردنی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ، ئەنجومەنی باڵای شوورا هەڵبژێررراو پێکهاتبوو لە:

- شێخ عەبدوڵلەتیف واژەیی (رابەری گشتی).

- مەلا عەلیی بیارە (جێگری رابەری گشتی).

- مەلا مەحمود ئازادی (ئەندام).

- موحەممەد رازی (ئەندام).

- شێخ ئەنوەر تۆفیق بادینانی (ئەندام)[١].

٢- چالاکیی رۆشنبیری و سەربازی

بزوتنەوەی پەیوەندی، هەر لەسەرەتای راگەیاندنییەوە کەوتە نواندنی چالاکیی رۆشنبیری، نووسینگەی راگەیاندن دامەزرێنراو گۆڤاری (ئاسۆی ئیسلام)ی دەرکرد[٢]، ئەم گۆڤارە وێڕای راڤەی قورئان و فەرمودە، گرنگیی بەبابەتی رامیاری داوەو لەو بارەوە چەند وتارێکی نووسیوە، هاوکات بابەتی

---

[١]- اخبارکردستان، مجلة (ئالای ئیسلام) العدد (٥)، السنة ١، شباط– آزار(١٩٨٧م)، ص٢٥.

[٢]- هەژارحاتەم: هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و تایبەت بەئافرەتانی لەخۆگرتوەو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پارتەکەی بڵاوکردۆتەوە[١].

ئەم پارتە لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕو سیمناری تایبەتی رامیاری و جەماوەریی سازداوەو لەبۆنە جیاوازەکاندا ئاهەنگی تایبەتی گێڕاوە[٢].

لەڕووی سەربازییەوە بەگوتەی (عەلی باپیر) ئەم پارتە هەر لەسەرەتای کاری رێکخراوەییدا بڕوای بەچەك هەبووە، پێیانوابووە هەر رێکخراوێکی ئیسلامیی لەدژی بەعس کاربکات پێویستیی بەهێز هەیە[٣]، بەڵام بەشێوەیەکی کردەیی لە (١٩٨٥/٩/١٤ز) باڵی سەربازیی ئەم پارتە پێکهێنرا، کە بە (لەشکری قورئان) ناوزەددەکرێ و مەلا عەلیی بیارە بەرپرسی ئەم باڵە سەربازییە بوو[٤]، لەشکری قورئان بەسەر چوار هێزدا بەم شێوەیە دابەشکرا:

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتری ناوەرۆك و گرنگیی گۆڤاری (ئاسۆی ئیسلام)، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٤٤-٤٩.

[٢]- ژمارە (٢)ی گۆڤاری ئاسۆی ئیسلام؛ زمانحاڵی بزووتنەوەی پەیوەندی، نووسیویەتی: لەڕۆژی (٧)ی رەمەزانی (١٤٠٥ کۆچی)/ (١٩٨٥/٥/٢٨ز) کۆڕێکی موسوڵمانانە بەبۆنەی بیرەوەریی شەهیدبوونی مامۆستای شەهید سەید قوتب سازکرا، کە لەم کۆڕەدا مامۆستای تێکۆشەر شێخ موحەممەد بەرزنجی وتارێکی گرنگی تیا پێشکەشکرد. بڕوانە: کاسێتی هەواڵەکان، ژمارە (٢)، ساڵی دووەم، (١٤٠٥ك/ ١٩٨٥ز)، ل٩.

[٣]- حوسێن موحەممەد عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

[٤]- ئەرشیفی رۆژانی بەرگری، رۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (٤٠)، (٢٠٠٢/٩/٧ز).

- هێزی خالید بۆ ناوچەی پێنجوێن و شارباژێرو سلێمانی.

- هێزی سەلاحەددین بۆ ناوچەی هەورامان و هەڵەبجەو شارەزورو گەرمیان.

- هێزی شافیعی بۆ ناوچەی هەولێر.

- هێزی فاروق بۆ قەرەداخ و کەرکوك[١].

ئەم پارتە دوای پێکهێنانی لەشکری قورئان چەند بارەگایەکی کردەوە، بارەگای سەرەکی لەگوندی (بۆسکان)ی شارباژێر بوو، هاوکات بارەگا لە (مەلەکان، برالە) دانران[٢]، هەروەها بارەگایەکیان لەگوندی (بێتوش) نزیك ناوچەی سەردەشت دانا، ئەم بارەگایە لە (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٦ز) لابرا[٣]، لەو ناوچەنەوە کەوتنە ئەنجامدانی چالاکیی سەربازیی دژی حکومەتی عێراق، بۆ نمونە لەمانگی ئایاری (١٩٨٧ز) پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی لەناوچەی هەولێر چەند چالاکییەکی سەربازییان ئەنجامداو گورزی کاریگەریان لەبەعس وەشاند[٤].

---

[١]- باوکی ئوسامە: بزووتنەوەی ئیسلامیی واجبێکی شەرعی و زەرورەتێکی واقیعییە، بەشی سێیەم، گۆڤاری جەماوەر، ژمارە (٣٩) ئابی (١٩٩٥ز)، ل١٤.

[٢]- چاوپێکەوتنی جەماوەرلەگەڵ شێخ موحەممەد بەرزنجی، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٢٣ز).

[٣]- ئەبوبەکری سدیقی، ڕۆژمێری (١٩٨٦ز).

[٤]- مجلة (ئالای ئیسلام) العدد ٦، السنة الاولی، آیار(١٩٨٧م)، ص٥.

لەگەڵ بەهێزبوونی بزووتنەوەی پەیوەندی، ناردنی مەفرەزەی پێشمەرگە بۆ ناوچە جۆربەجۆرەکان زیادیکرد، ئەو مەفرەزانە وێڕای کاری سەربازی، ئەرکێکی دیکەیان بەجێدەهێنا، کە کاری جەماوەری و ناساندنی بزووتنەوەی پەیوەندی بوو بەجەماوەرو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لەستەمکاریی بەعس و هاندانیان بۆ بەشداریکردن و پشتگیریکردنی خەباتی چەکداری ئیسلامیی، لەوبارەوە ئەبوبەکری سدیقی نوسیویەتی: "لە (١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٧ز) ژمارەیەك پێشمەرگەی لەشکری قورئان گەشتێکیان بۆ ناوچەی کۆیە دەستپێکرد، ئەم گەشتە نزیکەی مانگێکی خایاندو لە (١٥ی تەمموزی ١٩٨٧ز) گەیشتنەوە (مەلەکان)، لەگەشتەکەدا گوندەکانی (سوسێ، گۆمەشین، هەواری شاخەپیسکە، هەواری بایزاغا، سماقە، ئۆمەرگومەت، کانی رەش، ئەسکەندەر بەگی، مامەڵیسی) بەسەرکرایەوەو گوندنشینەکان کۆدەکرانەوەو قسەیان بۆ دەکرا[١].

سێیەم/ پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی

لەسەر ئاستی ناوخۆیی کوردستان، بەگوتەی شێخ موحەممەد بەرزنجی لەساڵی (١٩٨٦ز)ەوە پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی

---

[١]- رۆژژمێری (١٩٨٧ز).

هەبوو[١]، لەوبارەوە (ئەبو بەکری سدیقی) نوسیویەتی: "رۆژی (٩ی ئابی ١٩٨٦ز) چونەتە گوندی ئەشکان بۆ سەردانی یەکێتی". هەروەها نوسیویەتی: "لە (٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ز) جەلال تاڵەبانی هاتۆتە سنەو لەگەڵ شێخ موحەممەد بەرزنجی و مەلا عەلیی بیارە کۆبونەتەوەو لەنێوانیاندا رێکەوتن بەسترا". هەروەها "رۆژی (٢٨ی شوباتی ١٩٨٧ز) سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی نامەیەکی ناردووە بۆ بزووتنەوەی پەیوەندیی، کە تێیدا یەکێتیی نیشتیمانیی بەفەرمی دانینا بەبزووتنەوەی پەیوەندیدا"[٢]. دیارە بەر لەو مێژووە ناکۆکی کەوتبووە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی پەیوەندی، چونکە لەساڵی (١٩٨٦ز) کاتێك مەفرەزەیەکی پەیوەندی کەوتە بەردەم هێرشی یەکێتی، (٣) کوژراو چەند بریندارێکیان هەبوو[٣].

سەبارەت بەپەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکانی تر، تەنها زانیاریی ئەوە لەبەردەستدایە کە رۆژی (٢ی ئەیلولی ١٩٨٦ز) لەگەڵ (دکتۆر عەلی کوێت) نوێنەری حزبی سۆسیالیست وتووێژکراوە دەربارەی پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی پەیوەندی[٤]، جگە لەیەکێتی و سۆسیالیست، زانیاریی ئەوتۆ

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٤/١٢/٢٣ز).

[٢]- رۆژژمێری (١٩٨٦ز).

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

[٤]- سەرچاوەی پێشوو.

لەبەردەستدا نییە، کە بزووتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پارتەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندی هەبووبێت.

لەسەر ئاستی دەرەوە، ئەم پارتە پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ ئێران هەبوو، لەلایەن ئەو وڵاتەوە کۆمەکی دەکرا[١]، لەساڵی (١٩٨٢ز)ەوە ئێران پرۆژەی کۆکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی عێراقی بنیادنا، بۆ ئەو مەبەستە (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق) پێکهێنا، سەرجەم رەوتە ئیسلامییە عێراقییەکان تێیدا بوونە ئەندام[٢]، کاتێك بزووتنەوەی پەیوەندی راگەیەنرا لەم ئەنجومەنەدا بووە ئەندام و بەپێنج نوێنەر بەشداریکرد[٣]، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ توندوتۆڵیی پەیوەندیی ئێران و ئەو پارتە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی توندوتۆڵی بەپارتە ئیسلامییە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە.

[١]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٥٠.

[٢]- موحەممەد نوری بازیانی، هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

[٣]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی پێنجەم، ل٦.

لەشکری ئیسلامیی کورد [١]

یەکەم/ دروستبوون و دیدو تێڕوانینی

لەشکری ئیسلامیی کورد، یەکەم پارتی ئیسلامیی ئاشکرای چەکدارە لەباشووری کوردستان، دەربارەی ساڵی دامەزراندنی ئەم پارتە دوو بۆچوون هەیە، هەندێ لەتوێژەران ساڵی (١٩٨٠ز) بەساڵی دامەزراندنی ئەم پارتە دادەنێن[٢]، بەڵام بۆچوونی دووەم سەرەتای (شوباتی ١٩٨١ز) بەکاتی دامەزراندنی دادەنێت[٣]، بەو پێیەی هەڵگری بۆچوونی دووەم لەو کاتەدا لەکوردستان ژیاوەو هاوکات خۆی لەڕووداوەکاندا بەشداربووەو لەنزیکەوە ئاگادارە، بۆیە بۆچوونەکەی ئەو بەوردتر دەزانین و دەربارەی کاتی دامەزراندنی لەشکری ئیسلامیی کورد لەگەڵیدا هاوڕاین.

بەگوتەی (نەوشیروان مستەفا ئەمین) ئەم ڕێکخراوە بەکۆمەکی و بەرنامەی ئێران لەتاران ڕاگەیەنراو دامەزرێنەرانی بریتیبوون لە: (عەباس شەبەك، شێخ

---

[١] رای مامۆستا کرێکار: دەبوایە نووسەر لەشکری ئیسلامی بخستایەتە پێش بزوتنەوەی پەیوەندیی چونکە ئەویان پێشتر بە چەکداریی هاتۆتە مەیدانەوە.

[٢]- جەمال نەبەز، بێدەسەڵاتە کوردەکان و برا موسوڵمانەکانیان، وەرگێڕانی تایەرحەمەمین، چاپی یەکەم، سلێمانی، (١٩٩٨ز)، ل١٣٢. مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في کوردستان، ص٤٩.

[٣]- پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، چاپی سێیەم، سلێمانی، (١٩٩٨ز)، ل٢٠١.

قادر سۆتکەیی، مەلا حسێن مارۆنسی)[1]، کەسی یەکەمی ئەم پارتە (عەباس شەبەك) بوو، ناوبراو ماوەیەك ئەندامی ئیخوان موسلیمین بووە، پاشان بۆتە پێشمەرگەو دواتریش لەسەردانی لیبیاو سوریاو سعودیەدا دۆستایەتیی لەگەڵ سەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پەیداکرد[2].

بەڵام بەبڕوای (مەسعود عەبدولخالق) لەشکری ئیسلامیی، بەپلەی یەکەم لەژێر کاریگەریی لیبیادا بوو، چونکە (موعەمەر قەزافی) لەو کاتەدا بەشۆڕشی ئێران سەراسیمە بوو، لەلایەکی ترەوە ناوبراو هەر لەزووەوە سۆزێکی بەرامبەر

---

[1] رای مامۆستا کرێکار: عەبباس شەبەک (کە بە خزمەتی گەیشتووم) خۆی لەو ئیخوانانە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٥دا لە ئیخوان جیابوونەوە. ئوسامەی کوڕی لە لیبیا دەیخوێند، ئەو پەیوەندییەکانی رێکخستبوو. ئێستا لە نەمسایە. ئێران ئەوکاتە پەلەی دروستکردنی گروپێکی سونی بوو، بۆیە داواکەی قەزافی زوو وەڵامدایەوەو یارمەتی ئەمانیدا.. حاجی قادر خەڵکی گوندی سۆتکەی سودراش بوو، عەشایربوو، پێشتر پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو. مەلا حسێنی مارۆنسی زانایەکی دەریاوانی زانستی شەرعی بوو (بە خزمەتی گەیشتووم) جگە لە قورئان، سەحیحی بوخاری لەبەربوو لەگەڵ دەیان مەتنی زانستییە شەرعییەکاندا، لە ئەسڵدا خەڵکی باکوری کوردستانەو لەبەر کوشتنی موبەششیرێکی مەسیحی هەڵاتبووە باشورو پاشان مەلا مستەفا بارزانی کردبوویە راوێژکاری دینی خۆی، مەلا حسێنی مارۆنسی عەقیدەی بە مەلا مستەفا ووتبۆوەو بۆی نوسیبۆوە، مەلا حسێن دەیفەرموو لەسەرەمەرگیشییدا بیرم خستۆتەوە. مەلا حسێن دواتر لە کەرەج نیشتەجێبوو، دەرسی دەوتەوە، تەمەنی لە سەد ساڵ بەرەوژوورەو رەنگە هێشتا مابێت واللە اعلم.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

کورد هەبوو، زۆرجار کۆمەکی بۆ پارتە کوردستانییەکان دەنارد، دەرەنجامی ئەوە قەزافی دەیویست بزووتنەوەیەك لەکوردستان دروستبکات[١].

بەبڕوای ئێمە کۆمەکی لیبیاو ڕێنمایی ئێران ڕۆڵی راستەوخۆیان لەدروستکردنی لەشکری ئیسلامیی کورد بینی و لەلایەن هەردولاوە کۆمەکی و پشتگیری دەکرا، لیبیا چەك و تەقەمەنی پێدا، ئێرانیش وێڕای کۆمەکی ماددی لەڕووی سیاسییەوە کارئاسانی زۆری بۆ کرد.

ئەم پارتە پێکهاتەیەکی ناجۆرو پێکەوە نەگونجاوی هەبوو، لەسەرەتادا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و بەهاندانی ئێران دامەزرا، هیچ بنەمایەکی ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی لەپشت دامەزراندنی ئەم پارتەوە نەبوو، بەمەش ببوە نموونەی پارتی بێ دیسپلین[٢].

ئەم پارتە لەماوەیەکی کەمدا توانی ژمارەیەکی زۆر چەکدار لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو چەندین بارەگا بکاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوگ (امتیاز)انەی دەدرایە هەر چەکدارێك کە بریتیبوون لە:

- پارەی مانگانەی ئەدرایە.

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٧ز).

[٢]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٤٩. فاتح كرێكار، هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

- چەکی نوێی ئەدرایە.

- ئەیتوانی ماڵ و خێزانەکەی ببات بۆ ئێران و خۆیشی بەئازادی لەسەرانسەری ئێراندا بسوڕێتەوە.

- شەڕی حکومەتی عێراق نەکات[1].

دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە بەشێکی لەشکری ئیسلامیی پێکهاتبوو لەخەڵکی پارتە کوردستانییەکانی تر کە ناردبویاننە ناو لەشکری ئیسلامیی، تا لەوێ بژین و لەکاتی پێویست سودیان لێوەرگرن[2]، ئەمەش لەپاڵ ئەو جیاوگانەی پێشمەرگەی لەشکری ئیسلامیی هەیبوو، بووە هۆکارێکی گەشەکردنی خێرای پارتی ناوبراو لەڕووی چەندێتییەوە بێ چۆنییەتی.

سەبارەت بەدیدو تێڕوانینی لەشکری ئیسلامیی کورد لە (سبیل المؤمنین)ی بڵاوکراوەی تایبەتی پارتی ناوبراودا هاتووە: "لەئامانجەکانی لەشکری ئیسلامیی کورد، یەکێتیی کوردانە لەنێو یەکێتیی موسوڵمانانداا، ئەویش بەسەلماندنی ئەو مافانەی کە ئیسلام بۆ کوردو ئەوانی تریشی مسۆگەرکردووە، ئەو مافەی کە برا

---

[1]- نەوشیراون مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢. رای مامۆستا کرێکار: ئەمە راست نییە. مەبەستی ئەمانیش دژایەتی بەعس بوو.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەسعود عەبدولخالق، هەولێر، (١٧/١٢/٢٠٠٤ز).

موسوڵمانە عەرەب و تورك و فارسەکان پێی شادن"[١]. لەبڕگەیەکی تردا هاتووە: "هەروەك چۆن ئەو برایانە فەرمانڕەوان لەنیشتمانی خۆیاندا، پێویستە کوردیش سەروەری نیشتمانەکەی خۆی بێت"[٢].

گومانی تیا نییە ئەم ئامانجانە گەلێك دروستن، بەڵام ئاخۆ پارتێك کە هەر لەسەرەتاوە لەلایەن وڵاتێکی نەیار بەم خواستانەوە کۆمەکی و هاوکاریی دامەزراندنی کرابێت، دەتوانێت لەبەرژەوەندیی ئەو وڵاتە دەربچێت؟! لەشکری ئیسلامیی کەوتۆتە نێوان ئەو بەرداشەوە، سەرەنجامیش ئەو خواستانەی نەهێنایەدی و هەڵوەشایەوە.

دووەم/ پەیوەندییەکانی لەشکری ئیسلامیی کورد

١-پەیوەندییەکانی لەئاستی کوردستاندا

لەشکری ئیسلامیی لەتاران دامەزرا، پاشان لەسێ ناوچە (بەری مەرگە، سەرگەڵو، حاجی مامەندە) بارەگایان دانابوو[٣]، هەر لەسەرەتای کارکردنیانەوە زۆربەی پارتە کوردستانییەکان خەڵکی خۆیان ناردبووە ناو لەشکری ئیسلامییەوە، هەر لەو سەروبەندەدا ئێران داوای لەیەکێتیی نیشتیمانیی کرد، کە کارئاسانی بۆ لەشکری ئیسلامیی بکات، لەبەرامبەریشدا ئێران کارئاسانی بۆ

١- جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل١٣٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣-١٣٤.

٣- نەوشیروان مستەفا، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣.

یەکێتی دەکات، بەگوتەی (نەوشیروان مستەفا ئەمین) لەشکری ئیسلامیی بەڵێنیان بەیەکێتی دابوو کاتێك هاتنە ناوچەکە:

- دەست نەخەنە ناو کاروباری خەڵك.

- دوژمنانی یەکێتی و کەسانی گومانلێکراو لەڕیزەکانی خۆیاندا وەرنەگرن.

- یارمەتیی یەکێتی بدەن بۆ گوێزانەوەی چەك[١].

عەباس شەبەك پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەبوو، لەسەر ئەمانەتی ئەو هاتنە کوردستان، (مەسعود عەبدولخالق) کە لەو کاتەدا کارگێڕی لقی (١)ی یەکێتی بووە، بەناوی جەلال تاڵەبانییەوە چۆتە لای لەشکری ئیسلامیی و لەدیدارێکدا

[١]- **سەرچاوەی پێشوو**، ل٢٠٢. رای مامۆستا کرێکار: ئەم دارشتنە خۆی چەواشەکارانەیە، یەکێتی کردی بە فەرز لەسەر لەشکری ئیسلامی کە ١. دەبێت لە ٢٠٪ی ئەو چەکانەی بۆیان دێت بدرێتە یەکێتی. ٢. هەندێک پێشمەرگەی یەکێتی قبووڵ بکەن لە ناو خۆیاندا (بۆ گێلکردنی بەرامبەر دەیانووت: ئەم پێشمەرگانەی دەیاننێرینە لای ئێوە نوێژخوێنن و موناقەشە لەسەر ئیسلام دەکەن و نامانەوێت لەناوماندا بن)!. هەموویان خەت مایل بوون و لە کاتی جەنگی نێوانیاندا هەر ئەمانە بارەگاکانیان گرت و پێشمەرگەکانی لەشکری ئیسلامییان کوشت. لە خۆشیان زۆر کوژرا، لەوانە صەلاحی موهەندیس کە فەرماندە بوو.

عەباس شەبەك پێیوتووە: "ئێمە لەشکری ئیسلامیمان لەسەر ئەمانەتی مام جەلال ناردە کوردستان، ئێوەش ئاگاتان لێیان بێت"[١].

ئەم پەیوەندییانە تا سەر بەو شێوە نەمایەوە، ناکۆکی کەوتە نێوان یەکێتی و لەشکری ئیسلامی، کۆتاییەکەشی بەشەڕهاتنی هەردولاو نەمانی لەشکری ئیسلامی لەسەر شانۆی رامیاریی لێکەوتەوە[٢].

سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان لەشکری ئیسلامی و حزبی سۆسیالیست، هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە دیوە، بەواتایەکی تر هەندێ جار پەیوەندییەکی دۆستانە بووەو هەندێ جاریش دوژمنکارانە، دەکرێ ئەو نامەیەی رۆژی (١٩٨١/٨/٢١) لەلایەن لەشکری ئیسلامییەوە ئاراستەی حزبی سۆسیالیست کراوەو تێیدا داوای لێبوردن لەسۆسیالیست دەکەن، چونکە نەیانتوانیوە پسوڵە بۆ چەند پێشمەرگەیەکیان بکەن تا پێی بچنە ئێران، بەنموونەی پەیوەندیی دۆستانە دابنێین، چونکە ناگونجێت ئەگەر پەیوەندیی دۆستانەیان نەبووبێت ئەو داوایەیان لێبکردنایە[٣]، بەهەمان شێوە لەدوو نامەی تری لەشکری ئیسلامی بۆ حزبی سۆسیالیست، ناکۆکی و ئاڵۆزیی نێوان هەردوو

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٧ز).

[٢]- لەکۆتایی ئەم باسەدا، بەدرێژی باس لەشەڕی نێوانیان و پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی لەشکری ئیسلامی دەکەین.

[٣]- موحەممەد حاجی مەحمود، رۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی دووەم، ب. ش، ب. م، ل٤٦٨.

پارتی ناوبراو بەشێوەیەك دەردەكەوێت كار گەیشتۆتە رادەی چەككردن و هەڵكوتانە سەر بارەگای لەشكری ئیسلامی[١].

٢-پەیوەندییەكان لەئاستی دەرەوەدا

هەروەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەشكری ئیسلامی لەژێر رێنمایی و بەكۆمەك و هاوكاریی ئێران دامەزرا، لەتەواوی هەڵوێست و چالاكیدا كەوتبووە ژێر هەژمونی ئێران، بەدرێژایی تەمەنی ئەو پارتە نەیتوانی خۆی لەپاشكۆیەتیی ئێران رزگاربكات، بەبڕوای هەندێ نووسەر رۆڵی ئێران هێندە كاریگەربووە، كە دواتر لەژێر فشاری ئێراندا ئەم پارتە هەڵوەشایەوە[٢].

لەلایەكی ترەوە، ئەم پارتە پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ لیبیادا هەبوو، لەلایەن ئەو وڵاتەوە كۆمەكی دارایی و چەك و تەقەمەنی دەكرا، موعەممەر قەزافیی

---

[١]- نامەی یەكەمیان، رۆژی (١٩٨٢/٦/٢٣ز) لەلایەن مەكتەبی عەسكەریی لەشكری ئیسلامییەوە نێرراوە بۆ حزبی سۆسیالیست و تێیدا وێڕای گلەیی دەربارەی چەككردن و تەقەكردن لەچەكدارەكانی لەشكر، ئامادەیی لەشكر بۆ گفتوگۆو وتووێژ نیشاندەدات، بڕوانە: موحەممەد حاجی مەحمود، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل٥١٦. نامەی دووەمیان، رۆژی (١٩٨٢/١١/١٥ز) لەلایەن شێخ قادر نێراوە بۆ موحەممەد حاجی مەحمودو گلەیی ئەوەی لێدەكات لەكاتێكدا ئەوان هیچ دوژمنایەتییەكیان لەنێواندا نەبووە، بەڵام بارەگای لەشكری ئیسلامی لەپەرخ لەلایەن سۆسیالیستەوە روتكراوەتەوە، هەروەها باس لەوە دەكات كە نێرراوی خۆی ناردووە تا لەو بارەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بكات، بڕوانە: موحەممەد حاجی مەحمود، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل٥٥٩.

[٢]- جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل١٣٢.

سەرۆکی لیبیا، لەو کاتەدا بەشۆڕشی ئیسلامیی ئێران کارتێکراو بوو، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵدا دامەزراندبوو، لەشکری ئیسلامیی سوودی لەم پەیوەندییە بینی و لەلایەن لیبیاوە ژمارەیەکی بەرچاو چەك و تەقەمەنی درایە[١].

سێیەم/ هەڵوەشاندنەوەی لەشکری ئیسلامیی

دوای ئەوەی لەشکری ئیسلامیی لەچەند ناوچەیەك بارەگایان دانا، کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی، ئەو ناوچانەش کە ئەوان بارەگایان لێدانا، پێگەی جموجۆڵ و چالاکیی یەکێتی بوو، بەگوتەی (نەوشیروان مستەفا ئەمین) دوای ئەوەی لەشکری ئیسلامیی جێپێی خۆیان لەناوچەکەدا کردەوە، وەکو حوکمڕان مامەڵەیان دەکرد، ئەم کارەیان بەدنەدانی ئێران بوو[٢]، ئەم حاڵەتە وای لەیەکێتی کرد بڕیاری چەککردنیان بدات، ئەم بڕیارە لە (تەمموزی ١٩٨٢ز)

---

[١]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي في كوردستان، ص٥٠. رای مامۆستا کرێکار: لەشکری ئیسلامی و عەبباس شەبەک خۆی پەیوەندی لەگەڵ زۆر لە کەسایەتییە ئیسلامییە سوونییەکانیشدا هەبوو، لەگەڵ زۆر لەوانەی کە پێکەوە ئیخوان بوون و ئەوانیش لە ئیخوان دەرچووبوون وەکو فلەییح سامەڕائی (زۆر جار بە خزمەتی گەیشتووم) کە رابەری (الكتلة الاسلامية) بوو، هەردوو کۆمەڵەکەش هاوپەیمانی یەکتربوون.

[٢]- پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٢٦٢.

جێبەجێکرا، هێرشکرایە سەر بارەگاکانی لەشکری ئیسلامیی، دوای ئەوەی بەرگرییەکی کەمیان کرد، دەست بەسەر تەواوی بارەگاکانیاندا گیرا[١].

ئەم تێکشکانەی لەشکری ئیسلامیی هێندە کاریگەر بوو، کە جارێکی دی نەیتوانی هەڵسێتەوەو چیتر ئەو پارتە لەسەر شانۆی رامیاریی کوردستان چالاکی نەماو هەڵوەشایەوە[٢].

وێڕای ئەوەی باسکرا، بۆچوونی ئەوەی هەیە، کە تێکچونیی پەیوەندیی نێوان لەشکری ئیسلامیی و ئێران هۆکاری بنەڕەتیی هەڵوەشاندنەوەی بێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داننەنانی ئێران بەکورددا وەکو گەلێکی خاوەن زمان و مێژوو خاك، هاوکات لەشکری ئیسلامیی ئامادەنەبوو شانبەشانی سوپای ئێران شەڕی حکومەتی عێراق بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی دوای دروستکردنی

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣. مەحمود سەنگاوی: بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، (٢٠٠٤ز)، ل١٥٢، لەشکری ئیسلامی لەو شەڕانەدا زیانی گەورەی لێکەوت، مەحمود سەنگاوی باس لەقۆڵێکی شەڕەکە دەکات کە خۆی تێیدا بەشداربووەو یەکێتی (٢٣) مزەلی و (٨٠) کلاشینکۆفی یەك لاق و (١٠) ژێرسەی دەسکەوت هەبوو، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، ل١٥٣.

[٢]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣. هەر چەندە لەشکری ئیسلامیی بەشێوەیەکی فەرمی تا ساڵی (١٩٨٩ز) لەکارکردن بەردەوام بوو، بەڵام دەتوانین ساڵی (١٩٨٢ز)و تێکشکانی لەبەرامبەر یەکێتی بەکۆتایی کردەیی ئەو پارتە دابنێین، فاتح کرێکار، هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

(ئەنجومەتی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەعێراق) لەلایەن ئێرانەوە، لەشکری ئیسلامیی ئەوەی ڕەتکردەوە کە داکۆکی لەو ئەنجومەنە بکات[١].

بەبڕوای ئێمە، تێکچوونی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران، وەکو هۆکارێکی ڕامیاریی و تێکشکانی سەربازی لەبەرامبەر یەکێتیی، پێکەوە شانبەشانی یەك بوونە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەو پووکانەوەی لەشکری ئیسلامیی.

سەرهەڵدان و تێکشانی لەشکری ئیسلامیی کورد، کاریگەریی خۆی لەگۆڕەپانی کوردستاندا جێهێشت کە بریتیبوو لە:

١-سەرهەڵدانی لەشکری ئیسلامیی، ئەو بۆچوونەی لای بەشێکی ڕەوتی ئیسلامیی دروستکرد، کە دەگونجێت لەگەڵ بوونی چەند پارتی عەلمانیی کوردی، پارتی ئیسلامیی چەکداریش هەبێت[٢]، هاوکات کۆمەڵێکی تر پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیان لەمێشکدا چەسپا.

---

[١]- جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل١٣٢-١٣٣. ڕای مامۆستا کرێکار: هۆی پووکانەوی لەشکری ئیسلامی واللە اعلم نەبوونی کادر بوو. برایەکی بەڕێز کە خەڵکی سلێمانی بوو بەرپرسی بارووتخانەی لەشکری ئیسلامی بوو هەر ئەو کاتە ١٩٨٣وازی لێهێنان و بوو بە (کۆمەڵی ئەنصار) لەگەڵماندا و لە مەریوان نیشتەجی بوو، دەیووت نەفەرمان نییە بۆ پاسەوانێتی مەشجەبەکەش! عەبباس شەبەک و مەلا حسێنی مارۆنسی خەڵکی بادینان بوون، کەس لە ناوچەی سۆرانی ئێمە نەچووە ناویانەوە، چونکە هۆشیاریی جیهادیی لەو کاتەدا هێشتا دەستی پێنەکردبوو..

[٢]- فاتح کرێکار، هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

٢-سەرهەڵدانی لەشکری ئیسلامیی، مەفهومێکی وای لەناو خەڵکیدا چەسپاند، کە ئەوەی بەناوی ئیسلامەوە کاردەکات پیاوی دەرەوەیەو کرێگرتەیە، ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر ئەو بزووتنەوە ئیسلامییە چەکدارییانەی دواتر دروستبوون، پێویستییان بەکاری زۆر بوو تا ئەو گومان و تۆمەتانە بڕەوێننەوە[١]، لەو رووەوە پارتە عەلمانییەکان رۆڵی کارایان بینی و برەویان بەو بۆچوونە دەدا.

[١] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ مەسعود عەبدولخالق، هەولێر، (٢٠٠٤/١٢/١٧ز).

کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیی و کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق

یەکەم/ کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق

سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنێکی نهێنی کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەستبەکاربوون[١]، مەلا ئەمین پیرداود خۆشناو؛ دامەزرێنەرو بەرپرسی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە بوو، ناوبراو یەکێکە لەئەندامە دێرینەکانی ئیخوان و لەسەرەتای حەفتاکانەوە وازی لەئیخوان هێنابوو، هەڵویستی بەرامبەر ئیخوان توندبوو، نەهامەتی و لاوازیی بێداریی ئیسلامیی دەخستە ئەستۆی ئیخوان و بڕوای وابوو بەرنامەی ئیخوان هەڵەو لادانی زۆری تێدایە[٢].

مەلا ئەمین بەهاوکاریی (مەلا جەمیل، مەلا جەمال، مەلا یەحیا) دەستیان بەکارکرد[٣]، جگە لەوانەی پێشوو چەند کەسایەتیی تری وەکو (حاجی عومەر، ئیبراهیم تاهیر -د. ئیبراهیم-، ڕەشید -شەهید کەیفی-، مەلا عومەر موورادی، ئازاد حوجرانی) لەئەندامە هەڵسوڕاوەکان ئەژماردەکرێن.

---

[١]- ئەمین پیرداود خوشناو: القواعد الاساسية في الاسلام، من مطبوعات جماعة الجهاد الاسلامي في كوردستان العراق، مركززاده للصحافة والنشر، اربيل، ١٩٩٥م، ص٦.

[٢]- نووسەرێکی نەزانراو، هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

ئەمانە لەهەولێر کەوتنە جموجۆڵ و کارکردن و دواتر بوونە بەهێزترین باڵی ڕەوتی ئیسلامیی هەولێر لەهەشتاکاندا[١]، تا رادەیەکیش لەموسڵ و سلێمانی چالاکییان هەبوو.

کۆمەڵی جیهاد، ئەندامەکانی لەسەر رۆحییەتێکی جیهادی پەروەردەدەکرد، بۆ پەروەردەکردنی ئەندامان زیاتر جەختدەکرا لەسەر لەبەرکردنی قورئان و فەرمودەو گرنگیدان بەمێژوو[٢].

کۆمەڵی جیهاد، بەشێوەی رێکخستنێکی نهێنیی توندوتۆڵ بەدرێژایی هەشتاکان چالاکی دەنواند، ئەندامانی کۆمەڵی جیهاد پەروەردەیەکی جیهادیی توندوتۆڵ دەکران، هەر لەسەرەتای راگەیاندنی بزووتنەوەی پەیوەندی و بزووتنەوەی ئیسلامیی، بەمەبەستی راگەیاندنی کاری جیهادی و پەیوەندیکردن بەو دوو بزووتنەوەیەوە، مەلا ئەمین چەند جارێك سەردانی ئێران دەکات و چاوی بەسەرکردەکانی هەردوو بزووتنەوەی ناوبراو دەکەوێت، دوای وتووێژو راگۆڕینەوە، مەلا ئەمین بەنیگەرانییەوە دەگەڕێتەوەو سەرکردەکانیان

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەبدولستارمەجید، رانیە، (٢٠٠٤/١٢/١١ز).

بەشایستەی سەرکردایەتیکردنی کارێکی جیهادی نازانێت، بۆیە رازینابێت پەیوەندی بەو بزووتنەوانەوە بکات[١].

دوای چەندین ساڵ لەخەباتی نهێنی و پەروەردەکردنی چەندین کادیرو ئەندام، سەرکردەکانی کۆمەڵی جیهاد، لەڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١ز) لەمیحوەری هەولێرەوە پەیوەندییان کرد بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە، ئەم پەیوەندیکردنە کارێکی بێبەرنامەو لەژێر فشاری ئەندام و کادیرانیاندا بوو، کە بەڕۆحییەتێکی جیهادی پەروەردەکرابوون، هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کەم و لەمانگی (حوزەیرانی ١٩٩١ز) کۆمەڵێك ناکۆکی لاوەکییان لەگەڵ بزووتنەوە بۆ دروستبوو، سەرەنجام لەبزووتنەوە جیابوونەوەو هەر سێ بارەگای (چۆمان، خەلیفان، حوجران) لەژێر دەستیاندا مایەوە، ئەمەش ریزەکانی پەرتکردن و ژمارەیەك ئەندامی چالاکیان دەستبەرداری کۆمەڵی جیهاد بوون و لەناو ریزەکانی بزووتنەوە درێژەیان بەچالاکی خۆیان دا.

دواتر مەلا ئەمین هەولێیدا لەگەڵ کۆمەڵەی ئیسلامیی کە (فاتح کرێکار) رایگەیاندبوو یەکبگرێت، دوای چەندین دانیشتن لەنێوان هەردوولادا، بۆچوونەکانیان هێندە لەیەکتر دووربوون نەیانتوانی یەکبگرن، دوای ئەوەی

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

مەلا ئەمین دوو بارەگای تری لەدەستدا، تەنها بارەگای خەلیفانی بەدەستەوە مایەوە[١].

[١]- لەم توێژینەوەدا نەمانویست باس لەقۆناغی دوای راپەڕین بکەین ئەم چەند دێڕەش کە باس لەمێژووی کۆمەڵی جیهاد دەکات لەدوای راپەڕینی (١٩٩١ز) بەو مەبەستەیە کە خوێنەر ئاگاداری زنجیرەی رووداوەکان بێت، ئەگەر نا ئەوە قۆناغێکی نهێنییە لەمێژووی کۆمەڵەی جیهاد کە بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا کەوتنە کارکردن و بنەما فیکرییەکانیان لەکتێبی (القواعد الاساسية في الاسلام)دا لەنووسینی مەلا ئەمین؛ ئەمیری کۆمەڵی جیهاد خستەڕوو، هەوڵدەدەین لەداهاتوودا توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەو بارەوە ئەنجامبدەین.

دووەم/ کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق[١]

ناکۆکی و ناجۆری ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ڕێگەی خۆشکرد ژمارەیەك لەئەندامانی ئەو پارتە جیاببنەوەو ڕێکخراێکی نوێ دامەزرێنن، هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەوە ئەو ناکۆکییە سەریهەڵدا، هەندێ جار دەگەیشتە لوتکەو هەندێ جاریش ئەو بارگرژییە خاودەبویەوە، لەڕوونکردنەوەیەکدا کە ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامیی: شێخ عوسمان عەبدولعەزیز دەریکردووە، دەرکردنی گۆڤاری (بانگەوازی ئیسلامی) کە لەلایەن ژمارەیەك کادیرو ئەندامی بزووتنەوەوە لەشاری پیشاوەری پاکستان دەرچووە، بەکارێکی تاکەکەسی ناوزەددەکات و ڕایدەگەیەنێت بزووتنەوە بەدەرکردنی ئەو گۆڤارە ڕازی نییەو بەناشەرعیی دەزانێت[٢].

پێدەچێت ئەم گوڤارە لەلایەن فاتح کرێکارەوە دەرچووبێت، ناوبراو دواتر لەبزووتنەوەی ئیسلامیی جیابویەوەو پارتێکی دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق) سەبارەت بەدامەزراندنی ئەم پارتە موحەممەد

---

[١]- ناوی تەواوی پارتەکە بەعەرەبی (الجماعة الاسلامية في كردستان العراق) کوردییەکەی دەبێتە (کۆمەڵەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق) نەك (کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق)، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەدا لەبەر ئەمانەتی زانستی (کۆمەڵەی ئیسلامیی) بەکاردەهێنین، چونکە لەئەدەبیاتی خودی پارتەکەدا ناوەکە بەو شێوازە هاتووە.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١٢).

نوری بازیانی ساڵی (١٩٩١ز) بەمێژووی دامەزراندنی ئەم پارتە دادەنێت[١]، بەڵام بەپێی بڵاوکراوەکانی خودی کۆمەڵەی ئیسلامیی، ئەم پارتە لە (١٤١١/٤/١٦ك - ١٩٩٠/١١/٥ز) دامەزرێنراوە، بێگومان بۆچوونی دووەم وردترو راسترە[٢]، چونکە بڵاوکراوەی فەرمیی پارتەکەیەو سەرچاوەی متمانەپێکراوە.

دەربارەی ناوی سەرکردەکانی ئەم پارتە، جگە لەناوی فاتح کرێکار، کە کەسی یەکەم بووە، هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە، سەبارەت بەدیدو تێڕوانینی پارتەکەش ئەوا لەمیساقێکدا پوختەیەکی بڵاوکراوەتەوە[٣].

ئەم پارتە تا راپەڕینی ئازاری (١٩٩١ز) جگە لەدەرکردنی چەند بەیاننامەیەك و ژمارە (٨)ی گۆڤاری (بانگەواز) هیچ چالاکییەکی ئەوتۆی نەبووە، لەئازاری (١٩٩١ز)یشدا گۆڤاری (الشهداء) دەردەکەن[٤]، هەر لەو سەروبەندەدا بەبۆنەی راپەڕینی ئازاری (١٩٩١ز) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە[٥]، دواتریش

---

[١]- مستقبل الحركة الاسلامية في كوردستان العراق، ص٥٧.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەکانی ژمارە (١٣-١٤).

[٣]- دەربارەی دیدو تێڕوانینی کۆمەڵەی ئیسلامیی، بڕوانە: بەڵگەنامەکانی ژمارە (١٣-١٤).

[٤]- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی گۆڤارەکە بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١١٨-١٢١.

[٥]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١٥).

لەناوچەی خەلیفان و حاجی ئۆمەران بارەگایان دانا[١]، دواتر بەهەوڵی (وریا موحەممەد کەرکووکی، مەلا ئیبراهیم نولچکە، یاسر کەرکوکی- پشکۆ) ڕێکخراوەکە هەڵوەشایەوەو ئەندامەکانی چوونەوە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی[٢].

[١] ڕای مامۆستا کرێکار: دیارە کە نووسەر ئاگای لەو مێژووەی کۆمەڵەی ئیسلامی نییە. چونکە ئێمە بارەگامان نە لە خەلیفان هەبووەو نە لە حاجی ئۆمەران. هەروەها کە باس لەوە دەکات کە گوایە خاڵی جیاوزی نێوان کۆمەڵەی ئیسلامی ئێمەو کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیی مەلا ئەمین زۆر دووربووە لە یەکتر ئەویش وانییە. ئەمانەم بە تەفصیل لە کتێبێکی سەربەخۆدا باسکردووە بە ناوی (سەرەتای دەسپێکی کاری ئیسلامی لە باشووری کوردستان) کە هاوبیران دەیخوێنن ان شاءالله پێویست ناکات لێرەدا ئەو باسە بهێنمەوە.

[٢]- **محمد نوری بازیانی، هەمان سەرچاوە، ل٥٧.**

پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان

یەکەم/ دامەزراندنی

سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵوکۆششی کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی ڕەوتی ئیسلامیی لەهەندەران، ئەم ڕێکخراوە لە (٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٦ز) لەژێر ناوی (پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لەدەرەوە) لەشاری تۆرینتۆی کەنەدا ڕاگەیەنرا[١].

دەربارەی دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە، گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام) زمانحاڵی ڕێکخراوەکە نوسیویەتی: "لەلایەن ژمارەیەك گەنجی موسوڵمانی کوردی کوردستانی (عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا)وە دامەزراوە"[٢].

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان (ئازاد گەرمیانی <<د. عوسمان عەلی-توێژەر>>، دلێر هەمەوەندی، حاجی ئاسۆ، عائیشە کیسنجەر) لەدەستەی

---

[١]- في ذكرى ولادة الرابطة، (ئاڵای ئیسلام) العدد ٦، السنة الاولى، شعبان ورمضان ١٤٠٧هـ، آيار ١٩٨٧م.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

دامەزرێنەری ڕێکخراوەکەن[١]، بەڵام هیچ زانیارییەك دەربارەی ناوی کەسانی دیکە کە ڕۆڵیان لەدامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا بینیبێت لەبەردەستدا نییە.

ڕێکخراوی پەیوەندیی قوتابیان ماوەی دوو ساڵ لەژێر ئەو ناوەدا کارو چالاکی ئەنجامداو لەکۆبونەوەی لیژنەی گشتیی ڕێکخراوەکە لە (تەمموزی ١٩٨٨ز) ناوی ڕێکخراوەکە لە(پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لەدەرەوە) گۆڕرا بۆ (پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان)[٢].

گۆڕینی ئەم ناوە زیاتر بەو مەبەستە بووە کە ڕێکخراوەکە لەچوارچێوەی تەسکی کوردی بگۆڕێت بۆ چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر کە کوردستانە، چونکە لەکوردستان جگە لەکورد کەمایەتیی ترو عەرەب و تورك و فارس دەژین و بەمەش سڵەمینەوەیان لەئاستی ڕێکخراوەکەدا کەمدەبێتەوەو ئامادەن لەچوارچێوەی ڕێکخراوەکەدا کاربکەن، یاخود هاوکاری بکەن[٣].

پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان لەژێر ئەم ناوەدا درێژەی بەخەبات و چالاکی خۆی دا تا لە (٢٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ز) لەگەڵ (یەکێتیی

---

[١]- کامەران بابان زادە؛ پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان، دەستنووس.

[٢]- الی قراءنا (ئاڵای ئیسلام) العدد: ٥-٦، السنة الثانیة، ١٩٨٨م، ص١٤.

[٣]- الافتتاحیة (ئاڵای ئیسلام)، العدد: ١، السنة الثالثة، آذار١٩٨٩م ص٢.

ئیسلامیی قوتابیان و لاوانی کوردستان[١]) یەکیانگرت و ڕێکخراوێکی پیشەیی نوێیان بەناوی (پەیوەندیی ئیسلامیی خوێندکاران و لاوانی کوردستان) ڕاگەیاند[٢].

سەبارەت بەناسنامەو دیدو تێڕوانین و ئامانجەکانی پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان، کامەران بابان زادە نوسیویەتی: "پەیوەندی ڕێکخراوێکی ئیسلامیی خوێندکاری و پیشەییە، بڕوای وایە ئیسلام بەرنامەی کارو بیروباوەڕە، قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیڕەوو دەستوری کارکردنە"[٣]. دەربارەی ئامانجەکانی پەیوەندی، گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام) نوسیویەتی: "مەبەست لەدروستکردنی پەیوەندیی قوتابیان ئەوەیە ببێتە دوانگەیەك بۆ ڕێنماییکردن و گەشەپێدانی توانا زانستی و فیکرییەکانی لاوان، بەمەبەستی خزمەتکردنی دۆزی ئیسلامیی بەشێوەیەکی گشتی و کێشەی گەلی ستەملێکراوی کوردستان بەتایبەتی"[٤].

---

[١]- یەکێتیی ئیسلامیی قوتابیان و لاوانی کوردستان، ڕێکخراوێکی پیشەیی بوو، کۆمەڵێك خوێندکاری کورد، کە لەهەشتاکانەوە لەناو زانکۆکانی سەلاحەددین و موسڵ و بەغداد بەشێوەیەکی نهێنی جموجۆڵ و چالاکییان هەبوو دوای ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١ز) ئەم ڕێکخراوەیان ڕاگەیاند.

[٢]- باوکی پەیوەند: لەیادی دامەزراندنی پەیوەندیی ئیسلامیی خوێندکارانی کوردستاندا، ڕۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی، ژمارە: ٤٢، (١٩٩٩/٦/٢٤ز).

[٣]- هەمان سەرچاوە.

[٤]- في ذكرى ولادة الرابطة.

دەتوانین پوختەی ئامانجەکانی پەیوەندی لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:

١-کۆکردنەوەی خوێندکارو لاوانی موسوڵمان لەدەوری ڕێکخراوەکەو ڕێکخستنیان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە ئیسلامییەکان و بنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی لەکوردستان.

٢-دروستکردنی دوانگەیەکی ڕۆشنبیری و راگەیاندن تا لە ڕێگەیەوە کێشەی کوردو موسوڵمانییەتی و ناسنامەی بخرێتەڕوو.

٣-بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ئیسلامیی و ناساندنی ناوەرۆکی ئایدۆلۆژیاکانی ئەو سەردەمەی گۆڕەپانی کوردستان و خستنەڕووی جێدار (بدیل)ی ئیسلامیی.

٤-هاوکاری و پاڵپشتیی بزووتنەوەی جیهادی لەکوردستان و کۆمەکی لێقەوماوان.

٥-هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی بزاڤی خوێندکارانی ئیسلامیی لەجیهاندا.

٦-هاوکاریکردنی خوێندکارە موسوڵمانەکانی کوردستان بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن[١].

لە (نیسانی ١٩٨٨ز) لەژێر دروشمی (پشتگیریی گەلی موسوڵمان لەکوردستان) بەئامادەبوونی نوێنەری چەندین ڕێکخراوو پارتی ئیسلامیی، پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان کۆنگرەی یەکەمی بەست، لەو کۆنگرەدا چەند بڕیارێك درا کە

---

[١]- **کامەران بابان زادە: هەمان سەرچاوە.**

دەگونجێت وەکو ئامانجی ڕێکخراوەکە لەو سەردەمەدا ناوزەدبکرێ، بڕیارەکانیش بریتیبوون لە:

١-هاندانی موسوڵمانانی تێکڕای جیهان بۆ هاوبەشیکردن لەڕاگرتنی کۆمەڵکوژیی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراق و سەرزەنشتکردنی مەرگەساتی هەڵەبجە کە (٥) هەزار کوژراوو (٨) هەزار بریندای لێکەوتۆتەوە.

٢-پشتگیریکردن و گرنگیپێدانی بزاڤی ئیسلامیی لەجیهان وەکو ئەفغانستان و فەلەستین.

٣-بانگەوازکردن بۆ دروستکردنی سندوقی کۆمەکی بۆ لێقەوماوانی کورد.

٤-بەرپاکردنی هەڵمەتێکی جیهانیی گشتگیر بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەڕای گشتی و جیهان و ریسواکردنی ئەو مومارەسە نامرۆڤانەیەی دەوڵەتان پێی هەڵدەسن بۆ زاڵبوون بەسەر گەلی کورددا[١].

---

[١]- قرارات المؤتمر الاول، (ئالای ئیسلام)، العدد: ٤، السنة الثانية، ذوالقعدة – ذوالحجة ١٤٠٨هـ/ حزيران- تموز ١٩٨٨م، ص٣.

دووەم/ کارو چالاکیی پەیوەندیی قوتابیان

پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لێبڕاوانە تێکۆشاوەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی تەقەلایداوە، ئەم کارو چالاکییانەش بواری جۆراوجۆری لەخۆگرتووەو لێرەدا لەسێ تەوەرەدا دەیخەینەڕوو:

تەوەرەی یەکەم/ بەستنی کۆڕو سیمینارو کۆنگرەو سازدانی چالاکیی جۆراوجۆر بەمەستی ناساندن و داکۆکیکردن لەکێشەی کورد، ساڵی (١٩٨٩ز) لەشاری (کۆڵن)ی ئەڵمانیا یەکەم کۆنگرەی ئیسلامیی جیهانی سازدا، لەو کۆنگرەدا دەیان کەسایەتی و پسپۆڕ بەشدارییان تێداکرد بەمەبەستی خستنەڕووی کێشەی کوردو جێداری ئیسلامیی بۆ چارەسەری کێشەکە[١].

لەڕۆژانی (٢٣-٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ز) موحسین جوامێر بەنوێنەرایەتیی پەیوەندی بەشداریکرد لەکۆنگرەی (١١)ی (پەیوەندیی لاوانی موسوڵمانی عەرەب) لەشاری (ئۆکلاهۆما) نوێنەری پەیوەندی لەو کۆنگرەدا (٢) وتاری دەربارەی کێشەی کورد پێشکەشکرد، لەپەراوێزی کۆنگرەکەشدا وەفدی پەیوەندی چەندین دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشداربووانی کۆنگرە سازدا[٢]. هەروەها وەفدی پەیوەندی بەشداریکرد لەکۆنگرەی یەکەمی (لیژنەی

---

[١]- لقاء مع الاستاذ شاخوان عبدالقادر؛ سکرتیر الرابطة الاسلامیة لطلبة وشباب کردستان، اجری اللقاء: سلمان عبد الرحمن، (ئالای ئیسلام) العدد: ٤، السنة الحادیة عشرة، شوال ١٤١٨م، شباط/ ١٩٨٨م، ص٣٦.

[٢]- نشاطات فروع الرابطة، (ئالای ئیسلام)، العدد: ١، السنة الثالثة، آذار١٩٨٩، ص١١.

فەلەستینی ئیسلامیی لەئەمریکای باکوور) کە لەشاری (سانت لویس) لە (٢٣-٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ز) رێکخرا، وەفدی پەیوەندی چەندین دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشداربووانی کۆنگرە ئەنجامدا[١].

دیارە پێشتریش کۆمەڵێك کارو چالاکییان بۆ ناساندن و داکۆکیکردن لەکێشەی کورد ئەنجامدا، لەوانە: سازدانی رێپێوانێك لەشاری (تۆرینتۆ)ی کەنەدا بۆ خستەڕووی کارەساتی هەڵەبجە، ژمارەیەکی زۆری دەزگاکانی راگەیاندنی کەنەدا لەتەلەفزیۆن و رۆژنامەکان ئەم رێپێوانەیان بڵاوکردەوە، هەر لەو ماوەدا وەفدێکی پەیوەندی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی کەنەداو پەرلەمانی کەنەداو رێکخراوی مافی مرۆڤ و چەند رێکخراوێکی ئیسلامیی و رزگاریخوازیی کرد، مەبەست لەم سەردانانە ناساندنی کێشەی کوردو کارەساتی هەڵەبجە بوو، ئێزگەی نیشتیمانیی کەنەدی چاوپێکەوتنێکی (٣٨) خولەکی لەگەڵ وەفدی پەیوەندی ئەنجامداو وەفدەکە تیشکی خستەسەر تاوانەکانی سەددام حسێن دژی گەلی موسوڵمانی کورد[٢].

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[٢]- **نشاط الرابطة، (ئاڵای ئیسلام)، العدد: ٤، السنة الثانية ذو القعدة- ذو الحجة ١٤٠٨ھ/ حزيران– تموز ١٩٨٨م، ص٤.**

هەروەها پەیوەندی چەندین زنجیرە کۆڕی سازداوە، لەشاری (سان دیاگۆ، کالیفۆرنیا) لەژێر ناونیشانی (کێشە کورد! جێدار؟)، لە (٧ی کانونی دووەمی ١٩٨٩ز) ئەم زنجیرە کۆڕانەی سازدا:

١-دکتۆر موزەفەر پەرتۆما: چارەسەری نێودەوڵەتی بۆ چارەی کێشە نێودەوڵەتییەکان.

٢-موحسین جوامێر: ئایا ئایینی ئیسلام مەبەستەکانی خۆی لەکوردستان جێبەجێدەکات؟

٣-ئازاد گەرمیانی: ستراتیژییەتی ئیسلامی بزووتنەوەی ئیسلامیی کورد، بۆچی[١]؟

هەروەها لە (٤ی کانونی دووەمی ١٩٨٩ز) لەشاری (ناشفل - سنستانی) زنجیرە کۆڕێکی سازدا بەم شێوەیە:

١-دکتۆر شێخانی: نێونەتەوەیی ئیسلامیی و بیری نەتەوەیی.

٢-موحسین جوامێر: حستنەڕووی مێژووی کێشە کورد.

٣-ئازاد گەرمیانی: ڕەهەندی ئیسلامیی کێشەی کورد[٢].

هەروەها لقی بەریتانیای پەیوەندی لە (١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ز) لە (زانکۆی مانشستەر) کۆڕێکی بەناونیشانی (مەرگەساتی موسوڵمانانی کوردو

---

[١]- نشاطات فروع الرابطة، (ئالای ئیسلام)، العدد: ١، السنة الثالثة، ص١٢.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

چارەسەری ئیسلامیی) سازدا[١]، ئەمە وێڕای ئەوەی چەند پێشانگەیەکی وێنەیی سەبارەت بەقوربانیانی چەکی کیمیایی لەکوردستان، لەمزگەوت و ناوەندە ئیسلامییەکانی بەریتانیادا کردەوە[٢].

هەروەها لقی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (١٨ی نیسانی ١٩٨٨ز) ئێوارە کۆڕێکی سەبارەت بەکارەساتی هەڵەبجە سازدا، لەکۆتاییشدا فیلمێکی ڤیدیۆیی بەڵگەنامەیی نمایشکرا[٣].

تەوەرەی دووەم/ کۆکردنەوەی کۆمەك و یارمەتی و باربۆ بۆ خەڵکی لێقەوماوو ئاوارەی کورد، ئەمەش دوای ئەو کارەساتانە دێت کە لەسەر دەستی حکومەتی بەعس بەسەر کورددا هات. پەیوەندی لەکۆنگرەی یەکەمدا بڕیاری دروستکردنی سندوقی کۆمەکی بۆ گەلی کورد دا، هەر لەو روەوە گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام) لەژمارە (٥ ، ٦)ی ساڵی (١٩٨٨ز)دا داوا لەخوێنەرانی دەکات کۆمەك و یارمەتییەکان بگەیەننە ئەو سندوقەی ناونیشانی لەگۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوەو بۆ کۆمەکی ئاوارەکان تەرخانکراوە[٤]، ئەو کۆمەك و یارمەتییانەش لەڕێگەی وەفدی پەیوەندی کە راستەوخۆ دەهاتنە ناوچەکە بەسەر ئاوارەکاندا

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[٣]- بقية نشاط الرابطة، العدد: ٤، ص٧.

[٤]- الى قراءنا، ص١٤

دابەشدەکران[١]، بۆ نموونە لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٨ز) بە دوو قۆناغ بڕی (٣٠) هەزار دۆلاری کەنەدی بەسەر لێقەوماوانی هەڵەبجەو ئاوارەکاندا دابەشکرا[٢]، هەروەها لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٩ز) وەفدێکی پەیوەندی کە پێکهاتبوو لە: (ئازاد گەرمیانی، موحەممەد دەشتی، خەلیل) سەردانی کوردستانی ئێرانیان کردو بڕی (٥) ملیۆن تمەنیان بەسەر ئاوارەکاندا دابەشکرد[٣]، هەروەها لقی (کەنەدا)ی پەیوەندی بڕی (١٠) تەن دەرمان و جلوبەرگی بۆ ئاوارەکان کۆکردەوە[٤].

تەوەرەی سێیەم/ دەرکردنی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام بەهەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، ئەم گۆڤارە وەکو زمانحاڵی ڕێکخراوەکەو دەزگایەکی مەعریفی بووەو دەیان وتار و بابەتی بەپێزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسیی بڵاوکردۆتەوەو لەو روەوە جێدەستی لەمێژووی رەوتی ئیسلامیدا دیارە[٥].

---

[١]- کامەران بابان زادە: هەمان سەرچاوە.

[٢]- لقاء مع الاستاذ آزاد كرمياني، (ئاڵای ئیسلام)، العدد: ١، السنة الثالثة، آذار، ١٩٨٩م، ص٩.

[٣]- زيارة النفير، العدد: ٥، شباط ١٩٩٠م، ص٤٣.

[٤]- نشاطات فروع الرابطة، (ئاڵای ئیسلام)، العدد: ١، السنة الثالثة، ص١٣.

[٥]- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی رۆڵ و کاریگەریی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام لەخزمەتکردن بەئایین و زمان و مێژوو کولتوری کورد، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٥٣-٥٩.

یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام لە (تەمموزی ١٩٨٦ز) دەرچووە[١]، دەربارەی ئامانجی گۆڤارەکەش لەوتارێکی گۆڤارەکەدا هاتووە کە (٣) ئامانج لەپشت دەرکردنی گۆڤاری ئاڵای ئیسلامەوەیە کە بریتین لە:

١-بڵاوکردنەوەی بیری ئیسلامیی رەسەن و پەرەپێدانی رێنمایی ئیسلام لەناو لاوانی کورددا تا بتوانن چارەی ئیسلامییانەی کێشەی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد بکەن.

٢-زۆربەی بڵاوکراوە ئیسلامییەکانی تر کە لەئەوروپاو ئەمریکا دەردەچن، رۆڵی کورد لەخزمەتکردن بەئیسلام پشتگوێدەخەن و گرنگی نادەن بەکێشەی کورد، لەو روانگەوە گۆڤاری ئاڵای ئیسلام دەخوازێت چەوساوەیی گەلی کورد دەرخات و سەرنجی رێکخراوو کەسایەتییە ئیسلامییەکان بۆ لای کێشەکەی راکێشێت.

٣-زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکان کە لەڕۆژئاوا دەردەچن، کولتوورو مێژووی ئیسلامیی کوردیان پشتگوێ خستووەو بەشێوەیەکی نابابەتی کێشەی کوردیان خستۆتەڕوو، ئەو بڵاوکراوانە بیرۆکەی نەتەوایەتی و لیبراڵی و

---

[١]- دەربارەی مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە دکتۆر ئازاد گەرمیانی زانیاریی هەڵەی داوە بەهەژار حاتەم و دەڵێت: "یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام لەساڵی (١٩٨٧ز) دەرچووە"، بەرگ و چەند پەڕەیەکی ژمارە (١)ی گۆڤارەکەم دەستکەوت، لەبەرگەکەی ئەو مێژووەی لەسەر نووسراوە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩).

مارکسی، بەچارەی کێشەی کورد دەزانن، ئاڵای ئیسلام ئەو ئاڕاستە بەهەڵە دەزانێت و مەبەستێتی راستیبکاتەوە[١].

١- ئازاد کرمياني وكولالة ئاسنكر: لماذا (ئاڵای ئیسلام)؟، العدد: (١)، السنة الاولى، تموز ١٩٨٦م، ص١.

بەشی پێنجەم

بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق

ڕاگەیاندن و ڕەوشی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی

یەکەم/ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی

دوای خۆنیشاندانی هەڵەبجە لە (١٣ی مایسی ١٩٨٧ز) ژمارەیەکی زۆر لەزانایان و کەسایەتی و جەماوەری هەڵەبجەو دەوروبەری بەرەو ئێران کۆچیان کرد، کە هەندێ لەسەرکردەکانی ئیخوانیان لەگەڵدا بوو، بەگەیشتنیان بەئێران لە (١٩٨٧/٥/٢٤ز) لەژێر ناوی (کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری) بەیاننامەیەکیان دەرکردو شۆڕشی چەکدارییان ڕاگەیاند[١].

ئەم بەیاننامە سەرەتایەك بوو بۆ ڕاگەیاندنی پارتێکی نوێ، لەو کاتەدا بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی تاکە پارتی ئیسلامیی چەکداری گۆڕەپانەکە بوو، لەلایەن شێخ عەبدوللەتیف واژەیی ڕێبەرایەتی دەکراو لەسەر کاری چەکداری هانیان دەدان.

لە (حوزەیرانی ١٩٨٧ز) لەشاری (سنە) کۆبوونەوەیەك کراو تێیدا بڕیاری ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی بەڕێبەرایەتیی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز درا، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیەکی (١٠) خاڵی ئامادەکرا، لە (١٩٨٧/٦/٢٥)

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٨)، لەبەشی سێیەم، باسی سێیەم، بەدرێژیی باسی ئەو بەیاننامەیە کراوە.

لەچوارچێوەی سەردانێکدا بۆلای (هاشمی رەفسنجانی) و (عەلی خامنەئی) پێشکەشی دەوڵەتی ئێران کرا، خاڵەکانی پرۆژەکە بریتیبوون لە:

١-بەو پێیەی گەلی کورد دەردەسەری و ناڕەحەتی و ناهەمواریی زۆری دیوە لەعێراق زامدار بەدەستی حوکمی عەغلەقیی کافرەوە، بەو سیفەتەی میللەتێکی زۆرلێکراوە ئەویش مافی ژیانی خۆی دەوێت، دەبێت وەکو هەموو گەلانی جیهان بەئازادی بژی.

٢-سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەهەموو کاروبارێکی سیاسیی و جیهادی سەربەخۆیەو بەهیچ سەرکردایەتییەکی ترەوە پەیوەست نییە، مەگەر لەڕووی هاوکاری و هەڵسوڕانی کارەوە.

٣-بودجەیەکی ساڵانە بدرێ بەسەرکردایەتیی بزووتنەوە، دەبێت ئەو بودجەیە بەشێوەیەك بێت لەگەڵ ئاست و قەوارەی بزووتنەوەدا بگونجێت.

٤-دەبێت بزووتنەوە سەربەستییەکی تەواوی هەبێت لەپەیوەندیکردن بەجیهانی ئیسلامیی و بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە، تا پشتگیریی بزووتنەوە لەڕووی سیاسیی و ئابورییەوە بەهێزبێت.

٥-پێداویستیی جەنگی بەسەرکردایەتی بزووتنەوە بدرێ و بەشێوەیەکیش بێت کە لەگەڵ ئاستی جەنگاوەریدا بگونجێت.

٦-ژیانی خێزانی موجاهیدو پەنابەرەکان مسۆگەربکرێ، دەبێت بەر لەهاتنی وەرزی زستان هەموویان لەجێی ئاسایش و هێمندا نیشتەجێبکرێن.

٧-سەرپەرشتیی خێزانی شەهیدەکان بکرێ و بەجۆرێکی وا بایەخیان پێبدرێ کە لەگەڵ پلەو پایەی جیهادەکەیاندا بگونجێت.

٨-کردنەوەی ئێزگەیەکی تایبەت بۆ بزووتنەوە، هەروەها لەبوارەکانی تری ڕاگەیاندندا کارئاسانی بۆ بکرێ.

٩-بواربکرێتەوە بۆ هەموو موجاهیدێکی موسوڵمان لەجیهانی ئیسلامیدا کە بیەوێت بێتە ریزی بزووتنەوەوە.

١٠-ڕێگەبدرێ کە بزووتنەوە بارەگا دابنێ لەناوچە سنورییەکاندا، لەو ناوچانەی خۆی دەیەوێت[1].

هەر لەسەروبەندی راگەیاندنی بزووتنەوە لە (تەمموزی ١٩٨٧ز) کۆمەڵێك گەنج و کەسایەتیی ناوچەی بیتوێن و پشدەر چوونە ئێران و پەیوەندییان بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە کرد[2]، ئەمەش بووە پاڵپشتێکی جەماوەری و ڕێکخراوەیی باش بۆ بزووتنەوەو کارەکانی ئەو پارتەی بەگوڕترکرد.

---

[1] - بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق، گۆڤاری بانگەوازی ئیسلامی، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، کانونی دووەمی ١٩٩٠ز، ل٣٠. رای مامۆستا کرێکار: سەیرە کە ئیعتیمادیان کردۆتەوە سەر گۆڤاری بانگەوازی ئیسلامی کە لە پیشاوەری پاکستان کە من و کاک خالید رەنجدەرو برایانێکی تر بە رەنج و پارەی خۆمان دەرماندەکرد، کەچی بەیانێکیان بە مامۆستای رابەری رەحمەتی دەرکرد کە ئەو گۆڤارە هی بزوتنەوە نییەو شەرعی نییە! لە کاتێکدا خۆیان توانای دەرکردنی گۆڤارێکی وایان نەبوو!

[2] - باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی سێیەم، ل١٥.

سەبارەت بەڕاگەیاندنی بزووتنەوە، شێخ موحەممەد بەرزنجی باس لەوە دەکات لەدوای کۆچی زانایان و جەماوەری هەڵەبجەو گەیشتنی هەڵسوڕاوانی رەوتی ئیسلامیی لەدەڤەری بیتوێن و پشدەر لە (١٢ی رەبیعی یەکەمی) ئەو ساڵەدا، کۆنفراسێك بەستراو چەند کارێکی بنەڕەتی ئەنجامدرا:

١-ناوی بزووتنەوەی پەیوەندیی بەلابردنی وشەی (پەیوەندی) گۆڕرا بۆ (بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق).

٢-هەڵبژاردنی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بەڕابەری گشتی.

٣-دامەزراندنی مەکتەبی سیاسیی نوێ.

٤-لەڕووی سەربازییەوە چوار هێزی تر بەناوی هێزەکانی (نەسر، حەمزە، ئازادی، حەسەن بەننا) بۆ بزووتنەوە زیادکران[١].

زانیارییەکانی شێخ موحەممەد بەرزنجی لەڕووی مێژووییەوە وردنین، سەرەتا ئەوەی ئەو بەکۆنفراسی دادەنێت، تەنها کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بووەو تێیدا سەرکردایەتیی بزووتنەوە هەڵبژێرراوە، ئەمەش جیاوازە لەو کۆبوونەوەی لەمانگی (حوزەیرانی ١٩٨٧ز) لەشاری (سنە) لەماڵی شێخ موحەممەد بەرزنجی

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

ئەنجامدراو بزووتنەوەی تیا ڕاگەیەنراو شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بووە ڕابەر[١].

کۆبوونەوە بەرفراوانەکە کە شێخ موحەممەد بەکۆنفراس ناوزەدی دەکات لە (٢٥ی سەفەری ١٤٠٨ک/ ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ز) لە (سنە) ئەنجامدراو لەناو (٣٠) پاڵێوراودا جگە لەڕابەری گشتی کە لەپۆستەکەی خۆیدا مایەوە، سەرکردایەتیی بزووتنەوە هەڵبژێررا کە بریتیبوون لە (شێخ عەبدوللەتیف واژەیی/ مەلا عەلی عەبدولعەزیز، مەلا عومەر عەبدولعەزیز، ئەحمەد کاکە مەحمود، مەلا مەحمود ئازادی، ئەبوبەکر سدیقی، ئەبوعەلی موسڵی، عەلی باپیر، مەلا عەبدولقادر کۆکۆیی، مەلا موحەممەد رازی، عەبدولقادر برایەتی، مەلا سەلمان، مەلا عەلی بیارە)[٢]، ئەمە یەکەم دەستەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامییە.

دانانی (١٢ی رەبیعی یەکەم)یش بەڕۆژی کۆنفراسەکە هەڵەیەکی مێژووییە، تەنانەت هەندێ سەرچاوەی دیکە (١٢ی رەبیعی یەکەمی ١٤٠٨ك) بەمێژووی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە دادەنێن، ئەمەش هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە، چونکە (١٢ی رەبیعی یەکەمی ١٤٠٨ك) بەرامبەرە لەگەڵ (٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ز) ئەمەش کاتێکە کە چەند مانگێك بەسەر ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

[٢]- ئەبوبەکر سدیقی، ڕۆژژمێری (١٩٨٧ز).

ئیسلامییدا تێپەڕیوەو لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکاندا دژ دەوەستێتەوەو هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێت کە بزووتنەوە لەو مێژووەدا راگەیەنراوە یاخود کۆنگرەی بەستووە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرنجی لێبدرێ گۆڕانی ناوی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی بوو بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەمەش بەو مانایەیە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی درێژەپێدەری بزووتنەوەی پەیوەندییە بەهەندێ گۆڕانکارییەوە، لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی پەیوەندی ناوی لەسەر شانۆی رامیاری دەسڕێتەوەو پارتێکی نوێی ئیسلامیی دێتە مەیدان کە لەبزووتنەوەی پەیوەندی بەهێزترەو چالاکیی زیاتر دەنوێنێت و رۆڵی زیاتر دەگێڕێت.

دووەم/ ڕەوشی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامیی

بزووتنەوەی ئیسلامیی لەسەرەتای ڕاگەیاندنییەوە لەسەر بنەماو پرەنسیپە حزبییەکان دانەمەزرێنرا، هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستان و ناوچەکە، بەتایبەتیش لەو کاتەدا ستەم و چەوساندنەوەی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گەیشتبووە لوتکە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر پەلەکردن لەپێکهێنانی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەم حاڵەتەش شوێنەواری لەسەر ڕێگوزەری ئەو پارتە جێهێشت، لەو بارەوە عەلی باپیر نوسیویەتی: "موسوڵمانان لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بەهاندەری خوا ڕازیکردن و بووژاندنەوەی ئیسلام و ڕزگارکردنی خەڵکی چەوساوەو بێشوان و، لەژێر تەئسیری کوفرو ستەم و چەوساندنەوەو خراپەکاریی ڕژێمی بەعسی کافرداو، لەکاردانەوە (رد فعل)ی شەپۆلی دژی ئایینی و دژی ئەخلاقیی خۆ بەدەمڕاست زان و خۆ بەشۆڕشگێڕو خەمخۆرانی نێو کوردستاندا، کۆبوونەوەو وەخۆکەوتن بۆ دروستکردنی کۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی ئیسلامی، کە لەسەرەتاوە ناوی (بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی) بوو، بەڵام دواتر کە بەهۆی دەربەدەربوون و کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەموسوڵمانانەوەو بەشداریکردنیان لەو پرۆژە (مشروع)ە جیهادییەدا، قەبارەکەی گەورەتربوو جوغزی فراوانتربوو، پاش چەند دانیشتن و کۆبوونەوەیەکی بەپەلەو سەرپێیی (ارتجالي) هەندێك گۆڕانکاری ڕواڵەتی و سادە بەسەر پرۆژەی ناوبراودا هاتن و سەرەنجام

ناوەکەشی گۆڕرا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق دا"[١]، بەسەرنجدان لەو دەقە بۆمان دەردەکەوێت ستەمی بەعس و شەپۆلی دژی ئایینی کاریگەریی هەبوو لەسەر پەلەکردن لەڕاگەیاندنی بزووتنەوە.

بزووتنەوەی ئیسلامیی لەڕووی پێکهاتەی ناوخۆوە تا رادەیەك ناجۆربوو، ئەوەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە دامەزرێنەرانی ئەم پارتە لەیەك قوتابخانەی فیکرییەوە نەهاتبوون، بنەمایەکی پەروەردەیی و رێکخراوەیی پێشوەختیان نەبوو، ئەوەی ئەو پێکهاتە ناجۆرەی کۆکردبوویەوە ئایدۆلۆژیای ئیسلام و پێویستیی بەرەنگاریی بەعس و تاوسەندنی چەوساندنەوەی گەلی کورد بوو.

سەرکردەکانی بزووتنەوە زۆربەیان زانای ئایینی بوون، پێشتر سەرقاڵی پەروەردەو زانستە ئایینییەکان بوون، تێکەڵ بەژیانی سیاسیی نەبوون و لەو بوارەدا کەم ئەزموون بوون[٢]، هەر بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی حزبی سیاسی و سەرکردایەتیکردنی ئەو کارە، رووبەڕووی گرفتی سیاسیی و فیکری و ستراتیژی و دبلۆماسی بوونەوە، تەنانەت هەڵبژاردنی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بەڕابەری

---

[١]- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەبڵاوکراوەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق، چاپخانەی شەهیدانی گردی رەمکان، (١٩٩٠ز)، ل٧.

[٢]- مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي، ص٢٥٣.

گشتیی بزووتنەوە بە لەبەرچاوگرتنی نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی بوو نەك پرەنسیپ و پێوەری حزبی[١].

ئەم پێکهاتە ناجۆرە وای لەو پارتە کرد، بەمەبەستی دەربازبوون لەقەیران خێراخێرا کۆنگرە ببەستێت، تەنانەت لای زۆرێك لەکادیرانی بزووتنەوە ئەو بۆ چوونە چەسپا کە کۆنگرە تەنها هەڵبژاردنی سەرکردایەتییە[٢]، چونکە گرفتەکانی بزووتنەوە لەئەستۆی سەرکردایەتیدایەو هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی ئەو گرفتە چارەدەکات.

بزووتنەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٠ز) دوو کۆنگرەی بەست، کۆنگرەی یەکەمیان کە بەکۆنگرەی چوارەم[٣] ناوزەددەکرێ و لەژێر دروشمی (سەرخستنی کارو چالاکیی جیهادی) لەگوندی (برالە)ی پێنجوێن لەڕۆژانی (٢٢-٢٤ی شەوالی ١٤٠٨ك/ ٦-٨ی حوزەیرانی ١٩٨٨ز) بەستراو تێیدا بارودۆخی ناوخۆی بزووتنەوە هەڵسەنگێنراو پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ پەسەندکراو بەیعەت درا

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەبدولستارمەجید، رانیە، (٢٠٠٤/١٢/١١ز).

[٣]- بزووتنەوەی ئیسلامیی خۆی بەدرێژەپێدەری بزووتنەوەی پەیوەندی دەزانی، بزووتنەوەی پەیوەندی تا کاتی راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی (٣) کۆنگرەی بەستبوو، بۆیە ئەم کۆنگرەیە بەچوارەم دانرا.

بەشێخ عوسمان عەبدولعەزیز بۆ رابەری گشتی و ئەنجومەنی شوورا هەڵبژێررا[١].

بەهەمان شێوە لەرۆژانی (١٣-١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٠ز) لەئۆردوگای (دزڵی) لەژێر دروشمی (وجهادوا في الله حق جهاده) کۆنگرەی پێنجەم بەستراو تێیدا وێڕای پەسەندکردنی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ، باس لەکارو چالاکیی بزووتنەوە کراو پاشان ئەنجومەنی شوورا هەڵبژێررا[٢].

هەر لەو ماوەدا بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ دانراو مەکتەبەکان پێکهێنران و پەیکەری رێکخستن دەستنیشانکراو ئەرك و دەسەڵات و مافی ئۆرگانەکان دیاریکرا[٣]، هەر چەندە لەو ماوەدا زۆربەی ئەو ئۆرگان و مەکتەبانە پێکهێنران کە لەپەیڕەوو پرۆگرامدا هاتووە، بەڵام لەڕووی دەسەڵات و ئەرك و مافەوە بەشێوەیەکی تیۆری مانەوە.

هەر لەسەرەتای راگەیاندنی بزووتنەوەوە چەند باڵێك لەناو ئەو پارتەدا دروست بوون، ئەو باڵانە لەناو خۆیاندا لەململانێدا بوون، ئەم ململانێیەش

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١٦-١٧).

[٢]- هەواڵەکانی ناوخۆ، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە (١-٢)، ساڵی سێیەم، ئاب و ئەیلولی (١٩٩٠ز)، ل١١.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

ڕێگەی خۆشکرد بۆ کەسانی بەرژەوندخواز لەسەر حسابی ناکۆکیی ناوخۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان برەوپێبدەن، هەڵبەتە هەر ململانێی ناوخۆ دەرگای لەبەردەم ئێران و نەیارانی بزووتنەوەدا ئاوەڵاکرد تا دەستخەنە ناو کاروباری حزبەکەوە.

شێخ عوسمان عەبدولعەزیز لەسەرەتای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە بەڕابەری گشتی هەڵبژێررا، هەرچەندە ناوبراو زانایەکی لەخواترس و شارەزای زانستە شەرعییەکان و جێگەی ڕەزامەندیی هەمووان بوو، بەڵام لەبواری سیاسیی و کاری ڕێکخراوەییدا کەم ئەزموون بوو، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ کەسانێك لەدەوروبەری شێخ عوسمان و هەندێ ئەندامی باڵای بزووتنەوە کە سوودی خراپ (سوء الاستفادة) لەپلەوپایەی ڕابەری گشتی و دارایی و پەیوەندییەکانی بزووتنەوە وەربگرن[١]، لێرەوە تەکەتول دروستبوو، یاخود باڵی دژ بەدەستتێوەردان لەکاروبارەکانی بزووتنەوە دروستبوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو ناکۆکییە زەقتر دەبوویەوە، سەرەنجام دوو باڵ لەناو بزووتنەوە دەرکەوت، باڵی یەکەم خۆی لەکەسانی دەوروبەری ڕابەری گشتیدا دەبینییەوە کە باڵی خاوەن بڕیاری ناو بزووتنەوە بوون، باڵی دووەم ئۆپۆزسیۆن یاخود ڕیفۆرمخواز بوون.[٢]

---

[١] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (١٧/٨/٢٠٠٥ز).

[٢] ڕای ماملۆستا کرێکار: ڕاستتر ئەوەیە واللە اعلم کە برایانی پەیوەندییە کۆنەکە هەستیان دەکرد پەراوێز خراون و لوتکەی هەرەمی کارەکان : سیاسییەکەی بە دەست ماملۆستا ڕابەرەوە بوو، سەربازیی

عەلی باپیر ڕێبەرێکی ریفۆرمخواز بوو، ناوبراو لەوتارو نوسینەکانیدا بۆچوونی خۆی دەربارەی کێشەو گرفتەکانی بزووتنەوەو شێوازی چارەکردنی خستۆتەڕوو، کتێبی (دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی) دیارترین بەرهەمی عەلی باپیرە کە تێیدا لە (١٨) خاڵدا کێشە و گرفتەکانی بزووتنەوە دیاریدەکات و دواتریش چارەسەر پێشنیازدەکات، ناوبراو پێیوایە دەبێت ئەو پێشنیازانە بکرێنە بنەمای کارکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیی، چونکە نەبوونی ئەو بنەمایانە قەیران و گرفتی بۆ بزووتنەوە دروستکردووە، کارکردن بەو بنەمایانە بزووتنەوە لەقۆناغی خڕبوونەوە (تجمع) دەباتە قۆناغی بزووتنەوەیەکی واقیعییەوە، ئەو پیشنیازانەش کە دەبێت بکرێنە بنەمای کارکردن بریتین لە:

١-پێکهێنانی کۆڕی ڕاوێژی ڕاستەقینە.

٢-پەیدابوونی مەرکەزییەتێکی شەرعیی ڕاست و لێهاتوو.

بە دەست مامۆستا مەلا عەلی برایەوە بوو، دارایی بە دەست مامۆستا عومەری برایانەوە بوو، هەر یەکەشیان کوڕو نزیکەکانیان کاریگەریان لەسەر ڕەفتارو بڕیاریان هەبوو. ئێرانیش دنەی ڕابیتە کۆنەکانی دەدا تا هەستنەوەو بینەوە بە کاربەدەست. چونکە ئەوان نزیکتربوون لە قەرارگاوە، مامۆستا شێخ محمدی بەرزنجی بەیعەتی بە ئیمام خومەیی دابوو، لە بەرامبەردا مامۆستا مەلا عوسمانی ڕابەر حەنبەلییەکی توندبوو. مامۆستا عەلی باپیرو مەلا سەلمان و نەورەسی و ئەوانی تر بەردەوام میوانی بەرپرسە ئێرانییەکان بوون، لە بەرامبەردا دەبوو بەرپرس کات و مەوعید وەرگرێت تا مامۆستایان ببینێت! ڕابیتە کۆنەکان مامۆستا عەلی باپیریان کردبووە کەواسوری پێش لەشکرو هەرچی دەیاننویست بەویان دەووت، ئەویش چونکە گەنج بوو (٢٧ ساڵانبووو) حەزی بەخۆدەرخستن بوو، بۆ ئەمیرێتییش پەلەی بوو.

٣-دانانی بەرنامەو پەیڕەوێك لەبەر تیشکی قورئان و سوننەتدا.

٤-تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی پێشڕەوو.

٥-ئازادیی رادەربڕینی بیروڕاو وەرگرتنی رەخنەو پێشنیازی بەجێ.

٦-مافی فەرمان بەچاکەو رێگرتن لەخراپە بەهەموو کەس بدرێ.

٧-یەك دڵی و یەك ریزی و یەك هەڵوێستی.

٨-تەقواو لێهاتوویی بکرێتە سەنگی مەحەکی کار پێسپێرران.

٩-پەروەردەو بارهێنانێکی هاوسەنگ.

١٠-چاوکردنەوەو فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر.

١١-چەسپاندنی دادگەری لەهەموو بوارێکدا.

١٢-بەتەنگ خەڵکەوە بوون و چارەسەرکردنی گیروگرفتیان.

١٣-کارکردنی بەردەوام و لێبڕان و گۆڕینی واقیع.

١٤-چاودێری و لێپرسینەوەی خەڵکی بەگشتی و کاربەدەستان بەتایبەتی.

١٥-پشت بەخوا بەستن و لەسەر لاقی خۆ وەستان.

١٦-پاراستنی عیززەت و ئابڕووی ئیسلام.

١٧-نەبەزین و پشوودرێژی و کۆڵنەدان.

١٨-خەڵك چاککردن و بەرەو خوا چوون[1].

---

[1]- بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی وردەکاریی ئەم خاڵانەو میکانیزمی ریفورم لەدیدی عەلی باپیردا، بڕوانە: عەلی باپیر، هەمان سەرچاوە، ل٦٢-١٢٩. رای مامۆستا کرێکار: ئەم خاڵانە خیطابی سیاسی نەبوون، رەخنەبوون لە رەفتارەکان دەگیران. ئەو کاتە مامۆستا عەلی باپیر بەرهەڵستکاربوو، ئێستا کە ئەمیری

باڵی ئۆپۆزسیۆن لەناو خۆیاندا یەکگرتوو نەبوون، دەربارەی میکانیزمی ریفۆرم بۆچوونی جودایان هەبوو، دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە خەڵکانێك هەبوون خوازیاری ئەوەبوون بەناوی ریفۆرمەوە بەرژەوەندیی تایبەتییان دەستکەوێت[١]، لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆپۆزسیۆن یەکریزو یەکگرتوو نەبوون، هاوکات پرۆژەیەکی گشتگیرو ستراتیژیشیان نەبوو، خۆشیان کۆمەڵێك گرفت و کەموکورتییان هەبوو، هەندێ جاریش رێفۆرم و بەرژەوەندیی تایبەتییان تێکەڵدەکرد[٢]، تێکڕای ئەم هۆکارانە وایکرد لەو قۆناغەدا ریفۆرم ئامانجەکانی خۆی نەپێکێت.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنج لەپەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامیی بدەین، دەبینین هەر لەبنەڕەتەوە پەیڕەوو پرۆگرام نەك چارەسەری دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی نەکردووە، بەڵکو بۆتە هۆکارێکی سەرەکیی دروستبوونی کێشەی ناوخۆیی بزوتنەوە، بەشێکی کەموکورتییەکە لەوەدایە کە رابەری

کۆمەڵی ئیسلامییە. دەکرێت ئەم ١٨ خاڵەی بۆ بەرزبکرێتەوە تا بزانێت کە کۆمەڵی ئیسلامییش هەمان کێشەی کۆنی بزوتنەوی هەیە. ئێستا سەلیم کۆیی و مامۆستا حەسەن بابەکرو محمد حەکیم زیاتر لە مامۆستا دلێر دەردەکەون و بەرپرسێتییان پێدەدرێت، لە کاتێکدا کە مامۆستا دلێر یەکەمین دەنگی لە کۆنگرەی دواییاندا هێناوە!

[١] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

[٢] - مجموعة من الباحثين: رؤى في مسار العمل الاسلامي، ص٢٥٢.

گشتی هاوکات ڕابەری ڕۆحی و بەرپرسی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی شووڕایە[1].

دەبوو ئەم هەموو دەسەڵاتە تێکەڵنەکرایەو ڕابەری گشتی، پیرۆزی خۆی هەبووایەو ڕێبەری ڕۆحی و دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی نێوان شووراو مەکتەبی سیاسی هەبووایە، نەك بەرپرسی مەکتەبی سیاسی و شوورا بێت، هاوکات دەبوو مەکتەبی سیاسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت و شووراش بەرنامەدارێژی حزب، ئەگەر سەرنج لەواقیعی بزووتنەوە بدەین ڕاستی و دروستیی ئەو بۆچوونەی پێشوومان بۆ دەسەلمێت، لەکاتێکدا تەواوی ئەندامانی بزووتنەوە لەڕووی ئایینییەوە متمانەیان بەلێهاتوویی شێخ عوسمان هەبوو کە ببێتە ڕابەری گشتی، بەڵام زۆرێك پێیانوابوو ناوبراو لەڕووی سیاسیی

[1] - بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٤٩)، بەپێی نوسراوی نووسینگەی ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، ژمارە (١٨٧)، ڕۆژی (٢٤ی موحەڕەمی ١٤١٠کۆ/ ٢٤ی ئابی ١٩٨٩ز)، ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، جگە لەو پۆستانەی لەپەیڕەوی ناوخۆدا پێیدراون، بۆتە بەرپرسی نووسینگەی سەربازییش، بێگومان ئەمەش جگە لەبەردەوامبوون لەسەر هەڵەی تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان، هیچی تر نییە، بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣). ڕای مامۆستا کرێکار: ئەم دیدە بۆ بزاوتی سەربازی هەڵەیە، هەر دەبێت کەسی یەکەم فەرماندەی یەکەمی سەربازییش بێت، هەر دەبێت ڕای شوورا بگەڕێتەوە لای ئەمیرەکەو ئەو ناکۆکییەکان حەسم بکات. والله اعلم دەبێ ئەوەش بەرچاوبگیرێت کە ئەمەی باسی دەکرێت دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵە بەسەر دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی و ڕابەرێتی مامۆستای ڕەحمەتییدا.. کە ئەم حاڵەت و قۆناغەی بزووتنەوە هەر لەم کتێبەدا بەراوورد دەکەیت بەو حاڵەت و قۆناغەی هەردوو باڵی ئیخوانەکانی کوردستان تێیدا کۆ دەبوون، هێستا بزووتنەوە پێشکەوتووترو چاکتربوو وەک لەوان، بزوتنەوە ئۆرگان و ئەرکی زیاتر دیاریکردووە، بۆیە کاریگەرییشی زیاتر بوو..

و کارگێڕییەوە کەم ئەزموونەو ناتوانێت کاروبارەکانی بزووتنەوە باش هەڵسوڕێنێت.

باسی دووەم

پێگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانیی کوردستاندا

یەکەم/ بواری سیاسی

هەرچەندە بزووتنەوەی ئیسلامیی لەسەرەتای راگەیاندنییەوە گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆیی بوو، بەڵام لەگەلێك بواردا چالاکانە هەڵدەسوڕا، لەڕووی سیاسییەوە لەگۆڕەپانی کوردستاندا کاریگەری هەبوو، هەوڵیدا لەدیدێکی ئیسلامییەوە کێشەی کوردو رێگەچارەی بخاتەڕوو.

بزووتنەوە لەبواری سیاسیدا چالاکیی جۆراوجۆری دەنواند، لە (حوزەیرانی ١٩٨٧ز) لەشاری تاران خۆنیشاندانێکیان سازدا بۆ بەردەم باڵیۆزخانەی سعودیەو بەریتانیاو فەڕەنساو ئەردەن و بارەگای خاچی سووری نێودەوڵەتی، سەبارەت بەستەمی بەعس نارەزاییناماەیان ئاراستەی باڵیۆزخانەکان کرد[١].

هەروەها لەساڵرۆژی کارەستانی هەڵەبجەدا لەئۆردوگاو شارەکانی ئێران، لە (١٩٨٩/٣/١٦ز) چەندین خۆنیشاندان سازدرا[٢]، هەر لەوە یادەدا رۆژی (١٩٨٩/٣/١٨ز) لەژێر دروشمی (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى

---

[١] - هەواڵەکان، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، کانونی دووەمی ١٩٨٨ز، ل ٤٨-٤٩.

[٢] - هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٨)، نیسان و مایسی ١٩٨٩ز، ل٢٦.

نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ) الحج/٢٢. بزووتنەوەی ئیسلامیی، کۆنگرەیەکی لەشاری سنه ڕێکخست، نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشدارییان تێداکرد، لەو کۆنگرەدا چەند وتار دەربارەی کارەساتەکە خوێنرایەوە، لەکۆتایشدا بەلاغێك ڕاگەیەنرا[١].

بوارێکی دیکەی چالاکیی بزووتنەوە، بەشداریکردن بوو لەکۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرە جیهانییەکاندا، لەو کۆنگرانەدا نوێنەرانی بزووتنەوە وتاریان پێشکەشکردووەو دیدارو کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەشداربووانی کۆنگرەکاندا ئەنجامداوەو هەوڵیانداوە چەوساوەیی گەلی کوردو کێشەی کورد بەجیهانی ئیسلامیی بناسێنن و پێویستیی پشتگیریکردنی دۆزە ڕەواکەی بەدیار بخەن، لەڕۆژانی (١٢-١٧ی ڕەبیعی یەکەمی ١٤٠٨ك / ٣-٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ز) لەتاران (کۆنفراسی جیهانیی یەکێتیی ئیسلامیی) بەسترا، چەند کەسایەتی و پارتی ئیسلامیی بەشدارییان تێداکرد، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بەسەرۆکایەتیی وەفدی بزووتنەوە بەشداریکرد، ناوبراو وتارێکی خوێندەوە، لەپەراوێزی کۆنگرەکەشدا وەفدی بزووتنەوە چەندین دیداری ئەنجامدا[٢].

---

[١]- لەیادی یەکەمین ساڵی کارەساتی هەڵەبجەدا، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٨)، ل١٤-١٦.

[٢]- هەواڵەکان، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٥٠.

هەروەها وەفدی بزووتنەوە بەسەرۆکایەتیی شێخ عوسمان، بەشداریکرد لە (کۆنفراسی جیهانیی ئاسایشی حەج) کە لە (١-٥ی رەبیعی دووەمی ١٤٠٨ك/ ٢٢-٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ز) لەتاران بەسترا، شێخ عوسمان وتاری پێشکەشکردو لەپەراوێزی کۆنگرەکەشدا وەفدی بزووتنەوە چەندین دیداری ئەنجامدا[1]، هەر لەو ماوەدا شێخ موحەممەد بەرزنجی بەشداری لە (کۆنگرەی زانایانی موجاهیدی عێراق)ی لەشاری (قوم) کرد، ناوبراو وتارێکی خوێندەوە[2].

هەروەها لەڕۆژانی (٣-٤/١٠/١٩٨٩ز) وەفدێکی بزووتنەوەی ئیسلامیی کە پێکهاتبوون لە: (شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، مەلا عەلی عەبدولعەزیز، مەلا مەحمود ئازادی) بەشدارییانکرد لە (کۆنگرەی جیهانیی ئەفغانستان) لەتاران، لەو کۆنگرەدا چەند کەسایەتیی ئیسلامیی و نوێنەری پارت و رێکخراوە ئیسلامییەکان بەشدارییان تێداکرد، وێڕای خوێندنەوەی وتارێك لەلایەن مەلا عەلی عەبدولعەزیزەوە، لەپەراوێزی کۆنگرەکەدا، وەفدی بزووتنەوە چەندین دیدارو گفتوگۆی لەگەڵ نوێنەری پارت و دەزگاکانی راگەیاندن ئەنجامدا[3].

هەروەها لە (٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٠ز) لەتاران (کۆنگرەی ئیسلامیی فەلەستین) بەڕێوەچوو، شێخ عوسمان عەبدولعەزیزو شێخ موحەممەد

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٣.

[3] - هەواڵ و چالاکییەکان، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١٠-١١)، تەممووز و تشرینی یەکەمی (١٩٨٩ز)، ل٢٥.

بەرزنجی بەنوێنەرایەتیی بزووتنەوە بەشدارییان تێداکرد، لەپەراوێزی کۆنگرەکەدا دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ چەندین کەسایەتیی و رێکخراوی ئیسلامیی ئەنجامدا، لەو دیدارانەدا باس لەکێشەی کورد و پێویستیی هاوکاریکردنی موسوڵمانانی کوردستان کرا[1]، هەروەها وەفدی بزوتنەوە بەشداریکرد لە (کۆنگرەی خوێندکارانی ئیسلامیی جیهانیی پشتگیری لەکوەیت) کە لە (٢٥-٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ز) لە (شارقە) بەسترا، لەکۆتاییدا کۆنگرە پەیامێکی ئاراستەی گەلی کورد کرد[2].

بزووتنەوەی ئیسلامیی هەر لەسەرەتای راگەیاندنییەوە، لەژمارەیەك وڵاتی ناوچەیی و ئەوروپا نووسینگەی پەیوەندییەکانی کردەوەو پەیوەندیی دامەزراند، ئەمەش لەڕووی سیاسییەوە بۆ ناساندنی کێشەی کوردو بزووتنەوەی ئیسلامیی سوودی لێدەبینی، تا پەیوەندی بەجیهانی دەرەوەو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بکات[3].

سەرکردایەتیی بزووتنەوە لەڕێگەی نوسینگەی پەیوەندییەکانەوە، چەندین نامەو نووسراوی جۆراوجۆری ئاراستەی وڵاتانی جیهان و رێکخراوە

---

[1] - هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٥-٦)، ساڵی سێیەم، کانونی (١-٢)، (١٩٩٠ – ١٩٩١ز)، ل١٢.

[2] - بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢).

[3] - محمد نوری بازیانی، هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

نێودەوڵەتییەکان دەکرد، ڕۆژی (٢٧ی زیلقەعیدەی ١٤٠٧ك/ ٢٣ی تەمموزی ١٩٨٧ز) ڕابەری گشتیی بزووتنەوە چەندین نامەی ئاراستەی وڵاتە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کەسایەتییە ئیسلامییەکان کرد، شێخ عوسمان لەو نامانەدا باسی لەدڕندەیی ڕژێمی بەعس و ستەمی ئەو ڕژێمەی دەرحەق بەخەڵکی عێراق و کورد کرد، هەروەها داوای لێکردن چیتر هاوکاری و کۆمەکی حکومەتی عێراق نەکەن[١].

بەبۆنەی کارەساتی کیمیاییبارانی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان لە (١٩٨٨/٣/٢٣ز) ڕابەری گشتیی بزووتنەوە نامەیەکی ئاراستەی چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کرد، ناوبراو لەو نامانەدا رایدەگەیەنێت کە بێدەنگیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ تاوانەکانی ڕژێمی بەعس، لەو ڕووەوە نوسیویەتی: "بۆ جاری دووەم ئاگادارتان دەکەینەوە لەبێدەنگی و چاوداخستنتان بەرامبەر ئەو هەموو تاوانە دڕندانەی ڕژێمی بەعسی عێراقی کە ڕەشترین لاپەڕەی مێژووی بۆ خۆی نووسیوەو ئەو هەموو کوشتارو قەلاچۆکردنەی گەلی عێراقی هەژارو گەلی کوردی چەوساوە، بەتایبەتی شێوە کارەسات و بنبڕکردنێکی نەوەی مرۆڤە"[٢]. هەر لەو نامەدا شێخ عوسمان ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ هاوکاریی و ڕێنمایی نوێنەری ڕێکخراوەکان تا ئاکامی

---

[١]- هەواڵەکان، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٤٩.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١٨).

ئەو کارەساتە گەورە ببینن، لەکۆتایشدا ئەوەیان یاددەخاتەوە کە راستیی ئەو رێکخراوانە لەکردەوەدا دەردەکەوێت نەك ناونیشانی بێ ناوەرۆك[١].

بەهەمان شێوەی پێشوو لە (٢٥ی تەممووزی ١٩٨٨ز) شێخ عوسمان نامەیەکی دیکە دەنێرێت بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوبراو لەو نامەدا جارێکی دیکە ئاماژە بەستەمی بەعس دەکات و داوا لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بەئەرکی راستەقینەی خۆی هەڵسێت کە گرنگیدانە بەکێشەی کوردو رزگارکردنیەتی لەو کۆمەڵکوژییەی ماوەی (٢٠) ساڵە حکومەتی عێراق پەیڕەوی لێدەکات[٢]، جارێکی دیکەش لە (بەهاری ١٩٨٩ز) شێخ عوسمان نامەی ناردووە بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای لێکردووە نوێنەری خۆی بنێرێتە کوردستان تا راستییەکانی بۆ دەرکەوێت و چەوساوەیی گەلی کورد ببینێت[٣].

هەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە (١٩٨٩/١٠/٢ز) بزووتنەوەی ئیسلامیی یادخەرەوەیەکی دەربارەی تاوان و وێرانکارییەکانی حزبی بەعس لەکوردستان

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (١٩).

[٣]- نامەیەك بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٨)، ل٢٢.

دایە ئەنجومەنەکانی پەرلەمانی (١٧) دەوڵەتی ئەوروپی و ئەمریکی و ئاسیایی و عەرەبی[١].

لەو چالاکییە جۆراوجۆرانەدا بزووتنەوەی ئیسلامی توانیبووی خۆی وەکو نوێنەری کورد بناسێنێت و مەزڵومییەت و ڕەوایەتیی کێشەی کوردو ستەمی بەعس دەربخات، هەر بۆیە لەکارەسات و بۆنە جۆراوجۆرەکاندا نامەو نووسراو ئاراستەی ڕابەری گشتی و سەرکردایەتیی بزووتنەوە کراوە، لەنامەی (فەزل ڕەحمان خەلیل) ئەمیری بزووتنەوەی موجاهیدین بۆ شێخ عوسمان بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە کە سەرەخۆشی لێدەکات[٢]، هەروەها نامەی (حیکمەت یار) ئەمیری حزبی ئیسلامی ئەفغانستان بۆ شێخ عوسمان بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە[٣]، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت.

---

[١]- هەواڵ و چالاکییەکان، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١٠-١١)، ل٣١.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٠).

[٣]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢١).

دووەم/ بواری سەربازی

بەر لەڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی، بزووتنەوەی پەیوەندی باڵێکی سەربازی هەبوو بەناوی لەشکری قورئان، لەگەڵ راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەشکری قورئان بەهێزکراو گرنگیی زیاتری پێدراو چەند هێزێکی بۆ زیادکرا[١].

هەر لەسەرەتای راگەیاندنی بزووتنەوەدا، چەند بەیاننامەیەکیان دەرکرد، لەو بەیاننامانەدا، بزووتنەوەی ئیسلامی داوای لەهێزە سەربازییەکانی عێراق کردوە کە بەگژ ئەو رژێمەدا بچنەوەو بێنە ریزی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، لەو روەوە بزووتنەوە لەپەیامێکدا رۆژی (١٩٨٧/١٢/٣ز) داوا لەچەکدارانی رژێمی بەعس دەکات، پەشیمانببنەوەو دەستبەرداری ئەو کارە بن، لەجیاتیی ئەوە چەکی جیهاد هەڵگرن و کاربکەن بۆ سەرخستنی ستەملێکراوان[٢]، هەر لەو بەیاننامەدا، بزووتنەوە داوا لەسەرجەم چین و توێژەکان دەکات بۆ کۆتاییهێنان بەستەمی بەعس پشتیوانی و کۆمەکی پێشمەرگە بکەن[٣]، لەبەیاننامەیەکی تردا لە (١ی رەجەبی ١٤١١ک/ ١٩ی کانونی دووەمی ١٩٩١ز) داوادەکات هێزە سەربازییەکان

---

[١]- باوکی ئوسامە: هەمان سەرچاوە، بەشی سێیەم، ل١٥.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٣).

[٣]- سەرچاوەی پێشوو.

ئەرکی خۆیان بەجێبێنن و هەڵسن بەڕووخاندنی سەددام و دارو دەستەکەی، بەو ئومێدەی عێراق لەنەهامەتی بپارێزن[١].

ئەگەری ئەوە هەیە دەربارەی کوشتنی ئەو جاش و سەربازو بەرگریی میللی (جيش الشعبي)یانەی کەوا ڕژێمی بەعس هەندێکیانی بە زۆرلێکردن چەکدارکردبوو و ناردبوونی بۆ بەرەکانی شەڕ، پرسیاری زۆر ئاراستەی سەرکردایەتیی بزووتنەوە کرابێت، هەر بۆیە بزووتنەوە فتوایەکی بڵاوکردۆتەوەو تێیدا کوشتنی ئەوانە بەئەرکێکی پیرۆز ناوزەددەکات و لەبڕگەیەکی فتواکەدا هاتووە: "کوشتاری دارودەستەو هێزە جۆربەجۆرەکانی ڕژێمی بەعسی تێکدەری تاڵانکەر، بەسەدان بەڵگەی ئایەت و حەدیس و فتوای زانایان پیرۆزترین کارو گەورەترین ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە"[٢]، هەروەها لەبڕگەیەکی تردا هاتووە: "کوشتاری هێزەکانی بەعس بەئەمن و جاش و سەرباز و جەیشی شەعبییەوە، ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکی ڕاستەقینەیەو بەشداری تیانەکردنی تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر خواو ئیسلام و موسوڵمانان"[٣].

هەر لەو ماوەشدا کە حکومەتی عێراق چەند جارێك لێبووردنی گشتی دەرکردووە، بزووتنەوەی ئیسلامیی، لەو بارەوە لەچەند بەیاننامەیەکدا

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٤).

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥).

[٣]- سەرچاوەی پێشوو.

هەڵوێستی خۆی دەربڕیوەو داوا لەجەماوەر دەکات بەدەم ئەو بانگەوازەی ڕژێمی بەعسەوە نەچن[١]، لەبەیاننامەکەدا هاتووە: "بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق، بەجیهادی چەکدارانە داوا لەهەمووان دەکات بۆ یەکێتی و پتەوکردنی باوەڕو ریزەکان و هەرکەس توانای کاروانی سەختی جیهادی هەیە لوتکەی کێوەکانی کوردستان چاوەڕوانی دەکات، جا سەرکەوتن و ئاسوودەیی دونیایی یان شەهیدی و ئاسوودەیی یەکجاری کە هەر دووکیان سەرکەوتنن[٢].

هەروەها لەبڕگەیەکی ئەو بەیاننامەدا کە لەژێر ناونیشانی (کێ شایانە عەفوو بکرێ؟!) بڵاوکراوەتەوە هاتووە: "یەکیەتی ریزەکانتان بپارێزن و با هەموو ئەندامێکی لەشتان و گیان و دڵ و دەرونتان و وێردی سەر زوبانتان تۆڵەسەندنەوە بێت و هەرگیز تاوانەکانی بەعسی خوێنخۆرتان لەبیرنەچێت"[٣].

لەتێکڕای بەڵگەنامەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، بزووتنەوە هەوڵیداوە لەڕەهەندی ئایینی و سیاسیی و مرۆییەوە، ستەمکاریی بەعس دەرخات و پێویستیی بەرەنگاربوونەوەی بسەلمێنێت، دەرکردنی فتوای پیرۆزی کوشتاری کاربەدەستانی بەعس و دارودەستەکەی، چەندین بەیاننامە دەربارەی

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەکانی ژمارە (٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٤٢).

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦).

[٣]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٨).

لێبووردنی حکومەتی عێراق، کە لەو بەیاننامانەدا بزووتنەوە داوادەکات لەجیاتیی گەڕانەوە ژێر دەستی بەعس، لەتۆڵەسەندنەوەو خەبات بەردەوام بن، بەگشتی دەچنە ئەو چوارچێوەوە.

بزووتنەوەی ئیسلامیی، لەسەرەتای ڕاگەیاندنییەوە لەهەوڵی ئەوەدا بوو پەرە بەچالاکیی سەربازی بدات، لەو بارەوە بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر، بەنووسراوی ژمارە (ش. س ٣١٢/٥) لە (١٩٨٨/١/٧) چەند زانیارییەك لەسەر بزووتنەوە دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەو نووسراوەدا هاتووە، بزووتنەوەی ئیسلامیی مەکتەبی سەربازی هەیەو خاوەنی چوار هێزەو لەکۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا هەوڵیانداوە بەرنامەڕێژی بکەن بۆ چالاکی نواندن[١].

هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەچالاکی نواندن بەرامبەر ڕژێمی بەعس شێوازی جۆراوجۆریان دەگرتەبەر، یەکێك لەو شێوازانە نانەوەی بۆسەو دانانی کەمین و بۆمب بوو لەسەر ڕێگەی هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق، لەچەندین نوسراوی بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر باس لەکارو چالاکیی مەفرەزەکانی بزووتنەوە کراوە، کە لەسەر ڕێگە گشتییەکان بۆسەیان ناوەتەوەو بڵاوکراوەیان بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکردووەو ئاگاداریان کردونەتەوە کە

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٠).

هاوکاریی دەسەڵات نەکەن[١]، لێرەدا هەندێك لەو چالاکییانەی بزووتنەوە دەخەینەڕوو:

ئێوارەی (١٩٨٧/١٢/١٦) پێشمەرگەکانی لقی (١)ی هێزی سەلاحەددین لە (بابەناوز) کەمینێکیان دانا، هاوکات سەربازانی رژێم ویستیان لەو ناوچەدا کەمین دانێن، پێشمەرگەکان دەستپێشخەرییان کردو هێرشیانکردە سەر سەربازەکان و ژمارەیەکیان لێ کوژراو بریندار بوو[٢]. هەروەها مەفرەزەی شەهیدان سەر بەهێزی سەلاحەددین، شەوی (١٩٨٨/١/٧) چەند مینێکیان لەسەر رێگەی خورماڵ- ئەحمەداوا دانا، لەهەمان شەودا مینەکان تەقینەوەو بووە هۆی سووتانی زیلێکی سەربازی و کوژرانی (٣) سەربازو برینداربوونی (٢) سەربازی تر[٣].

رۆژی (١٩٨٩/٦/٧) مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین، لەسەر رێگەی خورماڵ- شیرەمەڕ مینێکیان دانا، مینەکە تەقییەوەو بووە هۆی تێکشکانی ئیڤایەك و کوژرانی (٨) سەرباز[٤]. هەروەها رۆژی (١٩٨٩/٦/١٦) مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین مینێکیان لەسەر رێگەی خورماڵ- ئەحمەداوا دانا، مینەکە

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣١-٣٢).

[٢]- چالاکییەکانی پێشمەرگە، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٥٥.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[٤]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٩)، حوزەیران و تەممووزی (١٩٨٩ز)، ل٣٤.

بەلاندکرۆزەرێکی سەربازیدا تەقییەوە کە چەند لێپرسراوێکی بەعسی تێدابوو هەموویان کوژران[١]. هەروەها شەوی (١١ی موحەڕەمی ١٤١٠ك/ ١٢ی ئابی ١٩٨٩) مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین مینێکیان لەسەر ڕێگەی خورماڵ– شیرەمەڕ دانا، مینەکە بەئیڤایەکی سەربازیدا تەقییەوەو ئیڤاکە سووتاو سەرجەم سەرنشینەکانی کوژران[٢].

مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین لە (١٨ی ئەیلولی ١٩٨٩) مینێکیان لەسەر ڕێگەی شیرەمەڕ– یالانپێ دانا، مینەکە بەئیڤایەکدا تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی (١١) سەربازو بریندابوونی (٣) سەربازی تر[٣]. هەروەها مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین شەوی (١٩٨٩/١٠/١٧) مینێکیان لەسەر ڕێگەی ئەحمەداوا دانا، مینەکە تەقییەوەو وێڕای سووتانی ئیڤایەك (١٩) سەرباز کوژران کە سەرنشینی ئیڤاکە بوون[٤].

لەمانگی (مارسی ١٩٨٨) پێشمەرگەکانی هێزی شافیعی بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی هەولێر- کۆیە نایەوە، سەرەنجام (١٠) جاش کوژران و (٥)ی تریش

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

[٢]- چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١٠-١١)، ل٣٨.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢. اخبار النفیر، مجلة النفیر، العدد: ٥، شباط ١٩٩٠م، ص٤٢.

[٤]- چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١٠-١١)، ل٣٨.

بەدیلگیران بەم ناوانە: (قاسم کلو قاسم، کشتار عەلی جلو، نەوزاد تاهیر عومەر، ئەحمەد جەوهەر، تەها عەبدوڵڵا)[١].

مەفرەزەیەکی هێزی شافیعی لە (٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٨٨) لەسەر ڕێگەی هەولێر- کۆیە بۆسەیەکی نایەوە، لەئەنجامدا (٣) جاش بەدیلگیران لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی پیکاب. چەند ڕۆژێك دواتر لەسەر ڕێگەی کۆیە بۆسەیەکی دیکەیان نایەوە، سەرەنجام (٣) جاش بەدیلگیران لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی، هەروەها لە (مارسی ١٩٨٨) لەگوندی (گۆمەتاڵ) کەمینێکیان داناو سەرەنجام (٢) جاش کوژران و چەندانی دیکە بریندار بوون[٢].

ڕۆژی (١٩٨٩/٥/١٢) مەفرەزەیەکی تیپی (١)ی هێزی خالیدی کوڕی وەلید، لەنزیك چوارتا بۆسەیەکیان نایەوە، لەئەنجامدا (٣) سەرباز بەدیلگیران بەناوەکانی: (یوسف حەمید ئەحمەد، موحەممەد عەبدوللەتیف ئەحمەد، مونعیم زەعلان عامر)، هەرسێکیان سەر بەفەیلەقی (١) وەحدەی (٢٠٧١) فەوجی (١) سریەی (٢) فەسیلی (٤) بوون، ئەمە سەرەڕای دەستکەوتنی (١) ئار بی جی، (١) کلاشینکۆف، ژمارەیەکی زۆر فیشەك و گوللەی ئار بی جی[٣]،

---

[١]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٢-٣)، تەمموزو ئابی (١٩٨٨)، ل٣٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

[٣]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٩)، ل٣٨.

هەروەها مەفرەزەیەکی هێزی خالید رۆژی (١٩٨٩/٥/٢١) لەناوچەی پێنجوێن بۆسەیەکیان داناو (٢) سەربازیان بەدیلگرت بەناوەکانی: (عەلی عەواد سلێمان، عیززەدین عەبدولواحید عەلی)[١].

رۆژی (٢٧ی ئابی ١٩٨٨) پێشمەرگەکانی هەر سێ هێزی (حەمزەو سەرکەوتن و خالید) لە(قرناقە) بۆسەیەکیان نایەوە، ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی رژێم کەوتە بۆسەکەوەو سووتاو سەرنشینەکانی کوژران. هەروەها (٧) جاش کەوتنە بۆسەکەوەو کوژران. هەر لەو ڕۆژانەدا پێشمەرگەکانی هێزی حەمزە بۆسەیەکیان نایەوەو ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی رژێمیان سووتاندو سەرنشینەکانی کوژران[٢].

شێوازێکی تری چالاکیی پێشمەرگەکانی بزووتنەوە، هەڵکوتانە سەر مۆڵگەو بارەگاکانی حکومەتی بەعس بوو، بۆ ئەم شێوازی چالاکییەش چەند نموونەیەك دێنینەوە: رۆژی (١٩٨٧/١١/٢) مەفرەزەیەکی هێزی شافیعی هێرشیان بردە سەر سەنگەرەکانی جاش لەناوچەی (بەستۆرە)و تێکڕای

---

[١]- اخبارالنفير، العدد: ٤، ذو الحجة (١٤٠٩هـ)/ تموز (١٩٨٩م)، ل٢١.

[٢]- ئەرشیفی بیرەوەرییەکانی رۆژانی بەرگری، ئا: ئاوات کوێستانی، کۆمەڵ، ژمارە (٦)، (٢٠٠١/٨/١٦ز).

جاشەکانی بارەگاکە کوژران و دەستکەوتی پێشمەرگەکانیش (٥) کلاشینکۆف و (١) ئار بی جی بوو[١].

پێشمەرگەکانی پەلی (١-٢)ی لقی (٣)ی هێزی سەلاحەددین رۆژانی (٢٢-١٩٨٧/١١/٢٥) چەند جارێك هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکانی حکومەتی عێراق لە(سەرگەت) و تەواوی رەبییەکان تێکدران، ئەوەی زانراوە زیانی حکومەت کوژرانی (٣) سەربازو برینداربوونی چەند سەربازی تر بوو[٢].

هەروەها ئێوارەی (١٩٨٧/١١/٢٧) جارێکی تر پێشمەرگەکانی هێزی سەلاحەددین هەڵیانکوتایە سەر رەبییەکانی (سەرگەت) و جگە لەتێکدانی رەبییەکان (٣) سەرباز کوژرا[٣].

رۆژی (١٩٨٩/٦/٢٣) مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین هێرشیانکردە سەر بارەگایەکی حکومەتی بەعس لەئەحمەداوا، وێڕای زیانی ماددی، چەندین سەرباز کوژراوو بریندار بوون[٤]. هەروەها مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین رۆژی (١٩٨٩/٨/١٣) هەڵیانکوتایە سەر بارەگایەکی حکومەت لە(خورماڵ)

---

[١]- چالاکییەکانی پێشمەرگە، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٥٤.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

[٤]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٩) ل٣٨.

پێشمەرگەکان دەستیانگرت بەسەر بارەگاکەداو (٢) سەربازیان بەدیلگرت و دەستکەوتە ماددیەکانیش بریتییبوون لە (١) هاوەنی (٨٢)ملم و (٤) کلاشینکۆف[١].

شەوی (١٩٨٩/١٠/٧) مەفرەزەیەکی هاوبەشی هێزی سەلاحەددین و خالید هەڵیانکوتایە سەر موڵگەیەکی حکومەتی بەعس لە(بانی بنۆك)، وێڕای سووتانی بنکەکە (٥) سەرباز کوژراو (٢) سەربازی تر بریندار بوون[٢].

مەفرەزەیەکی هێزی شەهیدان شەوی (١٩٨٨/١/٩) چوونە سەر مۆڵگەی جاشەکانی فەوجی (١١٦) لە (زەمەقی) و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بەچەند جۆرە چەکێك لێیاندان و زیانیان پێگەیاندن[٣].

دەستەیەك پێشمەرگەی هێزی سەرکەوتن، بۆ کاروباری بزووتنەوە چوونە ناو شاری هەڵەبجە، شەوی (١٩٨٧/١١/١٨) لەکاتی گەڕانەوەیاندا پەلاماری مۆڵگەی سیخوڕیی حزبی بەعسیان لەهەڵەبجە دا، زیانی ماڵی و گیانییان بەهێزەکانی بەعس گەیاند[٤].

---

[١]- اخبار النفير، النفير، العدد: ٥، ص٤١.

[٢]- چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١٠-١١)، ل٣٩.

[٣]- چالاکییەکانی پێشمەرگە، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٥٦.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

رۆژی (١٩٨٩/٥/١٣) پێشمەرگەکانی تیپی (١)ی هێزی خالید، چوونە ناوچەی شارباژێڕ بەمەبەستی گورزوەشاندن لەحکومەت، دوای چەند شەڕێك ئەم دەستکەوتانەیان هەبوو: (٥٠٠) گوللە ئار بی جی، (١٨٠) گوللە هاوەنی (٦٠)ملم، (٤٠٠٠) فیشەکی کڵاشینکۆف و بی کەی سی، (٤٠) رومانەی دەستی[1].

شێوازێکی تری چالاکیی سەربازی بەرپەرچدانەوەی هێرشی هێزەکانی حکومەت بوو کە دەیکردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان و هێزەکانی بزووتنەوە، لێرەدا چەند نموونەیەك بۆ ئەو شێوازەش دێنینەوە:

رۆژی (١٩٨٧/١٠/١) حکومەتی بەعس هێرشێکی گەورەی بەپاڵپشتیی (٢٣) فەوجی جاش و (٨) فڕۆکە کردە سەر بنکەکانی پێشمەرگە لەناوچەی (زیارەت و بنەباوێ و گردەچاڵ) پێشمەرگەکانی بزووتنەوە بەرپەرچیاندانەوەو هێرشەکەیان تێکشکاند، لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازو جاش کوژران و (٣) پێشمەرگەش بریندار بوون[2].

رۆژی (١٩٨٧/١١/١٠) حکومەتی بەعس هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی قەرەداغ، پێشمەرگەکانی هێزی کەرکووکی بزووتنەوە بەهاوکاریی

---

[1]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٨)، ل٢٧.

[2]- چالاکییەکانی پێشمەرگە، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٥٤.

پێشمەرگەکانی یەکێتی و سۆسیالیست، دوای (٩) کاتژمێر شەڕ، هێرشەکەیان تێکشکاندو پاشەکشەیان بەهێزی حکومەت کرد، لەو شەڕەدا بەعس چەندین کوژراوی لەگۆڕەپانی شەڕدا جێهێشت[١].

ڕۆژی (٢٥ی مایسی ١٩٨٨) حکومەت هێرشێکی گەورەی کردە سەر بارەگاکانی بزووتنەوە لە(قەڵاتووکان)، پێشمەرگەکانی بزووتنەوە بەرەنگاریان بوونەوەو سەرەنجام هێرشەکەی حکومەت شکاو زیانی مادیی و مرۆیی زۆریان لێکەوت، ئەوەی زانراوە لەو شەڕەدا رائیدێك و ئامر سریەیەکی جاش و (١٧) سەرباز کوژران و چەندینی تریش بریندار بوون، دەستکەوتەکانی پێشمەرگە بریتیبوون لە: (١) هاوەن، (١) ئار بی جی، (١) بی کەی سی، چەند کڵاشینکۆف و هەزاران فیشەك[٢].

هەروەها لە (٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٨) حکومەتی بەعس، دوای (٣) ڕۆژ بۆردومانی بەردەوام، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر (قەڵاتووکان) پێشمەرگەکانی بزووتنەوە بەرپەرچیاندانەوەو هێزەکەی حکومەت شکا، پێشمەرگەکانی بزووتنەوە چوار شەهیدیان هەبوو کە بریتیبوون لە:

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦-٥٧.

[٢]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٢-٣)، ل٣٧.

عەبدوڕەحمان لۆتەری*[ا]، ئەحمەد سەکتانی*[ب]، عومەر بۆسکێنی*[ج]، تاهیر مەمەنداوایی*[د]،[(١)].

ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٠) حکومەتی بەعس هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکانی (سوورەدێ و کونەکۆترو قرناقەو پشتئاشان) پێشمەرگەکانی هێزی

---

(١) *ا - عەبدوڕەحمان لۆتەری: عەبدوڕەحمان مەحمود، ساڵی (١٩٦٥ز) لەگوندی لۆتەری سەر بەشاری ڕانیە لەدایکبووە، خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، لەتەممووزی (١٩٨٧ز) بۆتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٢ز) لەقەڵاتووکان شەهیدبووە. بڕوانە: لەگەڵ شەهیداندا، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٧)، کانونی دووەمی (١٩٨٩ز)، ل٤٢.

*ب - ئەحمەد سەکتانی: ئەحمەد حەمەئەمین عەبدوڵڵا، ساڵی (١٩٦٤ز) لەگوندی سەکتانی سەر بەشەقڵاوە لەدایکبووە، پەیمانگەی پزیشکی تەواوکردووە، لەتەممووزی (١٩٨٧)، بۆتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٢ز) لەگردی ڕەمکان لەقەڵاتووکان شەهیدبووە. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٣.

*ج - عومەر بۆسکێنی: عومەر ئەحمەد خدر، ساڵی (١٩٦٦ز) لەگوندی بۆسکێنی سەر بەڕانیە لەدایکبووە، لەنیسانی (١٩٨٨ز)، بۆتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٢ز) لەقەڵاتووکان شەهیدبووە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

*د - تاهیر مەمەنداوایی: تاهیر عەبدوڵڵا قادر، ساڵی (١٩٧٠ز) لەگوندی مەمەنداوای سەر بەڕانیە لەدایکبووە، تا سێی ناوەندی خوێندووە، لەمایسی (١٩٨٨ز) بۆتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ڕۆژی (١٩٨٨/٧/٢٢ز) لەقەڵاتووکان شەهیدبووە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣-٤٤.

(حەمزە، ئازادی، حەسەن بەننا، فاروق، خالید) بەرەنگاری هێرشەکە بوونەوەو شکاندیان[١].

مەفرەزەیەکی هێزی حەسەن بەننا بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن، لە (١٩٩٠/٦/١٣) لەناوچەی (دۆڵەڕووت) لەگەڵ هێزێکی گەورەی حکومەت بەرەنگاربوون، دوای (٣) کاتژمێر شەڕ کە بووە هۆی کوژرانی (١٦) سەربازو ئەفسەرێك و (٢) جاش، هێزی حکومەت شکا، دواتر فڕۆکە پێشمەرگەکانی بۆردومانکردو تێزابی رشت بەسەریانداو (٥) پێشمەرگە شەهید بوون[٢].

دەبێت سەرنج لەوەش بدەین کە هەندێ جار مەفرەزەکانی بزووتنەوە چونەتە ناو شارو شارۆچکەکان و چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، لەوانە: کوشتنی پیاوانی رژێم[٣]، ئەمە سەرەڕای بڵاوکردنەوەی پۆستەرو بەیان وناميلکە[٤]، هەموو ئەوانەش کە باسکران، نموونەیەك بوون لەچالاکیی بزووتنەوە لەو قۆناغەدا.

---

[١]- ئەرشیفی بیرەوەرییەکانی رۆژانی بەرگری، کۆمەڵ، ژمارە (٦).

[٢]- پێشمەرگەکان بریتیبوون لە: هیدایەت کەریم سەعید، سەلمان مەحمود حسێن، باوەڕعوسمان ساڵح، ئازاد حەمە تاهیر، نەسرەدین سەعید مەعروف... بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٣).

[٣]- بۆنموونە: کوشتنی (٣) ئەندامی حزبی بەعس لەهەولێر، لەگەڕەکی سێتاقان، لەبەردەمی ئوتێل فەرید. بڕوانە: دەنگی باوەڕ، ژمارە (٩)، ل٣٤. اخبار النفیر، النفیر، العدد: ٤، ص٢١.

[٤]- لە (١٩٨٩/٥/١٩ز) مەفرەزەیەکی هێزی سەلاحەددین چوونە ناو شارۆچکەی عەربەت و چەندین پۆستەرو وێنەو بڵاوکراوەی بزووتنەوەیان بڵاوکردەوە، بڕوانە: هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٩) ل٣٦.

سێیەم/ بواری رۆشنبیری و راگەیاندن

هەر لەسەرەتای راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، بەمەبەستی چالاکی نواندن لەبواری رۆشنبیری و راگەیاندندا، بیر لەدامەزراندنی چاپخانە کرایەوە، بەرهەمی ئەو هەوڵانە دامەزراندنی چاپخانەی (شەهیدان، بێتوشی، کۆچەران) بوو، لە(تشرینی دووەمی ١٩٨٧) چاپخانەی (شەهید حەسەن بەننا) لە(قەڵاتووکان)ی بناری قەندیل لەلایەن هێزی حەمزەوە دامەزرێنرا، چاپخانەکە زۆر سادەبوو، پێکهاتبوو لە رۆنیۆیەك، ئامێرێکی چاپی دەستی، لەلایەن (عومەری حەمەتاڵ و عەبدوڵڵا عەبدولکەریم هەولێری و عەلی دێرەیی) کاری لەسەر دەکرا[١].

دوای داستانی قەڵاتووکان، چاپخانەکە ناوی گۆڕرا بۆ چاپخانەی (شەهیدانی گردی رەمکان) ئەمەش وەکو وەفایەك بۆ چوار شەهیدی داستانەکە، دواتریش ناوەکەی کورتکرایەوەو تەنها بەچاپخانەی (شەهیدان) ناوزەدکرا[٢].

لەچاپخانەی ناوبراو تا ساڵی (١٩٩٠) گەلێك بەرهەم و نووسراوی جۆراوجۆر بەچاپ گەیەنران لەوانە:

- رێبازی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کامەیە؟ نووسینی عەلی باپیر.

---

[١]- هەژارحاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٢٦-٢٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦-٢٧.

- سۆزی نەتەوایەتی، نووسینی عەلی باپیر.

- زنجیرەی با چاکتر ئیسلام بناسین، نووسینی عەلی باپیر.

- حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری تاغوت، نووسینی عەلی باپیر.

- مەسەلەی کورد چییەو چۆن و بەچی چارەسەردەکرێ؟و پێناسەی حزبی بەعس، نووسینی عەلی باپیر.

- کوردستان بۆ وێرانبوو، چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟ نووسینی عەلی باپیر.

-چەند شەڕێکی پارتیزانی، نووسینی موحەممەد زەرزی.

- مەشخەڵی بەرەنگاری (شیعر)، نووسینی شەریف وەرزێر[١].

-دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی، نووسینی عەلی باپیر.

- پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی.

- چەند ژمارەیەکی گۆڤاری دەنگی باوەڕ.

- چەند ژمارەیەکی بڵاوکراوەی لەگەڵ موجاهیداندا.

هەروەها لەلایەن مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، چاپخانەی (بێتوشی) لەگوندی (بێتوش) لەناوچەی ئالانی سەردەشت دامەزرێنرا،

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

چاپخانەکە پێکهاتبوو لە: دوو تابیعەی میکانیکی، رۆنیۆیەك، فۆتۆ ستێنسڵێك و ئامێرێکی کۆپی[١].

بەو پێیەی چاپخانەی بێتوشی بەشێك بووە لەنووسینگەی راگەیاندن، زۆربەی کارەکانی بزووتنەوە بەو چاپخانەیە ئەنجامدەدران[٢]، لەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی لەچاپخانەی بێتوشی بەچاپگەیەنران:

- زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری دەنگی باوەڕ.

- زنجیرەی بەندەکانی خوا.

- زۆربەی ژمارەکانی بڵاوکراوەی لەگەڵ موجاهیداندا.

لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩١ز) بزووتنەوەی ئیسلامیی چەندین رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەتی و گشتی دەرکرد، لەوانە: رۆژنامەی (النفیر) بەزمانی عەرەبی کە دوای (٣) ژمارە گۆڕرا بۆ گۆڤار[٣]، گۆڤاری راپەڕین[١]، گۆڤاری دەنگی

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٢٩.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

[٣]- یەکەم ژمارەی گۆڤاری (النفیر) لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٩ز) دەرچووە، شایانی باسە لەگەڵ ژمارە (٤)ی ئەم گۆڤارەدا پاشکۆی (فاجعة حلبجة) بڵاوکراوەتەوە کە پاشکۆیەکی بەڵگەنامەیی تایبەت بەکیمیاییبارانی هەڵەبجەیە، ئەو پاشکۆیە لەڕووی مێژووییەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی گۆڤاری (النفیر)، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٦٧-٧٨. رای مامۆستا کرێکار: دەبوو نووسەر ئاماژەی بە نوسەرەکەی بدایە کە کرێکارە. نووسەری (فاجعة حلبجة)

باوەڕ[2]، گۆڤاری بانگەواز[3]، گۆڤاری (الصف)[1]، گۆڤاری (لواء صلاح الدين)[2] بڵاوکراوەکانی: (شاعیرانی ناو سەنگەر، لەگەڵ موجاهیدیاندا، دەنگی شەهیدان، بەندەکانی خوا)[3].

کتێبێکی دۆکۆمێنتی گرنگە کە لەلایەکەوە بەحسێکی مەیدانییەو کرێکار چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەیان کەسایەتییدا کردووە کە خۆیان لە ناو کارەساتی کیمیابارانەکەدا بوون، هەروەها دیداری سەدان خانەوادەی لێقەوماوو گەڕان بەسەر موهاجیرانی ئۆردووگاکان و گەیاندنی هاریکاری پێیان، جگە لە تۆمارکردنی زانستییانەی چۆنیەتی روودانی کارەساتەکە بە تەفسیل و نوسینەوەی ناوی زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لە شەهیدانی هەڵەبجە.. دیسان جگە لە کۆکردنەوەی دەیان دۆکۆمێنتی رۆژنامەوانی لەسەر جۆری گازی بەکارهێنراوو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن و چۆنیەتی گەیاندنی بە رژێمی صەددام، هەروەها نامەی کەسایەتییە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی بۆ مامۆستا مەلا عوسمانی رابەری رەحمەتی و زۆر زانیاری تر..بەڵام بە داخەوە وەکو زۆر لە چالاکییەکانی تری ئەوساو دوایی مامۆستا هەر دەیانخستە کەنارەوە ! سبحان الله.

[1]- راپەڕین: پاشکۆی گۆڤاری (النفير) بووەو بەزمانی کوردی یەکەم ژمارەی لەئابی (١٩٩٠ز) دەرچووە. بۆزانیاریی زیاتربڕوانە: هەژارحاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٨٦-٩٦.

[2]- یەکەم ژمارەی گۆڤاری دەنگی باوەڕ لەجەمادی یەکەمی (١٤٠٨کۆ/ کانونی دووەمی ١٩٨٧ز) دەرچووە، بەڵام هێدی گەیلانی دەڵێت: "یەکەم ژمارەی لە (٨)ی ئەیلولی ١٩٨٧ز، دەرچووە. هەژار حاتەمیش لەتوێژینەوەکەیدا هەمان زانیاریی گواسۆتەوە، پێدەچێت ئەو دوو نووسەرە ژمارە (١)ی گۆڤارەکەیان نەبینیبێت، من ژمارە (١)ی گۆڤارەکەم دەستکەوت و ئەو مێژووەی لەسەرە کە لەسەرەوە ئاماژەمپێدا، دەربارەی ئەو بۆ چوونە بڕوانە: هێدی گەیلانی لەیادی (١٠٥) ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستاندا، ئاوڕێك لەو گۆڤارانەی پێش راپەڕین لەلایەن کاروانی جیهادیی ئیسلامییەوە دەرچون، کۆمەڵ، ژمارە (٦٩)، (٢٠٠٣/٤/٢٦ز) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوەرۆك و گرنگیی گۆڤاری دەنگی باوەڕ، بڕوانە: هەژارحاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٥٩-٦٧.

[3]- یەکەم ژمارەی بەناوی بانگەوازی ئیسلامییەوە دەرچووە، تا ژمارە (٧) لێی نووسراوە لەلایەن بزووتنەوەی ئیسلامییەوە دەردەچێت، بەڵام ژمارە (٨) لێی نووسراوە لەلایەن کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە دەردەچێت، بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوەرۆکی گۆڤاری بانگەواز، بڕوانە:

بەسەرنجدان لەناوەرۆکی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانە، بەتایبەتیش گۆڤارو بڵاوکراوە عەرەبییەکان، دەبینین بەشێکی گەورەی بۆ ناساندنی کێشەی کوردو مەرگەساتەکانی تەرخانکراوە، تێکڕای ئەوەش تێکۆشان و چالاکیی رۆشنبیری و راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامییە لەو قۆناغەدا، لەپێناوی پەرەگرتنی بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتیمانیی کوردستاندا.

بێگومان دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوەکان تاکە چالاکیی بواری رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەو قۆناغەی خەباتی بزووتنەوەی ئیسلامیی نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا چالاکیی دیکەی نواندووە، زۆر جار رابەری گشتی و نووسینگەی راگەیاندنی بزووتنەوە، کۆنگرەی رۆژنامەنووسیان سازداوە، دەزگاکانی

هەژارحاتەم، هەمان سەرچاوە، ل٨٣-٨٦. رای مامۆستا کرێکار: ئەمە ئەو گۆڤارەبوو کە لە پاکستان چاپمان دەکردو دەماننارددەوە بۆ نوسینگەی هێزی حەسەن بەننا لە سەردەشت و لەوێوە بەسەر هێزو نوسینگەو لایەنەکاندا دابەشدەکراو لێیدەهێنرایەوە ناو وڵات. لە ژمارە هەشتەمییەوە ئیتر ئێمە لە بزووتنەوە جودا بووبووینەوەو کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستانمان راگەیاندبوو.

[١]- **گۆڤاری (الصف) بەزمانی عەرەبی لەلایەن هێزی حەسەن بەنناى سەر بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە بڵاوکراوەتەوە، یەکەم ژمارەی لەمایسی (١٩٩٠ز) دەرچووە، بڕوانە: هەژار حاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٠٤-١٠٧.** رای مامۆستا کرێکار: ئەم گۆڤارەش بە زمانی عەرەبی لە پاکستان و بۆ دەرەوە چاپ و بڵاومان دەکردەوە، کاریگەری باشی هەبوو لە ناساندنی کێشەی کوردو جیهادی کوردستان و ناساندنی بزوتنەوەو کەسایەتییە ئیسلامییەکانی کورددا.

[٢]- **گۆڤاری (لواء صلاح الدين) بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەلایەن مەکتەبی ئەمریکای باکووری بزووتنەوەی ئیسلامییەوە بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: هەژارحاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٥٥-١٥٩.**

[٣]- **بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو بڵاوکراوانە بڕوانە: هەژارحاتەم، هەمان سەرچاوە، ل١٣٧-١٤٣.**

ڕاگەیاندنی جیهانیان لەکێشەو مەینەتییەکانی کورد بەئاگاهێناوەتەوە، لەو چوارچێوەدا ڕۆژی (١٩٨٨/٣/٢٠) ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە سازدا، لەو کۆنگرەدا پەیامنێری زیاتر لە (١٢) دەزگای ڕاگەیاندن ئامادەبوون، لەوانە: تەلەفزیۆنی (هۆڵەندا، دانیمارك، فەڕەنسا)، پەیامنێری ڕۆژنامەکانی (ساندای تیلیگراف، گاردیان، تایمز لەندەن)[1].

هەر لەو قۆناغەدا بزووتنەوەی ئیسلامیی گرنگیدا بەبواری هونەری، ڕۆژی (١٩٨٨/١٢/٢٦) بەشی ڕاگەیاندنی هێزی شافیعی، پێشانگەیەکی وێنەو پۆستەری لەژێر ناوی (پێشانگەی شەهیدان)دا لەشاری (پیرانشەهر) کردەوە[2]. هەروەها بەبۆنەی یەکەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجە، نووسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە ڕۆژی (١٩٨٩/٣/١٦) لەشاری (سنە)، (پێشانگەی هەڵەبجە)ی کردەوە، هەمان پێشانگە ڕۆژی (١٩٨٩/٤/١) گوێزرایەوە بۆ شاری

---

[1] - هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٢-٣)، ل٣٤.

[2] - پێشانگەی شەهیدان پێکهاتبوو لە (٦٢) تابلۆو (٢٠) پۆستەرو وێنەی جۆراوجۆر کە بەشێك بوون لەتاوانەکانی حزبی بەعس بەرامبەر بەکورد لەکیمیابارانو وێرانکردن و سووتاندنی گوندەکان، بڕوانە: هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٧)، ل٣٢-٣٣.

(مەریوان)، لەوێش ماوەی (٦) ڕۆژ بەردەوام بوو، هەروەها پێشانگەکە ڕۆژی (١٩٨٩/٤/٩) گوێزرایەوە بۆ شاری (پاوە)، لەوێش (٤) ڕۆژ بەردەوام بوو[١].

چوارەم/ بواری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری

بەدرێژایی ئەو قۆناغەی خەباتی بزووتنەوەی ئیسلامیی، هەوڵیدا لەبواری کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیکرد بەدەزگا بەرپرسەکانی ئێران و ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە تا هاوکاری و کۆمەکی ئاوارەو لێقەوماوانی کورد بکەن، هاوکات سندوقی تایبەتی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی لەئێران و پاکستان دانا[٢]، بەمەش بزووتنەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە کۆمەکیی ئاوارەکانی کرد[٣].

---

[١]- پێشانگەکە پێکهاتبوو لە (٧١) وێنەی فۆتۆگرافی دەربارەی هەڵەبجەو وێرانکردن و روخاندن و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان، (٦) تابلۆی ڕۆنی، (٦) تابلۆ سەبارەت بەستەمی بەعس، (٢٧) تابلۆی ئەرشیفی سەبارەت بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستان و هەواڵەکانی بەکارهێنانی ئەو چەکە لەڕۆژنامە بیانییەکاندا، (٢) تابلۆ دەربارەی ژیانی ئاوارەکان لەئۆردوگاکانی تورکیا، (٤) تابلۆ سەبارەت بەئازاردانی زیندانییەکان لەزیندانەکانی بەعسدا، پێشکەشکردنی فیلمێکی ڤیدیۆیی دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە. بڕوانە: لەیادی یەکەمین ساڵی کارەساتی هەڵەبجەدا، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٨)، ل١٧-١٩.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤).

[٣]- محمد نوری بازیانی، هەمان سەرچاوە، ل٧١.

ڕۆژی (١٩٨٨/١٠/٢٢) ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، سەردانی وەزیری تەندروستیی ئێرانی کرد و داوای لێکرد خزمەتگوزاریی تەندروستیی زیاتر پێشکەشی ئاوارەی کورد بکرێ لەئۆردوگاکاندا[١]. هەروەها لەسەردانێکی دیکەدا بۆ تاران لەڕۆژانی (١٦-١٩٩٠/٨/١٨) ڕابەری گشتیی بزووتنەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی کۆمەکی و باشترکردنی گوزەرانی ئاوارەکان، چەندین دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییەکان ئەنجامدا[٢].

هەر لەچوارچێوەی هاوکاریی ئاوارەکاندا، لەمانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٨٨) وەفدێکی بزووتنەوە سەردانی ئۆردوگای ئاوارەکانی کرد لەناوچەی دیاربەکر لەکوردستانی تورکیا، دەربارەی باری گوزەرانی ئاوارەکان ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد[٣]، دواتریش بڕێکی زۆر کۆمەکیان پێگەیاندن[٤]، هەر لەو ماوەدا بڕی

---

[١]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٥-٦)، تشرینی دووەم وکانونی یەکەمی (١٩٨٨ز)، ل٤٣.

[٢]- هەواڵ وچالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٣)، ساڵی سێیەم، تشرینی یەکەمی (١٩٩٠ز)، ل٢٩.

[٣]- هەواڵ وچالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٥-٦)، تشرینی دووەم وکانونی یەکەمی (١٩٨٨ز)، ل٤٩.

[٤]- ئەوکۆمەکانە بریتیبوون لە: (٦٢٥٠) بەتانی، (٤٠٠٠) حەسیر، (٤٠٠٠) فەرش، (١٠٠٠٠) پارچە جلوبەرگ، (٥٠٠٠) مەتر قوماش، (٥) تەن برنج، (٦) تەن شەکر، (٦) تەن ڕۆن، (١) تەن چای،(٨) تەن شیری وشك بۆ منداڵان، (٦٨٥٠) جوت پێڵاو، (١٥) تەن میوە، (٧٠٠٠٠) دۆلار. بڕوانە: هەواڵ وچالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٧)، ل٣٣.

(٦,٧٢٠,٠٠٠) تمەن دابەشكرا بەسەر ئاوارەو لێقەوماوانی كورد لەئۆردوگاكانی ئێران[١].

[١]- **سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.** رای مامۆستا كرێكار: رەنگە نووسەر زانیاری تەواوی لا نەبووبێت یان نەیووستبێت ئەو چالاكییەی ئێمە بناسێنێت والله اعلم. بە هەرحاڵ ئەگەر خوای گەورە لێی قبووڵ كردبین: لە پاكستان لە كەسایەتییەكی خێرخوازی حیجاز بڕی ١٣٣ سەدوسیوسێ هەزار دۆلارمان (من و كاك خالید رەنجدەری برام و كاك كەمال گەرمیانی) بە تەزكییەی دكتۆر عومەر عبدالرحمان و دكتۆر عبدالله عەززام رحمهما الله لە ماڵی شێخ سەییاف لە گوندی بەبی؟ پیشاوەر وەرگرت و لە رێگای شێخ رەببانی رحمەالله ئەمیری جەمعییەتی ئیسلامی ئەفغانستان _كە دواتر بوو بە سەرۆكی ئەفغانستان و طالیبان كوشتی_ بڕی ٣٣ سیوسێ هەزار دۆلارییمان گەیاندە بزوتنەوەی ئیسلامیی و لە سنە تەسلیم بە رابەری رەحمەتیمان كرد. سەد هەزارەكەی تریشی لە رێگای دەزگای مافی مرۆڤی پاكستانی سەر بە جەماعەتی ئیسلامییەوە گەیاندمانە توركیا كە كاك ئەبولجوود سەرپەرشتی گەیاندنی كردو ئەوەی سەرەوە چالاكییەكانی ئەوە، خوا پاداشتی خێری بداتەوە. ئەمما ئەوەی ئۆردوگاكانی ئێران _هەرچەندە هەنگاو بە هەنگاو برایانی راگەیاندنی بزوتنەوەشمان لەگەڵدا بوو بۆ دابەشكردنی_ بەڵام نەنوسرانەوە، یان رابەگەیێنران! كە دابەشكرا بەسەر ١٧ هەزار كەسدا! چونكە تومان ئەو كاتەش لە بەرامبەر دۆلاردا زۆر شكابوو.

باسی سێیەم

پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی

یەکەم/ لەئاستی کوردستاندا

١-ئیخوان موسلیمین

لەسەرەتای راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، سەلاحەددین موحەممەد بەرپرسی ئیخوانەکانی کوردستان لەئێران، چووە ئیماراتی عەرەبی و نامەیەکی دکتۆر نوعمان عەبدورڕەزاق سامەرئی هێنا بۆ رابەری گشتیی بزووتنەوە، ناوبراو لەو نامەدا داوای لەشێخ عوسمان عەبدولعەزیز کردبوو دەستبەرداری کاری چەکداری ببێت[١]، ئەمە سەرەتای پەیوەندییەکی ئاڵۆزی لەنێوان بزووتنەوەو ئیخوان رەنگڕێژکرد، بەدرێژایی ساڵانی دواتر ئەو پەیوەندییانە ئاسایی نەبوونەوە.

ئیخوان بزووتنەوەیان بەرکابەری خۆیان دەزانی و بەبوونی دڕدۆنگ بوون، پێیانوابوو جموجۆڵی ئیسلامیی تەنها موڵکی خۆیانە، چونکە ئەوان پێشتر لەگۆڕەپانەکەدا بوون[٢]، ئیخوان لەئۆردوگاکاندا خەڵکیان لەکاری چەکداری

---

[١]- لەبەشی سێیەم، باسی سێیەم، بەدرێژی باس لەهۆکاری هێنان و دەرەنجامەکانی ئەو نامەیە کراوە.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (١٧/٨/٢٠٠٥ز).

ساردەکردەوە[١]، ئەمەش سەرکردەکانی بزووتنەوەی نیگەران کردبوو، لەبەرامبەردا سەرکردەکانی بزووتنەوە بەئۆردوگاکاندا دەگەڕان و وتاری ئاگرینیان دەدا[٢]، ئەمەش وەکو بەرپەرچدانەوەو بەرگرتن لەهەڵمەتی ئیخوان لەدژی بزووتنەوە[٣].

(هادی عەلی) یەکێکە لەسەرکردەکانی ئیخوان، دەربارەی بەشدارینەکردنیان لەبزووتنەوەدا دەڵێت: "ئێمە وەك زۆرینەی برایان لەکوردستان، بەشداریمان نەکرد لەو بزووتنەوەیەدا لەبەر چەندین هۆکاری گرنگ کە پەیوەست بوو بەمەنهەجییەتی کاری ئیسلامی و ستراتیژییەتی سیاسیی بزوووتنەوەکە"[٤]. بەڵام هادی عەلی هیچ دەربارەی ئەو هۆکارانە باس ناکات کە وای لەئیخوان کرد بەشداری لەڕاگەیاندنی بزووتنەوەدا نەکەن، بەبڕوای ئێمە هۆکاری راستەقینە بریتیبوو لە:

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- مەلا عەلی عەبدولعەزیز یەکێك بوو لەوتاربێژەکانی بزووتنەوە، رۆژێك لەسەرباس وتاریداو وتی: "ئەوەی چەکمان لەگەڵ هەڵنەگرێت، رەوانەی کێوی ئەبو قوبەیسی دەکەم! ، یەکێك لەئامادەبووان پرسیبووی: مامۆستا کێوی ئەبو قوبەیس لەکوێیە؟ مامۆستا وتبووی: ئەو شوێنەیە شەیتان لێی دەخەوێت". بڕوانە: هیوا، هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

[٤]- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ل٧.

١-سەلاحەددین موحەممەدو سەرکردەکانی ئیخوان پێشتر کۆمەڵی ئەنساریان دامەزراند، ئێران هیچ هاوکاری و کۆمەکی نەکردن، هەر بۆیە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کاری چەکداری لەسایەی ئێراندا ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت و ناتوانێت ئامانجەکانی بێنێتەدی.

٢-ئیخوان لەدیدو تێڕوانینیاندا بڕوایان بەکاری چەکداری و جیهادی نییەو ئەو شێوازەی خەبات ڕەتدەکەنەوە.

٣-سەرانی ئیخوان پێیانوابوو شێخ عوسمان عەبدولعەزیزو سەرکردەکانی بزووتنەوە، شیاوی ئەوە نین ڕێبەرایەتیی ئەو کارە بگرنەدەست.

٤-سەلاحەددین موحەممەد لەساڵی (١٩٨٥) بەفەرمی مۆڵەتی کارکردنی لەسەرکردایەتیی ئیخوان وەرگرتبوو، خۆیان بەشایستەی سەرکردایەتیی کاری ئیسلامیی دەزانی، هەر بۆیە ئامادەنەبوون جارێکی تر بچنە ژێر سەرکردایەتیی کەسێکی ترەوە.

٥-لەو کاتەدا ئیخوانی دەولی پەیوەندیی لەگەڵ عێراق باش بوو، بەڵام لەگەڵ ئێران پەیوەندییان ئاڵۆزبوو، هەر بۆیە دژی هەر چالاکییەکی چەکداری بوون کە دژ بەحکومەتی عێراق بکرێ.

هەڵوێستی توندی ئیخوان بەتەواوی بزووتنەوەی ناڕەحەت کردبوو، شێخ عوسمان باس لەو دۆخە دەکات کە لەسەرەتای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامییدا دروست بوو، ژمارەیەکی زۆر لەکادیرانی ئیخوان دەستبەرداری بزووتنەوە بوون، ناوبراو لەو بارەوە دەڵێت: "لەسەر فەرمانی (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ) ال عمران/ ١٥٩. ڕاوێژمکرد بەزۆربەی ئەو برایانەی کە هاوفیکرو هاوکارو

هاوسەنگەر بووین و دوای نیشاندانی کۆمەڵە بەڵگەیەکی شەرعی و واقیعی، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش بەکۆمەڵە تەئویلاتێکی دەستکردو خۆدزینەوە لەحەق، دوای نەفس و داوی کۆمەڵە شتێکی داتاشراوی تر کەوتن"[١].

شێخ موحەممەد بەرزنجی؛ یەکێک بوو لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەو کاتەدا، پێدەچێت ئازاری زۆری بەدەست ئیخوانەوە چەشتبێت، بۆیە لەباسی ئەو حاڵەتەدا دەڵێت: "لەهەمووی ناخۆشتر، هەندێك تەیاری ئیسلامیش بەهەر هۆیەك بوو زۆر ئازاریان دەداین، تەنانەت موجاهیدەکانیان کە لوتکەی عیززەتی ئیسلامی پیرۆزە سارددەکردەوە[٢]، لەو دوو دەقەی پێشوودا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەڵوێستی ئیخوان، سەرکردەکانی بزووتنەوەی تەواو نیگەرانکردووە".

٢-پارتە کوردستانییەکان

هەر لەسەرەتای راگەیاندنییەوە، بزووتنەوەی ئیسلامیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان توندوتۆڵ و لەئاستێکی باشدا بووە.

---

[١]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، جەماوەر، ژمارە (٤٣٦)، ئابی (١٩٩٥ز)، ل١٣.

[٢]- باوکی ئوسامە، هەمان سەرچاوە، بەشی سێیەم، ل١٦.

سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەو یەکێتی، لەنێوان هەر دوولادا ئەم ڕێکەوتننامەیە واژۆکرا:

بسم الله الرحمن الرحیم

لەڕۆژانی (١١-١٢ی زیلحجەی ساڵی ١٤٠٧ك)دا ڕێکەوتی (٦-٧ی ئابی ١٩٨٧ز) وەفدێکی بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقدا، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانی کرد.

بەهاتنیان زنجیرە کۆبونەوەیەك ئەنجامدرا باسی باری کوردستان و عێراق و ناوچەکەو جیهان کرا، بۆچونی هەردوولا سەربارەت بەزۆربەی مەسەلەکان لێك نزیك بوو، هەردوولا پێخۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەسیاسەتی ئاشتبوونەوەی گشتی و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کە سەرکردایەتیی خەباتی گەلی کوردستان بکات و ببێتە لایەنێکی گرنگ لەهاوپەیمانییەکی فراوانی عێراقیدا کە هێزە ئیسلامییەکان بەشێك بن تیایدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عەفلەقیی بەغداو هێنانەکایەی ڕژێمێکی دڵسۆز بۆ وڵات و گونجاو لەگەڵ ویست و خواستی گەلی عێراقداو بتوانێت بەئەرکەکانی هەڵسێت لەڕاگرتنی جەنگی عێراق و ئێران و سوڵحێکی عادلانە بەرقەرار بکات و ماف و یەکێتیی خاکی هەردوولا بپارێزێ، بناغەی دۆستایەتیی گەلانی هەردوولا دابڕێژێ و مافی چارەنوسی گەلی کوردی موسوڵمان مسۆگەربکات و دژایەتیی ڕاستەوخۆی ویست و دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستیی ناوچەکە بکات.

هەردوولا بەرێزەوە تەماشای هاوکاری و یارمەتی و کۆمەکیی جمهوریی ئیسلامیی ئێرانیان کرد بەرامبەر بەگەلی کوردو عێراق کە دەستێکی باڵای هەیە لەبەهێزکردنی زەمینەی خەبات و پەیوەندیی دوارۆژی هەردوو وڵاتدا.

کۆبونەوەکە بێزاری و ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر دەستتێوەردانی ئیمپریالیزم و رژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو لەپێشیانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەکاروباری ناوچەکەو عێراقداو پشتگیریکردنیان لەڕژێمی سەددامی خوێنڕێژو کۆکردنەوەی هێزەکانیان لەکەنداودا، کە نەك هەڕەشەیە لەگەلی عێراق و سەربەخۆیی، بەڵکو هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە لەگەلانی ناوچەکە، بۆیەش پێویستە هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان و گەلانی ناوچەکە یەکگرن بۆ بەرهەڵستیی ئەو مەترسییە گەورەیە.

هەردوولا رێکەوتن لەسەر هاوکاریی سیاسی و عەسکەری و ئیعلامی لەکوردستانی عێراقداو رێکەوتننامەیان مۆرکرد، ئەمەش هەنگاوێکە لەڕێگەی یەکخستنی دەزگاکانی شۆڕش لەکوردستاندا بەتایبەتی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە.

هەر دوولا داوا لەدۆستانی گەلی کوردو عێراق دەکەن کە بەپیر دەنگی شۆڕشگێڕانی خەڵکی موسوڵمانی کوردو عێراقەوە بێن و هاوکاری و پشتگیرییان لێبکەن لەپێناوی روخاندنی رژێمی عەفلەقییەکاندا. تا لەم رۆژە پڕ مەینەتییەی کوردستاندا کە وێرانکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ بەکیمیاوی و راگوێزان و

تەعریب و تەبعیس، سیمای وڵاتەکەمانە بەدەست عەفلەقییەکانی بەغداوە، کە دروشمی جەنگی لەناوبردنی رەگەزپەرستانەیان هەڵگرتووە بەرامبەرمان. بەم بۆنەیەوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقدا داوا لەچەکدارە هەڵخەڵەتاوەکانی سەر بەڕژێم دەکەن چیتر نەبنە داردەستی دوژمنانی گەلەکەمان، دەرگا ئاواڵەیەو بێنەوە باوەشی گەلەکەیانەوەو پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە بکەن کە عەفوی کردوون[١].

هەرچەندە هەندێ جار بارگرژی و ناکۆکی کەوتۆتە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەوە، بەتایبەتیش کە یەکێتی هەستی بەچالاکیی بزووتنەوە دەکرد، نیگەران دەبوو، تەنانەت کار گەیشتە سەنگەر لەیەکتر گرتن[٢]، بەڵام ئەو

---

[١]- بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٣٥).

[٢]- لەهاوینی (١٩٨٩ز) بارگرژی کەوتە نێوان هێزی حەمزەی بزووتنەوە بەلێپرساوێتیی حەسەن بابەکرو هێزێکی یەکێتی بەلێپرساوێتیی حەسەن کوێستانی، رۆژی (١٩٨٩/٩/٤ز) حەسەن کوێستانی نامەیەك بۆ فەرماندەی هێزی حەمزە دەنێرێت و داوای لێدەکات لەناوچەی (قووڵە هەرمێ) بنکە دروستنەکەن، لەوەڵامدا نووسینگەی سکرتاریەتی بزووتنەوە، نووسراوی ژمارە (٥١)، لە (٦ی سەفەری ١٤١٠کۆ- ١٩٨٩/٩/٧ز) ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەکات و لەکۆتاییدا ئایەتی (وَالسَّلامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى) نووسراوە، ئەم ئایەتە جەلال تاڵەبانی توڕەدەکات و لەسەر هەمان نامەی سکرتاریەتی بزووتنەوە، وەڵامدەداتەوەو دەنووسێت: "بێ رەزامەندیی ئێمەیش ناتوانن لەناوچەی ئێمە بن"، دواتریش ناوبراو نامەیەك بۆ شێخ عوسمان دەنێرێت، وێڕای ئەوەی عەلی باپیر بەپیاوێکی داخ لەدڵ و قین لەدڵ ناودەبات، نیگەرانیی خۆی لەڕستەی (وَالسَّلامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى) دەردەبڕێت، هەر لەو نامەدا ناوبراو پێشنیازدەکات کە کەسێك بنێرێتە ناوچەکە تا چارەسەری ناکۆکیی هەردوولا بکات، لەوەڵامی ئەم نامەدا، رۆژی (١٩٨٩/٩/١١ز) شێخ عوسمان نامەیەك لەڕێگەی شێخ مستەفا نەقشبەندییەوە دەنێرێت بۆ جەلال تاڵەبانی و

بارگرژییە نەگەیشتە تەقەکردن لەیەکترو بەهەوڵی رابەری گشتیی بزووتنەوەو سکرتێری گشتیی یەکێتی بارودۆخەکە ئاسایی بوویەوە[١].

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بزووتنەوە لەئاستێکی باشدا بووە، وێڕای رێکەوتنی نێوانیان، گەلێك جار سەرکردەکانیان سەردانی یەکتریان کردووەو پەیوەندییەکانیان توندوتۆڵ کردۆتەوە، لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٧ز) جەلال تاڵەبانی سەردانی بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامیی کردو چەند دانیشتنی لەگەڵ ئەندامانی شووراو مەکتەبی ئیرشادی بزووتنەوەدا ئەنجامدا[٢]. هەروەها رۆژی (١٩٨٩/٣/٦ز) سکرتێری گشتیی یەکێتی سەردانی رابەری گشتیی بزووتنەوەی کرد[٣]، هەر سەبارەت بەپەیوەندییەکانی هەردوو پارتی ناوبراو،

بەڵێنیپێدەدات کە کارێك دەکات مایەی رەزامەندی هەردوولا بێت، هەروەها رۆژی (١٠ی سەفەری ١٤١٠کۆ- ١٩٨٩/٩/١١ز) عەلی باپیر نامەیەکی بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ناردووەو چەند تێبینی و روونکردنەوەیەکی دەربارەی نووسراوەکەی نووسینگەی سکرتاریەت نووسیوە، دوو رۆژ بەر لەو مێژووە لەنامەیەکیدا شێخ عوسمان لەبارگرژی و پێشهاتەکانی ناوچەکە ئاگاداردەکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو رووداوە، بڕوانە: بەڵگەنامەکانی ژمارە (٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨).

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

[٢]- هەواڵەکان، دەنگی باوەڕ، ژمارە (١)، ل٥١.

[٣]- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٨)، ل٢٦.

جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "بزووتنەوە هاوپەیمانی یەکێتیی نیشتمانییە ... ڕێکەوتنی توندوتۆڵ لەنێوانماندا هەیە"[١].

بەهەمان شێوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندییەکانیان توندوتۆڵ بووە، ساڵی (١٩٨٨ز) وەفدی بزووتنەوە لە(ڕاژان) ڕێکەوتنیان لەگەڵ پارتی واژۆکرد[٢]، هەروەها مەسعود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی، ڕۆژی (١٩٨٨/١١/٨ز) سەردانی شێخ عوسمان عەبدولعەزیزی کردووەو دیدارو گفتوگۆیان سازداوە[٣].

هەروەها لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لەساڵی (١٩٨٧ز) لە(کاولان) ڕێکەوتننامە لەنێوان بزووتنەوەو سۆسیالیست واژۆکراو پەیوەندییەکانیان لەئاستێکی باشدا بووە[٤].

ساڵی (١٩٨٨ز) لەچوارچێوەی ئاشتبوونەوەی گشتیدا لەنێوان پارتە کوردستانییەکاندا بەرەی کوردستانی پێکهێنرا، هەرچەند بزووتنەوە

١- حوار مع الاستاذ جلال الطالباني السكرتير العام للاتحاد الوطني الكردستاني، القسم الثاني والاخير، النفير، العدد: ٧، شباط ١٩٩١م، ص٢٢.

٢- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ئەحمەد کاکە مەحمود، هەڵەبجە، (٢٠٠٤/١٢/٨ز).

٣- هەواڵ و چالاکی، دەنگی باوەڕ، ژمارە (٥-٦)، تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی (١٩٨٨)، ل٤٣.

٤- حوسێن موحەممەد عەزیز، هەمان سەرچاوە، ل٥٤. موحەممەد حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی سێیەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، (٢٠٠١)، ل٥٣.

ڕێکەوتننامەی لەگەڵ (٣) پارتی ناو بەرەی کوردستانی هەبوو، بەڵام نەچووە ناو بەرەوە، عەلی باپیر هۆکاری بەشدارنەبوونی بزووتنەوە لەبەرەدا دەگێڕێتەوە بۆ بوونی کۆمەڵێك پرەنسیپی ناکۆك لەگەڵ دیدو تێڕوانینی بزووتنەوە، ئەگەر بزووتنەوە بچووایەتە بەرەوە، دەبوو پابەندبێت بەو پرەنسیپانەوە، هەر بۆیە بەشدارینەکردنی لەبەرەدا بەگونجاوتر زانیوە[١]، لەو بڕوایەدام ئەوە هەڵەیەکی سیاسیی بزووتنەوەیە لەو قۆناغەدا، لەکاتێکدا بزووتنەوە لەگەڵ (٣) پارتی ناو بەرەی کوردستانی ڕێکەوتنی هەبوو، دەیتوانی لەسەر بنەمای ئەو ڕێکەوتنانەو بەدانانی چەند مەرجێك کە لەگەڵ دیدو تێڕوانینەکانی خۆیدا بگونجێت، بەشداریی ئەو بەرەیە بکات، ئەمەش دەبووە دەستکەوتێکی تری بزووتنەوە لەو قۆناغەدا.

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ناوبراو، سلێمانی، (٢٠٠٥/٧/١٨ز).

دووەم/ لەئاستی دەرەوەدا

١-ئێران

بزووتنەوەی ئیسلامی لەکاتێکدا ڕاگەیەنرا کە شەڕی عێراق- ئێران حەوت ساڵ بوو بەردەوام بوو، لێرەوە کارێکی سروشتی بوو کە هەر نەیارێکی حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای دوژمنی هاوبەش ببێتە دۆستی ئێران، بەتایبەتیش پارتە ئیسلامییەکان، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە بزووتنەوەی پەیوەندی ئەندامی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەعێراق) بوو، لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەش ئەو ئەندامانە نەکشانەوە، لەلایەکی ترەوە بزووتنەوە لەسەر خاکی ئێران ڕاگەیەنرا، ئەمەش سەرەتای پەیوەندییەکی باشی نێوان هەردوولا بوو، ئێران هاوکاری و کۆمەکیی ماددی و مەعنەویی بزووتنەوەی ئیسلامیی کرد، ڕێگەیدا لەناو خاکەکەیدا بنکەو بارەگا دابنێت و مەشق بەپێشمەرگەکانی بکات و بەخاکی ئەودا بیانگوێزێتەوەو لەناو خاکی ئەوەوە چالاکیی دژی ڕژێمی بەعس ئەنجامبدات[1].

دوای وەستانی جەنگی عێرا- ئێران بۆ سەرجەم پارتە کوردستانییەکان ئێران بووە باشترین پەناگە تا چالاکیی سیاسیی تیا ئەنجامبدەن، بەهەمان شێوەش بزووتنەوە لەوێ کەوتە نواندنی چالاکیی ڕێکخراوەیی و سیاسیی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن. وەفدی بزووتنەوە بەشداریکرد لەزۆربەی ئەو کۆڕو کۆنگرانەی

[1] - محمد نوری بازیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦- ٦٧.

لەتارانی پایتەختی ئێران دەبەستران و نوێنەری وڵات و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و کەسایەتییە ناسراوەکان بەشداریان تێدا دەکرد، هەر لەخاکی ئێرانەوە بزووتنەوە توانیبووی پەیوەندیی بەجیهانی دەرەوە بکات و نووسینگەی پەیوەندییەکانی لەچەندین وڵاتی ناوچەکەو ڕۆژئاوە کردەوە[1].

دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە ئێران هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە بزووتنەوە بەو ئاڕاستەدا بەرێت کە بەرژەوەنییەکانی ئێران دێنێتەدی، بۆ ئەو مەبەستە سوودی لەناکۆکی و پێکهاتەی ناجۆری بزووتنەوە وەرگرتبوو، هەندێ جاریش دنەی ئەو ناکۆکییەی دەدا[2]، هەرچەندە ئەم هەوڵەی ئێران کاریگەریی ڕێژەیی هەبوو، بەڵام بەدرێژایی ئەو قۆناغە بزووتنەوەی ئیسلامیی توانی پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆی بکات[3].

٢-جیهانی ئیسلامیی

بزووتنەوەی ئیسلامیی هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنییەوە هەوڵیدا پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکان و کەسایەتییە ناسراوەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دروستبکات، ئەمەش بەمەبەستی ناساندنی کێشەی کوردو

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

[2] - چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ ئەحمەد کاکە مەحمود، هەڵەبجە، (٢٠٠٤/١٢/٨ز).

[3] - سەرچاوەی پێشوو، چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ عەلی باپیر، سلێمانی، (٢٠٠٥/٨/١٧ز).

بزووتنەوەی ئیسلامیی بەجیهانی ئیسلامیی و دەرەوە، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجەش، بزووتنەوەی ئیسلامیی سوودی لەو کۆنگرانە دەبینی کە لەتارانی پایتەختی ئێران سازدەدران، لەپەراوێزی کۆنگرەو کۆنفراسەکاندا نوێنەری بزووتنەوە کۆبوونەوەو دیداری لەگەڵ بەشداربووانی ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسانەدا سازدەدا[١].

بزووتنەوە توانیبووی پەیوەندیی لەگەڵ زۆرێك پارت و کەسایەتیی ئیسلامیی دروستبکات، بەتایبەتیش سەرکردەکانی ئەفغانستان، کە پەیوەندیی نامەگۆڕینەوە لەنێوانیاندا هەبوو، لەبۆنەو روداوەکاندا نامەیان بۆ یەکتر ناردووە[٢].

بەڵام سەبارەت بەوڵاتە عەرەبییەکان، ئەوا دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بزووتنەوە توانی پەیوەندییان لەگەڵ دروستبکات، وەفدی بزووتنەوە سەردانی وڵاتانی کەنداوی کردو بەشداریی کۆڕو کۆبوونەوەکانی

---

[١]- لەباسی دووەمی ئەم بەشەدا، باسی بەشداریکردنی بزووتنەوە لەهەندێک لەو کۆنگرەو کۆنفرانسانەدا کراوە.

[٢]- بڕوانە: بەڵگەنامەکانی ژمارە: (٢٠، ٢١، ٣٦، ٣٧، ٣٨).

کردووە[١]، ئەمەش بۆتە سەرەتایەك بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا.

[١]- وەفدی بزووتنەوە بەشداریکرد لەکۆنگرەی خوێندکارانی ئیسلامیی جیهانیی پشتگیری لەکوەیت، کە لە (٢٥-٢٨)ی تشرینی دووەمی (١٩٩٠ز) لەشاریقە بەسترا. بڕوانە: بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢).

دەر ئەنجام

لەم توێژینەوەدا، کە تایبەتە بەمێژووی ڕەوتی ئیسلامی لەباشووری کوردستان (١٩٤٦-١٩٩١ز)، توێژەر بەچەند ئەنجامێك گەیشتووە، گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

١-ڕەوتی ئیسلامی لەباشووری کوردستان، ڕەگێکی مێژوویی قووڵتر لەو ماوەی هەیە کە لەم توێژینەوەدا خراوەتەڕوو، ئەمەش دەخوازێت توێژینەوە لەبارەی ئەو قۆناغەوە بکرێ.

٢-ڕەوتی ئیسلامی درێژکراوەی هەوڵی چاکسازەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمی ناوخۆو دەرەوەی کوردستانە.

٣-ڕەوتی ئیسلامی باشووری کوردستان، لەبنەڕەتدا هەڵقوڵاوی واقیعی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کوردستانە، هاوکات بەکاریگەرە دەرەکییەکانیش کارتێکراو بووە.

٤-ڕەوتی ئیخوان موسلیمین لەنێوان ساڵانی (١٩٤٦-١٩٧١ز) بەشێوازی جۆراوجۆر لەباشووری کوردستان چالاکی نواندووە، بەڵام سەرکەوتن و دەستکەوتی ئەوتۆی بەدەستنەهێناوە.

٥-ڕەوتی ئیسلامی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٩١) لەدەرەنجامی هۆکارگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکی بەشێوەیەکی بەرفراوانترو چالاکتر لەچاو ساڵانی پێشتر دەرکەوتووە.

٦-رەوتی ئیسلامیی لەناو خودی خۆیدا بەسەر چەند باڵ و تەوژم و پارتێکدا دابەشدەبێت، هەریەك لەوانە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، هاوکات کۆمەڵێك خەسڵەتی هاوبەش لەنێوان هەموویاندا هەیە.

٧-دوای وەستانی کاری ئیخوان لەعێراق، ئەو رەوتە بەشێوەیەکی سەربەخۆو خۆجێیی لە باشووری کوردستان کاریکردووەو تا ساڵی (١٩٨٥ز) تەنها بەفیکر ئیخوان بووە، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە بەشێوەیەکی ئۆرگانی بەئیخوان موسلیمینی عێراقەوە پەیوەست بووە.

٨-بەدرێژایی ئەو قۆناغەی لەم توێژینەوەدا باسکراوە، ئیخوان موسلیمین بەشێوەیەکی نهێنی لەباشووری کوردستان کاریکردووەو ژمارەیەك کادیری پێگەیاندووە، کە لەقۆناغی دوای راپەڕین رۆڵیان لەبرەودان بەکاری ئەو رەوتە، لەباشووری کوردستان بینی.

٩-چەند جارێك یەکگرتن و پەرتەوازەبوون و لێکدابڕان لەنێوان باڵەکانی رەوتی ئیسلامیی روویداوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر رەوشی سیاسیی و رێکوزەری پارتە ئیسلامییەکان جێهێشتووە.

١٠رەوتی ئیسلامیی بەشێك بووە لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتیمانیی کوردستان و لەبواری سیاسیی و سەربازی و راگەیاندن و کۆمەڵایەتیدا چالاکی نواندووە.

ناوەڕۆك

لاپەڕە	بابـــــــــــــــــــــەت
٦	نیشانەو هێما کورتکراوە بەکارهێنراوەکانی توێژینەوەکە
٧	ڕێڕەوی یەکەم/ چەمك و زاراوەی ڕەوتی ئیسلامیی
١٥	ڕێڕەوی دووەم/ ریشەی کاری ئیسلامیی لەباشووری کوردستان
٢٧	بەشی یەکەم/ ڕەوتی ئیسلامیی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٦-١٩٧١)
٢٨	باسی یەکەم/ بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لەعێراق
٣٧	باسی دووەم/ ڕەوتی ئیسلامیی لەکوردستان لەسەردەمی پاشایەتیدا
٤٨	باسی سێیەم/ ڕەوتی ئیسلامیی لەکوردستان لەسەردەمی کۆماریدا
٦٢	باسی چوارەم/ سەرنجێکی گشتیی سێ دەیەی کاری ئیخوان لەعێراق و کوردستان
٨٥	بەشی دووەم/ لەکاری تاکەکەسییەوە بۆ کاری ڕێکخراوەیی
٨٦	باسی یەکەم/ کاری ئیسلامیی لەحەفتاکان و نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا
٩٦	باسی دووەم: خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەو قۆناغەی کاری ئیسلامیی
١٠٢	باسی سێیەم/ هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی ڕەوتی ئیسلامیی
١١١	بەشی سێیەم/ ڕەوتی ئیخوان موسلیمین (١٩٧٩-١٩٩١ز)
١١٢	باسی یەکەم/ هێڵی سدیق عەبدولعەزیز
١٢٦	باسی دووەم/ هێڵی سەلاحەددین موحەممەد بەهائەدین
١٤٠	باسی سێیەم/ کاری هەردوو باڵ لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٩١ز
١٦٦	بەشی چوارەم/ چەند پارت و ڕێکخراوێکی ئیسلامی
١٦٧	باسی یەکەم/ بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستانی عێراق
١٨١	باسی دووەم/ لەشکری ئیسلامیی کورد
١٩٣	باسی سێیەم/ کۆمەڵی جیهادی ئیسلامیی
١٩٧	کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق
٢٠٠	باسی چوارەم/ پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمان لەکوردستان
٢١٢	بەشی پێنجەم/ بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق
٢١٣	باسی یەکەم/ ڕاگەیاندن و ڕەوشی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامیی
٢١٣	یەکەم/ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی

شاهیدانی خواویستی

ماڵپەر

rawtyshax.com

پەڕەی فەیسبووك

fb.com/rawtyshax

هەژماری تویتەر

twitter.com/rawtyshax

ئیمەیل

rawtyshax@gmail.com